ژمارە
٦

# پرسی کورد

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٦) ساڵی یەکەم - پاییزی ٢٧٢٥ ک ٢٠٢٥ ز

## * پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان..




## * ئێران و ئیسرائیل لە مێژوودا..



## * مێژووی تیپە میوزیکیەکانی سلێمانی..

هموالأنامه‌ی کتب

# پرسی کورد

Kurdish Issue Magazine گۆڤاری پرسی کورد 2024


گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە

ژمارە (٦) ساڵی یەکەم - پایزی ٢٧٢٥ ک ٢٠٢٥ ز





خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر

جەمال مەلا سەعید

٠٧٧٠٧٦٥٤٥٦٤

Jamal Mala Saeed

jamal.rashed957@gmail.com





بەڕێوەبەری نووسین

عومەر ئیسماعیل

aumerasmail@yahoo.com

Ûmer Îsmail

٧٥٠١٥٤٤٥١٨ - ٧٧٠١٤٢١٨٦٩





راوێژکاری یاسایی

بێستون عەلی قادر


ستافی نووسین


سەرهەنگ عەبدولڕەحمان





داناز عەبدولڕەحمان







بەڕێوەبەری هونەری

محەمەد ئەحمەد کەریم


گۆڤاری پرسی کورد جگە لە سەروتار بەرپسیار نییە لە سیاسەت و ناوەڕۆکی وتار و بابەتەکانی نوسەران


دیزاین

جەلیل حسێن

HD DESIGN

چاپ

چاپخانەی کارۆ

KARO

نرخ

(٢٠٠٠) دینار

تیراژ (٥٠٠) دانە

# ناوەرۆک


سەروتار :

- میدیاوخۆبەڕێوەبەری..!!...جمال مەلاسەعید..........5

بیروڕای ئازاد:

- کورد و نەفرەتی مێژوو...د. کامەران محەمەد..........6
- زوو بێت یا درەنگ دەوڵەتی کوردستان لەدایک دەبێت...رەزا شوان..........10
- ئێران وئیسرائیل لەمێژوودادۆست لەئێستادا دوژمن...عومەر ئیسماعیل باوزێیی..........19
- هونەر و خەباتی نەتەوەیی...عوسمان ساوجی..........24
- پەروەردەی ژینگەیی...ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد عثمان..........27
- درۆ گەورەکانی شۆڕش...علی مّحمد چوارتایی..........31
- کۆمەڵی مەدەنی لە بەرداشەکانی حیزبایەتیدا ؟... ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف..........32

ڕوانگەی ژن

- ڕۆڵ و پێگەی ژن لە میدیا و ڕاگەیاندندا...گوڵزار فەرەج..........38
- سەردەمی بێمتمانەیی و بوکەڵەی زەهراوی...دێرین جمال..........39
- ئێرەییم دێ...شەهلا نوری..........41

ئەدەب وهونەر

- سەرنج: مانا و بەکارهێنانە جیاوازەکانی (شین)...عەتا مەحمود..........42
- گوڵە نێرگسەکان تیرۆر دەکرێن...عوسمان گۆخلانی..........44
- گرینگی شانۆی نیشتمانی کوردستان...سەردار ئەکرەم..........46
- بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانی حاجیلەوە...بەکر ئەحمەدی..........49
- باران و پێگەی لەزمانی کوردیدا...ئەرشەد تەحسین..........51
- ڕانانێک بۆ ڕۆمانی دووانەی خوێنین...هۆشیار جەمال..........56

مێژوو

- مێژوی سەرهەڵدانی تیپە مۆسیقیەکانی شاری سلێمانی...م/ خالید سەرکار..........58
- خۆشنووسانی کورد: مەجدی ‹مەلیکولکەلام...ئا: ئەحمەد سەعید..........71
- تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا...لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن..........74
- پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...ژیلوان عەبدوللا هەڵەدنی..........90
- کورد لەژاپۆن...سەرهەنگ عەبدولرەحمان..........96
- م. عەبدولرقیب یوسفویژدانێکی زیندوو لەنێو مێژووی هاوچەرخی کوردا...یوسف محەمەد بەرزنجی..........109
- چی لەپشت ڕۆڵبینینە تایبەتەکەی چارلی چاپلینەوە هەبووە ؟...وەرگێڕانی ئاواتی مەلا عیزەت..........120
- قەڵای سروچک...هاوناز مستەفا..........123
- ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دەزگای سیخوری بەریتانی...و: مەحمود هۆمەر باوزی..........125
- شەری دەسەڵات لە نێو میرنشینی حەسنەوی...ئومێد ناسح جیهانی..........132
- ژیاننامەی محمد فقێ خدر حاجی احمد علی مارگر...محمد خضر احمد..........143
- لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ باشووری کوردستان...ئا-گۆڤاری پرسی کورد..........148
- بەردە مێژوویەکەی ئەسکەندەر پاشا لەماوەت...ئا-گۆڤاری پرسی کورد..........149

هەمەڕەنگ

- سیستەمی تەندروستی...ئا: دکتۆر کامەران قەرەداخی..........150
- قاوەی کوردیی!...دانا عبدالرحمن..........154
- ژەمی بەیانیان گرنگترین ژەمی ڕۆژە...دکتۆر سەروەر لەکی..........160


هەواڵنامەی کتێب



جەمال مەلا سەعید

# میدیاو خۆبەڕێوەبەری..!!

ڕۆژنامەگەری بەگشتی مێژوویەکی دێرینی هەیە لە وڵاتانی جیهان ،بەپێی قۆناغەکان وپێشکەوتنەکان وگۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ، مێژووی ڕۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە بۆ چوارسەدە بەرلە ئێستا ، یەکەم گۆڤارچاپکراولەسەر کاغەز بەناوی ( Realtion aller furnmme ) واتای کۆمەڵێ هەواڵی سەرنج ڕاکێش ولەبیر نەکراو کە لەساڵی ١٦٠٥ز لە ئەڵمانیا چاپکراوە ، دواتر ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانیەکان لە وڵاتان دامەزران وچاپکران بە گوزەرکردنی ڕۆژگار لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشەیان کرد و بواری میدیا فراوانتربوو وەک بیستراو ڕادیۆو وبێتەل دواتر بینراوو وەک تەلەفزیۆن و سینەما تا گەیشتە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو میدیای ئەلکترۆنی ،لەسەردەمی ڕابرد و میدیا کەسانی سەرمایەدار و بازرگان و خانەدانەکان بەمەبەستی گەیاندنی هەواڵ و ڕیکلام ڕۆژنامە و گۆڤاریان بەچاپ دەگەیاند دواتر دەوڵەت وەک کەرتی گشتی بە ئامانجی گەیاندنی زانست و هونەر و ئابووری لەبواری پەروەردە و ئیدارە بەکاردەهێنرا ،ڕیکلام زاراوەیەکی فەرەنسیە AI Publict el واتە گەیاندنی هەواڵ وزانیاری یا سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەر،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیش ئەگەڕێتەوە بۆ ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ز لەلایەن میقداد مەدحەت موبارەک لەقاهیرە ی میسر چاپکرا دواتر لەبەشەکانی کوردستان بەشێوازی جیاواز میدیا بەگشتی فراوان بوون لەبوارە جیاوازەکان لەکەرتی گشتی وکەرتی تایبەت حکومی وحیزب و ڕێکخراوەکان وسەربەخۆ و بازرگانی کە هەریەکە و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبووە ،هەموو بوارەکان کاریگەریان لەسەر پێشکەوتن وگۆڕاکاری هەبووە لەگەیاندنی هەواڵ وزانیاری میدیا لەقۆناغی جیهانگیری (عەولەمە) گۆڕانی بەسەرداهاتووە زیاتر گرنگی بە میدیای ئەلکترۆنی ودیجیتاڵی دەدرێ هەموو ئەومیدیانە بیستراو نوسراو بینراو سەرچاوەی داهاتیان جیاوازە ئەوانەی کەرتی تایبەت وەک بازرگانی بەداهاتی ڕیکلامەکان خۆیان بەڕێوەدەبەن بەڵام کەرتی گشتی واتە حکومی زیاتر بۆ خزمەتی پەروەردە و ئیدارە کە کەمترین داهاتی هەیە چونکە ئامانجی جیاوازی هەیە ،ئەومیدیاو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی سەربەخۆبوون لە کوردستان وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێم هاوکاری دەکردن لەساڵی ٢٠١٤ هاوکاریەکانیان ڕاگیراون ،گۆڤارو ڕۆژنامەکانیش وەستێنراون ، بەڵام میدیای حیزب وکۆمپانیاکان بەردەوامن هەندێ میدیاش لەپاڵ حیزبەکان بەردەوامن کە پێیان دەوترێ میدیای سێبەر کەسەرچاوەی دارایان حیزبەکانن بۆیە هەرمیدیایەک بینراو نوسراو بیستراو نەتوانێ بەداهاتەکەی خۆی بەڕێوە بەرێ ناتوانی درێژە بەکارەکانی بدات بەناچاری ڕادەگیرێت.

# کورد و نەفرەتی مێژوو
## (لەنێوان سکاڵاکردن لە مێژوو و بەرپرسیارێتیی مێژووییدا)



د. کامەران محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

### پرسیارگەلێکی چارەنووسساز

ئایا مێژووی کورد، زنجیرەیەکی بێپچڕاوەی مەرگەساتە ئامادەکراوەکانە؟ هاوکات ئایا چارەنووسی ئەم نەتەوەیە لەسەر تابلۆیەکی ئەزەلی بە شکست نووسراوەتەوە، وەک ئەوەی هێزێکی میتافیزیکیی نادیار، (نەفرەتێک)، ئاراستەی بکات؟ یان ئایا ئەو شتەی ئێمە ناوی دەنێین (مێژوو)، لە ڕاستیدا کۆی بڕیار و هەڵبژاردن و کردارەکانی خۆمان نییە، کە لە ئاوێنەی کاتدا ڕەنگ دەداتەوە؟ ئەم پرسیارە تەنها پرسێکی تیۆری نییە، بەڵکو خاڵی وەرچەرخانە لەنێوان (عەقڵیەتی قوربانیبوون) و (عەقڵیەتی بکەربوون)دا، لەنێوان سکاڵاکردن لە چارەنووس و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیدا. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەمکی (نەفرەتی مێژوو) لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی مێژوو، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤی کورد زیندانیی ڕابردوو نییە، بەڵکو دروستکەری ئێستا و داهاتووی خۆیەتی.

### چەمکی (نەفرەتی مێژوو) دڵنەواییەکی ژەهراوی

چەمکی (نەفرەتی مێژوو) لە قووڵاییدا ڕەگی لە تێڕوانینێکی فەلسەفیدا داکوتاوە، کە پێی دەوترێت (حەتمییەتی مێژوویی Historical Determinism)، ئەم تێڕوانینە پێیوایە ڕەوتی مێژوو پێشوەختە و بە شێوەیەکی حەتمی دیاریکراوە و مرۆڤەکان لەنێو شانۆگەرییەکی

گەورەتردا ئەکتەرگەلێکیی لاواز و بێ دەسەلاتن. ئەم بیرۆکەیە دڵنەواییەکی دەروونیی کاتی دەبەخشێت، چونکە مرۆڤ لە باری قورسی تاوان و بەرپرسیارێتی ڕزگار دەکات، شکستەکان دەبنە (قەدەر) و مەرگەساتەکان دەبنە (چارەنووس).

بۆ گەلێک کە قوربانیی دەستی پیلانگێڕییە دەرەکییەکان بووە (لە چالدێران و سایکس-پیکۆوە تا دابەشکاریی و جینۆساید) ئاسانە باوەڕ بەم حەتمییەتە بهێنێت. بەڵام مەترسییەکە کاتێک دەست پێدەکات، کە ئەم عەقڵیەتە بۆ شیکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانیش بەکاردەهێنرێت. کاتێک گەندەڵیی، براکوژی، ستەمی ناوخۆیی و بە بنەماڵەییکردنی دەسەلات دەخرێنە ئەستۆی هەمان ئەو (نەفرەتە)، ئەوا ئێمە لە ڕاستیدا خۆڵ دەکەینە چاوی خۆمان. لێرەدا (نەفرەتی مێژوو) لە ئامرازێکی شیکارییەوە بۆ پەردەیەکی شاردنەوەی شکستەکان و هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتی دەگۆڕێت.

## مرۆڤ وەک بکەری مێژو

فەلسەفەی مۆدێرن بە شێوەیەکی گشتی ئەم تێڕوانینە حەتمییە ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەسەر ڕۆڵی مرۆڤ وەک دروستکەری مێژوو دەکاتەوە. لێرەدا چوار وێستگەی فیکریی گرنگ دەخەینەڕوو:

یەکەم: جیامباتیستا ڤیکۆ و تیۆری (ڕاستی کردارە یان دروستکراوە)

فەیلەسووفی ئیتاڵی جیامباتیستا ڤیکۆ (١٦٦٨-١٧٤٤)، بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، تیۆری ڕاستی کردارە یان دروستکراوە (Verum factum)ی بەکارهێنا . واتە، مرۆڤ تەنها دەتوانێت بە قووڵی لەو شتە تێبگات، کە خۆی دروستی کردووە. خودا لە گەردوون تێدەگات، چونکە خۆی بەدیهێناوە، مرۆڤیش لە مێژوو تێدەگات، چونکە خۆی دروستی کردووە. بەپێی ئەم لۆژیکە، مێژووی کورد بەرهەمی کۆی بڕیارەکان و هەڵەکان و کردارەکانی مرۆڤی کورد خۆیەتی. کەواتە، کاتێک لە مێژووی پڕ لە مەرگەساتی خۆمان ڕادەمێنین، ئێمە سەیری ئاوێنەی کردارەکانی خۆمان دەکەین، نەک نەفرەتێکی دەرەکی.

دووەم: کارڵ مارکس و دیالەکتیکی ئازادی و زەروورەت:

مارکس لە دەستەواژە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: «مرۆڤ خۆی بەدیهێنەری مێژووی خۆیەتی ، بەڵام نەک بە ئارەزووی خۆی و لە هەلومەرج و کەشی هەڵبژاردەی خۆیدا، بەڵکو لە بارودۆخێکدا کە لە ڕابردووەوە بۆی ماوەتەوە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بووەتەوە. «

(هەلومەرجەکانی ڕابردوو، زەروورەت): بۆ کورد بریتییە لە میراتی عوسمانی و سەفەوی (جەنگ و ڕێکەوتننامە و هەژموونەکانیان)، جوگرافیایەکی سەخت، سایکس-پیکۆ و نەبوونی دەوڵەت. ئەمانە ئەو (کارتانە)ن کە مێژوو پێی داوین و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمە بوون.

(مرۆڤەکان خۆیان مێژوو دروست دەکەن، ئازادی): بەڵام شێوازی یاریکردن بەو کارتانە لە دەستی خۆماندایە. کاتێک سەرکردەیەک لەبری دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی، هێزێکی چەکداریی بنەماڵەیی دروست دەکات، ئەمە بڕیارێکی ئازادانەی مرۆییە، نەک فەرمانێکی حەتمیی مێژوویی. (نەفرەت)ەکە لەوەدایە، کە ئێمە بەردەوام هەمان یاریی شکستخواردوو دووبارە دەکەینەوە.

سێیەم: ژان پۆڵ سارتەر و بەرپرسیارێتیی ڕەها




فەلسەفەی بوونگەرایی (Existentialism)ی سارتەر بە تەواوی دژی بیرۆکەی (نەفرەتی مێژوو) دەوەستێتەوە. بەپێی دروشمی (بوون لەپێش چییەتییەوە دێت)، مرۆڤ بە سروشتێکی دیاریکراوەوە لەدایک نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانییەوە چییەتیی خۆی و کۆمەڵگەکەی دروست دەکات. کۆمەڵگەی کوردی (مەحکوم) نییە بە گەندەڵی و دابەشبوون، بەڵکو کۆی ئەو هەڵبژاردنە تاکەکەسی و بەکۆمەڵانەیە کە ئەم واقیعەی بەدیهێناوە. پەنابردن بۆ (نەفرەتی مێژوو) بۆ پاساوهێنانەوە، بە قسەی سارتەر، جۆرێکە لە (باوەڕی خراپ Bad Faith ).

وشەی (باوەڕی خراپ Bad Faith ) یان (خۆفریودان(Self-deception لە فەلسەفەی جۆن پۆل سارتەردا، ئاماژەیە بۆ حاڵەتێک کە تێیدا مرۆڤ خۆی لە بەرپرسیارێتی ئازادییەکەی دەدزێتەوە. بە واتایەکی تر، مرۆڤ ڕەتیدەکاتەوە کە ئازادە و دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە، لەبری ئەوە خۆی وەک شتێک یان کەسێک دەبینێت، کە پابەندە بە یاسا، ڕۆڵ، یان بارودۆخێکی دیاریکراو و ناتوانێت گۆڕانکاری بکات.

بەلای سارتەرەوە ئێمە وەک مرۆڤ ناچارین ئازاد بین. ئێمە هەمیشە دەتوانین هەڵبژاردن بکەین و بەرپرسیارین لەو هەڵبژاردنانە. (باوەڕی خراپ) کاتێک ڕوودەدات، کە ئێمە هەوڵدەدەین ئەم ڕاستییە ڕەت بکەینەوە.

چوارەم: هانا ئارێنت و توانای دەستپێکردنی نوێ

هانا ئارێنت چەمکێکی گرنگی هەیە بە ناوی (لەدایکبوون یان توانای دەستپێکردن Natality) . ئەو پێیوایە هەر لەدایکبوونێکی نوێی مرۆڤ، هێمایە بۆ توانای دەستپێکردنی شتێکی نوێ لە جیهاندا. مرۆڤەکان توانای ئەوەیان هەیە زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بپچڕێنن

و سەرەتایەکی نوێ دروستبکەن. بیرۆکەی (نەفرەتی مێژوو) ئەم توانایە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە ئێمە بۆ هەمیشە زیندانیی ڕابردووین. کێشەی سیاسەتی کوردی ئەوەیە کە لەبری ئەوەی ببێتە بواری دەستپێکردنی نوێ، بووەتە گۆڕەپانی دووبارەکردنەوەی ئەزموونە کۆن و شکستخواردووەکان.

### لە دەروازەی تیۆرییەوە بۆ واقیعی کوردی

با ئەم چوارچێوە فەلسەفییە لەسەر چەند دیاردەیەکی تاڵی واقیعی کوردی جێبەجێ بکەین: ئیستغلالکردنی چەمکی شۆڕش جوڵانەوەی چەکداریی: ئایا (نەفرەتی مێژوو) بوو کە وایکرد شۆڕشەکان لە پرۆژەی نەتەوەسازییەوە بکرێنە پرۆژەی سەرکردەسازیی و بنەماڵەسازیی؟ یان ئەمە هەڵبژاردنێکی سیاسیی بوو، کە لەلایەن سەرکردەکانەوە بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان کرا ؟

میراتی خوێناوی: ئایا چارەنووسێکی حەتمی بوو، کە حیزب ببێتە موڵکی بنەماڵە و شەڕی ناوخۆ ببێتە دیاردەیەکی دووبارەبووەوە؟ یان ئەمە دەرئەنجامی لۆژیکیی سیستەمێکە کە لەسەر بنەمای دڵسۆزیی شەخسی و عەقڵیەتی خێڵەکی بونیاد نراوە، نەک دامەزراوەیی؟

کۆمەڵگەی سڕکراو: ئایا (قەدەر) وا دەکات خەڵک لە هاوڵاتیی چالاکەوە ببێتە مووچەخۆرێکی بێدەنگ؟ یان ئەمە سیاسەتێکی سیستماتیکی دەسەڵات بووە بۆ کڕینی وەلا و کوشتنی ڕۆحی بەرەنگاریی؟

لە هەموو ئەم نموونانەدا، ئەوەی دەیبینین زنجیرەیەک بڕیار و هەڵبژاردنی مرۆییە، کە بوونەتە (مێژوو). کاتێک ئەم هەڵبژاردنە هەڵانە بەبێ پێداچوونەوە دووبارە دەبنەوە، لە شێوەی نەفرەتێکدا دەردەکەون.

### لە سکاڵاوە بەرەو بەرپرسیارێتی

(نەفرەتی مێژوو) چەمکێکی شاعیرانەی کاریگەرە، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە چەواشەکار و لە ڕووی سیاسییەوە ئیفلیجکەرە. چەواشەکارە، چونکە هۆکاری کێشەکان لە (مرۆڤ)ەوە بۆ (هێزێکی نادیار) دەگوازێتەوە. ئیفلیجکەرە، چونکە ئەگەر ئێمە هەمیشە قوربانی بین، هەرگیز ناتوانین ببینە بکەری گۆڕانکاری.

ڕێگای دەرچوون لەم بازنە داخراوە، بە شکاندنی ئەم بتە فیکرییە دەست پێدەکات. یەکەم هەنگاو داننانە بەو ڕاستییە تاڵەدا کە ئێمە، وەک نەوەکانی پێش خۆمان، هاوبەشین لە دروستکردنی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین. پێویستە لە عەقڵیەتی (سکاڵاکردن لە مێژوو) بچینە ناو عەقڵیەتی (بەرپرسیارێتیی مێژوویی).

ئەو کاتە تێدەگەین کە مێژوو نەفرەت نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکە ڕووی ڕاستەقینەی کردار و هەڵبژاردنەکانی خۆمانمان نیشان دەدات. چارەسەر لە شکاندنی ئاوێنەکەدا نییە، بەڵکو لە گۆڕینی ئەو سیمایەدایە کە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو گۆڕانکارییەش تەنها بە ویست و کردەی مرۆڤی ئازاد دەکرێت، نەک بە چاوەڕوانیی کۆتاییهاتنی نەفرەتێکی ئەندێشەیی.

پەراوێزەکان:

١ ) کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ل ٩٦، ١١٩.

٢ ) کارل مارکس: هەژدەی برۆمێری لویی بۆناپارت، (و: سیامەند شاسواری)، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٩، ل ٢٨.

٣ ) جان پول سارتر: الوجودية مذهب انساني، ت: كمال الحاج، دار مكتبة الحياة، بيروت، ص ٤١.

٤ ) Arendt, Hannah. The Human Condition. Chicago: University of Chicago Press, ١٩٥٨.

# زوو بێت یا درەنگ دەوڵەتی کوردستان لەدایک دەبێت



رەزا شوان

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان واتا خاک و نیشتمانی کوردان، شوێنی نیشتەجێبوونی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردە. کوردستان دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە.

هاوسنووره لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا: لە باکوورەوە، ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا. لە باشوورەوە، ئێران و کەنداوی عەرەبی. لە رۆژهەڵاتەوە ئێران. لە رۆژئاواوە، عێراق و سووریا. پانتایی رووبەری کوردستانی گەورە، نزیکەی (٦٠٠) هەزار کیلۆمەتر دووجایە. زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان، لە چیا پێکهاتووە. کوردستان شوێنێکی ستراتیژی گرنگی لە ئاسیادا هەیە. ژمارەی کورد لە کوردستان و لە وڵاتانی جیهاندا، بەپێی تازەترین خەمڵاندن، زیاتر لە (٧٥) ملیون کوردە. ئەم ژمارەیەش زیادەڕۆیی نییە. هەمیشە نەیارانی کورد، بە ئەنقەست ژمارەی کورد و رووبەری کوردستانیان، زۆر کەمتر لە ژمارەی راستیی کورد و لە رووبەری راستیی کوردستان داناون و هەوڵی چەواشەکردنی مێژووی کوردستانیان داون. هەمیشە کوردیان بە کەمایەتییەکی نەتەوەیی ناوبردوون. ئەمەش لە رەگەزپەرستییان و لە رقی رەشیانەوە بەرجەستە بووە. بەڵام بەری تیشکی خۆر بە بێژنگ ناگیرێت و ناتوانن راستییەکان پەردەپۆش بکەن. لە ئێستادا کورد چوارەم نەتەوەی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەموو بنەماکانی نەتەوەیی هەیە و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆشی هەیە.

بەڵگەکان و پاشماوە دێرینە مێژووییەکان و توێژینەوە بێ لایەنەکان، سەلماندوویانە کە کورد رەسەنترین و کۆنترین نەتەوەی

رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. کوردستانیش لانکەی یەکەمین و رەسەنترین شارستانییە لە هەموو جیهاندا. کورد بڕبڕە پشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێت. کورد خاکی خۆی هەیە و خاوەنی زمان و کولتوور و داب و نەریتی رەسەن و هونەر و ناسنامەی خۆیەتی. مێژوویەکی دووروردرێژی دەوڵەمەندی پڕ لە خەبات و لە شکۆداری و قوربانیدانی هەیە. هەزاران هەزار ساڵ لەپێش زایینییەوە لەسەر خاکی کوردستانی نیشتمانی ژیاون و دەژین و هیچی لە گەلانی تر کەمتر نییە.

لە ماوەی هەزاران ساڵدا، چەندین نەتەوەی جیاواز، لە شوێنەکانی خۆیانەوە کۆچیان کردووە و نیشتەجێی ناوچەکانی کوردستان بوونە. لەوانە: تورک، فارس، عەرەب، ئەرمەن، ئاشوری، چیچانی، ئازەری. هەندێک لەم نەتەوانە لەسەر خاکی کوردستان دەوڵەتیان دروست کردووە. بە واتا داگیرکەری کوردستانن.

کوردستان لەبەر گرنگی و ستراتیژی شوێنەکەی و دەوڵەمەندیی خاکەکەی لە کۆنەوە، تا ئەمڕۆش بووە بە گۆڕەپانی ململانی و رووبەڕووبوونەوەی سەختی نەتەوەیی. کورد لیستێکی درێژی داگیرکەرانی بینی. کورد قارەمانانە و سەرسەختانە رووبەڕووی هێرشەکانی، فارسە کۆنەکان و ئەسکەندەری گەورە و عەرەبی موسڵمان و تورکە سەلجوقیەکان و هۆلاکۆ و مەنگۆلییەکان عوسمانییەکان بووە. باجێکی زۆری بەرگری و خۆڕاگری داوە، لە پێناوی مانەوەی و پاراستنی کوردستانی نیشتمانی.

لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، تا بەرەبەیانی ناسیۆنالیزم، کورد بە دەستی یەک لە دوای




یەکی دەوڵەتانی بەناوە ئیسلام، بە گەلەکۆمەیی، بە شێوەیکی زۆر دڕندانە و نامەردانە و رەگەزپەرستانە، رەشەکوژی و کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی کوردیان کردووە و دەکەن، هەر لەبەر ئەوەی کە کوردین. لە ئەمڕۆشدا کوردستان بە ستەمێکی مێژوویی دەوڵەتە زلهێزەکان، دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەیی رەگەزپەرستدا، بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا دا. کە تا ئێستا چەندین جار، بە گەلەکۆمەیی و بە مودێرترین چەکی کوشندەی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی و بە دڕندەترین شێوەی نامەردی و نامرۆییانە، بە رۆژی رووناک و بە بەرچاوی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و ویژدانی جیهانییەوە، دڕندانە، کۆمەڵکوژییان لە کورد کردوون و سیاسەتی (زەوی سووتماک) یان لە کوردستاندا جێبەجێ کردوون. زلهێزەکانیش لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان، لە ئاستی ئەم تاوانانە بێدەنگن. بەڵکو بە چەکی کوشندەی ئەوانیش، ژینۆسایدی کورد کرا و دەکرێت و کوردستان وێران کرا.

کورد لە ئەمڕۆدا، گەورەترین نەتەوەی جیهانە، کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ (دەوڵەتی کوردستان) نییە. لە دوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەی مادی کوردییەوە

(٧٠٠ ـ ٥٥٠) لە پێش زایینda، کە یەکەم دەوڵەتی یەکگرتووی کوردییە لە مێژوودا، کە لەلایەن (دیاکۆ)وە دامەزرا. لە پەرتووکی (هیرۆدۆت) دا، لە زۆر شوێندا باسی دیاکۆ و ماد کراوە. لەوەدوا چەند میرنشینێکی کوردی تا رادەیەک سەبەخۆیان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و فارسیدا هەبووە. بەڵام دەسەڵاتێکی ناوچەیی بەر تەسکیان هەبووە، نەیانتوانیوە رووبەری حوکمڕانیان فراونتر بکەن و بە فەرمی سەربەخۆییان رابگەیەنن و بتوانن لەژێر چەترێکی نەتەوەیی کوردیدا یەکبگرن.

بۆچی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانی، کورد نەبوو بە دەوڵەت؟ ریکەوتنامەی (سایکس بیکۆ) کە لە (١٠/ ئاب/ ١٩١٦) لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا واژۆکرا، هەریەکەش لە رووسیا و ئیتالیا پشتیوانیان لێکرد. میراتی دەوڵەتی عوسمانی بە کوردستانیشەوە دابەشیان کرد، کوردستان بەسەر تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا دابەشکرا. لە (پەیمانی سیڤەر) کە لە (١٠/ ئاب/١٩٢٠) لە نێوان (بەریتانیا، فەرەنسا، تورکیا، ئیتالیا. ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلچیکا، پۆڵەندا، رۆمانیا، یۆنان، پورتوگال، یۆگۆسلاڤیا سلۆانیا و چیکۆسلۆڤاکیا. بە چاودێری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە شاری ( سیڤەر) لە فەرەنسا واژۆکرا. وەک نوێنەری کوردیش، بوار بە (شەریف پاشا) درا و بەشداری کرد. لە بەشی سێیەم، لە مادەی (٦٢،٦٣،٦٤) ی پەیمانی سیڤەر، دەربارەی ناوچە کوردستانییەکان. ئاماژەیان بە مافی چارەنووسی کورد لە نیشتمانی خۆیدا کراوە. مەرجیان داناوە، کە گەلی کورد لە ماوەی یەک ساڵدا، لە بەشێکی کوردستاندا، سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی رابگەیەنێت. بەداخەوە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە و دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی تورکیا، حکوومەتی نوێی تورکیا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەماڵ ئەتاتورک، کە تا سەر ئێسقان دوژمنی کورد بوو. ئامادە نەبوون کە رێ بە سەربەخۆیی کورد بدەن. لە پەیمانی شوومی (لۆزان) کە لە (٢٤/ تەموز/ ١٩٢٣) دا، لە نێوان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، رۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلۆنیا، تورکیا) لە کۆشکی (روومین) لە شاری (لۆزان) ی سویسرا واژۆکرا. لە پەیمانی لۆزان لە هیچ بەندێکیدا، دەربارەی دەوڵەتی کوردی و مافەکانی کوردی تێدا نییە و بە هیچ شێوەیەک ناوی کورد و کوردستان تێیدا نەهاتووە. بە تەواوی کوردیان سڕییەوە و بێ هیوامانیان کرد. پەیمانی لۆزان گەورەترین ناپاکی و تاوانی مێژووییە کە لە کورد کرا. دواتر ئەتا تورکی رەگەزپەرست، بە شێوەیەکی درندانە و نامرۆییانە، بە گەورەترین لەشکر و تازەترین چەکی کۆمەڵکوژی، هێرشی کردە سەر باکووری کوردستان. بە سەدان گوندیان تاڵان کرد و سووتاندیان و سیاسەتەی زەوی سووتاویان جێبەجێ کرد. کەوتە کوشتن و گرتن و ژینۆسایدکردن و راگواستنەوەی زۆرەملێی کورد، لە زێدی هەزاران ساڵەی باوک و باپیرانیان. زمانی کوردییان قەدەغەکرد و بڕیاری قەدەغەکردنی ناوی (کورد) و (کوردستان) یان لە رۆژنامە و لە پەرتووکەکان راگەیاند. سیاسەتی بەتورکردنی ناوچە کوردستانییەکان و گۆڕینی دیمۆگرافیای شارە کوردستانییەکان جێبەجیکرد. زۆریش بێ رەوشتانە ناوی کوردیان نا تورکە شاخاوییەکان. بەڵام کورد چۆکی دانەدا و

هەواڵنامەی کتێب

ملکەچیان نەبوون.
چەند شۆڕشێکی نەتەوەیی کوردییان بەرپاکرد، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستان. لەوانەش: (شۆڕشی شکاک ـ سمکۆ ) لە (١٩١٩ـ ١٩٢١). (شۆڕشی دیاربەکر ـ ١٩٢٥ـ شێخ سەعیدی پیران)، (شۆڕشی دەرسیم ـ ١٩٣٧ـ سەید رەزای دەرسیم)، (شۆڕشی ئاگری داغ ـ ئارارات ـ ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا) لە (١٩٢٧ـ ١٩٣٢) لە (٢٨/ ئۆکتۆبەر/ ١٩٢٧) سەربەخۆیی کوردتستان و دامەزراندنی (کۆماری ئارارات) یان راگەیاند. پایتەختەکەی گوندی (کورداڤا) بوو. ئاڵای کوردستانیان لەسەر لووتکەی (چیای ئاگری ـ بەرزترین چیای کوردستان) هەڵکرد و حکوومەتێی کوردییان پێکهێنا. ژەنەراڵ ئیحسان نوری بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێرا، ئیبراهیم هەسکی (ئیبراهیم پاشا) کرایە جێگری. تورکیا و ئێران و رووسیا، بە گەلەکۆمەیی و بە زەبەلاحترین سوپا و بە بە فڕۆکە و بە تۆپباران، بە دڕندەترین شێوە کۆتاییان بە کۆماری ئارارات هێنا. بە هەزاران کوردی سڤیلیان ژینۆساید کرد. بە سەدان گوندیان تاڵان کرد و سووتاندیانن و خەڵکەکەشیان لە زستانێکی سەختدا، لە زێدی خۆیان دەریانیان کردن و گۆستیاننەوە. زۆربەیان، لەبرسا و لە سەرما مردن.
(شۆڕشی پشتکۆ ـ قەدەمخێر فەیلی : ١٩٢٧ ـ ١٩٣٣) لە ناوچەی لوڕستان
لە رۆژهەڵاتی کوردستان. وابزانم ئەم دێڕە هۆنراوەیە هی کامەران موکری یە:
(قەدەمخێرد ئەی خوشکی پۆڵایین ... کۆشکی پەهلەویت هێنایە لەرزین).
(شۆڕشی یەکەمی بارزان: ١٩٣١ـ ١٩٣٢: شێخ ئەحمەد بارزانی) و ( شۆڕشی دووەمی بارزان: ١٩٤٣ـ ١٩٤٥: مەلا مستەفا بارزانی) هەردوو شۆڕشەکە لە ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان بوون. بە زەبری هێز سەرکوتکران. (شۆڕشی ئەیلوول: ١٩٦١ـ ١٩٧٥) لە باشووری کوردستان. (شۆڕشی باکووری کوردستان ـ پارتی کرێکارانی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە (١٩٧٨ـ ) دێژترین شۆڕشی کوردستانە. نزیکەی نیو سەدەیە. دەستپێشخەریان کرد
بۆ دانانی چەک و گەیشتن بە ئاشتییەکی هەمیشەیی. بەڵام هێشتا روون نییە، کە بەچی دەگات. چونکە تورکیا تا ئێستا بە فەرمی و بە کرداری هەنگاوێ نەناوە. شۆڕشی رزگاریخوازیش لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوای کوردستان درێژەیان هەیە.
لە باشوری کوردستانیش شێخ مەحەمودی نەمر، لە رۆژی (١٧/ نۆڤەمبەر/ ١٩١٩) دا، حکومداری کوردستانی راگەیاند. خۆی بوو بە یەکەم مەلیکی کوردستان و شاری سلێمانی پایتەختی حکوومەتەکەی بوو. بەڵام ئینگلیزەکان بە هێزێکی زۆرەوە و بە پاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی، پەلاماری سلێمانییان دا و بە فڕۆکە بۆردوومانیان کرد. لە شەڕی دەستەویەخەی قارەمانانەی (دەربەندی بازیان) شێخ مەحمود بە برینداری گیرا. ئینگلیزەکان دووریانخستەوە بۆ هیندستان. بەڵام لەژێر فشار و نارەزایی خەڵکی کوردستاندا، گەڕاندیانەوە بۆ عێراق و لە شاری بەغدا دەستبەسەر بوو.
شۆڕشی نوێ و راپەڕینی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٩١) دا. لە باشووری کوردستاندا، فیدراڵیی بەدەستهێنا. پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان بە فەرمی دامەزران. ئاڵای

کوردستان بە فەرمە لە باشووری کوردستاندا هەڵکرا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە ساڵی (١٩٤٦) دا، یەکەم (کۆماری کوردستان) دامەزرا، کە پایتەختەکەی شاری (مەهاباد) بوو. پێشەوا (قازی محەمەد) بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێرا. بۆ یەکەم جاریش ئاڵای کوردستان هەڵکرا. ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرا. بەڵام بە داخەوە کە تەمەنی کۆماری کوردستان لە ساڵێک کەمتر بوو. بە فشاری ئەمریکا و رۆژئاوا، سوپای یەکێتی سۆڤیەت لە باکووری ئێران کشایەوە. چرای سەوزیان بۆ گۆڕبەگۆڕ حەمەرەزا شای بەهلەوی هەڵکرد، کە بە سوپایەکی زەبەلاحەوە، پەلاماری شاری مەهابادی دا و کۆماری کوردستانیان جوانەمەرگ کرد. لە (٣١/ ئادار/ ١٩٤٧) دا، پێشەوا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازیان، لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مەهاباد لە سێدارەیان دان.

لە رۆژئاوای کوردستانیشدا، لە رۆژی (٢١/ یانوار/ ٢٠١٤) لە شاری (قامیشلو) (بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر) راگەیاندرا. ژەنەراڵ (مەزلۆم عەبدی) بە فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هەڵبژێرا. خاتوو (ئیلهام ئەحمەد) یش وەک هاوسەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، هەڵبژێرا. تورکیا و حکوومەتە تازەکەی سووریا. چاویان بەم حوکمڕانییە دیموکراتییە سەرکەوتووەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان هەڵنایات. بەردەوام دژایەتی دەکەن و پیلان لە لە دژی دەگێڕن و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی لێدەکەن. کۆنترۆڵی ئەحمەد شەرعی سەرۆکی سووریا، بە دەستی تورکیاوەیە و فەرمان لە تورکیا وەردەگرێت. تورکیا پلانی دژایەتی کوردی بۆ دادەنێن. بە پارەی قەتەر و سعوودییە دەوڵەتەکەی بەڕێوەدەچێت. چاوەڕێی ئەوەن کە ئەمریکا جارێکی تر، چرای سەوزیان بۆ هەڵبکات و سوپای سووریا و تورکیا، هێرش بکەنە سەر رۆژئاوای کوردستان، بۆ لەباربردنی ئەزموونی سەرکەوتووی حوکمڕانیی رۆژئاوای کوردستان.

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، تەنها خەون نییە، بەڵکو سەد ساڵ زیاترە، کە هیوا و ئامانجی سەرەکی هەموو کوردێکە. دەوڵەتی کوردستان نابێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر هیچ نەتەوە و دەوڵەتێک، بەڵکو دەبێتە هۆی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسوودەیی بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەوڵەتە داگیرکەرانی کوردستان، لە خۆڕایی تووشی کوردفۆبیا بوونە، بەردەوام زوڕنای ئەوە لێدەدەن، کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆیان و مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان. بەڵام ئەم تۆمەتانە زۆر دوورن لە راستییەوە، بیانوویەکە بۆ ئەوەی بە گەلەکۆمەیی لە ئێمەی کورد بکەن و سەرکوتمان بکەن، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان دەدەن. ئەوەتا (ئەحمەد شەرع) یشیان فێری ژەنینی هەمان زوڕنا و مەبەست گڵاو کردووە، گوایە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و هێزەکانی هەسەدە لە رۆژئاوای کوردستان مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و عێراق. بەڵام لە راستیدا، ئەوەی ئاسوودەیی و ئاشتی و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێکداوە گەلی کورد نییە، بەڵکو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کورستانن. چونکە درێژە بە کۆمەڵکوژی

کورد دەدەن و دان بە نەتەوەی کوردا نانێن. بەڵام با داگیرکەرانی کوردستان باش بزانن تا کوردێک بمێنێت، ئەستەمە کە دەست لە مافە نەتەوەییەکانمان هەڵبگرین. ئەوەی ئێوە بە خۆتانی رەوا دەبینن، بۆچی بۆ کورد ناڕەوایە؟! بۆ ئێوە دەوڵەتی نەتەوەییتان هەبێت، کورد نەیبێت؟ بانێکە و دوو هەوا؟

بە کورتی باس لە را و بۆچوونەکانم دەکەم، کە بۆچی تا ئێستا دەوڵەتی کوردستانمان دانەمەزراندووە. ئەو بەرهەڵستی و بەرۆکگیرییانە چین کە هۆکاربوونە بۆ نەهێنانەدیی ئەم هیوا و ئامانجەی ئێمەی کوردی تینوی ئازادی و رزگاری و ئاشتی و سەقامگیری؟ لەم خاڵانەدا بە کورتی و بە چڕی، لە دیدی خۆمەوە، چەند هۆکارێکی نەبوونمان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەخەمە روو:

١. ناڵێم سەرکردەی شۆڕشگێڕ و ئازا و گیانبەخشمان لێ هەڵنەکەوتووە، بەڵام لە دوای دیاکۆی دامەزرێنەی ئیمپراتۆرییەتی ماد ەوە، تا ئێستا سەرکردەیەکی کاریزمای نەتەوەیی کوردمان لێهەڵنەکەوتووە، کە توانیبێتی، زۆربەی کورد لەژێر چەتری کوردایەتیدا یەکبخات و شۆڕشێکی گشتگیری، لە پێناوی راگەیاندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بەرپا بکات.

٢. تا ئێستاش ئێمەی کورد، نە پلانێکی تۆکمەی داڕێژراو و نە نەخشەڕێگایەکی ستراتیژیی نەتەوەییمان نییە. سەقفێکی دیاریکراویشمان بۆ داواکاریەکانمان نییە. کە کرابێت بە پرۆگرامێکی ئامادەکراو، تا لە دانووسان و گفتوگۆکاندا لەگەڵ دەوڵەتانی دەستبەسەراگرتووی کوردستان. بە راشکاوی و بێترس و شەرم، پێیان بڵێین ئەمانە داواکان و مافەکانی گەلەکەمانن. زۆر جار بە مافێکی لاوەکییەوە سەرقاڵ بووینە.

٣. گەلەکۆمەی بەردەوامی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان، لە دژی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان. ئەو هەموو هاوپەیمانییەی کە دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان پێکیان هێنا هەموویان لە دژی نەتەوەی کورد بوون. وەک: پەیمانی لۆزان لە (١٩٢٣) و پەیمانی سەعد ئاباد لە (١٩٣٧) و پەیمانی بەغدا لە (١٩٥٥) و پەیمانی جەزائیر لە (١٩٧٥). ئامانجی سەرەکی ئەم پەیمانانە، دژیا یەتیکردنی مافە رەواکانی کورد و رێگریکردن بوون، لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردستان.

٤. نا هاوسەنگی لە هێز و چەکدا، دوژمنانی کورد هەموو جارێک بە زەبەلاحترین سوپا و بە مۆدێرترین چەکی کوشندە، پەلاماری کوردیان داوە و بە شێوەیەکی دڕندانە و نامەردانە رەشەکوژی و کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیلی کوردستانیان کردوون و سیاسەتی زەویی سووتاویان لە کوردستاندا پەیڕەوی کردوون. بەڵام زۆرترین ژمارەی پێشمەرگەی کوردستان، لە (١٥٠) هەزار تێنەپەڕیوە. چەکی سەرەکی پێشمەرگەش، تفەنگ و کلاشینکۆف بووە، بەرانبەر بە مۆدێرترین تۆپ و تانک و فرۆکە، تا دەگاتە راجیمە و رۆکێتی بالیستی دوورهاوێژ و درۆنی ئاراستەکراوی پێشکەوتوو. خۆ ئەگەر چەکی ئەتۆمیشیان دەستبکەوێت، هەر لە کوشتنی کورد تاقیدەکەنەوە.

٥. نەبوونی ژێرخانێکی دارایی، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و کڕینی پێداویستییەکانی درێژەدان بە شۆرش و بە خەبات. ئەگەر چی کوردستان لەسەر دەریایەکی نەوت و گازە. ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، کورد خێری لە نەوتەکەی نەبینیوە، تەنیا دووکەڵەکەی بۆ کورد بووە. داگیرکەرانی

کوردستان، هەر بە پارەی نەوتی کوردستان کوشندەترین چەکیان کڕیوە و کوردیان پێیان ژینۆساید کردووە و کوردستانیان پێیان کاول کردووە.

٦- هەموو جارێک داگیرکەرانی کوردستان، گەمارۆدانی گشتییان خستووەتە سەر کوردستان، کە ببوونە هۆی گرانی و سەختی ژیان و کەم دەرمانی و بێ کاری.

٧- زۆربەی سەرکردەکانی کورد، گەمەکەرێکی سیاسی زیرەک نەبوونە، بە وردی ناخ و نیازی نەیارانی کوردیان نەخوێندوونەتەوە، سوود و پەند و وانەیان لە مێژوو و لە بەسەرهات و لە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان وەرنەگرتوون. هەمیشە لە سیاسەت و لە گفتوگۆدا هەڵخەڵەتاون و ئەوەی بە هەزاران شەهید و بە دەریایەکی خوێن و فرمێسک هێنایانمانەدی، سەرکردەکانمان بە کەفرکونێک، لەسەر مێزی گفتوگۆدا دۆڕاندوویانە. زۆربەشیان کەسی شیاو نەبوونە لە شوێنی شیاودا. گەلی کوردمان باجێکی زۆری ئەم نەزانین و هەڵانەی سەرکردەکانی کوردیان داونەتەوە. ئایە ئەوە دۆڕاندن نییە، کە کەرکوک و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان، کە بەشێکن لە کوردستان و زۆربەیان کوردن. رازی ببن بە راپرسی؟ کە بەشێکبن لە کوردستان، بۆ بە راپرسی رازیبوون؟ ئێستاش بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەمان بەردەوامە، کەچی لێی بێدەنگن. کوا دڵی کوردستان و قودسی کوردستان؟ قسەی زل و دروشمی بریقەدارمان ناوێت کردارمان دەوێت. ئەی نەتانوت: کەرکوک هێڵی سوورمانە؟؟

٨- ململانێ و ناکۆکیی بەردەوامی نێوان حیزبە کوردستانییەکان و فرە کوێخایی و نەبوونی یەکێتی و یەکهەڵوێستی و یەک وتاری نەتەوەیی کوردی، گەورەترین زیانیان بە پرسی کورد گەیاندوون. لە ئەمڕۆدا لە هەموو کوردستاندا، زیاتر لە سەد حیزبی سیاسی و رێکخراوی کوردیمان هەیە. هیچیان لەگەڵ یەکتریدا تەبا و رێک نین. دۆژمنانی کورد و کوردستانیش ئەم خاڵە نەرێنییەیان قۆستوونەتەوە، بەنزین دەکەنە ژێریان و ئاگرکە خۆشتر دەکەن. تا ئەمڕۆش سیاسەتی « پەرتکە و زاڵبە» وەک چەکێک لە دژی کورد بەکاری دەهێنن. بەداخەوە زۆر جار ئەم ململانێیەیان شەڕی براکوژیی لێکەوتووتەوە. تا ئێستا پەندیان لەم هەڵانەیان وەرنەگرتوون.

٩- تا ئەمڕۆش نەبووینە بە خاوەنی، سوپایەکی نیشتمانی کوردستان. دوو هێزی پێشمەرگە هەیە، یان هەر حیزبێک چەکدارانی تایبەتی خۆی هەیە. حیزبەکان وایان کردووە، کە پێشمەرگە هاوبەستەبوونیان بۆ حیزبەکانیان هەبێت. ئەمەش خاڵێکی نەرێنی و لاوازە و زیانێکی زۆری بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەیە.

١٠- ناپاکی و جاشایەتی و پێش لەشکر کەوتنی دوژمنانی کورد و کوردستان، زیانێکی زۆریان لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان داون. بەڵکو هۆیەکی سەرەکیی شکستهێنانی شۆڕشەکانی کوردستان بوونە. ناپلیۆن دەڵێت:»نەمتوانی ئیسپانیا بگرم چونکە جاشیان نەبوو». بەداخەوە کە جاشایەتی و ناپاکی و خۆفرۆشتن لەناو کوردا بنبڕ نەبوونە.

١١- تا ئەمڕۆش چالاکی دیپلۆماتی کورد، لە دەرەوەی کوردستاندا لاوازە. تا ئەمڕۆ لۆبییەکی کوردمان نییە، کە بتوانێت تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیابارانی کورد، وەک تاوانی دژ بە

ماڵپەڕی ئەزموونی ئاین

مرۆڤایەتی و تاوانی نێودەوڵەتی، بیانقۆزینەوە و بتوانین کاریان لەسەر بکەین و کاریگەری لەسەر لەسەر حکوومەت و پەرلەمانەکانی جیهان دروست بکەین و پاڵپشتیان بۆ پرسی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بەدەستبهێنین.

١٢. تا ئەمڕۆش دەوڵەتە زلهێزەکان، کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکاندا هەیە، دووفاقین و بە فەرمی پشتگیری لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردستان ناکەن. تا ئیشیان پێمان بێت دەمناسن، دوایی پشتمان تێدەکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاودەگرن. بە چەکی مۆدێرنی دەوڵەتە زلهێزەکان بوو، کورد ژینۆساید کرا.

١٣. تا ئێستا چەند جاریک هەلی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، بۆ کورد هەڵکەوتووە بەڵام بە هۆی ئامادە نەبوونمان و پەرتەوازەییمان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بوێر، ئەو هەلانەمان لەدەست داون. لە دوای راپەڕین و دوای رووخانی سەدام و حیزبی بەعس لە (٢٠٠٣) دا. دەبوایە کورد لە باشووری کوردستاندا، بڕیاری سەربەخۆیی بدایە، گەر بەرگریشمان بکردایە. بەقەد شەڕەکانی براکوژی، قوربانیمان نەدەدا.

١٤. کێشەی کورد، کێشەیەکی سۆزداری و بەزەیی نییە، کێشەیەکی نەتەوەیی سیاسییە. کێشەی کوردی ماف زەوتکراو و کوردستان داگیرکراوە. کێشەی رێگرییە لە بەدەستهێنانی مافەکانمان و لە مافی چارەنووسینمان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

١٥. میدیاکانی کوردستان لاوازن، بە ترس و لەرزەوە ناوی سەربەخۆیی کوردستان دەهێنن. زۆربەشیان میدیای سنووورداری حزبەکانن.

١٦. نەبوونی دەروازەیەکی کوردستان لەسەر دەریا، کە ناتوانین راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتاندا بکەین ـ ئەگەرچی لکێکی نەخشەی کوردستان لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستە ـ بەڵام داگیرکەرانی کوردستان، ئەو دەروازەیەیان لێداگیرکردووین و لە دەریا دایانبڕیوین. پێموایە ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە، لە دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. بێگومان یەکێک لە ئامانجەکانی هێرشکردنی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، بۆ ئەوەیە، کە کورد نەگات سەر دەریای سپی ناوەڕاست.

ئەو هۆکار و فاکتەرانە و چەندین هۆکار و بەرۆکگیریی دیکەش هەن، تا ئەمڕۆ بەربەستبوونە لەرێی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. و هێنانەدی خەون و هیوای حەفتا و پێنج ملیۆن کورد لە سەرانسەری جیهاندا.

ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان، تا ئێستا بە کوردیان کردووە، هەموویان تاوانی نێودەوڵەتین و تاوانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتین. بەداخەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و هیومان رایتس ۆوچ، لە ئاستی ئەم تاوانانەی کە لە کورد کراون و دەکرێن: کوێرن و کەڕن و لاڵن و قوڕوقەپیان کردووە. چونکە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکانیان، لەسەری مرۆڤایەتی و ویژدان و رەوشتەوەیە. بەڵام هەرگیز رەشبین و بێ هیوا نین، لە ئەمڕۆدا دەوڵەتی کوردستان لە ناخی هەموو کوردێکی گەشبیندا دروست بووە. زووبێت یا درەنگ، دوژمنان پێیان خۆشبێت یان پێیان ناخۆشبێت، لە داهاتوودا دەوڵەتی کوردستان رادەگەیەنین. هیچ داگیرکەر و هێزێک، ناتوانن چرای هیومان بکوژێننەوە. باشترین بەڵگەش ریفراندۆمەکەی (٢٥/ سێپتەمبەر/ ٢٠١٧) یە، لە باشووری کوردستاندا ـ ئەگەرچی کاتەکەی گونجاو نەبوو ـ پاڵپشتی نێودەوڵەتیمان لەگەڵدا

نەبوو. بەڵام لە (٩٢٪) ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بۆ جیهاندیان سەلماند کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خواستی هەموو کوردێکە. دیسان بە گەلەکۆمەیەکی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە چرای سەوزیان بۆ هەڵکرا. بە شێوەیەکی درندانە پەلاماری کوردیان دا و کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستانیان داگیرکردەوە. تا ئەمڕۆش ئەم ناوچانەمان سەقامگیرییان تێدا نییە و لە ترس و دڵەڕاوکیدان، چونکە لەژێر دەسەڵاتی سوپای عەرەبیدان و بووە بە ناوچەیەکی سەربازیی داگیرکراو. ڕۆژانە گێچەڵ بە کوردانی ئەم ناوچەیە دەکەن کە زێدی هەزاران ساڵەیانە. کەسانی نامۆیان بۆ هێناون، دیانەوێت بە زەبری هێز و بە هەڕەشە و ترساندن، کۆچ بە کورد بکەن و دیمۆگرافیای ناوچەکە، لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بگۆڕن و ڕێژەی کورد کەم بکەنەوە و دەست بەسەر زەوییەکانیاندا بگرن و بیاندەن بە عەرەبی هاوردە. ئەم سیاسەتەش تازە نییە و نیازی گڵاوی یەک لە دوای یەکی حکوومەتەکانی عێراق بووە، بە حکوومەتەکەی ئێستاشییەوە.

من پێوایە لە دوای دانان بە (دەوڵەتی فەلەستین) دا، پرسی کورد و کوردستان زیاتر دەوروژێت و دەبێتە کێشەی سەرەکیی چارەسەرنەکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە پێویستە سەرکردەکانی کوردە لە هەموو کوردستاندا، ئامادە و هۆشیاربن و پلان و نەخشەیان هەبێت و هەوڵبدەن بە وردی گریمانە و ئەگەرەکان بخوێننەوە. بتوانن سوود لە هەل و لە گۆڕانکارییەکان و لە دۆخەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرن. کە تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندی کورد دان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە زووترین کاتدا، کۆنگرەیەکی گشتی نیشتمانی نەتەوەیی کورد ببەستن، کە نوێنەری هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا بێت. بەبێ ترس و بە ئازادی باس لە ئەمڕۆ و لە داهاتووی کوردستان بکەن. دەرئەنجام یەک وتاری سیاسی و نەتەوەیی و یەک هەڵوێستبن. کارنامەی سەرکی کۆنگرەکە، دامەزراندنی (دەوڵەتی کوردستان) بێت. بە دەنگی زۆرینە، بڕیارەکانی کۆنگرە پەسەند بکەن و هەموو لایەنەکان، پابەندبن بە بڕیارەکانییەوە. پێویستە ئەوە باش بزانن، کە چارەنووسی هەموو کورد، یەک چارەنووسە. بۆیە دەبێت بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە بێت. داهاتوویەکی باشتر بۆ کورد و کوردستان، لە دەستی سەرکردەکانی ئەمڕۆمان دایە، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەی چارەنووسسازە. هەر کەمتەرخەمی و سازشکردن و هەڵەیەکی ستراتیژی بکەن. یان ناپاکی بکەن، خەون و هیوای حەفتا و پێنج ملیۆن کورد لەدەست دەدەن. نە مێژوو و نە نەوەی داهاتووشمان لێیان دەبوورێت. بەڵکو ڕۆژانەش نەفرەت بارانیان دەکەن.

ڕاستە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، لەنێو دووڕگەیەکی نەیاران و ناحەزانی کوردا، بڕیارێکی ئاسان نییە. بەڵام هەر خۆمان دەڵێین «ئەوی بترسێت ناخەلەسێت». تا ژێردەستی داگیرکەراندا بمێنینەوە، هیچ بە هیچ ناکەین و زیاتر دەمانچەوسێننەوە.

(*) بۆ ئەم نووسینەم، تا ڕادەیەک سوودم لە زیاتر لە (٥٠) ماڵپەڕی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی و سەرچاوە وەر وەرگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئێران و ئیسرائیل
# لە مێژوودا دۆست لە ئێستادا دوژمن



عومەر ئیسماعیل باوزێیی


هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی هەرنەتەوەیەک تەژییە لە چەندین ڕووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆر و بە سەدان هەوراز و نشێودا تێپەڕبووە، کە لە ئێستادا بارودۆخ و بەرژەوەندیی هەریەکێکیان پێچەوانەی سیاسەتەکانی ڕابردوویانە، بۆیە هەندێکجار وتەی: «مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە» مانایەکی بۆ نامێنێتەوە. ئەوەتا بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی شارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەکە، دەردەکەوێت زۆرێک لە دەوڵەت و گەلانی ئەوکات دۆست و هاوپەیمانی یەکدی بوون، بەڵام لە ئێستادا گەورەترین دوژمنی باوەکوشتە و وەک دەڵێن: «بە خوێنی سەری یەکتری تینوون». لەم چوارچێوەیەدا تیشکدەخەینەسەر بەشێک لە مێژووی هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئیسرائیل و بەراوردی دەکەین بە ڕووداو و هەلومەرجی ئێستا.

بەئاوڕدانەوەمان بۆ سەدەکانی پێش زایین، دەبینین: دوای ئەوەی ساڵی ٦١٢ پ.ز ئیمپراتۆرییەتی ئاشووریی لەلایەن هەردوو سوپای هوخشترە (٦٢٥-٥٨٥ پ.ز)ی پاشای ماد و نەبوپۆلاسار (٦٢٦-٦٠٥ پ.ز)ی پاشای بابل ڕووخا، دواتر خاکی ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکانیان لە نیوان خۆیاندا دابەشکرد، کە ناوچەکانی خۆرئاوای ڕووباری فورات، واتا زەوییەکانی شام و نەوەکانی ئیسرائیل کەوتە ژێر ڕکێفی پاشای بابل[1]، بەڵام دوای ئەوەی نەبوخزنەسری دووەم (٦٠٥-٥٦٢ پ.ز) بووە فەرمانڕەوای بابل، ساڵی ٦٠٤ پ.ز بە مەبەستی ڕێگرییکردن لە هاوپەیمانی نێوان جووەکان و

نیکۆی دووەم (٦١٦-٥٩٥ پ.ز)ی فیرعەونی میسر و سەرهەڵنەدانی پشێویی و ڕوونەدانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی بابل، لە ئوور شەلیم/ قودس ڕێککەوتنێکی لەگەڵ پاشای ئەوکاتەی یەهودییەکان بە ناوی «یویاقیم کوڕی یۆئاش» واژۆکرد. ئەگەرچی دواتر و ساڵی ٥٩٨ پ.ز، یویاقیم پێشێلی ڕێککەوتنەکەیکرد، لە بەرامبەردا نەبوخزنەسر بە سوپایەکی گەورەوە هێرشیکردەسەر یەهودییەکان، ساڵی ٥٨٦ پ.ز دەوڵەتی ئیسرائیلی باشوور ناسراو بە «دەوڵەتی یەهودا»ی داگیرکرد و کردیە بەشێک لە خاکی بابل، پاشان ژمارەیەکی زۆر لە ژن، پیاو و منداڵی بەدیلگرت و وەک کۆیلە بۆ وڵاتی بابل کۆچپێیکردن، دواتریش بەسەر شارەکانی دەوڵەتەکەیدا بڵاویکردنەوە[٢].

جێگای ئاماژەیە، پێشتر هەردوو پەیامبەر ئارمیا (٦٥٠-٥٨٠ پ.ز) و حزقیال/ ذي الكفل (٦٢٧-٥٧٠ پ.ز)[٣]، کە یەکێکن لە چوار پەیامبەرە گەورەکەی یەهودی، پێشبینی داگیرکردن و وێرانبوونی وڵاتەکەیان کردبوو بە دەستی پاشای بابل، دواتر خۆشیان یەکێک بوون لە بەدیلگیراوەکان[٤].

بەگوێرەی گێڕانەوەی ئارمیا، کە لە بابل کاری







پەیامبەرایەتی خۆی دەکرد: لەوهەڵمەتەدا نەبوخزنەسر ٤٦٠٠ کەس لە یەهودییەکانی ڕاگواست بۆ بابل»[٥]، بەجۆرێک حزقیال بەشێکی ژیانی لە بابلدا گوزەراند. هاوکات، پەیامبەر دانیال (٥٦٧ پ.ز)[٦]، یەکێکی دیکەیە لە پەیامبەرانی یەهودی و ماوەیەک لەناو کۆشکی پاشا نەبوخزنەسر خزمەتیکردووە[٧]، هەروەها پەیامبەر عەزرا/ عوزێر (٤٤٤ پ.ز)[٨]، کە لە نەوەکانی پەیامبەر یەعقوب (١٧٤٥-١٦٥٣ پ.ز) و تیرەی «لاوی»یە، لە کاتێکدا منداڵ بوو بە دیلی هێنرا بۆ بابل، دوای گەڕانەوەشی بۆ ئوور شەلیم، بەهۆی دووبارە نووسینەوەی تەورات بە «موسای دووەم» ناوبانگی دەرکرد[٩]. هەرچەندە دواتر پەیامبەر ئیشعیای دووەم (٥٤٠ پ.ز)ی یەهودییەکان پێشبینی ئەوەیکردبوو لە وڵاتی فارس پاشایەک دەردەکەوێت و دیلە جووەکان ئازاد دەکات و دەیانێرێتەوە بۆ ئوور شەلیم[١٠].

ئەوەتا دوای ٦٠ ساڵ ئاوارەیی نەوەکانی ئیسرائیل و گوزەراندنی ژیانێکی سەخت و کولەمەرگی لەژێر ئەشکەنجە و چەوسانەوەدا، کاتێک کورش (٥٥٠-٥٣٠ پ.ز) ئیمپراتۆرییەتی

هەواڵنامەی کتێب

هاخامەنشی فارسی لە باشووری ئێستای ئێران دامەزراند، دوای داگیرکردنی وڵاتانی ماد و لیدیا، ساڵی ٥٣٨ پ.ز واتا لە ١٢ ساڵی فەرمانڕەواییەکەیدا وڵاتی بابلیشی داگیرکرد، یەکەم کاریشی بڕیاری گێڕانەوەی ئەو یەهودییە ئاوارانەبوو، کە لەلایەن نەبوخزنەسرەوە بە دیلی هێنرابوون بۆ بابل، بۆیە دوای دوو ساڵ یەهودییەکان یەکەم کاروانی ٣ مانگەی خۆیان بەرەو ئیسرائیل دەستپێکرد و سەرەتا ٤٢٣٠٠ دیل، کە لەناویاندا ٣٠ هەزار پیاو و ٧٣٣٧ کۆیلە و ئەوانی دیکە ژن و منداڵ لەژێر سەرپەرشتی یەکێک لە کەسایەتییەکیان بە ناوی «زروبابل» بەرەو ئوور شەلیم-ی پایتەختیان گەڕانەوە، دواتریش بە فەرمانی کوروش، زروبابل وەک پاشا و فەرمانڕەوای یەهودییەکان دەستنیشانکرا[١١]. بەوهۆیەوە هەریەک لە پەیامبەران ئارمیا و حزقیال، کوروشیان بە پەیامبەری «دووقۆچان/ زیقەرنەین» ناوبردوە، کە بووە بە ئازادکەر و فریادڕەسی جووەکان لە دەست زوڵم و زۆری بابلییەکان. ئەم ڕووداوەش بە ئایەتی قورئانی: «وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ (*)»، پشتڕاستکراوەتەوە.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی (١٩٧٩-١٩٨٩) سیستمێکی تازەی فەرمانڕەوایی بەناوی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئێران هاتەسەر دەسەڵات، شۆڕشەکە



بووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە تێڕوانی سیاسی و وەرچەرخانێکی گەورەی جیهانبینی، بۆیە دوای تێپەڕبوونی ٢٥١٥ ساڵ، دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لە مێژینە و دێرینی ئەم دوو نەتەوە و دەوڵەتە زلهێزەی ناوچەکە، دەگۆڕێت بۆ ململانێیەکی توند و لێدان لە بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازیی و ئابووری یەکتری.

وەک ئاشکرایە، دوژمنایەتی ئێستای نێوان حکومەتەکانی ئێران و ئیسرائیل پێیناوەتە قۆناخێکی دژوار و هەستیارەوە، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەدەستهێنەری چەکی ئەتۆم، بە ئاشکرا هەڕەشەی لەسەر نەخشە سڕینەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات و ئەمریکا بە شەیتانی گەورە دەزانێت، بۆیە لە زۆربەی خۆپیشاندان و ڕژانەسەر شەقامەکانی شارەکانی ئێران، هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە دروشمی (مرگ بر آمریکا و مرگ بر إسرائیل) بەرزدەکەنەوە.

لەم پێناوەشدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە





مەبەستی فراوانکردنی هەژموون و ستراتیژییەت و بەرژەوەندی وڵاتەکەی، چەند ساڵێکە لە هەوڵی دروستکردنی پرۆژەی «هیلالی شیعی» دایە، کە بە وڵاتانی عێراق، سوریا، لوبنان و فەلەستیندا درێژدەبێتەوە و لە ڕێگەی هێز و سوپای هاوپەیمان و بریکارەکانی وەک حەماس لە فەلەستین، حزبوڵڵا لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکان لە یەمەن، ئاستەنگ و ڕێگریی بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی خۆرئاوا و بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل دروستدەکات. لە چوارچێوەی ئەم ناکۆکیانەدا، وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە هاوبەشی و لە حوزەیرانی ٢٠٢٠دا، وەرزی یەکەمی درامایەکی ٨ ئەڵقەییان بەرهەمهێنا بە ناوی «تاران»، دواتریش لە ئایاری ٢٠٢٢ وەرزی دووەم لە ٨ ئەڵقەی دیکەدا بەرهەمهات، پاشان تەواوبوونی وەرزی سێیەمی دراماکە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ ڕاگەیەندرا، کە زۆربەی کاری وێنەگرتنەکەی لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان ئەنجامدراوە و چیرۆکی زنجیرە دراماکە باس لە ململانێیەکی توندی دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی و ئیتلاعاتی ئێرانی دەکات و خاتوو نیڤ سوڵتان-ی بە ڕەچەڵەک ئێرانی بە کاراکتەری «تەمار ڕۆبینان» ڕۆڵی سەرەکی تێدادەگێڕێت[١٢]. لە ئێستاشدا ستافێکی پرۆفیشناڵ لە تەلەفزیۆنی قەڵەم، وەرزی یەکەم و دووەمی دراماکەیان لە ١٦ ئەڵقەدا وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و چەند جارێک پەخشکراوە.

جێگای ئاماژە و مایەی سەرنج و تێڕامانە، پێشتر میدیای ئیسرائیلی ڕایگەیاندبوو، «تاران» بە تەنیا زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی نییە! ئەمەش مانای ئەوەیە سیناریۆ و بەرنامەیەکی پێشوەختەی شەڕ لە ئارادایە.

ئەگەرچی دوای پەلامارە لەناکاوەکەی ڕۆژی شەممە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی چەکدارانی بزووتنەوەی حەماس بۆسەر خاکی ئیسرائیل، بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەرداهات و بەرەبەرە باڵادەستی ئێران لە ناوچەکەدا کەمکرایەوە. لە تازەترین پێشهاتیشدا بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، سوپای ئیسرائیل هێرشێکی بەهێز و فراوانی ئاسمانی بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمی و کۆگا سەربازی و شوێنی مانەوەی پسپۆڕ و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران دەستپێکرد، کە ئەم هەڵمەتە بەشێکی زۆری شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە و دیارترینیان تاران-ی پایتەخت و شاری ئیسفەهان بوو. بەگوێرەی هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران: لە ماوەی ١٢ ڕۆژی شەڕەکەدا ١١٩٠ کەس کوژراو و ٤٧٧٥ بریندار لێکەوتوتەوە. سەرەڕای زیان و زەرەرێکی زۆر بە چەندین باڵەخانە و ئەپارتمانی نیشتەجێبوون. هاوکات، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بێ وەڵام نەمایەوە، بەڵکو لە چەند دژەهێرشێکدا بە موشەکی دوورمەودا و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان/ درۆن بۆسەر شارەکانی تەلئەبیب-ی پایتەختی ئیسرائیل و ڕامەڵڵا و چەند شوێنێکی دیاریکراوی دیکە، توانی بەرگرییەکی مامناوەند بکات و بەرپەرچی هێرشەکانی ئیسرائیل بداتەوە.

ئـەوەی لـێرەدا پـەیـوەنـدی بـە دۆز و پرسی کـوردەوە هـەیـە: بـەردەوامـی ئـەم ململانێ و هەڕەشە توندانەی ئێران و ئیسرائیل لە یەکدی، ئایا لـەم نـێـوەنـدەدا بـاشـووری کـوردسـتـان دواڕۆژ و چارەنووسی بەچی دەگات؟ لەکاتێکدا هـەردوو وڵاتـی شـەڕکـەر هەرێمی کوردستان بە پێگەی ئەویتر و دەروازەی مەترسی سەر خاک و بەرژەوەندی خۆیان دەزانن. ئایا وەک چەندین جاری ڕابـردوو، دیسان کوردستان دەبێتەوە گۆڕەپانی سەربازیی و پێخوستی سوپای وڵاتانی دەوروبەر و قوربانی بارودۆخە مەترسیدارەکانی ناوچەکە؟

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

* سورة الكهف، الآية (٨٣).

١. عومەر ئیسماعیل مارف: دەوڵەتی ماد ٧٠٠-٥٥٠ پێش زایین، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد، (سلێمانی، ٢٠١٤)، ل٧٥، ٧٨، ٨٥.

٢. سمکۆ بەهرۆز محەمەد (ئـەژی): ئەرابخای وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا، چاپی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل١٠٦؛ ئەرنۆڵد توینبی: مێژووی مرۆڤایەتی، وەرگێڕانی: دڵشاد مستەفا وەسانی، چاپی یەکەم، دەزگـای چاپ و بـڵاوکردنـەوەی ڕۆژهــەڵات، (هـەولـێر، ٢٠١٠)، ل٢٣٤؛ گیرترود هارتمان: بنیاتنەرانی دنیای دێرین، وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٧١؛ بریندا سمیس: میسری فیرعەونەکان، وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگـای چاپ و پەخشی سـەردەم، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل١٥١.

٣. گۆڕی حزقیال پەیامبەر دەکەوێتە گوندی ئەلکەفل لە دووری ٢٠ میل لە شاری حللەی عێراق، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە: گـۆڕەکـەی لەسـەر قـەڵای زولقەرنەین لەسەر چیای ئەرغەنییە لە نزیک شـاری میافارقین لە باکووری کوردستان. بڕوانە: محەمەد ئەحمەد حوسەینی مونشی بەغدای: سەفەرنامەی مونشی بەغدای لە تەک مستەر ریچدا (١٨٢٠)، وەرگـێـڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل١٠١؛ میر شەرەف خانی بدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل٤٤٤.

٤. ئەلبێرت چامپدێر: کۆرشی مەزن، وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل١٦٤؛ ویل دورانـت: مێژووی شارستانییەت، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی، بەرگی یەکـەم، چاپخانەی کـەمـال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگـای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، (سلێمانی، ٢٠١٤)، ل٥٤١.

٥. ئەرنۆڵد توینبی: سەرچاوی پێشوو، ل٢٣٧؛ ویل دورانت: سەرچاوی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٥٤١.

٦. گـۆڕی دانـیـال پەیامبەر لـەگـەڵ گـۆڕی هـەریـەک لە پەیامبەرانی دیکەی یەهودیی «ئێشعیای دووەم و نحمیا»، لەسـەر قـەڵای کـەرکـوک دایـە. بـڕوانـە: جـەمـال ڕەشید ئەحمەد: کەرکوک لە چەرخە کۆنەکان دا، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل٥٣؛ سەعدی عوسمان هـەروتی: کـورد و کوردستان لە بەلگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا: چاپی یەکەم، چاپخانەی مـوکـریـانـی، خـانـەی موکریانی بـۆ چـاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل٦٨.

٧. جەمال ڕەشید ئەحمەد: سـەرچـاوی پێشوو، ل٥٢؛ ئەلبێرت چامپدێر: سەرچاوی پێشوو، ل١٦٥؛ ویل دورانت: سەرچاوی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٥٧٤.

٨. گۆڕی عوزێر پەیامبەر دەکەوێتە بەری ڕاستی ڕووباری دیجلە لە گوندی عوزێری سەر بە شارۆچکەی قوڕنە لە پارێزگای میسان. بڕوانە: محەمەد ئەحمەد حوسەینی مونشی بـەغـدای: سـەرچـاوی پێشوو، ل١٠٦؛ خورشید پاشا: سیاحەتنامەی حدوود، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر بـاوزی، چاپی یەکەم، بـڵاوکـراوەی نـاوەنـدی فێربوون، (هەولێر، ٢٠١٩)، ل٧٩-٨٠.

٩. ویل دورانت: سەرچاوی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٨٦؛ کلاودیوس جەیمس ریچ: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: مینە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی، ٢٠١٢)، ل٤١٢؛ جەمال ڕەشید ئەحمەد: سەرچاوی پێشوو، ل٥٢.

١٠. ویل دورانـت: سەرچاوی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٥٤٤.

١١. گیرترود هارتمان: سەرچاوی پێشوو، ل٧٢.

١٢. بەختیار سەعید: کاتێک جەنگ دەبێتە هۆکار بۆ زۆرترین بینەر، درامـای (تـاران) بە نموونە، ڕۆژنامەی کوردستانی نـوێ، ژمـارە ٩٤٦١، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٥/٧/٢٤، دووتوێی ئەدەب و هونەر، ژمارە ١٣٨٠، ل٤.

# هونەر و خەباتی نەتەوەیی



عوسمان ساوجی

هەواڵنامەی کتێب

بزاوتی نەتەوەیی کورد جیاواز لەو خەباتە چەکداریەی بووەتە شوناسی بزوتنەوەکە و دەیان ساڵە بێ ئەوەی وچان بدات بەردەوامە و کاریگەری گەورەشی لەسەر کورد و کوردستان دروست کردووە، بزوتنەوەیەکی تریشی هەبووە کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەگەر ڕۆڵی لە تێکۆشانە چەکداریەکە زیاتر نەبووبێت کەمتر نەبووە کە ئەویش بریتیە لە هونەر. هونەر گوزارشتە لە کۆمەڵە چالاکیەک کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت لە پێناوی خستنە ڕووی ئەندێشەیەک ، هەروەک لە فەرهەنگی بەریتانیدا هاتووە کە هونەر گوزارشتە لە ئەندێشەیەکی جوان لەڕێگەی بەرجەستەکردن و داهێنان تیایدا. دیارە هونەر بوارێکی ئێجگار فراوان و فرە ڕەهەندە و هەر لایەنێکیشی بگریت بەجۆرێک کاریگەری لەسەر دەروون و بیرکردنەوە و ئاکاری تاک و کۆمەڵگە دروست دەکات لێرەدا تیشک خراوەتە سەر هونەری گۆرانی.


هونەر وەک هەر بوارێکی تری ژیانی مرۆڤ بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژوو گەشەی کردووە و لقی زیاتری لێبووەتەوە هەر لە چیرۆک بێژەکانەوە بیگرە تا هۆنراوە و شانۆ و فیلم و کارە سینەماییە پێشکەوتوەکان و، دەنگ خۆش و شارەزایانی بواری چڕین و گۆرانی کەڵکیان لە هۆنراوەکان وەرگرتووە و کردویانن بە گۆرانی و ئاوازی گونجاویان بۆداناون و دواتر بەگوێرەی کەرەستە و پێداویستیەکانی ئەو سەردەمە پێشکەشیان کردوون، هەندێک لەو گۆرانی بێژانە جگە لە بەهرەی دەنگخۆشی بەهرەی ئەوەیان هەبووە کە هەرخۆیان وشەکان پێکەوە بنێن و بەشێوازێکی هونەری ڕێکیان بخەن و بەندەکان بەجۆرێک دابڕێژن کە کۆتاییەکی چوونیەکیان هەبێت بەوەش جگە لە گۆرانی وتن جۆرێک لە هونەری هۆنینەوەشیان

بەکارهێناوە، ئەم بابەتە لەهەندێک قۆناغدا کە هێشتا میدیا و ئامرازەکانی گەیاندن گەشەیان نەکردبوو بەشێوازێکی بەربڵاو باوی بوو، بەوەش ببوە هونەرێکی کاریگەر و تائێستاش هەر ماوە و بە هونەری میلیی ناسراوە و لەهەندێک شوێنی تریش ناوی تری هەیە وەک گۆرانی بێژ و شایەر و بەندبێژ و.....هتد.

هونەری گۆرانی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کۆمەڵە خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ یەکتردا بەتایبەت ئەو کۆمەڵگانەی دراوسێ و تێکەڵاون و سنوربەدی توند و لێکدابڕاوی زۆریان لەنێواندا نیە، لەبەرامبەریشدا چەندین خەسڵەتی جیاکەرەو و تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە لە هونەری ئەوانیتر جیای دەکاتەوە، کۆمەڵگەی کوردی کە سەدان ساڵە لەدۆخی ژێردەستەیی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و سیاسیدا بووە زۆربەی گۆرانیەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارە بووە، سەرنج ڕاکێشە کەبەشێک لەو گۆرانیانەی لە ئاهەنگ و بۆنە و شادیەکانیشدا وتراون ناوەڕۆکێکی غەمناک و تاڵیان هەبووە و گوزارشتیان لە ژیانێکی تاڵ و دەربەدەری و هەژاری کردووە، جا ئەوە بە ئاشکرا و بێپەردەبێت یان بە ئاماژە و پەنابردنە بەر هونەری پەند و لێکچواندن.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد بارودۆخی کورد لەسەرتاسەری کوردستان هەتا بڵێی خراپ و لەژێر گوشاری دەوڵەتە سەردەستەکاندا بووە و، ئەو دەوڵەتانە ئەوەندەی بۆیان کرابێت هونەری کوردییشیان وەک بوارەکانی تری ژیان سانسۆر کردووە، بەڵام هیچکات لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون و شاعیر و گۆرانی بێژان و هونەرمەندانی کورد هەرچۆنێک بووە دەرفەتی ئەوەیان پەیدا کردووە کە کەڵک لە هونەر وەربگرن و لەو ڕێگەوە خزمەت بە پرسی نەتەوەیی و شوناسی کوردبوون بکەن، ئەمەش بەدوو جۆر گوزارشتی لێکراوە یەکەمیان بریتین لەو هونەرمەندانەی هۆنراوەی شاعیرە نەتەوەپەروەرەکانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و بێکەس و هێمن و هەژار و پەشێو و......هتدیان کردووە بەسرود و گۆرانی و هانی شۆڕش و تێکۆشان و بەگژداچونەوەی ستەمی داگیرکەرانیان داوە، دەکرێت هەریەک لە ناسری ڕەزازی و نەجمەدینی غولامی و تایەری خەلیلی و تیپە میوزیکیەکانی شاخ لەم ڕووەوە نمونەیەکی زیندووبن، ئەوان لەڕێگەی ڕادیۆ ناوچەییەکان یان ئەو کاسێتانەی بەقاچاغ و بەنهێنی دەستاودەستیان پێدەکرا بەرهەمەکانیان دەگەیشتە دەستی خەڵک و بیری نەتەوەییان جۆشدەدایەوە.

جۆرێکی تری گۆرانی کە هونەری میللیە ڕۆڵی هەبووە لە پارێزگاری کردن لە شوناسی نەتەوەیی کورد و، کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەی دەوڵەتی سەردەست بە ئومێدی سڕینەوەی مۆرکە کوردیەکەیان هەوڵی زۆریداوە، ڕەنگە کاری ئەم هونەرمەندانە






بەمەست بووبێت یان دەکرێت مەبەستێکی سیاسیشی لەپشتەوە نەبوبێت بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەو کارە ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دەوڵەتانی سەردەست، لێرەدا دەکرێت حەسەن زیرەک وەک یەکێک لە پێشڕەوان و ڕابەرانی ئەو بوارە ئاماژەی بۆ بکرێت. هەڵبەت کە ئاماژە بۆ ناوی هونەرمەندێک دەکەین بە واتای ئەوە نیە کە تەنها کەس بێت بەڵکو تەنها نمونەیەکە لە سەدانی تری وەک محەمەدی ماملێ و سەید محەمەدی سەفایی . زیرەک کۆمەڵە خەسڵەتێکی ئێجگار ناوازەی هەبووە کە وەک ئەوە وابووە خودا ئەم ئەرکەی پێ سپاردبێت، ئەو لە گەڕانێکی بەردەوامدا بووە لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان و سەردانی زۆرێک لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کردووە ئاهەنگی گۆرانی تیادا سازکردوون و چەند کاسێتیشی هەیە کە ناوی شارەکانیان لەسەرە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە چەندین دەستەواژەی جیاواز لە گۆرانیەکانیدا جێبکاتەوە کە ئاماژەن بۆ کلتور و نەریتی ناوچە جیاوازەکان کە هەندێکیان باسی جل و بەرگ و خشڵ و جوانی ئافرەتان دەکەن و هەندێکیشیان باسی کار و پیشە و ئامرازە سادە و ساکارەکانی جوتیاران و پیشەوەرانی ئەو ڕۆژگارەیان کردووە. لەهەندێک لە گۆرانیەکانی زیرەکدا ناوی شار و شارۆچکە و گوند و شاخ و ناوچەی کوردستان هاتووە کە بۆ هەتاهەتایە ئەوانە ناویان بەزیندوویی دەمێنێتەوە ئەگەر خوانەکردە بە هەر هۆکارێک گۆڕانێکیش ڕوویدات. زیرەک تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا خۆی قەتیس نەکردووە و بە شارەکانی ئێران و عێراقیشدا گەڕاوە و لە ڕادیۆکانی ئەو دەوڵەتانەش کەڵکی وەرگرتووە بەوەش ئاهێکی کردووە بەدڵ و دەرونی ئەوانەی تینووی هەرشتێک بوون کە کوردی بێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت هەرگەلێک جا چ ئازاد و سەربەست بێت یان چەوساوە و ژێردەست وەک کورد کەڵک لە چەکی هونەر وەربگرێت، یەکەمیان بە مەبەستی دروست کردنی پردی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی کلتور و زمان و نەریت و بازرگانی، دووەمیش بەئامانجی پاراستنی کلتور و کەلەپور و زمان و شوناسە نەتەوەییەکەی، گۆرانیبێژانی کورد سەدان ناو و زاراوەی گرنگ و بایەخداریان لە فەوتان پاراستووە کە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بەکارهاتوون، ناوی شوێن و کەسایەتی و داستان پاڵەوانە ڕاستەقینە و ئەفسانەییەکانیان بەزیندوویی هێشتوەتەوە، لەبەرئەوە دەکرێت کەسانێکی پسپۆڕ هەستن بە نوسینەوەی ئەم جۆرە گۆرانیانە و توێژینەوە کردن لەسەریان ئەوەش لەپێناوی ئەوەی ئەنجامی زانستی باشیان لێ بەدەست بهێنرێت و بەرگی زانستیان بەبەردا بکرێت تا لەو ڕێگەوە هەوڵ و ماندووبوونیان فەرامۆش نەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

# پەروەردەی ژینگەیی



مامۆستای ڕاهێنەر
**ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد**

پرسی ژینگە پرسێکی گرنگی جیهانییە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئێستایی و ئایندەیی بە تەواوی کۆمەڵگاکانەوە، بە کۆمەڵگای ئێمەشەوە هەیە. ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی سیگناڵی پیشاندانی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و فەرهەنگیی تاک و گروپەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەکە. گەشەسەندنی تێگەیشتنی زانستییانە و هۆشیاریی فراوانیی تاکیی و کۆیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ بایەخپێدان بە ژینگەی سروستیی وپێکهێنەکانییەوە هەروەها بە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەیی و ئاڵنگاریی و دەرئەنجامەکانیانەوە.

پەروەردەی ژینگەیی بریتی یە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک تاوەکو لە دوای دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە و کۆی پێکهێنەکانییەوە و چوونە سەرەوەی ئاستی هۆشیاریی ژینگەییان، بەدواداچوون لەسەر پرسە ژینگەییەکان بکەن، بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن و هەنگاو بنێن بۆ باشترکردنی ژینگە. لە ئەنجامدا تاکەکان تێگەیشتنێکی قووڵترو فراوانتریان لەلا گەڵاڵە دەبێت لە سەر پرسە ژینگەییەکان وە توانای بڕیاردانی ئاگامەندانە و بەرپرسیارانەیان دەبێت لە پەیوەند بە ژینگە و گرفتەکانییەوە.

هەندێک لە ئامارەکان کە زەنگی ئاگادارکردنەوەن

بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی UNEP پرۆگرامی ژینگەیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

ساڵانە لە جیهاندا، ١ ملیار و ٣٠٠ ملیۆن تۆن خواردن دەبێتە پاشماوە کە سێیەکی ئەو ڕێژەیەیە کە مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادا پێویستی پێیەتی. ٤٠٠ ملیۆن تۆن تەنها پاشماوەی پلاستیکە، ٥٠ ملیۆن تۆن پاشماوەی

ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە. وە پێشبینیدەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ ڕێژەکە بەرزبێتەوە بۆ ٣ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن تۆن پاشماوەی خواردن، ١ ملیار و ١٠٠ ملیۆن تۆن پاشماوەی پلاستیکیی و ٤٠٠ ملیۆن تۆن پاشماوەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.

## پلاستیک، شێرپەنجەی ژینگەی سروشتی

پاشماوەی پلاستیکی، عەللاگە، هەموو جۆرێکی قاپ و کەوچکی سەفەریی، سفرەی سەفەریی، دەبەی ئاو، ... هتد دەگرێتەوە.

ڕێژەی سەدی خراپ بەڕێوەبردنی پاشماوە پلاستیکییەکان (Mismanagement of Plastic Waste) لە هەندێ لە وولاتانی جیهان بە نموونە، ژمارەکان ڕێژەی لە سەدای پاشماوەی پلاستیکیی کە خراپ بەڕێوەدەبرێت پیشاندەدەن. خراپ بەڕێوەبردنی پاشماوە پلاستیکییەکان، واتا ئەو پاشماوە پلاستیکییانەی ڕاستەوخۆ فرێدەدرێنە ناو ژینگەی سروشتیی هەسارەکەمانەوە، واتا ئەو پاشماوە پلاستیکییانە تێکەڵدەبن بە ئاو، هەوا و خاک. ئەمەش بەگوێرەی ئاماری پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP) بۆ ساڵی ٢٠١٠.

بەرزترین ئاستی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی پلاستیکی لە ولاتانی کۆریای باکور ٨٨، کەمبۆدیا، میانمار و بەنگلادیشە بە ڕێژەی٨٧، کە دواتر پاکستان و پاپواگینیا ٨٦، هندستان و کۆنگۆ ٨٥، تەنزانیا ٨٤، کینیا ٨٣، مۆریتانیا ٨٢، ئەندۆنیزیا ٨١ و سودانە ٨٠.

نزمترین ئاستی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی پلاستیکیی پێکدێت لە وولاتانی بەشی خۆرئاوای کیشوەری ئەوروپا، ئەمریکا، کەنەدا، ئیمارات، یابان، کۆریای باشور،نیوزیلەندا و ئوسترالیایە بەڕێژەی لە سەدا سفر.

ڕێژەکە لە هەندێ لە وولاتانی دیکەش بەم جۆرەیە: چین ٧٤، تایلاند و یەمەن ٧٣، میسر ٦٧، سوریا ٦٧، عێراق ٦٣، مالیزیا ٥٥، ئێران ٥٠، ئۆکرانیا ٤٩، پیرۆ ٢٥، کۆلۆمبیا ٢١، ڕوسیا و تورکیا ١٦، ئەرجەنتین و مەکسیک ١٢، بەڕازیل ٩، سعودیە و ئورۆگوای ٨، چیلی ٧، ڤەنزوێلا ٥، عەممان ٤.

هەروەکو لە ئامارەکەدا هاتووە ڕێژەی سەدی خراپ بەڕێوەبردنی پاشماوەی پلاستیکی لە عێراق ٦٣ یە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. کوردستانیش وەکو بەشێک لە عێراق ئەگەر ڕێژەی خراپ بەڕێوەبردنی پلاستیک تێیدا بەرزتر نەبێت لە ٦٣ ئەوا کەمتر نییە. بۆ کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە کە تا ئەو ئاستە لە پیسکردنی ژینگەی سروشتییدا بەشداریی و کاریگەریی هەیە، پێویستییەکی بێچەندوچوونە بۆی کە پرسی ژینگە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بە گشتیی بکاتە پرسێکی گرنگ و کاریگەری خۆی و هەروەها بابەتی پەروەردەی ژینگەیی لە زووترین و نزیکترین دەرفەتی گونجاودا بکاتە وانەیەکی تایبەت و سەرەکیی لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی خۆیدا.

## کورتەیەکی مێژوویی

– ڕێکخراوی یونسکۆ UNESCO (ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و کولتوری نەتەوە یەکگرتووەکان) لە ساڵی ١٩٤٨ یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سروشت (IUCN) ی دامەزراند کە ڕێکخراوێکی گەورەی ناحکومی نێودەوڵییە و ئەرکی یارمەتیدانی پاراستنی ژینگەی سروشتی جیهانی لە ئەستۆ گرتووە.

– یونسکۆ بەشدارێکی سەرەکیی و کارا بوو لە بانگهێشکردنی وولاتانی جیهان بۆ کۆنفرانسی

هەواڵنامەی ژینگە

ژینگەی مرۆڤ (Human Environment) کە لە ساڵی ١٩٧٢ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید سازدرا و لە دەرئەنجام ڕێکخراوی پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP) دامەزرا.

– ڕێکخراوی یونسکۆ و پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان UNEP بۆ یەکەمین جار سەبارەت بە (پەروەردەی ژینگەیی Educational Environment) هەستان بە سازدانی کۆنفرانسێک لە شای تبلیس – جیۆرجیا لە ساڵی ١٩٧٧.

– دووەمین کۆنفرانسی جیهانی لەبارەی پەروەردەی ژینگەیی بە سەرەپەرشتی هەردوو ڕێکخراوی یونسکۆ و UNEP لە مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیای ئێستا (یەکێتی سۆڤییێتی ئەوکات) سازدرا لە ساڵی ١٩٨٧.

– کۆنفرانسی سێیەم و چوارەم لەبارەی پەروەردەی ژینگەیی لە شاری ساڵۆنیکی یۆنان لە ساڵی ١٩٩٧ و لە شاری ئەحمەد ئابادی هیندستان لە ساڵی ٢٠٠٧ سازدران.

لە بەیاننامەی کۆنفراسەکە ئاماژە بە ڕۆڵی ناوازەیی وگرنگی پەروەردەی ژینگەیی کراوە بۆ پاراستن و باشترکردنی ژینگەی جیهان، هەروەها بۆ گەشەپێدانی تەندروستیی و هاوسەنگی نێوان پێکهاتە زیندووەکان و نا زیندووەکانی سیستمی ژینگەی جیهان لە ئاو، خاک، هەوا و تەواوی زیندەوەرەکان بە خودی مرۆڤیشەوە.

– لە دەرئەنجامی کۆنفرانسی تبلیسدا، دوو ڕاسپاردەی گرنگ ڕاگەیێنران کە هەردوو ڕاسپاردەکە گرنگیی پەروەردەی ژینگەییان تێدا جەخت کرایەوە و هەوڵبدات بۆ بەدیهێنانیان. ڕاسپاردەی یەکەم کۆمەڵێک پێوەر و ڕەهەندی لەخۆگرتبوو و ڕاسپاردەی دووەمیش هەندێک بنەما و ئامانج.

### بنەماکان و ئامانجەکان

- هۆشیاریی Awareness لەبارەی پێکەوە گرێدانی ڕەهەندەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیکۆلۆجی لە ناوچە شارییەکان و گوندەکاندا بە ڕەوشی ژینگەیەوە.
- دابینکردنی دەرفەت Opportunities بۆ هەموو کەسێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاری، بەها، هەڵوێست، پابەندبوون و لێهاتووییانەی کە پێویستن بۆ پاراستن و باشترکردنی ڕەوشی ژینگە.
- داهێنانی شێوازی نوێی ڕەفتاری New Patterns of Behavior بۆ تاک و گروپەکان و کۆمەڵگا بە گشتی بەرامبەر پاراستنی ژینگە.

### پێوەرەکان و ڕەهەندەکان

- هۆشیاری Awareness– ئامانج لە ڕەهەندی هۆشیاری بریتی یە لە یارمەتیدانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاریی تەواو بەرامبەر بە کۆی ژینگە و کێشە هاوبەشەکانی.
- زانین (مەعریفە) Knowledge – ئامانج لە ڕەهەندی زانیاریە زانستیەکان بریتی یە لە یارمەتیدانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی جۆراوجۆر لە سەر ژینگە و کێشە پەیوەندیدارەکانی، وە هەروەها فەراهەم بوونی تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە سەر ژینگە و کێشە پەیوەستەکانی.
- هەڵوێستەکان Attitudes– ئامانج لە ڕەهەندی هەڵوێست بریتی یە لە یارمەتیدانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان بۆ بونیاتنانی

کۆمەڵێک بەها و هەستی نیگەرانی بۆ ژینگە کە ببێتە پاڵنەر بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە باشترکردن و پاراستنی ژینگەدا.

□ کارامەییەکان Skills- ئامانج لە ڕەهەندی کارامەیی بریتی یە لە یارمەتیدانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی کارامەیی و لێهاتوویی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

□ بەشداریکردن Participation- ئامانج لە ڕەهەندی هاوئاهەنگی و بەشداری کردن بریتی یە لە دابینکردنی دەرفەت بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان کە چالاکانە بەشداری بکەن لە هەموو ئاستەکاندا بۆ کارکردن بەرەو پاراستن و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

ڕێکخراوی یونسکۆ لە ماوەی ڕابردوو بڕیارێکی گرنگی دەرکرد لەبارەی پەروەردەی ژینگەییەوە بۆ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە کە پێویستە لە ساڵی ٢٠٢٥ ەوە وانەیەکی تایبەت و سەرەکی بۆ وانەی قوتابخانە و خوێندنگەکان زیاد بکرێت و بە تەنیشت وانەکانی دیکەوە بخوێنرێت، کە ئەویش وانەی پەروەردەی ژینگەییە.

بە خوێندنی وانەی پەروەردەی ژینگەیی، منداڵان و نەوجەوانان بەشێوازێکی قۆناغبەند و زانستیی ئاشنا دەبن بە ژینگەی سروشتیی و تەواوی پێکهێنەکانی. هەروەها ئەو کێشە و هۆکارانەی کاریگەری نەرێنییان لەسەر باشتربوون یان پاراستنی ژینگەی سروشتی هەیە، ئەو بەرهەم، کار و چالاکییانەی مرۆڤ کە لە پیسبوونی ژینگەدا بەشدارن و دواتریش بڕ و جۆری پیسبوونی ژینگەیی، هەروەها تێگەیشتنیان و دواتر گەڵاڵە بوونی جیهانبینییەک بۆ منداڵان و نەوجەوانان کە خاوەنی دیدگایەکی فراوان و ڕوون بن و ئەمەش هەڵوێست و ڕەفتارەکانیان ئاڕاستە بکات و ئاکاری ژینگەدۆستیی، پاراستن و چارەسەکردنی گرفتەکانی وەکو بەشێکی گرنگ لە ژیانی خۆیان ببینن و مامەڵە بکەن.

## دەرئەنجام

لێرەوە و لە کۆتاییدا ئەم نووسینە ئاڕاستەیە ڕووی لە وەزارەتی پەروەردە و بڕیاربەدەستانی لە وەزیــرەوە تا بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەڕێوەبەرانی پەروەردەکان، پەوەردەکاران و مامۆستایانیش هەوڵێکی جدی بدەن و ىڕیاربدەن، بە هاوکاریی خەڵکی پسپۆڕ و ئەکادیمی لەو بوارەدا، وانەی بابەتی پەروەردەی ژینگەیی وەکو وانەیەکی تایبەت و سەرەکی زیادبکرێت بۆ وانەکانی قوتابخانە و خوێندنگەکان و بخوێنرێت.

...

سەرچاوەکان:

- ئامارەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕێکخراوی UNEP پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراون.
- وتاری (ڕۆڵی پەروەردەی ژینگەیی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگادا) لە نووسینی (پ. ی. د. ساڵح نەجیب – مامۆستا لە بەشی سەرچاوە سروشتییەکان – زانکۆی سلێمانی) کە لە گۆڤاری (ڕازاوە) ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.
- بەرنامەی (پرس) کە دوو ئەڵقەی سەرەکی بەرنامەکە تایبەت کرابوو بە پرسی ژینگەی سروشتی کە ئەمانەی خوارەوە لینکەکانی یوتیوبی بەشەکانی ئەو دوو ئەڵقەیەی بەرنامەکەن:

بەرنامەی پرس – ئەڵقەی یەکەم – تەوەری ژینگەی سروشتیی – بەشی یەکەم (youtube.com)

بەرنامەی پرس – ئەڵقەی یەکەم – پرسی ژینگەی سروشتیی – بەشی دووەم (youtube.com).

هەواڵنامەی کتێب

# درۆ گەورەکانی شۆڕش



علی محمد چوارتایی

لەشاخ سەرکردەکانی دوێنی شاخ ئاوایان فەرموو ئەگەر کوردستانمان ڕزگار کرد... سۆسیالیزم بنیات دەنێین.. دەوڵەتی کوردی دروووست دەکەین.. عەدالەتی کۆمەلایەتی بۆ هەمووان..یەکسانی بۆمرۆڤەکان.. بیمەی بێکاری بۆ کرێکاران وهەژاران.. بیمەی تەندرووستی بۆکۆمەلانی خەلک.. سستەمێکی نوێی،،بۆپەروەردەو فێر کردن.. سستەمێکی نوێی تەندرووستی.،کردنەوەی دەیان نەخۆشخانەی مۆدێرن،بۆهەژاران بەخۆڕای.. دروووستکردن وچاکردنی تێکڕای جادەو شەقامەکانی کوردستان،هەموو.دووسایت..یان سێ سایت.. ئاوەدان کردنەوی تێکڕای گوندەکانی کوردستان. دروووستکردنی دەیان گوندی نوێی هاوچەرخ. مودێڕن. سەرکردەکان.لەکۆبوونەوکاندا بەخەڵکی گوندەکان شارو شاخ وپێشمەرگەکان. ئاوایان ووت..من خۆم شایەتی زۆریانم.. کارەبایی هەمیشە ..دروووستکردنی دەیان سەدی نوێ وتونێل گەورەو.هاوینە هەواری خۆش دڵگیر.. سەرکردەکان..دەیان.ووت..قوڕ بەسەر سەرۆک جاش وپیاوە خیانەتکارەکان..ئەمن مخابەراتەکان.. دەیان ووت .وەک شۆڕشی جەزایر لەکوردستانی ئازاد سەربەخۆدا دەریان دەکەین ودەیان کەین بەعیبرەت بۆ مێژوو.. ووتیان.مەرگ بۆسەرۆک جاش خیانەت کاران.. ووتیان.ژیانێکی شایستە..بۆماڵە شەهیدو پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی خەڵکی کوردستان.. ووتیان،،لەدنیاکەی ئێمەدا.ئازادی،،دیموکراسی.. سەرچاوەی کارمان دەبێت.. ووتیان..جیاوازی. نێوان ژن وپیاو ناهێڵین.. ووتیان..ڕەشە کوژی ژنان ورۆژنامەنووسان.حەرام دەکەین. ووتیان..کوردستان دەکەین،،بەبەهەشت.. دۆزەخیش..بۆزۆرداران دەبێت.. ووتیان... تەمەنی مرۆڤەکان وەک ..تەمەنی نوح..درێژ دەکەین.. ووتیان..لەدەستەلاتەکەی ئێمەداگورگ مەڕ دەکەینەوە،،بەبرا. ووتیان..ژەهری،،مار.. دەکەین،،بەهەنگوین،بۆخەڵکی هەژاران.. دوایش.. چیان.کرد..ژیانیان..کرد بەدۆزەخ.. دوایش... سەرکردە کانی دوویێنی شاخ ومافیاکانی،،ئەمڕۆی دستەلاتی زاڵمی کوردی جڕتێکی،،مزریان. بۆخوێن وبۆمێژوو..بۆشاخ وبۆسەنگەری خۆیان لێ دا..خوێن وکفن وگڵکۆی.نیشتمانیان.. فرۆشت..بۆ..نەووت دۆلار وکۆشکی زێڕینی بێ ڕۆح.. دەروێشێکی.ڕێگای تەریقەتێکی چەووت... عەلۆ

# کۆمەڵی مەدەنی لەناو بەرداشەکانی حیزبایەتیدا؟



ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف

لە سەقامگیری سیاسی، گەشەی کۆمەڵگا، حکومەتداری مەدەنی و دامەزراوەیبوندا، دیموکراتی وکۆمەڵی مەدەنی نەک هەر دوو چەمکی پێویستن، بەڵکو دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاون، لەکۆی پێکە وکایەکانی حکومەتداریدا، هۆکاری بەرهەمداری ژیانێکی شایستەن بە شکۆی خاک و خەڵک، بۆ بەرهەمداری کۆی چەمکەکان پێویستە پێش هەموو شتێک، وەک کلتور لە دوانەی دیموکراتی و کۆمەڵی مەدەنی بڕوانرێت، و دەبێت کۆمەڵگا خۆی زادەی ئەو کلتورە بێت، نەک تەنها وەک ڕەهەندێکی سیاسیی چاوی لێبکرێ، و خوازیارانە بخزێنرێنە بازنەکانی چەواشەکارییەوە، لە نا تێگەیشتن و فراوانبونی بازنەی قۆرخکارییەوە، ئەو دوانەیە وەک هەر چەمکێکی تری ژیانویستی دەبنە وتەی بریقەداری بێکردار، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرێک دەبێت لە بەردەوامی خولانەوە لە نێو بازنە داخراوەکاندا.

لێرەدا بۆ شرۆڤەو خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکەمان، پێویستە زیاتر و ڕونتر بۆ وەڵامی ئەوپرسیارانەی خوارەوە بگەڕێین.

* کۆمەڵی مەدەنی چیە، وبایەخ وگرفتەکانی چین، ئایا بۆهەموو سیستەمە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان دەگونجێ؟

*ئایا ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵ وڕێکخستنی کاری هاوبەش وقبوڵکردنی یەکتری، لەبنەماکانی کۆمەڵەی مەدەنین؟

* ئایا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت دەستەمۆ بکرێن، یان بێ جیاوازی ئایدیاکان گەیەنەری پەیامە مروڤایەتی و نیشتیمانیەکان

هەواڵنامەی کتێب

بن؟

کۆمەڵی مەدەنی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە، تا لە کۆتایی شەڕی جیهانی دوەم، بیرۆکەی کۆمەڵی مەدەنی بە شێوەیەکی چالاکتر سەریهەڵدا، لەو نێوەندەدا فەیلەسووف و سەرکردەی ئیتاڵی گرامشی، ڕۆڵی زۆری بینی لە قوڵکردنەوە و ڕونکردنەوەی بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی، گرامشی لە تیۆرەکەیدا وەڵامی گرنگی پێ بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەری ئەو گرفتانە، کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە سەر بنەمای ئیرادە و کاری ڕۆشنبیری ڕاوەستابێت ،پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنی هاوچەرخ پێویستی بە هەل ومەرج و تایبەتمەندی هەیە، فرەیی و قبوڵکردنی ڕای جیاواز و مافی بەرهەڵستکاری هێمنانە، ئازادیە گشتییەکانی وەک ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، هەروەها کۆمەڵی مەدەنی خوێندنگایەکە بۆ ڕاهێنانی هاوڵاتیان لەسەر بەها دیموکراسیەکان، خۆشەویستی و چاکەخوازی وئاڵوگۆڕی سود وبڵاوکردنەوەی دەستپێشخەری ڕۆشنبیری و چالاکیەکان و ناساندنی بایەخی تاک و گرنگیتی لە ناو هاوکاری بە کۆمەڵ و چاودێری لەسەر حکومەت، بۆ ڕێکخستن ویەکخستنی بەرژەوەندیە ناکۆکەکان وجەختکردن لە سەر بنیاتنانی ئیرادەی هاوڵاتیبون، ئەرکی کۆمەڵی مەدەنیە لە سیستمە جیاوازەکاندا بواری ئاشتیانە برەخسێنێت بۆ کەمکردنەوەی دووری نێوان پەیوەندیەکان، بەگشتی کۆمەڵی مەدەنی چەمکێکی هاوچەرخ و خاوەن تایبەتمەندییە لە پەیامی کۆمەڵایەتیدا، کە بریتییە لە بەهاکان، فکر، کاری خۆبەخشی و بەرژەوەندی هاوبەش، کە ئاراستە کراوە بەرەو دامەزراندنی بنەماکانی کاروانی دیموکراسی، هەروەها متمانە دەکاتە سەر پرنسیپەکانی پێکەوە سازاندنی بەرژەوەندیە جیاوازەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، و قبوڵکردنی جیاوازی و فرەیی، لەسایەی حکومەتێکی هاوچەرخی دیموکراسی کە بەرپرسیاری و لێپێچینەوە بخاتە ئەستۆی خۆی، هەروەها بۆ دامەزراندن و چاککردنی سەرمایەیی کۆمەڵایەتی و سەر لە نوێ داڕشتنەوەی پەیکەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی فرەیی، شەفافیەت، هەڵسوکەوتی ئاشتیانە، کۆمەڵی مەدەنی گیرو گرفتی زۆرە، وەک تەنگ و چەڵەمەکانی نزمی گوزەران، بێکاری،گرفت و لاوازی پرۆسەی



فێرکردن و ڕۆشنبیری، بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان و کۆچی نائاسایی لە دێهاتەوە بۆ شار، سەربەخۆی و فرەیی هێزی چەکدار و لاوازی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەروەها قۆرخکاری و ئەو پێشبڕکێ سیاسییانەی، کە بە درۆ و پڕوپاگەندە دەبرێن بەڕێوە، وە دەستێوەردان دژ بە پرۆسەی گۆڕانکاری و دیاردەی لاوازی دیموکراسی، هەموو ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتیانەن، کە هەلی بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی سنوورداردەکەن.

لێرە پێویستە ئەوەش بڵێین، وەک چۆن لە جوگرافیا ناسیدا، خاک و مێژوی هاوبەش، وە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا، زمان، ئاین و فەرهەنگی هاوبەش، بەکۆڵەکەی ناساندنی نەتەوەکان دادەنرێن، ئاواش لە بواری زانستی سیاسەتدا، بونیادی سیاسی هاوبەش، گەل وکۆمەڵی مەدەنی، بەکۆڵەکەیەکی تری ئەو ناساندنە دادەنرێن، هەر کاتێکیش لە دەرئەنجامی بەهێزی ڕەوشەکانی سیاسەتبازی کەسی وحیزبیدا، ناسیستەمی لە کۆی کایەکانی حکومەتداریدا سەپێنرا، ئەوە لەو ڕەوشە نەخوازراوە نامرۆڤایەتی و نانیشتیمانیانەدا چەمکی کۆمەڵی مەدەنیش وەک هەر چەمکێکی تر لەڕێچگە ڕاستەکەی خۆی لادەدرێ و بە شێوەیەکی نازانستیانە دەخزێنرێتە بازنەکانی سیاستبازییەوە، بەمەش بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنی، بونیادی سیاسی هاوبەش و بیرکردنەوەی نیشتیمانیانە، دەخرێنە دۆخەکانی سڕبون وکاڵبونەوە.

ڕونتر بڵێین لەمپەر و ڕێگرییە سیاسی، سەربازی وحیزبیەکانی، بەردەم چەمکەکانی ئازادی، دیموکراتی و هاوڵاتیبون، دەبنە هۆکاری لە قاڵبدانی کۆمەڵی مەدەنی وکۆسپی بەردەم پێشکەوتن و بنیاتنان، هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی، لە خوارەوە و لە چەند خاڵێکدا، بەکورتی سەرنج لە چەند وشەو دەستەواژەیەک بدەین کە لەشرۆڤەی کۆمەڵی مەدەنیدا، لە بەرامبەر یەکدا بەکاردێن، تابیسەلمێنین کە لەئاوێتەکردنی نەشیاوی وشە دژ بە یەکەکان ڕەوشەکان ناهاوسەنگ، ناجێگیرو ناڕۆشن دەبن، دەرئەنجام وەک دەبینرێت، لاوازیی و نانیشتیمانی بونی کۆمەڵەکانی مەدەنی، سەربازی، سیاسی و ڕۆشنبیری، کردۆتەوە زەنگێکی مەترسیدار، کەبە داخەوە لە زەمەنی ژێر دەستەیمانەوە هەتا ئیمرۆش بەردەوامە.

١- هەردو وشەی مەدەنی و ئاینی، (دەوڵەت یان هەر دەسەڵاتێکی مەدەنی، دەوڵەت یان هەر دەسەڵاتێکی ئاینی) لێرەدا وا دەردەکەوێت کە واتای مەدەنی تا ڕادەیەک لەگەڵ واتای دنیایدا بێتەوە.

٢- لە هەمو ئەدەبیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا سەڵمێنراوە کەمەدەنی و سەربازی لە کاری پراکتیکیدا دوو وشەی دژ بەیەکن، هەمو کات لە بەرامبەر وشەی مەدەنی وشەی سەربازی بەکار دێت، بەنمونە (هەڵسوکەوتی سەربازی، هەڵسوکەوتی مەدەنی، بەشی سەربازی، بەشی مەدەنی، حکومەتی سەربازی، حکومەتی مەدەنی).

٣- کۆمەڵی سیاسی، کۆمەڵی دێهاتی و کۆمەڵی مەدەنی، سێ دەستەواژەن لە واتا و ناوەڕۆکدا جیاوازن، ئاشکرایە کە ئەو دەستەواژانە، وەک لەخوارەوە ڕونکراونەتەوە لەیەکتری ناچن وچون یەکیش نابن، ئەمانە سێ ڕاستەهێڵی تەریبن لە پێنا و یەک ئامانجدا، لێرەدا قسەمان تەنها بۆ ئەوەیە، کەتوانەوەی هەر یەکەیان لەبازنەی ئەوی تریاندا، نەک هەر بە تەنها لە کایەکانی خۆشگوزەرانیدا سود بە بەرژەوەندی

گشتی ناگەیەنن، بەڵکو دەبنە لەمپەریش لە بەردەم گەش و بنیاتنانی ئیمڕۆ و سبەی.
أ/ کۆمەڵی سیاسی پەیوەندیەکی ڕێکخراوەیە لە نێوان فەرمانڕەواو ژێردەستەکانیدا، کە لە چوار چێوەیەکی دیاریکراوی ئینتیمای حیزبایەتیدا سیستەمێکی ماف و ئەرکە وپەیوەندیەکانیان پەیوەندیەکی سیاسی هاوبەشە، ئەم کۆمەڵەیە کە حیزبەکان و بارەگاو ڕێکخراوەکانیانە، دەشێ و پێویستە لە هەمو شوێن و قۆناغێکدا هەبن، بەڵام مەترسیەکە ئەوەیە کە لەبری گوتارو حکومەتی نیشتیمانی، گوتارو حکومەتداری حیزبی بێننەکایەوە.
ب/کۆمەڵی دێهاتی ئەم کۆمەڵەیە لە سەر سیستەمی پەیوەندی خزمایەتی ڕاوەستاوە، کە لە خێزانی بچوکەوە درێژدەبێتەوە بۆ هۆز و عەشیرەت لەم نێوەندەدا، دۆستایەتی و دراوسێتی و خزمایەتی هەیە کە پێوەری بە یەکەوە بەستنەوە و کۆکردنەوەی خانەوادەو بنەماڵەکانن، ئەم کۆمەڵەیە کە بە بەرهەم هێنەرانی خۆماڵی و دابینکارانی ئاسایشی خۆراک ناسراون، دەشێ لەشاریشدا هەبن، بەڵام لەکارخستنی ئەوهێزانە و توانەوەیان لە کۆمەڵەکانی تردا کارە مەترسیدارە گەورەکەیە.
ج/ کۆمەڵی مەدەنی،پەیوەندیەکی ڕێکخراوەییە لە نێوان بەرژەوەندی و پەیوەندی هاوبەشدا، لە چوارچێوەی کارو پیشەی هاوبەشدا، کار بۆ دەستەبەری مافە مەدەنی و پیشەیەکانیان دەکەن.

بۆ ئەوەی ورتر لە کۆمەڵی مەدەنی بدوێین، پێویستە ئەوەش بیربخەینەوە کە سەرهەڵدان وگەشەسەندنی کۆمەڵی مەدەنی پەیوەستە بە دیاردەی شارەوە، کە ڕاوەستاوە لە سەر کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی ( کۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕۆشنبیری) کەواتا ناوەڕۆکی کۆمەڵی مەدەنی هەڵسوکەوتی ئاشتیانەیە لە چوارچێوەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانیاندا، کە بەتایبەتمەندی خۆیان و چالاکیەکانیان،گوزارشت لە بەرژەوەندیە جیاوازەکانیان دەکەن. لێرەدا ئەتوانین ئاماژە بەسێ هێما بکەین، کە لەکۆمەڵی مەدەنیدا هەن، بە واتایەکی ترسیفەتی کۆمەڵی مەدەنین.
١- دیاردەی شەقام :- لە هەمو کۆمەڵێکی مەدەنیدا، کە پەیوەستە بە سەرهەڵدان و گەشەی شارەوە شەقام هەیە، شەقام لێرەدا بە تەنها مەبەست واتا سیاسیەکەی نیە، بەڵکو مەبەست هێمای مەیدانە کراوەکەی شارە، کە هەموو ئایدۆلۆژیاو کارو پیشە جیاوازەکان لە خۆدەکرێتت
٢- بازاڕ:- لێرەدا مەبەست لە بازاڕ ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکەیە، بازاڕ هێمای بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕو بەکاربردنە، بازاڕ ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێکهاتنی کۆمەڵی مەدەنیدا، ڕاستەوخۆ تاکەکان بە کارو پیشە جیاوازەکانەوە کۆدەکاتەوە، و لەکرداری دابینکردنی پێداویستیەکان، دەیانخاتە بەردەم کاری هاوبەشی تەواوکاری یەکتری، کە ئەمەش جوڵەی خۆڕسکانە و خۆویستانەی هاوبەشە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتەکاندا.
٣- کۆمەڵ یان دامەزراوە یاخود ڕێکخراو، هێمای پێکەوەی و هاوکاری و بەردەوامیە، بۆ تێپەڕبونە لەچالاکی تاکە کەسیەوە بە ئاراستەی ڕێکخراوەی، تاکەهاو بیر و هاوپیشەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنن، لە چوار چێوەی ڕێکخراوەکانیاندا پاریزگاری لە چالاکی و بەرژەوەندییان دەکەن، کەواتا خەباتی مەدەنیانەی بە کۆمەڵە بۆ گەیشتن بە ئامانجە

هاوبەشە دیاریکراوەکان.

بۆ گشتگیربوون و شرۆڤەیەکی هەمەلایەنەی ئەم بابەتە، لە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە باشووره ئازادبووەکەی نیشتیمان، لە خوارەوە سەرەتاکانی شێواندن و دواتریش بایەخی بەدامەزراوەی کۆمەڵی مەدەنی دەخینە ڕو.

ئەلف/ سەرەتای شێواندن و بەردەوامیدان بەڕەوشی ناجێگری کۆمەڵەکان

سەرەتای مێژوی لێکترازاندن وناهاوسەنگی ئەو کۆمەڵانەی کە لەسەرەوە باسمانکردن، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوهەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، کەلە بازنەکانی سیاسەتی زەوی سوتاو(ارچ المحروقه) دا،پرۆسە بەدناوەکانی ڕاگواستن و ئەنفال ئەنجامدران، مەبەستی درێژخایەنی بەعسیەکان لە سیاسەتی سوتماک کردنی خاکدا، داهێزرانی کەلپورو، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی نەتەوەیی ومیللیی گەلی کوردستان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوریمان بووە، بەعسیەکان بەخڕکردنەوەی کورد لە نێو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، دەیان شارو شارۆچکەی درۆزنەیان کردە ئەمری واقیع و هێزی کاریان لە کارخست و گەلێکی بێکاریان هێنایەبون، لێرەوە هەنگاوی یەکەم بەئاراستەی هەڵتەکاندن ونەهێشتن و شێواندنی کۆمەڵەکان نرا، سەرەتا کۆمەڵی دێهاتیان لە کۆمەڵەی شارنشیندا تواندەوە، بەسیاسەتی بێکارکردن و بەحیزبی کردن وبە چکدارکردنیش، ئاوێتەیەکی ترسناکیان لە کۆمەڵەی سەربازی و مەدەنی هێنایە کایەوە، شارو شاروچکەو ئۆردوگاکان لە یەک کاتدا کرانە بارەگایەکی گەورەی سەربازی و حیزبی وشوێنی نیشتەجێبونی مەدەنیش.

لە دوایی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، پێشبینی تاکی کوردی بوو، کە بە ئاوەدانکردنەوەو بەکارخستنەوەی تواناکانی بەرهەمهێنان، کۆمەڵە لێکترازێنراوەکان بخرانایەتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکەی خۆیان، بەڵام ئەفسوس بە هۆی کارانەبونی بەرنامەیەکی تۆکمەی، ئابوری، ئاوەدانی، بوژاندنەوە و بناتنان، نەک خەونی سارێژبونی چومکە لەیەک ترازاوەکان نەهاتنەدی، بەڵکو بەبەردەوامیدان و دروستکردنی کەلێنی زیاتر زامەکان پڕ سوێترکران، ئەگەر لە قۆناغەکانی، شەڕی چەکداری ناوخۆ و هەڕەشەی گەڕانەوەی بەعسیەکان و قەیرانەکانی ئابلوقەی ئابوری و دووکەرت بونی هەرێمدا، دەسەڵاتداران حەقێکی ناحەق بە خۆیان بدەن کە سەرکەوتوانە ساڵانی ١٩٩١بۆ ٢٠٠٣ تێپەڕاند، ئەوە لە ٢٠٠٣بەدواوە پێویست بوو، کە حکومەت بە دوای دروستکردنی هەیبەتی نیشتیمانەوە بوایە، نەک بەبەرهەم هێنانی هەزاران بێکاری شاراوە، پشتگوێخستنی کەرتە بەرهەمبەخشەکان، توانەوەی ڕێکخراوی پیشەی لە ناو ڕێکخراوەی حیزبی و باڵابوونی یەکە سەربازیەکان بەسەر کۆمەڵی مەدەنی و بەردەوامیدان بە ناهاوسنگی نیشتەجێبون و شێواندنی کایەکانی ئابوری وبەردەوامیدان بە ناشەفافی و گەندەڵی و خۆدزینەوە لە بەدامەزراوەی کردن و......هتد، بەردەوامی بدرایە بە ئەقڵیەتە قۆرخکارییەکان، بەداخەوە لەهەر دوو قۆناغەکەدا کۆی کۆمەڵەکان شێواوترو ترسناکتر، لە سەردەمی پێش ڕاپەڕین ماونەتەوە.

ب/بایەخی بەدامەزراوەی کردن و چالاککردنی کۆمەڵی مەدەنی

سەلمێنراوە کە شپرزەی، تەنگ و چەڵەمە، ناهاوسەنگی کۆمەڵەکان لە هەرێمەکەماندا مێژویەکی درێژخایەنی هەیە، ئاشکراشە کە

ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی وئابوریش کاتێک ڕوودەدەن کە هاوسەنگی و یەکانگیری بەزۆر و نەزانانە لە نێوان کۆمەڵەکاندا بهێنرێتە کایەوە، بەرئەنجامی ئەو لێکترازان و شێواندنانە، شڵەژانی دەرونی تاک هاتە کایەوە، چونکە وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە ساڵانێکە هەمو کایەکانمان بەحیزبی کراوە

١- ئاشکرایە پەروەردەی مەدەنی وەک پەروەردەی هاوڵاتیبون ،بابەتێکی گرنگە و دەروازەیەکە لە زانستەکانی پەروەردەیی، بەداخەوە لەلای ئێمە پەروەردەی نیشتیمانی وبەرژەوەندی گشتی بایەخی پێنەدراوە،کە پێویست بو دەروازەکانی گەڕان و لێکۆڵینەوە بە ڕوی زانستە پەروەردەیەکاندا بکرانایەتەوە، تا هەموان بەکردار بەشداربن لە پرۆسەکانی بوژانەوە و بنیاتنان، نەک لە چوارچێوەکانی بەناو ڕێکخراوی مەدەنیدا کار لە سەر پەروەردەی حیزبی بکرایە

٢- پێویست بو بەواتا و ناوڕۆکی خۆیانەوە دامەزراوە و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕێک بخرانایە و بە تەنها حکومەت بەپرس بوایە لە دابینکردنی ئەو ڕێکخستنە، هاتا دامەزراوە و ڕێکخراوەکان سەربەخۆ نەبن ناتوانن داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانی تاک و کارو پیشەیان بکەن ،چالاککردنی کۆمەڵەکان لە سنوری کار وناوەڕۆکی کاریاندا زۆر پێویستن، بۆ ئەوەی کۆمەڵەکان هەست بە سەربەخۆی ڕێژەی خۆیان و ڕۆڵی تایبەتیان لە کۆمەڵگادا بکەن، ئەمەش لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی حکومەتی مەدەنیە لە پێناو حکومەتداریەکی نیشتیمانیدا، نەک حکومەتی حیزبی و سەربازی لەپێناو باڵادەستیدا

٣- ئازادکردنی بازاڕ لەبوارەکانی (بەرهەمهێنان وبەکاربردن و ئاڵوگۆڕ) دا، پێویستە بازار بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی مەدەنی ،تا بواری پێشبڕکێ و پێشکەوتن و بنیاتنان لە ڕوی ئابوری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پەروەردەی نیشتیمانی برەخسێ، ئەمەش بە بەرنامە و پلانی دروست ئەنجام دەدرێت، کە ڕێز لە مافی هەمو کۆمەڵەکان بکرێت، هەروەها ئازادی پارێزراو بێت لەهەمو دەستێوەردانێکی حیزبی و دەرەکی، چونکە هەڵسوکەوتی نەشیاو، دەستێوەردانە وچالاکیەکان پەکدەخەن و دەبنە هۆکاری چەقبەستن تا گەیشتن بەخاڵی سفر لە ژیانی کۆمەلایەتی و سەرجەم کەرتەکان و سەرجەم کۆمەڵەکان و چەمکەکانی دیموکراتی و هاوڵاتیبون و.........هتد

بە کورتی

لە و باسەی سەرەوە گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کەناوەڕۆکی گشتی چەمکی مەدەنی جەخت لەسەر تایبەتمەندیەکان دەکاتەوە، کە پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی تەواو چالاک و کاریگەرو ئازادبن، لە تەواویی کۆمەڵگادا وەک ڕێکخراوی مەدەنی و پیشەیی بناسرێن و ببینرێن، نەک وەک ڕێکخراوی حیزبی، سەرقاڵی کاری حیزبایەتیی بن، لێرەدا نامانەوێت ناوەڕۆکی بەتاڵ لەکاری مەدەنی و هکبەی پڕ لە حیزبایەتی ژمارەیەک لە ڕێکخراوی بەناو مەدەنی و پیشەیی بخەینە ڕو، ئەوەند نەبێت بڵێن نەمانی کۆمەڵی دێهاتی و دواتریش توانەوەی کۆمەڵی مەدەنی لە نێو کۆمەڵەکانی سیاسی و سەربازیدا ئەو ناهاوسەنگی و لێکترازانەیە کە ئەم ڕەوشە شێواوەی بەرهەمهێناوە و بەردەوامیدانیش بەو ئەقڵێتە نانیشتیمانیانە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئیستا وئایندەی نیشتیمان.

# ڕۆڵ و پێگەی ژن لە میدیا و ڕاگەیاندندا



گوڵزار فەرەج

لێگەڕێن باشنەبای ڕۆشنگەری ژنان لەهەموو پەنجەرە کراوەکانەوە بێتە ژوور ، پاش تێپەربوونی نیو سەدە لە بەشداریکردنی ژن لە جومگە جیاوازەکانی میدیا و هاوشێوەی بەشداری لە هەموو سێکتەرەکانی دیکەی ژیری ، ئەمە خۆی لەخۆیدا گوزارشتە لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەو هەنگاوەکانی بەرەو مەدەنی بوونی زیاتر ،هەر بۆیە ئێستا ژنان لەبەردەم بەرپرسیاریەتیەکی زیاتردان ،و کاتێک باس لە ڕۆڵی ژن دەکرێت ئەبێ بەشداریان هەڵبسەنگێنرێت . ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەرین بریتین لەو ئامرازانەی کە لەرێگەیەوە سەرجەم ئەو بیرۆکەو ڕاوبۆچوون و زانیاریانە دەگوزرێتەوە بۆ وەرگر لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا،بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک جار ژیان بەویستی خۆی دەچێتە پێشەوە، لەوڵاتانی دوا کەوتودا هێشتا خەباتی ژنان زۆر زۆری ماوە تا ئامانجەکانی بەدیبهێنێ ، هەربۆیە ڕۆشنگەری و ڕۆشنفکری ڕێگری لێکراوە لەهەندێ ناوچەو وابەستەی ڕەوشت و خووی نەریتی و هەڵاوێردی ڕەگەزی و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتین و هەرلەبەر ئەم جیاکارییە ڕۆشنگەری بۆ ژنان هەروەک ناوی خۆی پێویست وگرنگە ، تارۆژ بەرۆژو سات بەسات ئەرک و مافی خۆی لەونێوەندەدا دیاری بکات و، بەبنەمای بیرکردنەوە لە ئەزمون و تازەگەری وهاوبەشکردنی ئەزمونەکان ، لەئێستادا میدیا ناوەندێکی گرنگە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش دیجیتاڵ و میدیا و سۆشیال میدیا بۆتە پانتاییەکی گشتی بۆ بەشداری ژنان لە جیهانداو بەگشتی خۆرهەڵاتی ناوەراست و عێراقیشدا ،ئەمانش سەلمێنەری ئەو بەشداری کردن و هەوڵ و بەردەوامیەی ژنانە بۆگەیشتن بە هەموو پێشکەوتنەکانی جیهان و نەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کە کلتور و ئایدیاکان دایان نابوو کەژنان دەبێ لەماڵدا بمێننەوەو منداڵ بەخێوکردن و ماڵ بەرێوە بردن تەنها کاریان بێت ، لەهەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش زەمینە سازی کراوە بۆ پێشکەوتنی ژنان و بوار رەخساندن بۆ چوونە پێشەوەی لەهەموو بوارەکاندا و توانیوەیەتی ڕۆڵ و پێگەی هەبێت لە ڕاگەیاندن و میدیاکاندا .

هەواڵنامەی کتێب

# سەردەمی بێمتمانەیی و بوکەڵەی ژەهراوی



دێرین جمال

هەموومان ئەوە دەزانین کە ژن شایەنی ئەوەیە ڕێزی لێبگیرێت، خاوەن بڕیاری خۆی بێت و تواناکانی لەئاستی پیاواندا بە کەمتر دانەنرێت، گەرچی من زۆر باوەڕم بە ئازادیی ژن هەیە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەم سەردەمەی ئێستاماندا ژنان بەشێوەیەکی نەشیاو پیشان دەرێن و لە بەها جوانەکانیان کەم دەکرێتەوە، ئەوەش بەهۆکاری ئەوەی کۆمەڵە کەسانێک پەیدابوون کار لەسەر بێڕێزیکردنی ژنان دەکەن کە وەکو کاڵایەک ژنان تەماشا بکرێت، بەداخەوە هەندێک لەمانە خودی ژنان خۆیان. هەر بەنموونە؛ لە چەند هەفتەی رابردوودا سۆشیال میدیا پڕبوو لە باس و خواسی کەسانێک کە تاوانبارن بە دروستکردنی گرووپ بۆ کاری لەشفرۆشی و دەستگیرکران، من وەکو خۆم بە بیستنی ئەو هەواڵی دەستگیرکردنە زۆر دڵخۆش بووم، ئەم جۆرانە لە مرۆڤ وەک ژەهرێکی کوشندەن بۆ کۆمەڵگە، هەرچەندە ئەوە کاری دەوڵەتە بۆ نەهێشتنی ئەم جۆرە ژەهرە، بەڵام مایەی نیگەرانییە هەندێک کەسانی بەرپرس لە دەوڵەت خۆیان دروستکەری ئەم جۆرە ژەهرەن، چەندین کارەکتەریان وەک بوکەڵە دروستکردووە لەژێر ناونیشانی جۆاروجۆردا؛ بوکەڵەی مۆدێل، بوکەڵەی بێژەر و بوکەڵەی هتد... ئەمانە بەشێوازێک کاریان کردووەتە سەر کۆمەڵگە تا لێواری رووخان. کەسانێک پەیدابوون دێنە سەر شاشەی تیڤییەکان و زۆر بەڕوونی و بێ‌هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی باس

لەوەدەکات بە ناشەرعی لە کورە هاوڕێکەی دووگیان بووە، پاش تێکچوونی پەیوەندییەکەیان کۆتایی بە دووگیانییەکەی هێناوە . ئەم بوکەڵانە بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت وەک ئەستێرە پیشان دەدرێن کە لەڕاستیدا جگە لە بوکەڵەیەک بەدەست کۆمەڵە کەسانێکەوە کاری تایبەتی خۆیان پێدەکەن هیچی تر نین .. ئەم جۆرە دەروون نەخۆشانە هێندە کاریان کردووەتە سەر کۆمەڵگە ڕێژەی جیابوونەوە زۆرترە لە هاوسە گیری، بەشێوەیەک کاری کردووەتە سەر گەنجەکانمان متمانەیان کەمبووەتەوە بەرانبەر چوار دەوریان ناوێرن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ژن وەک کاڵایەک دەبینن نەک وەک بەها جوانەکەی خۆی کە هەیەتی. گەرچی لەڕاستیدا هاوسەرگیری بۆ خۆشیی ژیانە، بەڵام گەنجکانمان ڕوو لە کافتریا و (کازینۆکان) دەکەن بۆ ئاسوودەیی دەرونیان و ئاکامەکەیشی کۆمەڵگەیەکی لەیەکتر هەڵوەشاو دروستدەبێت. زۆر جار هەر لە میدیاکانەوە دەبیستین لەلایەن ئاسایشی وڵاتەوە دەستگیراوە بەسەر بڕێکی زۆر لە مادەی هۆشبەر، مایەی دەستخۆشییە بۆ ئاسایش و پۆلیس ئەو جۆرە کەسانە دەستگیر بکەن، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم ڕێژە زۆرە لە مادەی هۆشبەر هاتووەتە وڵات؟! ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، کەسانێکی زۆرمان هەیە کە ئاوێتەی ئەو مادەیە بوون و کڕیارن، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە و ئەرکی هەر یەکێک لە ئێمە زۆر قوستر بووە و دەبێت خێزانەکان چاوکراوەترین بەرانبەر جگەرگۆشەکانیان لەم جۆرە ژەهرانە بەدووریان بگرن تا بە هەمووان کۆمەڵگەیەکی تەندروستیان لێ دروست بکەین .



# ئێرەییم دێ



شەهلا نوری - بەریتانیا

ئێرەییم دێ
بە کزە بای سارد و ڕچیوی ئێواران
کە بەچوار دەورت دا دەسووڕێ
بەو شەقام و توولە ڕێیەی
بە سەری دا ڕێ دەکەی و دەمتاسێنێ
ئێرەییم دێ
بە شاڵەکەی دەوری ملت
لە ئامێزی خۆیت دەنێ
بەو هەموو گوڵ و گەڵایە
لە سەر ڕێگات کڕنووش بردوون
بۆنی گوڵاوی تۆ دەمژن
بەهار هات و ئاسمان ساماڵ
بەهاتنی شکۆفەی یار
چەم فێنک و سەوز سەوزە
زیباترین نامەی ئیشق و
ئەوینێ سوور
مینا پاکیی ئاوی حەوزە



# سەرنج: مانا و بەکارهێنانە جیاوازەکانی (شین)



عەتا مەحمود

هەواڵنامەی کتێب

شین، لە هەندێک ناوچەش پێیدەڵێن کەوە، بە یەکێکە ڕەنگە ساردەکان دادەنرێت، چەند تۆنێکی هەیە، شینی کاڵ و تۆخ و پیرۆزەیی، لە ڕووی دەروونناسییەوە و بەوە ناسراوە کە ئاسوودەیی بە دەروونی مرۆڤەکان دەبەخشێت، دژی خەمۆکی و دڵتەنگییە، ئەو کەسانەی جل و بەرگی شین دەپۆشن بڕوایان بە خۆیانە و خاوەن کەسایەتی بەهێزن. ڕەنگی ئاسمان و دەریا و ڕووبارەکانە، لە شەبەنگیشدا دەکەوێتە نێوان ڕەنگی مۆر و ڕەنگی سەوز. ئەم وشەیە، تەنها لە سێ پیت پێکهاتووە و زیاتر لە مانایەکی هەیە و فرە واتایە، لە بەکارهێنانی ڕستەدا مانای جیاواز لە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی دەدات، بۆ نموونە دەتوانین لە جیاتی ڕەنگی تر بەکاریبهێنین و هەمان مانای ئەوانیش بدات.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەندێک وشەمان هەیە لە کۆنتێکستی ڕستەوە مانا وەردەگرێت.

– شین، لە بری ڕەنگی (سەوز) پیرەمێرد دەڵێ:

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە سەرنج بدەن، پیرەمێرد ناڵێت دەشت و کێو سەوزە! دەڵێ شینە و هەمان واتای سەوزیش دەدات! یاخود لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەڵێن: دەغڵ و دان یان گەنم و جۆ شین بووە، لێرەشدا(شین) لە جیاتی (سەوز) بەکاردەهێنین. – شین، لە بری ڕەنگی ڕەش بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەرەتاوە باسمکرد، کە لە ڕووی دەروونناسییەوە ڕەنگی (شین) دژی خەمۆکی و دڵتەنگییە، لەلای ئێمە ڕەنگی (شین) وەک ڕەنگی ڕەش، ئاماژە و هێمایە بۆ پرسە و ماتەمینی، جلی شین وەک جلی ڕەش جلی

پرسە و ماتەمە: نالی: لیباسم ماتەمە، شینە، لە شیندام سوروشکم سوورە، ڕەنگم زەردە بێ تۆ – شین، بەواتای گریان و هاوار و پرسەیە سالم: شەهرێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین جایێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ مەحوی: لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کە وا شینە لە سەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاسینە، یا شینە شینی یەکەم ڕەنگی جلو بەرگە دووەم بەواتای گریان و هاوار و ڕۆڕۆیە. فایەق بێکەس: وەتەن دیسان بە مەحزوونی ئەڵێ ئەی لاوەکان بۆ چی وا مات و مەلوولن، بەسیەتی شین و گرین – شین، ڕەنگی جل و بەرگە: سالم: سروشکم قرمز و دیدەم سفیدە ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ – شین، بۆ نزالێکردنە وەک لە کۆندا، لە نێو ژناندا وتویانە: سەرت شین کەیت واتە سەرت لە قوڕبنێیت کە ئەوەش بۆ پرسەیە. – شین بۆ نیشاندانی گەورەیی قەبارە وەک لە هەندێک ناوچە بە مرۆڤی باڵا بەرز و کەتە و چوارشانە یان وتووە: شینە زەلام. – شین، ڕەنگی ئاسمانە: گۆران: کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش – شین، ڕەنگی چاوی هەندێک لە مرۆڤەکانە شێرکۆ بێکەس: نە من، نە ئەستێرەی شیرین نە ئەفسوونی پەنهانی ژین نەمانتوانی بۆ چاوی شین شیعرێ بە دیاریی بنێرین! شیعری شیرین بۆ چاوی شین لە هەڵبەستی منا ئەژین. – شین، ڕەنگی خاڵی کوتراوی سەر چەناگە و گۆنایە: نالی: عاشقی سونعی حەقم، قوربانی ڕەنگی قودرەتم چاوی ماوی، خاڵی شین، کولمی سپی، زوڵفی سیا *لێکسیکۆلۆجی: زانستێکی زمانییە، لە ڕووی بنچینە و پێکهات و گەشە و گۆڕان و واتاوە و فرە واتا و هاوبێژەکانی لە وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و گرنگی پێدەدات، وشەسازی گرنگی بە فۆرم دەدات، بەڵام لێکسیکۆلۆجی گرنگی بە ناوەڕۆک (واتا) دەدات.



# گوڵە نێرگسەکان تیرۆر دەکرێن



عوسمان گۆخڵانی

بوونەوەران پەپولەکان ئەی هەنگە باڵ نەخشینەکان
ڕۆشنبیران چین و توێژان دادگا مرۆڤ دۆستەکان
یاسای کۆمەڵ مافی مرۆڤ دەنگەکانی هەموجیهان
ئەی ئەوانەی هاوار دەکەن پڕ بەدەمتان
بژی مرۆڤ و بونەوەر لە گشت جیهان
وەرن سەیری ئەم یاساکەن
تیرۆرو گوڵ تەماشاکەن
بزانن چۆن دەستی ڕەشیان
خستۆتە گەردنی ژیان
ئەیانە وێت گوڵ و بەهار
پەپولەو هەنگی ناوگوڵزار
بەتۆقاندن و بەکوشتن
زنجیریان بکەنە گەردن
دیل و ژێر دەستی ئەوانبن
دوور لەکۆمەڵگای ژیانبن
ئەیانەوێت وەک زۆرداران
وەک خوێن ڕێژان وخوێن خۆران
یان وەک پاشاکانی دێرین
کەچۆن دڵ ڕەق بێبەزەین
هەرچ لای ئەوان جوان بێ
دەبێ هەر مولکی ئەوان بێ
پاشایەتی و کۆیلایەتی
دوورلەنر خی مرۆڤایەتی
بسە لمێنن لەگەڵ سەردەم
بۆ کۆمەڵگای سەدەی بیستەم

وەرن با هەموومان سەرجەم
دەنگ هەڵبڕین تێکڕا یەک دەم
بڵێین کوا یاساو دادگا
بۆچی وا خۆی بێدەنگ ئەکا
پەپولەکان و گوڵەکان
تیرۆر دەکرێن لە کوردستان
نێرگسەکانی بەهاران
بۆچی دەکەن گولە باران
ئەیانەوێ لەگەڵ ئەوان
لەگەڵ حەزی ڕەشی دڵیان
دەستە مۆی پایزیان بکەن
جوانی و بۆنیان زەود بکەن
بۆیە نێرگسە جارەکان
ئەمساڵ ڕەش بو بە بەرگیان
لە وەرزی جوانی تۆراون
لە ژێر زەویدا تاساون
ئەڵێن ئەترسین هەمومان
بۆ ڕەونەق و بۆ جوانیمان
نا حەزێ حەزمان لێ بکا
زاڵمێک گوڵمان بۆن بکا
ئێمە ش وەکو هاوڕێکەمان
مل کەچ نەبین بۆ خواستیان
بێن و غەدرمان لێ بکەن
وەک ئەو ئێمەش تیرۆربکەن !؟



پێش کەش بەرۆحی ئەو خانمانە کە بە دەستەکانی غەدرو زوڵم خوێنیان دەڕژێت بەبێ تاوان وجوانە مەرگ دەکرێن !

هەواڵنامەی کتێب


# گرینگی شانۆی نیشتمانی کوردستان



سەردار ئەکرەم/بەریتانیا

شانۆ وەک ئاوێنەیەکی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا، هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتن و پاراستنی ناسنامەی کلتووری و نەتەوەییدا گێڕاوە. لەم چوارچێوەیەدا، چەمکی شانۆی نیشتمانی وەک دامەزراوەیەکی کلتووری گرنگ سەرهەڵدەدات کە تەنها شوێنێک نییە بۆ نمایشکردنی شانۆیی، بەڵکو وەک هێمایەک و کۆگایەک بۆ بەها نەتەوەییەکان خزمەت دەکات. ئەم دامەزراوەیە بەها و ناسنامەی کلتووری و نەتەوەیی وڵاتێک دەردەخات و دەیپارێزێت. لە ڕێگەی بەرهەمە هونەرییەکانیەوە، نەتەوە دەتوانێت وێنەی خۆی و پێناسەی بوونی خۆی ببینێتەوە، کە ڕەنگە بە شێوەیەکی ناڕوون دەربڕدرابێت، بەڵام بە قووڵی هەست پێکراوە. ئەم ڕۆڵە هێماییە واتای ئەوەیە کە هەر گۆڕانکارییەک لە کارە لە پێشینەکانی یان ئاراستەی هونەریدا دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر تێڕوانینی نەتەوە بۆ ناسنامەی خۆی هەبێت.چەمکی شانۆی نیشتمانی زۆرجار شلۆق و جێگەی مشتومڕە، چونکە بە قووڵی پەیوەستە بە ناسنامەی گەشەسەندووی نەتەوەکەوە. زۆرجار مشتومڕەکان سەبارەت بە شانۆ نیشتمانی سەرهەڵدەدەن کاتێک بڕیارە هونەرییەکان یان شێوازی کارکردنیان بە لادانێک لەوەی چاوەڕوان دەکرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەها نەتەوەییەکان سەیر دەکرێن. ئەمەش هاوسەنگی کلتووری و سیاسی بەرچاوی شانۆی نیشتمانی دەردەخات. لە ڕووی مێژووییەوە، بیرۆکەی شانۆ نیشتمانییەکان بە ئامانجی نمایشکردنی ڕاستییە گشتگیرەکان، شانۆییە گەورەکان، و دەستکەوتە هونەرییە مەزنەکان

سەریهەڵدا. بەڵام لە سەردەمی نوێدا، بەتایبەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، پێناسەکە فراوانتر بووە. ئێستا شانۆ نیشتمانییەکان ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە بوونەتەوە کە ڕەنگدانەوەی واقیعە هەمەچەشن و زۆرجار ئاڵۆزەکانی نەتەوەکانیان بن، بەجۆرێک لە پێکهاتە نەریتییەکان تێپەڕن و نمایشە گشتگیرتر و تایبەتمەندترەکان لەخۆ بگرن، وەک سیاسەتی ‹شانۆ بێ دیوار›ی شانۆی نیشتمانی سکۆتلەندا. ئەم ڕێبازە ئامانجی ئەوەیە شانۆ بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نمایش بکات، وەهەروەهاوەڵامی پرسیارەکانی کێ سوودمەندە لە شانۆ و لە کوێ دەتوانرێت نمایش بکرێت، بداتەوە.شانۆی نیشتمانی دامەزراوەیەکی حەیاتییە بۆ نوێنەرایەتی



کلتووری، بەرجەستەکردن و نمایشکردنی ناوەڕۆکی کلتووری و بەهاکانی نەتەوەیەک. هەروەها بەشداریکردنە لە گفتوگۆی بەردەوام و تێگەیشتن لە ناسنامەی نەتەوەیی. شانۆی نیشتمانی پلاتفۆرمێک دابین دەکات بۆ بەرهەمە شانۆییە کوالیتی بەرزەکان، چ کلاسیکی بن یان هاوچەرخ، و خستنەڕووی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات و لێکدانەوەی. هەروەها هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە بینەرانی جۆراوجۆر و نوێنەرایەتیکردنی دەنگە جیاوازەکانی ناو نەتەوە. ئەم مشتومڕ و گفتوگۆیانەی دەربارەی شانۆ نیشتمانییەکان دەکرێن، ڕۆڵی گرنگیان لە پێکهاتەی کلتووری نەتەوەیەکدا دەردەخەن، زۆرجار دەبنە گۆڕەپانی ململانێی بیرۆکەکان سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی و ئازادی هونەری.شانۆی کوردی هاوشێوەی شانۆی ئەرمەنی، مێژوویەکی پڕ لە ئاڵنگاری و خۆڕاگری هەیە. گەشەسەندنی شانۆی کوردی لە وڵاتە جیاوازەکاندا کە کورد تێیدا دەژین، جیاواز بووە، لەوانە ئەرمەنستانی سۆڤیەت و جۆرجیا، تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا، و لەناو پەرشوبڵاویدا. ئەم مێژووە زۆرجار بە چەوساندنەوە، سەرکوتکردن، و توندوتیژی تێکەڵ بووە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی دەیان ساڵ لە سیاسەتەکانی تواندنەوە، پاکتاوکردنی نەتەوەیی، و جینۆساید. سەرەڕای ئەم ئاڵنگارییە گەورانە، هەوڵە جەماوەرییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لە دامەزراندنی بناغەکانی شانۆی کوردی هاوچەرخدا. ڕۆشنبیرانی کورد بە شێوەیەکی ستراتیژی شانۆیان وەک دامەزراوەیەکی نەتەوەسازی و ئامرازێکی گرنگ بۆ پاراستنی زمان، ئەدەبیات، و کلتوورەکەیان بەکارهێناوە. شانۆی کوردی تەنها

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵێکی هونەری نییە؛ بەڵکو کردارێکی قووڵی بەرگری کلتووری و نەتەوەییە، کە ڕۆڵێکی حەیاتی دەگێڕێت لە پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامە، زمان، و میراتی کوردی لەناو دۆخە سیاسییە ئاڵنگارییەکاندا.بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی دەوڵەمەند و پڕ لە ئاڵنگاریی شانۆی کوردی، دامەزراندنی شانۆیەکی نیشتمانی لە کوردستاندا نەک تەنها پێویستییەکە، بەڵکو هەنگاوێکی ستراتیژییە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کلتووری و نەتەوەیی. شانۆیەکی نیشتمانی دەتوانێت وەک ناوەندێک خزمەت بکات بۆ کۆکردنەوەی بەهرە شانۆییەکان، پەرەپێدانی بەرهەمی کوالیتی بەرز، و نوێنەرایەتیکردنی دەنگی ڕەسەنی گەلی کورد لەسەر شانۆی جیهانی. شانۆیەکی نیشتمانی کوردی دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمان، مێژوو، و کلتووری کوردی. ئەمەش بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە ناسنامەی کورد لەژێر هەڕەشەدایە، زۆر گرنگە. دامەزراندنی شانۆیەکی نیشتمانی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی ستاندارده هونەرییەکان، ڕاهێنانی ئەکتەر و دەرهێنەر و شانۆنووسانی نوێ، و هاندانی داهێنان لە بواری شانۆدا دەڕەخسێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی شانۆی کوردی. هەروەها شانۆیەکی نیشتمانی دەتوانێت وەک پردێک خزمەت بکات بۆ پەیوەندی کلتووری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا. لە ڕێگەی نمایشکردنی بەرهەمە کوردییەکان لەسەر شانۆ نێودەوڵەتییەکان، کلتوور و دۆزی کورد دەتوانرێت بە جیهان بناسێنرێت، کە ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دیپلۆماسی کلتووری دەبێت. شانۆیەکی نیشتمانی دەتوانێت خەڵکی کوردستان لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەکاندا کۆبکاتەوە، هەستی یەکێتی و هاوبەشی نەتەوەیی بەهێز بکات، و ببێتە شوێنێک بۆ گفتوگۆ و لێکدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نەوەی نوێ، شانۆیەکی نیشتمانی دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و پەروەردە، بە ناساندنی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەیەکی زیندوو و سەرنجڕاکێش. دامەزراندن و بەڕێوەبردنی شانۆیەکی نیشتمانی لە کوردستاندا بێ ئاڵنگاری نابێت. لەوانە کەمیی بودجە و پشتیوانی دارایی، کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە کلتوورییەکان پشتیوانی دارایی بەردەوام دابین بکەن. هەروەها، دەتوانرێت سوود لە هاوکاری نێودەوڵەتی و سپۆنسەری کەرتی تایبەت وەربگیرێت. کەمیی ژێرخانی پێویست، کە دروستکردن یان نۆژەنکردنەوەی هۆڵی شانۆیی گونجاو و دابینکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پێویستە. پەرەپێدانی بەهرە، کە پێویستە پرۆگرامی خوێندنی شانۆیی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بەهێز بکرێت و دەرفەتی ڕاهێنانی پێشکەوتوو بۆ هونەرمەندان دابین بکرێت. سیاسەت و سانس کە دڵنیابوون لە ئازادی هونەری و دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردانی سیاسی و سانسۆر، بۆ گەشەسەندنی شانۆیەکی نیشتمانی زیندوو زۆر گرنگە.

دەتوانین بڵێین شانۆی نیشتمانی تەنها بینایەک نییە، بەڵکو ڕۆح و ناسنامەی نەتەوەیەکە بۆ کوردستان، دامەزراندنی شانۆیەکی نیشتمانی هەنگاوێکی حەیاتییە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کلتووری، پەرەپێدانی هونەری شانۆیی، و بەهێزکردنی پێگەی کلتووری کورد لەسەر ئاستی جیهان. ئەمەش پێویستی بە دیدگایەکی ستراتیژی، پشتیوانی بەردەوام، و پابەندبوونێکی قووڵ بە هونەر و کلتوورەوە هەیە.

# بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانی حاجیلەوە




خوێندنەوە و لێکدانەوەی واتای وشەکان
**بەکر ئەحمەدی**

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆمانی( حاجیلە) ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە
نووسینی / حاجی غەفوری باوەیلی ١٩٨٨
ساڵی چاپ ٢٠١٢
گوڵە حاجیلە گوڵیکی جوان و بۆنخۆشی سروشتی کوردستانە و پەڕی گوڵەکانی سپی و بەشی مێیەک ( ناوەندی گوڵەکە ) زەردە و لە گوڵە بەیبون دەچێ . بەیبوون لەهەمان خێزانی گوڵە حاجیلەیە ،بەڵام پەڕی سپی پێوەنییە بۆنی لە گوڵە حاجیلە زیاترە بۆنی لەبۆنی بەهێ دەچێ ( بۆن بەهێ یە یان بۆن بەی ) بەیبوون یان بەیبۆن لە شوێنی ( ڕەن و ڕەق ) ڕەقەن شین دەبێت . ل ٩-١٠

١ حاجیلە و بەیبوون : ناوی کوڕوکچێکی خێزانێکی هەژار و دەست کورتی ئەم کوردستانەن
٢ ڕەن و ڕەق : زەویەک یان خاکێ کەمتر نەرمەڵان بێت زۆرتر خیزەڵان بێت .
٣ کڵوک : گوڵ بە گوڵی گژوگیا دەوترێت کڵوک
٤ ئەزبارە: هەرەوەز ، هەروەزی گەڵ کردن ( گەلابڕین و گزرەکردن و هەڵگرتنی لەناو پەلی داردا بۆ مەڕومالات )، هەروەزی درەو یان دروێنەی گەنم و جۆ .. هەرەوەزی ساوەر کوتان ..
٥ بورە : بورەدێر : ئاودان و شێلانی زەوی ڕەق وشک و ئامادەکردنی بۆ چاندن و سازکردنی گۆلە برنج یان سازکردنی خەرمان
٦ قورە برنج : گۆلە برنج ، لە کوردستان کاتێ برنجیان داچاندوە ئاوی ناو گۆلە برنجەکانیان تێکوەرداوە و قوڕاویان کردوە و پاشان تۆوی برنجەکەیان تێچەندووە
٧ زگ: سک
٨ سوغرە : بێگاری ، کارپێکردنی جوتیار و هەژاران بێ بەرامبەر لەلایەن ئاغا ( دەرەبەگ ) و دەسەلاتدارانەوە .
٩ کەیسەر : کەسەر ، کورتهێنان و هەژاری ، دەست کورتی .
١٠ بژێوی : خۆراک و پێداویستی ژیان ...ل١٤

١١ بژار : بژارکردن ، لابردن و پاککردنەوەی گژوگیای زیانبەخش لەناو بەرهەمی کشتوکاڵی وەک گەنم ، جۆ ، توتن ....
١٢ کاڕوش : جۆرە گیایەکی خۆڕسک و ڕیشدارە ( ڕەگ و پنجی زۆرە ) گەڵاکانی سەوزی تۆخن لە گەڵای ڕەشەگیا دەچن ، کاڕوش ئەگەر ڕەشەوڵاخ و ماڵات زۆری لێبخوات توشی باداری و هەوکردنی گەدەی دەبێت پاشان توشی بەلەفیرە ( سکچوون ) دەبێت ، کاڕوش گیایەکی زیانبەخشە لەناو شینایی و کشتوکاڵدا .
١٣ کۆڵکێش: بەکۆڵ گواستنەوەی کەلوپەل ، باقە گەنم بۆسەر خەرمان لەکاتی درەودا .
١٤ پاڵان : پاڵە ، سەردەستەی دروێنەوان ئەوانەی درەوی گەنم و جۆ دەکەن دەبێت پاڵە دروێنەوانێکی زۆر شارەزا و سواڵە هۆنێکی باشبێت.
١٥ سواڵەهۆن: دروێنە وانی شارەزا یان پاڵە بەهۆی شارەزاییەوە لە درەودا ئەو گەنم و جۆییەی درەوی دەکات لەناو پەنجەکانی بەشێوەیەکی هونەریانە دەیهۆنێت و هەڵناوەشێت.
١٦ پاشەواری : وەجاخ کوێر ،بێ منداڵ و نەوە، واتە کەسی لەدوای خۆی جێنەماوە و وەچەو نەوەی نییە .
١٧ وەچە : نەوە ، وەچەی توتن کاتێ ڕووەکی توتن باڵا دەکات لەلوتکەی بڕە توتنەکە نێرک دەردەکات و گوڵ دەگرێت ،پێش ئەوەی خونچەی گوڵەکان یان کڵوک بگەشێنەوە جوتیاران ئەوبەشە




لێدەکەنەوە ( وەچەی دەکەن ) بۆ ئەوەی گەڵای توتنەکە گۆشتن و جوان بن ......ل١٥
١٨ ساردی و سڕوو: سارد و سڕی ،ساردی و سڕوو بەواتای کەم تێکەڵاوی و بەدەنگەوە نەهاتن بەهۆکاری کۆمەڵایەتی یان دەست کورتی و نەداری ، پێچەوانەکەی گەرم و گوڕی کە واتای تێکەڵاوی و بەدنەگەوەهاتن ددەدات.
١٩ سورێژە: نەخۆشیەکی ڤایرۆسی درمییە ( دەتەنێتەوە ) پێستی کەسی توشبوو سورهەڵدەگەڕێت و زیپکە دەردەکات و لەش تووشی خوراندن دەبێت .
٢٠ خوریرکان : خلوێلکە : جۆرێک نەخۆشی ڤایرۆسی درمیە پێستی لەش زیبکە و بڵقی گەورەدەردەکات ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی مردنی کەسی توشبوو .
٢١ حاجیلەو بەیبوون بەسورێزان ڕۆکەوتن : واتە کوڕەکە ( حاجیلە ) و بەیبوون (کچەکە ) بەهۆی نەخۆشی سورێژەوە لەجێگەدا کەوتن و نەخۆشبوون .
٢٢ بەشلکی سەری : بە گەنجی و لاوی ، یان بەگەنجی و پێش ئەوەی سەری سپی ببێت .
٢٣ شلک: گەنج ، هەڕەتی لاوی ،( گەنمەشامی (کابە ) ی شلک ئەو گەنمەشامییەی دانەکەی(دەنکەکانی ) نەرمن و پڕن لە شیراو و بۆ برژابدن زۆر بەتامن.....ل١٦
٢٤ ئەلفێ : ئالف ،ئالیک : گژوگیا و خۆراکی ماڵات .
٢٥ ماڵیات : مەڕوماڵات ( مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ ) .
٢٦ سندۆڵ : دەسک و دۆڵ ، دەسک لە بەرد و دۆڵ موورە( کۆتکە)دارێکی کونکراو لەشێوەی کورەی هەنگ بۆ کوتان و وردکردنی ساوەر و گەنمەشامی .

# باران و پێگەی لەزمانی کوردیدا



ئەرشەد تەحسین

هەواڵنامەی کتێب

کورد وەک نەتەوەیەکی لەمێژینە خاوەن کلتور و دابونەریت و زمان و شوناسی خۆیەتی، بەدرێژایی مێژوو سەربازی هەموو ئەو داگیرکاری و کاولکردن و کوشتوبڕ و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی نەتەوەییەی دووچاری بووەتەوە، توانیویەتی پارێزگاری لێبکات و بەزیندوویی بیهێڵێتەوە، بەجۆرێک ئەگەر تەنها باسی زمانی کوردی بکەین هێندە دەوڵەمەندە بۆ هیچ ناو یان وشە و دەستەواژەیەک دانامێنین، بەجۆرێک بەپێی بارودۆخ و کات و شوێنی شتەکانیش ناو یان دەستەواژەی گونجاوی داناوە، بەشێوەیەک لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی ئەو وشە و دەستەواژانەدا تێگەیشتنی تەواوەتی بۆ وەرگر مسۆگەر دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و شیرازەی نەتەوەیی لەسەری کۆکن. زمان دڵی نەتەوەیە، زیندوو هێشتنەوەی زمان زیندوو هێشتنەوەی نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەک زمانی لەناوبچێت خۆشی مردووە، وەک چۆن هەر مرۆڤێک دڵی لەلێدان بکەوێت دەمرێت، بەپێچەوانەشەوە هەر نەتەوەیەک زمانی گەشەبکات خۆشی گەشە دەکات. بەوپێیەی زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە، زمانی گەشەکردوو واتە کۆمەڵگەی گەشەسەندوو، خۆشبەختانە زمانی کوردی هێندە لەگەشەکردندایە تا ئەو ئەندازەیەی بۆ هەر شتێک چەندین ناو و دەستەواژە و وشەی پێویست هەن دەتوانین لەکاتی گفتوگۆ و نوسین و دەربڕیندا بەکاریان بهێنین، بەچەشنێک لەگەڵ

بەکارهێنانی هەر وشە و دەستەواژەیەکدا دۆخ و کات و دیوەکانیتری شتەکە دەردەکەوێت، باران دیاریدەیەکی سروشتیە لەناو کوردەوارییدا چەندین وشـە و دەسـتـەواژەی بۆ دانـدراوە بەجۆرێک لەگەڵ گوێبیستبوونی هەر یەک لەو وشە یان دەستەواژانەدا واتای روون و تەواو دەبیستین. باران وەک دیاریدەیەکی سروشتی . باران دیاریدەیەکی سروشتیە، ناسنامەی وەرزی زستانە، وەرزی پاییز و بەهاریش بێ بەش نین لـەبـاران، بریتییە لـەهـاتـنـەخـوارەوەی دڵۆپەی وردی ئـاو بـەبڕ و کـات و مــەودای جیاواز لـەهـەورەکـانـی ئـاسـمـانـەوە بـۆ ســەرزەوی بەکاریگەری هێزی کێشکردن، دەبێتە مایەی بوژاندنەوە و دووبارە سەوزکردنەوەی زەوی و دارودرەخــت و گیا و دەغڵ و دان، هەروەها زیادبوونی ئاوی سەر زەوی و کانی و کارێزەکان و زۆربوونی پیت و فەڕ، ئاودێریکردنی دەغڵ و دان و بەرهەمی دانەوێڵە. چۆنیەتی درووستبوونی باران بەهۆی تەواوکردنی سوڕێکەوەیە لەنێوان ئاوی دەریا و زەریاکان و دواتر بوون بەهەڵم و ئینجا بوون بەهەور و چڕبوونەوە و چوون بەیەکدای هەورەکان و پاشان تێپەڕینی بەچینێک هــەوای ســارددا و درووســتـبـوونـی کـرداری دڵۆپاندن و لەکۆتاییدا بوون بەدلۆپەی باران و بارینی بۆ سەر زەوی و بوونەوە بەئاو، ئەمە لـەڕووی فیزیکیەوە بریتییە لەدرووستبوونی باران، گەورەیی و بچووکی دڵۆپەکان و بڕ و مەوداکەی بەندە بەو دۆخەی هەورەکانی پێدا تێپەڕ دەبـن. بـاران لەزمانی کـوردیـدا. کورد بــەدرێــژایــی مــێــژوو بــۆ ژیــانــی خــۆی پشتی بەکشتوکاڵ و چاندنی گەنم و جۆ و دانەوێڵە بەستووە، سروشتی جوگرافیای کوردستانیش وایە پێویستی بەبارانە و باران بزوێنەری ژیانی کشتوکاڵی و جوتیاریی و ئاودێریی و سەرجەم کایەکانیتری ژیانیەتی، لەهەمان کاتدا بوونی هەرچوار وەرزەکـەی ساڵ وایکردووە بوونی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبێت لای تاکی کورد، لەبەرەبەیانی مێژووەوە دنیادیدە و ریش چەرمووانی کورد گرنگییان بەکاتی باران بارین و بەوەرزی جوتکردن و گەشەکردنی دەغڵ و دان دروێنە و ئاودێری و وەرزی بـاران بڕان داوە و ئامادەکاری تەواویان کردووە، بۆ هەر دۆخ و کات و ساتێک یان شێوازێکی باران ناو و دەستەواژەی تایبەتیان دانـاوە. کاتێک ناوی بــاران دەبیستین دیمەنی کەشی بــاران دێتە بەرگوێمان، بەڵام کاتێک بەشێوەی تایبەتی وشە و دەستەواژە باوەکان دێتە سەر زمانمان ئەوا راستەوخۆ هەست بـەدۆخ و سـات و شێوەی بارانەکە دەکەین، لێرەدا هەوڵ دەدەم هەندێک لـەو وشـە و دەسـتـەواژانـە بخەمە بـەردیـدەی خوێنەران و روونکردنەوەی کورتیشی لەگەڵ بنووسم: پەڵە: بارانی وردی لەسەرخۆ، لەپاییزدا دەبـارێـت مـاوەی چـەنـد رۆژێـک دەخایەنێت، بەناخی زەوییدا رۆدەچێت، تینوێتی هاوینی تاقەتپڕوکێن و گـەرمـایـدرێـژخـایـەنـی زەوی دەشکێنێت، دەبێتە مایەی ژیانەوەی زەوی و سەوزبوونی تۆوی گژوگیا و گوڵی ژێرخاک، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تۆوکردنی دەغڵ و دان و جوتکردنی زەوی. سەرپەڵە: بارانی سەرەتای پاییز بەڵام هێندە نیە پەڵە بدات و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پەڵە. گەندە پەڵە: بارانی سەرەتای پاییز لەسەر پەڵە زیاترە بەڵام هێشتا هێندە نیە پەڵە بدات . نمە باران ( نم نم باران ): بارانی وردی لەسەرخۆ کەشێکی جوان و خۆش درووست دەکات. رشێنە باران: بارانی وردی لەسەرخۆ کاتێک دەبارێت زەوی وشک و تۆز و خۆڵە،

بڕێکی کەم دەبارێت زەوی ئاوڕشێن دەکات وەک چۆن لەکوردەوارییدا ئێواران حەسار و سەکۆی گڵ و بەر دەرگا ئاوەڕشێن دەکران، بەو شێوەیە باران زەوی ئاوەڕشێن دەکات و بۆنێکی خۆش دەردەدات. ڕەهێڵە: بارانی بەخووڕە، دەنکی گەورەیە و بەلێزمە دەبارێت، بەجۆرێک بەر زەوی دەکەوێت وا هەست دەکەیت تۆز لەزەوییەکە هەڵدەستێت. شەستە باران: بارانی بەخووڕە و توند دەبارێت، بەجۆرێک مەودات نادات لەبەر بارانەکە هەڵکەیت، بڕێکی زۆر دەبارێت و مەودایەکی زۆرتر دەبارێت ڕەنگە بگاتە ڕۆژێک یا زیاتر. گژەباران: بارانێکە لەکاتی خۆیدا دەبارێت کەسانی دنیادیدە و بەئەزموونەکانی کوردەواری کاتی باران بارینیان دەست نیشان کردووە بەگوێرەی زەوی و پێویستی دەغڵ و دان بەئاو، کاتێک باران باریوە وتوویانە گژە بارانە، واتە لەکاتی خۆیدایە. دوودانک: بریتیە لەدەستپێکردنی بارینی بەفر و باران پێکەوە. شڵێوە: بارینی بەفر و باران پێکەوە، جیاوازیشی لەگەڵ دوودانک ئەوەیە شڵێوە کاتێک دروست دەبێت کە بارانێکی باش باریوە و لەکاتی باران باریندا کەشێکی سارد دروست دەبێت و بەفریش لەگەڵ بارانەکە دەبارێت و تێکەڵ دەبن، لەبەرئەوەش زەوی تەڕە و بەفرەکە بارانی لەگەڵدایە، بەکەوتنی بەزەوی دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو، لەکاتێکدا دوودانک لەکاتی دەستپێکردندا و لەسەرەتاوە باران و بەفر پێکەوە دەبارن. تاوەباران: بارانێکی بەخوڕ و زۆر، لەماوەیەکی کەمدا دەبارێت و بڕێکی باش ئاو جۆگەلە دەبەستێت، تاو لەکوردەوارییدا بۆ کاتێکی کەم دانراوە، بۆ نمونە تاوێک دانیشت، تاوێک لای مامەوە، تاوێک قسەی بۆ کردم، تاوێک باران باری واتە کاتێکی کەم و دیاریکراو. ڕێژنە: تاوە بارانێکی بەخوڕ و بەهێز و توند. بارشت: بارانی وردی لەسەرخۆ. کڵاوبەسەرە: بارانی دەنک گەورەی لەسەرخۆ، گۆپاڵە بارانیشی پێ دەوترێت. بارانی بەهاری: شەستەبارانی کەم مەودا، یان بارانی بەخوری کەمخایەن، ئاوێکی زۆر لەماوەیەکی کەمدا جۆگەلە دەبەستێت، زۆرکات لافاو دروست دەکات. بازریشک: بارانێکی بەهێز و بەباوە، هەندێک کات بەفریشی لەگەڵدایە، هێندە بەهێزە مرۆڤ کەم کات خۆی لەبەری دەگرێت. لێزمە: بارانی بەهێزی دەنک گەورە، خوڕەمیش هەمان واتا دەگەیەنێت، یان دەوترێت بارانی بەخوڕ. ئەنگێزە( لەنگێزە، بەلەنگێزە ): بارانی بەهێز و بەخوڕ و لەناکاو. باو و بۆران: بارانێکی بەهێز و بای بەهێزی لەگەڵدایە، وێرانکەرە. تەپونم:



هەواڵنامەی کتێب

بارانی هێواشی دەنک وردی لەسەرخۆ باریو، لەکاتێکدا دەبارێت تەمومژ لەسەر زەوی بێت. بەخورزم: بارانێکی بەهێزی دەنک گەورە، خرمە و زرمە لەسەربان و سەر نوای گڵ و هەندێک سەربانی چینکۆ و ئەو بابەتانە هەڵدەستێنێت. بەختەباران: ئەو بارانەی گوڵی دانەوێڵە ( گەنم و جۆ ) قەڵەو دەکات، بارانی جۆزەردان و کۆتا بارانیشی پێ دەوترێت. گورگەزێ: باران و هەتاو بەیەکەوە، لەکاتێکدا بارانە و لەئاسمان و بۆشایی هەورەکانەوە تیشکی خۆر بۆسەر زەوی دێت و هەتاو لەلایەک یان لەبەشێکی زەوی ئەو شوێنە دەدات کەبارانی لێدەبارات، دەوترێت گورگەزێ، ( خۆر هەڵهات و گورگ زا). هەندێک دۆخی وابەستە بەباران. بەوپێیەی باران پێگە و گرنگی خۆی هەیە بۆ ژینگە و لەکوردەوارییدا بەدرێژایی سەردەم و چاخەکان بەرکەوتەی راستەوخۆ و تەواوەتی لەگەڵ باران بوونی هەبووە، هەمیشە کورد لەئامادەباشیدا بووە بۆ باران بارین و ئەو لێکەوتە و بارودۆخانەی باران دروستی دەکات، لەگەڵ هەر دۆخ و پێشهاتێکدا لایەنی زمانەوانی فەرامۆش نەکراوە، لێرەدا چەند لێکەوتە و دۆخێکی تایبەت و وابەستەی باران باس دەکەین: لافاو: بریتییە لەکۆبوونەوەی ئاوی باران و دروستکردنی ڕێچکەیەک بۆ رۆیشتن، کاتێک بارانی بەخوڕ و زۆر دەبارێت ڕێچکە دەگرێت پێی دەوترێت لافاو یان سێلاو، کاتێک لافاوەکە گەورەیە و باستایی ئاوەکە زۆرە هەرچی بێتە سەرەڕێی رایدەماڵێت، وێرانکەرە، زۆربەی کات زیانێکی زۆر دەگەیەنێت تەنانەت دەگاتە زیانی گیانیش. هەورەگرمە: بریتیە لەدەنگی پەیدابوو لە ئەنجامی پێکدادانی بوو پەڵە هەوری گەورە یان زیاتر، کاتێک ئەم دوو پەڵە هەورە بەیەک دەگەن دەنگێکیان لێوە دێت، تا نزیکیان لە زەویەوە زیاتر بێت زووتر دەنگەکەیان دەگات بەزەوی و دەنگێکی بەرزتر و بەهێزتریان لێوە دێت. هەورەبروسکە: بریتییە لەدرووستبوونی رووناکی و گڕ لەئەنجامی بەریەک کەوتنی دوو پەڵە هەور یان زیاتر، ئەمەش بەهۆی لێکخشاندنیان لەکاتی بەریەک کەوتندا، رووناکی و گڕی درووستبوو بەشێوەی تەزوو دەردەکەوێت و ئەگەر لەزەویەوە نزیکتربێت ئەوە گڕ و رووناکی زیاتر دەبێت، زۆرکات تیشکی تەزووە درووستبووەکە دەگاتە زەوی و زیان دەگەیەنێت. پەلکەزێرینە: بریتییە لەتێپەڕینی تیشکی خۆر بەناو دڵۆپە و تنۆکی باراندا و شیتەڵبوونی بۆ ڕەنگە بنەڕەتییەکان، بەزۆری لەبەهاران و دوانیوەڕۆیاندا روودەدات، کاتێک کەش ساماڵە و خۆرەتاوە، لەلایەکی ئاسمانی ناوچەکە پەڵەهەورێکی باراناوی تاوەبارانێ دەبارێنێت، لەلایەکەی تر بەئاسۆیی تیشکی خۆری لێدەدات و بارانەکەش بەستوونی باریوە، تیشکی خۆر بەناو دڵۆپە و تنۆکی بارانەکەدا تێپەڕدەبن و پاش شیتەڵبوونیان بۆ حەوت ڕەنگە بنەڕەتییەکان بەشێوەی نیمچە بازنەیی ڕەنگاوڕەنگ دەردەکەون و بۆ چەند ساتێکی کەم لەئاسماندا دەبینرێن، ئەمە لەناو کوردەوارییدا بەپەلکەزێرینە ناسراوە، پرچی ئایشێ و فاتمانیشی پێ دەوترێت. چۆڕاوکە: بارانە، بەگوێسەبانەی نواکان، خانوو، سەردیوارەکان، کەپر و شوێنەکانیتردا ڕێچکە دەبەستێت و دێتەخوارەوە. رنە: وردە بارانە دەوار و ڕەشماڵ دایدەدات. تەڕوتووشی: زۆرکات لەسەر شوێنەکان هەست بەبوونی شێ و تەڕی و هەوای شێدار دەکەین لەکاتێکدا باران نەباریوە، کەسە بەتەمەن و دنیا دیدەکان بەو

حاڵەتە دەڵێن ئەمساڵ دنیا تەڕوتووشیە، زەوی تەڕ و شێدارە، دەغڵ و دان و گژوگیا سەوز و جوان دەبن، چونکە لەو تەڕوتوشیە ئاوی پێویست وەردەگرن. تەم: بریتییە لەبەهەواداچوونی دەنکۆڵەکانی تەم دوای ئەوەی بەهۆی گۆڕانکارییەوە لەدۆخی شلیەوە گۆڕاون بۆ دۆخی گازی و بەهەوادا دەچن بەشێوەی تەم کۆدەبێتەوە و چڕدەبێتەوە و وادەکات مەودای بینین کەم بێتەوە، بەتایبەت لەبەیانیان یان ئێواراندا روودەدات، دواتر تەمەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و دەبێت بەهەور. شەونم: ئاونگیشی پێ دەوترێت، بریتییە لەکەوتنی دڵۆپەی ئاو لەسەر گەڵا و گوڵ و پەلکی گژوگیا و شوێنەکانیتر بەتایبەت لەبەیانیاندا، ئەمەش لەئەنجامی گۆڕانکاری کەش لەدرەنگانی شەودا و بەیانیان دوای خۆرهەڵهاتن هەستی پێدەکرێت. باران لەپەندی پێشینانی کوردیدا. پەندی پێشینان بریتییە لەپوختەی ئەزموون بیر وهزری کەڵەکەبووی مرۆڤ لەقۆناغەجیاجیاکانی ژیاندا، پەندی پێشینان هەموو بوارێکی ژیان دەگرێتەوە، لەهەر بارودۆخێکدا مرۆڤ ئەزموونی خۆشی یان ناخۆشی کردووە پەندی لێوەرگرتووە و بووەتە وانەیەک بۆی، لەچوارچێوەی دەستەواژە و رستەی واتادار و بەڕێوجێدا دەریبڕیوە و سوودی لەکەرەستە و شتومەکی دەوروبەری لەژیان وەرگرتووە. باران یەکێکە لەپێکهاتەکانی سروشت، کاریگەری هەمیشەیی لەسەر ژیانی زیندەوەران بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەت هەیە، لەبەر ئەوە چووەتە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤەوە، لەوڕوانگەیەوە لەپەندی پێشیناندا بەکاری هێناوە، لێرەدا ئاماژە بەچەند پەندێکی ناو پەندی پێشینانی کوردی دەکەین: پاش باران فەرەنجیم بۆ چیە؟: کاتێک بەکاردێت کارێک بکرێت لەکاتی خۆیدا نەبێت و کاتی بەسەرچووبێت، ئەنجامدانی سوودێکی ئەوتۆی نەمابێت. لەهەموو هەورێک باران نابارێت: کاتێک ئەم پەندە بەکاردێت واتە مەرج نیە هەموو کارێک هەموو جارێک هەمان ئەنجامی هەبێت، هەروەک چۆن مەرج نیە هەموو هەورێک بارانی لەگەڵدا بێت. بەبارانی زۆر گەنم ژەنگ دەکات: واتە کاتێک لەپێویست زیاتر گرنگی بەشتێک دەدەیت یان کات و وزەی بۆ تەرخان دەکەیت ئەوا رەنگە لەبری ئەوەی کارێکی باش بکەیت بەخراپ بشکێتەوە، راستە باران بۆ گەنم و دەغڵ و دان بەسوودە بەڵام کاتێک زۆرتر لەپێویست بوو ئەوا توشی نەخۆشی ژەنگی دەکات. با بارانی لەدوایە پیرێژن شەڕ و ئاژاوە: کاتێک ئەم پەندە بەکاردێت لەدوای هەندێک کەسەوە کێشە و شەڕ دروست بێت و ئەو کەسە واناسرابێت کەسێکی باش نەبێت و ئاژاوەگێڕ بێت. باران بێت ئاشی دەگەڕێ: واتە کەسێک حەز بکات شتێک رووبدات و لەبەرژەوەندی ئەودابێت و قازانجی بێت. ماوەتەوە بڵێین; کورد نەتەوەیەکی زیندووە و خاوەن مۆرکی تایبەتی خۆیەتی، زمانێکی پاراو و بێ گرێ و گۆڵ و دەوڵەمەند لەوشە و دەستەواژە و پەندی پێشینان و کلتور و نەریتی هەیە لەبەرەبەیانی مێژووەوە پارێزگاری لێکردووە، لەم رۆژگارەی ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستە لەپێناو هێشتنەوەی زمانی کوردی وشە و دەستەواژە رەسەنەکان بەکاربهێنین و نەوە لەدوای نەوە بەیەکدیان ئاشنابکەین، ئەرکی سەرشانی هەمووومانە بەر لەتەکنەلۆژیا و شۆڕشی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵبوونی کلتورەکان بگرین بۆ ئەوەی زمان و شوناس و کلتوری خۆمان بەزیندوویی بهێڵینەوە.

# ڕانانێک بۆ ڕۆمانی دووانەی خوێنین



هۆشیار جەمال

ڕۆمانی «دووانەی خوێنین»ی نووسەر و ڕۆماننووس(ئومێد ناسح جیهانی)ە، لەساڵی ٢٠٢٥ دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی لاپەرەکانی (٢٠٩) لاپەرەیە، کە نووسەر لە ماوەی نووسینەکەیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢٤)دەستی بە نووسینی کردووە و لە بەهاری ئەمساڵدا تەواوبووە.

## جۆری ڕۆمان

زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بواری ئەدەبی دەخوێننەوە و دەنووسن دەزانن کە لە جیهاندا ڕۆمان بۆ چەند جۆرێک پۆلێنکراوە، وەک ڕۆمانی مێژووی، خەیاڵی، زانستی، سیاسی، پۆلیسی، ڕیالیزمی، ئاییني و ڕۆمانسی هتد.. کە لەگەڵ خوێنەر دەستدەکات بە خوێندنەوەی ڕۆمانی «دووانەی خوێنین»ی ڕۆماننووس(ئومێد ناسح جیهانی)تێدەگات کە ڕۆمانەکە تێکەڵەیە لە زیاتر لە جۆرێکی ڕۆمان، کە ئەویش بریتیە: لە جۆری ڕۆمانی مێژووی و جۆری ڕۆمانی ڕیالیزمی(واقعی) و جۆری ڕۆمانی سیاسی، لێزانانە ڕووداوەکانی واقعی سیاسی و دۆخی ئێستای کۆمەڵگای کوردی بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە گێراوەتەوە و زۆر بەوریایەوە تێکەڵی کردووە بە مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆندا بە تایبەت سەردەمی مادەکان تا دەگاتەوە بە سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەم، کە کۆی ڕووداوەکان دابەش دەبن بۆ سێ زەمەن: زەمەنی یەکەم پرسی کورد و دابەشبوونی کوردە بەسەر زلهێزەکان و ناپاکی ناوخۆی کوردە و لە نێو لاپەرەکانی مێژوودا


بەوردی کاری لەسەر کردووە. زەمەنی دووەم، دۆخی ئێستای کوردە لە باشوری کوردستان و شرۆڤە و هەڵسەنگاندنە بۆ بارودۆخی سیاسی دەسەڵاتداری کوردی، کە بەرئەنجامی زیاتر لە (٣٠)ساڵی حوکمرانی کوردییە. زەمەنی سێیەم، لە ڕۆمانەکە دووبارە کارکردنە لە ناو مێژوو، بەڵام مێژووی نوێ، مێژووی چەوساندنەوەی کورد بەدەستی داگیرکەر و دووبارە خیانەتی بەشێکی کورد لە کورد لە ژێر پەردەی ئاییندا و بەکارهێنانی ئایین لەبەرژەوەندی وڵاتانی دەرەکی داگیرکەر، هاوکات جگە لە گێرانەوەیەکی مێژووی و سیاسی، گرنگی بە عیشقی نێوان دوو کارەکتەری ڕۆمانەکەداوە، کە عەشق لە لایەک و خەمی مێژووی نەتەوەکەیان لە لایەنی ترەوە کۆی کردوونەتەوە.

**دەروازە**

ڕۆمانەکە بەسەر(٢٠) تەوەردا دابەش دەبێت، کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە گەنجێکە بەناوی (دەرسیم)،خولقێنەری زۆربەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، کە ئەم گەنجە زانکۆی تەواوکردووە و دەرچووی بەشی مێژووە و وەکو هەزاران گەنجی تری ئەم وڵاتە دانەمەزراوە و کاری مەندوبی دەکات بۆ کۆمپانیایەک، کە دەکەوێتە نێوان بەرداشی ڕادەستبوون بە کۆمەڵێک مرۆڤی گەندەڵ و مشەخۆر، کە کاریان ساغکردنەوەی بەرهەمی خراپ و خواردنی خراپە بەسەر هاوڵاتیان لە لایەن و لەلایەکی ترەوە ویژدانی زیندووەی خۆی کە ئامادە نییە ڕادەستی ئەو شێوازە کارکردن و پارە پەیداکردنە بێت، کە بە گشتی زیانی زۆری بۆ هاونیشتمانیان هەیە، کە لێرەوە ئەو وتەی دۆستۆیڤسکی ڕۆماننووسی ڕوسیم هاتەوە یاد کە دەڵێت: کاتێک هەستت بە ئازاری خۆت کرد زیندەوەری، بەڵام کاتێک کە هەستت بە ئازاری ئەوانی تر کرد مرۆڤی. بەڵێ (دەرسیم) مرۆڤە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەبەرئەوە لە کارەکەی دەریدەکەن و بێکاری دەبێت.

**شوێن**

شوێنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە باشوری کوردستان و خۆرئاوای کوردستانە، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ڕووداوەکان لە باشوری کوردستان، ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە ڕەخنەی گرتووە لە سیستەمی سیاسی، هەروەها نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی لە کوردستان و کردنی باشوری کوردستان بە بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمی خراپ و بێ کەڵکی وڵاتانی دراوسێ و گرێدراوی حیزبەکان بە لایەنی دەرەکیەوە، سەرجەمی ئەمانە لە واقعی ئێستای باشوری کوردستان بوونیان هەیە و گرنگی نادرێت بە بەرهەمی ناوخۆی، هاوکاریکردنی جوتیاران



هەواڵنامەی کتێب

تاوەکو باشوری کوردستان ئاسایشی خۆراکی پارێزراو بێت. هاوکات هیچ ناوچەیەک بەدیاریکراوی ئاماژەی پێنەکراوە وەک ناوی شار یان قەزا یان گوندێکی دیاریکراو، کە دیارە ئەمەش ئەوە دەردەخات ژیانی گەنج و ناداپەروەری و دۆخی بازار هتد.... لە سەرجەمی باشوری کوردستان وەک یەکە.

هەرچی ڕوداوەکانی خۆرئاوای کوردستانە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵی ڕابردووی ئەو بەشەی کوردستان بە دیاریکراوی شەڕی دژ بە داعش و بەرگری کردنی کوردی خۆرئاوای کوردستان لە خاکەیان و بەرزی مۆراڵ و بەهێزی ژنان و کچان و دایکانی شەهیدان، کە سەرباری بەهێزی و دڕندەی هێزەکەی دوژمن و هاوکارەکانی، بەڵام خۆرئاوای کوردستان سەردەکەوێت.

**زمان**

زمانی ڕۆمانەکە زۆر سادە و ڕوونە بۆ هەموو خوێنەرێکە، کە زۆرجار لە جیاتی زاڵبوونی زمانێکی ئەدەبی و خەیاڵبازی وەک مێژوونوسێک دەردەکەوێت بۆ گێرانەوەی ڕوداوەکان و شیکردنەوەیان، هاوشێوەی ڕۆمانی (مەرگی دانیال) کە بەرهەمی هەمان نووسەرە، بە بۆچوونی من: گرنگ بوو لەم ڕۆمانەدا زمانی ئەدەبی زاڵتربوایە، چونکە بەرهەمی دووەمی ڕۆماننووسە، لە هەندێک تەوەر دا تەواو دەچێتە ناو مێژووەوە، کە ڕەنگە بۆ بەشێک لە خوێنەران کە خولیای خوێندنەوەی مێژوویان نییە لە کاتی خوێندنەوە جۆرێک لە ناڕازی بوون دروست ببێت.

**دیالۆگ**


ئەم ڕۆمانە سەرەڕای بوونی چەندین دیالۆگ لە نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، بەڵام بەهێزترین دیالۆگەکان لە نێوان کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدایە، (مامۆستا دەرسیم و مامۆستا بیلال)، مامۆستا دەرسیم دوای بوون بە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی حکومی، لەگەڵ (مامۆستا بیلال)، شەڕی باسکردن و شرۆڤەکردنی مێژووی کورد دەکات بە دیدێکی کوردانەی پاڵپشت بە بەڵگەی زانستی مێژوو، پەنجە دەخاتە سەربرینەکان و ئازارەکانی ڕابردوو، بەڵام کارەکتەری دووەم (مامۆستا بیلال)، مێژوو بە دیدێکی ئایینیانە شرۆڤە دەکات و پاکانە بۆ ئەو کەسە ئایینی و کۆمەڵایەتییانە دەهێنێتەوە لە ڕابردوودا بوون بە بەشێک لە دەسەڵاتی بێگانە و ڕۆڵیان هەبووە لە چەوساندنەوەی کورد.

دووانەی خوێنین و خۆخۆری کورد

ڕۆمانەکە لەبەرئەوە ناونراوە دووانەی خوێنین، چونکە بەوردی کاری لەسەر خۆخۆری نەتەوەی کورد کردووە، لەسەردەمی مادەکانەوە تا عوسمانی و سەفەوییەکان و دواتر بۆ دەسەڵاتی کەمالییەکان لە باکوری کوردستان و پاشان بۆ سەردەمی شەڕی داعش، کە دەڵێت: دووانەی خوێنین واتا ڕژانی دووخوێن خوێنێک لەپێناو مانەوەی کورد دا خوێنێک لە پێناو ناپاکی دا، کە هەردوو خوێنەکە خوێنی کوردە، کە لە سەردەمی ئاگباتانا خوێنە ناپاکە سەرکەوت و کوردستان دابەشکرا و بە درێژای چەندین سەدە کورد کوژرا و سوکایەتی بە کچ و ژن و کلتور زمانی کرا، بەڵام لە دوای چەندین سەدە، ئەمجارە لە خۆرئاوای کوردستانەوە خوێنی پاکی کورد سەرکەوت بەسەرخوێنی ناپاکی ناو کورد دا.

# مێژوی سەرهەڵدانی تیپە مۆسیقیەکانی شاری سلێمانی

## * تیپی مۆسیقای مەولەوەی
## * تیپی مۆسیقای سلێمانی



م/ خالید سەرکار

هەواڵنامەی کتێب

شاری سلێمانی و هونەری مۆسیقا و گۆرانی

لەبەر نەبوونی ئەرشیفی هونەری تایبەت بەم باسەمان ..... دیارە مێژویەکی دیاریکراوی نییە کە بیکەینە سەرچاوە .. تەنها چەند نوسینێک هەیە ، وەک لە ساڵی ١٩٢٦ دا لە شاری سلێمانی تیپی مۆسیقایی پێک هاتووە ، کە ئەو ئامێرە میوزیکی یانەی ژەنینیان لەسەر کردووە زیاتر فودارەکان بووە ،وەک ئامێرەکانی کلارنێت ، ترامپێت ، هۆرن ، بلوێر .... لەگەڵ ئامێری ریتمی

ئەو کەس و ژەنیارانە کەسانی دیار و ناسراوی شاری سلێمانی بوون لە رۆشنبیر و ئەدیب و مامۆستا و فەرمانبەر ...

١/ ئەدیب و رۆشنبیر شاکر فتاح لەسەر ئامێری کلارنێت

٢/ مامۆستا و وەرزشکار صالح علی لەسەر ئامێری ترامپێت

٣/ رۆشنبیر و فەرمانبەر احمد میرزا عارف لە سەر ئامێری هۆرن

٤/ رۆشنبیر و فەرمانبەر جلال حمدی لەسەر ئامێری بلوێر

٥/ کەسایەتی ناسراو علی عارفاغا لە سەر ئامێری ریتم (دەف)

ژمارەی ژەنیارانی ئەم تیپە ١٨ کەس بوون ، ئەوەی گرنگە بیزانین لەسەر ئەم تیپە ئەوەیە کە هیچ تۆمارێکی دەنگی لەسەر بەرهەم و کارەهونەریەکانیان بەجێ نەهێشتوە و یا ئەرشیفێکی ئەو مۆسیقا و گۆرانیانەیان نی یە . ئایا گۆرانی بێژەکانیان کێ بوون؟ وەک ژەنیارەکان دیارن و ناویان هەیە . وەک دەرەکەوێت و لەوە دەژێت تەنها گروپێکی میوزیکی بوون . ئایا چۆن ئەو ئامێرانەیان دەست کەوتووە و کێ مامۆستا و فێرکاریان بووە ؟لەم بارەیەوە هێچ نوسراوێک و وێنەیەکیان نی یە لەسەر ئەم تیپە . لەساڵی ١٩٤٧ – ١٩٤٨ لە شاری سلێمانیدا خولێک بۆ فێربوونی ئامێرە میوزیکی یەکان کراوەتەوە بە مەبەستی ژەنینی ئامێرەکان لە شاری بەغدادەوە هاتوون لەو مامۆستایانە هونەرمەندی بەتوانای عێراقی ژەنیاری عود و کەمان و مامۆستای هونەرەجوانەکانی بەغداد هونەرمەند جمیل بشیر و هونەرمەند حەنا پەترۆسمامۆستای ئامێرە فودارەکان و ژەنیاری ئۆکسترای عێراقی هاتوون بۆ شاری سلێمانی بۆ ماوەی مانگێک زیاتر لەو خولەدا وانەی فێربوونی ئامێرە میوزیکی یەکان بە چەند گەنجێکی رۆشنبیری ئەو سەردەمە وتۆتەوە . لەو لاوانە وەک ( قادر دیلان ، شەماڵ صائیب ، شاکر فتاح .... هتد) دیارە ژمارەی بەشداربوان زیاتر بوون بەڵام ناوی هەموویانم دەست نەکەوت هەر چەند وێنەی ئەو خولە و بەشداربوان گیراوە و بڵاوکراوەتەوە. وەک وتراوە زۆر سودیان لەو مامۆستایانە وەرگرتوە و فێری ژەنینی ئامێریکەمان و و عود و کلارنێت بوون . ئەو هاتنەی ئەو مامۆستا و هونەرمەندە دیارانەی شاری بەغداد بەناوبانگ لەسەر ئاستی هەموو عێراق جۆرێک لە پەیوەندی هونەری دروست دەکات لەگەڵ لاوە رۆشنبیرەکان لە سلێمانیدا.هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بیر لە پێکهێنانی تیپێکی مۆسیقی بکەنەوە لە شارەکەدا. لە ساڵی ١٩٥٥ دا تیپی مۆسیقای مەولەوی لە شاری سلێمانی دامەزرا بە شێوەیەکی فەرمی





و ڕێپێدراو لە لایەن دەوڵەتەوە و بارەگایان هەبووە. ئەتوانم بڵێم یەکەم تیپی مۆسیقایی بووە کە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی کارۆیان کردووە ڕۆڵێکی گەورەیان دیوە و وەرچەرخانێکی گرنگ بووە لە مێژوی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لە شاری سلێمانی .

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم تیپە لە کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیر و ئەدیب و شاعیر و فەرمانبەر دروست بوون. کە زۆر کاریگەری کرد لەسەر گۆرینی رای کۆمەڵی شاری سلێمانی لەسەر هونەری مۆسیقا و گۆرانی. کە جاران بە هونەرێکی سوک و بێبایەخ تەماشا ئەکرا و ئەو کەسانەش کە بەم کارانە هەستانایە رێز و قەدریان نەبوو لە ناو کۆمەڵگادا.وە ژیانێکی کوللە مەرگیان هەبووە وە بژێوی ژیانیان لەسەر نەی ژەنین و زورنا لێدان و لێدانی زەرب و دەهۆڵ کوتین لە شایی و ئاهەنگی نەتەوەی و جەماوەریدا یان شەوان دانیشتنی گۆرانی وتن لە ماڵاندا .

بەڵام دەرکەوتنی ژەنیارانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەسەر شانۆی سلێمانی لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا گورینی گەورەی هەبوە لە لابردنی بۆژوونی جارانی کۆمەڵگا بۆ هونەر و هونەرمەندان ، چونکە ئەم تیپە بژێوی ژیانیان لە سەر هونەری مۆسیقا نەبوو ، بەڵکو هەر یەکەیان فەرمانبەر و موچەخۆری دەوڵەت بووە هەروەها ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیب بوونو هەروەها جل ەبەرگیان ئەورووپی بوون و لاسایی هونەری پێشکەوتوی عەرەب ە بەتایبەت میسری کردووە لە هونەرمەندانی عەرەبی ناسراو وەک محمد عبدالوهاب و فەرید ئەترەش و عبدالحلیم حافزو مۆسیقاو گۆرانیەکانی ئوم کلسوم و لە ئاستێکی زۆر باش مۆسیقایان ژەنیوە . خەڵکی سلێمانی هەر لە سەرەتاوە پێشوازی ئەم هونەرەیان کردووە و تامەزرۆی ئاهەنگەکانیان بوون و چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگیان لە شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراقیان سازداوە ، لەوانە ئاهەنگی کۆکردنەوەی هاوکاری و یارمەتی کە بە بلیت خەڵکی ئەهاتنە ئاهەنگەکەیان بۆ لێقەوماوانی لافاوی ساڵی ١٩٥٧ کە زیانێکی زۆری لە شاردا . ئەم هەڵوێستەیان زۆر گرنگی زیاتردا بە رێزگرتن بە تیپی مۆسیقای مەولەوەی هەروەها لەسەرەتای ساڵی شەستەکان ئاهەنگیان بۆ هونەرمەندی ناسراوی کورد خاڵە سێوە لە شاری سلێمانی سازدا لە هۆڵی پەروەردەی سلێمانی بەرامبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی. حەسەنی حاجی قاسم و عبداللەی سەید زادە دووهونەرمەندی میللی ناسراوی شاری سلێمانی بوون ساڵانی پەنجا و شەستەکان کە بە رەچەڵەک لە دایک بووی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون ، بۆ بژێوی



ژیان یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بوبێت هاتوون بەمدیودا و لە سلێمانی جێگیر بوون .
* حەسەنی حاجی قاسم : نایی و زورنای دەژەنی و زۆر بەتوانا بوو هەرجارێک من سەردانی هاوڕێم هونەرمەند فرەنسیس داودم بکردایە ئەوا گوێبیستی ژەنینی ئەو ئەبووم چونکە ئەو لە ژورێکی خوارویماڵەکەیاندا کرێچی بوو .
* عبداللەی سید زادە : زەربی لێدەدا و جارو بار دائیرە و دەهۆڵ ، زۆر لە بۆنە و ئاهەنگەکانی شایی و نەورۆز و ئاهەنگی ماڵان بەشداریان کردووە .زۆرجار ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەگەڵ خۆیان بردوویانە کە ئاهەنگیان هەبوایە چ لە ناو شار یاخوود لە دەرەوەی شاری سلێمانی . بەتایبەت ئەو ئاهەنگانەی کە لە ماڵان لە سلێمانی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا لەگەڵ هونەرمەندانی وەک حەسەن زیرەک و احمد شەماڵ و چەندەها گۆرانیان تۆمارکردووە .
حەسەنی سەید زادە کە بە حەسەنی حاجی



قاسم ناسرا بوو وە زۆر جار بە حەسەنی نەیش بانگکراوە میلۆدی زۆر جوانی هەبووە بە نەی ، یەێک لە و میلۆدیە جوانانە هونەرمەند قادر دیلان لێی وەرگرتووە و بە ئامێری کلارنێت ژەنیوێتی ، بەڵام چەند میلۆدی تری بۆ زیاد کردووە و لە ساڵی ١٩٧٤ دا کە تیپی مۆسیقای شۆرشمان هەبوو لە شۆرشی ئەیلوول هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی ئامادەی کردووە و دابەشکردنێکی جوانی بۆ کرد و لە تیصی مۆسیقای شۆرش تۆمارمانکرد ، بەم بەرهەمە جوانە هەموو رۆژێ ئیزگەی دەنگی کوردستانی پێ دەکرایەوە و پەخش ئەکرا ، کە میلۆدیە سەرەکیەکەی لە دانانی حەسەنی حاجی قاسم بوو .
* لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتاس حەفتاکاندا لە یادمە ئێمەش وەک تیپی مۆسیقای سلێمانی لەگەڵ خۆمان هەردوو هونەرمەندی میللی حەسەن و عبداللەی سەید زادەمان بردوە بۆ شاری بەغداد و ئەوانیش برگەی خۆیان هەبوو لەو ئاهەنگەی لە شاری بەغداد پێشکەشکرا ، خۆشبەختانە ئەرشیفی ئاهەنگەکانیان لە شاری سلێمانیدا ئەو ئاهەنگانەیان کە بۆ حەسەن زیرەک یان احمد شەماڵ ...هتد ئەنجامدراوە ماون و پارێزراون .
پێم باش بوو ئەم چەند دێرەم نووسی لەسەر ئەو دوو هونەرمەندە میللییە چونکە یادیان ناکرێت چ لە گۆڤارەکاندا یان لە میدیاکاندا بە تایبەت تیڤیەکان .
لە شەقامی مەولەوەی لە شاری سلێمانی دوکانێکی چاککردنی کاتژمێر هەبوو نزیک گۆرەپانی سەرا کە خاوەنەکەی هونەرمەند بەهجەت رەشید ی سەعاتچی بوو بە هۆی ئەوەی کارەکەم لە دوکانێک بوو بەرامبەری رۆژانە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەوێ

ئامادەدەبوون بە تایبەت ئێواران بۆ قسە و باس و چا خواردن و یەکتر بینین و لێدوانیان لەسەر بەستە و مەقام و زۆر جار بێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لە من بێت ئەچووم بۆ لایان . هەر چەندە ئەو ساڵانە من تەمەنم لە نێوان ١٤ بۆ ١٥ ساڵ دەبووو کارم دەکرد وە لەوێ زۆربەیانم ناسی لە وانە

١- هونەرمەند قادر دیلان : ئەو سەرپەرشتی هونەری تیپەکەی دەکرد و ژەنیاری ئامێری کەمان و کلارنێت بوو زۆربە توانا بوو وە نۆتەی نەدەزانی تەنها بە سەماعی (گوێبیستن) ئەون میلۆدییە رەسەنانەی بە بەهرە و توانایەکی زۆر باش دەژەنی هەروەها دەنگیشی زۆر خۆش بوو شارەزای بەستە و مەقامە کوردیەکان بوو زۆر جار دەچوو بۆ ئیزگەی کوردی لە شاری بەغداد و بەشداری دەکرد لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئیزگە کە ژەنیارەکان عەرەب بوون و زۆربەیان نابینا بوون و لەوتۆمارانەی کە کراون بۆ هونەرمەندان علی مەردان و تایەر تۆفیق و خاڵە سێوە ئەم بە ئامێری کلارنێت بەشداری کردووە ، بە ئیحساسی کووردی ژەنینی کردووە کە زۆر جیاوازە لەگەڵ عەزفی ژەنیارەکانی تر . ئەم هونەرمەندە لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان چووە بۆ وولاتی چیک و لەوێ ژیاوە و پەرەی داوە بە خوێندنی مۆسیقا ، گەلێک بەرهەمی هەیە چ لە مۆسیقای سەمفۆنی و بە شێوەی ئەکادیمی و تۆماری دەنگی خۆی و چەند گۆرانی جوانی ئەدا کردووە ، لە ژیاندا نەماووە .

٢- ولیەم یوحەننا : دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد بوو نۆتی ئەزانی و ژەنیاری ئامێری کەمان - عوود - ئۆکۆردیۆن بوو وە مامۆستای مۆسیقا بوو . لە خوێنکارەکانی بریتی بوون لە ( ئەنوەر قەرەداخی - خالید سەرکار



- فرانسیس داود - صلاح رەووف ..... هتد ) دوایی بوو بە سەرپەرشتیاری هونەری لە چالاکی قوتابخانەکان گەلێک بەرهەمی مۆسیقا و ئاوازی هەیە بۆ هونەرمەندە گۆرانی بێژەکان و بۆ منالان . بە داخەوە لە ژیاندا نەماوە .

٣- حازم حەداد : لە شاری موصلەوە هات و کریستیان بوو ژەنیارێکی بە توانای ئامێری عوود بوو هەروەها لەسەر ئامێری قانوون ، مامۆستای مۆسیقا بوو لە خوێند کارەکانی ( خالید سەرکار - فرانسیس داوود - جان تۆماس ... هتد ) ئێستا لە وولاتی ئەمەریکا دەژی .

٤- نەجاتی عەبدە : فەرمانبەر بوو ژەنیاری ئامێری نایی بوو وە توانایەکی زۆر باشی هەبوو وە هەروەها ئاوازی هەیە ئێستا لە ولاتی سوید دەژی.

٥ - هادی عەنبەر : فەرمانبەر بوو ژەنیاری ئامێری کەمان بووە لە تیپی مۆسیقای مەولەوی بەداخەوە لە ژیاندا نەماوە .

٦ – بەهجەد ڕەشید : سەعاتچی بووە ژەنیاری ئامێری کەمان و عوود بووە . لە ژیاندا نەماوە .
٧ – د. ئومێد مەدحمت موبارەک : لە وولاتی توورکیا لەپاش خوێندنی پزیشکی خۆی فێری ژەنینی ئامێری کەمان کردووە و ژەنیاری ئامێری کەمان بووە لە تیپدا ئێستا لە وولاتی ئەردەن دەژی
٨ – حاتەم سەعید : فەرمانبەر بووە ژەنیاری ئامێری ریتم ( ئیقاع) بووە ، ئێستا لە ژیاندا نەماوە
لە ناو تیپی مۆسیقای مەولەوی دا ژەنیاری تریان هەبوو ، بەڵام ئەوانەی ناوم هێناون زیاتر دیار بوون .

## هونەرمەندە دەنگ خۆشەکان لە تیپی مۆسیقای سلێمانی

١/ حەمە صالح دیلان : شاعیر و دەنگ خۆش و برای قادر دیلان بوو ، چەندین بەرهەمی تۆمارکراوی هەیە لە گۆرانی (بەستە و مەقام ) لە ماڵان تۆمار کراون و کولیتیان لە رووی هونەرییەوە باس نی یە، توانی دەنگی زۆر باش بووە .
٢/ ڕەفیق چالاک : شاعیر و دەنگ خۆش و شانۆکار، چەندین بەرهەمی گۆرانی (بەستە و مەقام)ی هەیە لەگەڵ تیپی مەولەویدا هەروەها



ئاوازی زۆر جوانی هەیە چ بۆ سروودە نیشتیمانیەکان چ بۆ گۆرانی، ئێستا لە ژاندا نەماوە .
٣/ هونەرمەندی دەنگ خۆش ڕەشۆل : چەند بەستە و مەقامی ڕەسەنی کوردی هەیە لەگەڵ تیپی مەولەوی و لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئێستا لە ژیاندا نەماوە .
٤/ حەمەی بەکر : دەنگ خۆش لەگەڵ حەمە صالح دیلان و مەحمود تۆفیق شلک چەند بەرهەمی گۆرانی ڕەسەنی کوردیان هەیە. ئێستا لە ژیاندا نەماوە .
٥/ محموود تۆفیق شلک : دەنگ خۆش و شارەزا لە ئەدای مەقامی سەفەر، ئێستا لە ژیاندا نەماوە.
٦/ فەرەجی حاجی ڕەشید : کەسایەتی یەکی ڕۆح سووک بووە و زۆر حەزی بە گۆرانی ووتن بووە، ناسراو بوو بە گۆرانی ( ماریانا) ئێستا لە ژیاندا نەماووە .
٧/ عومەر ڕەزا : هونەرمەندی دەنگ خۆش و ستایلی تایبەت بە خۆی هەبوو لەگەڵ تیپی مەولەویدا چەند گۆرانی هەیە کە ئاوازی دانراون.
هەروەها تیپی مۆسیقای مەولەوی ئاهەنگی بۆ ئەم هونەرمەندانەش کردووە وەک
( علی مەردان ، تایەر تۆفیق ، باکوری ، فوئاد ئەحمد ، ئیبراهیم ئەحمەد ، عوسمان علی ، عوسمان سابونچی ، قادری حاجی حسین ، مامڵێ ، حەسەن زیرەک ، شەماڵ صائیب و چەندین هونەرمەندی تری دەنگ خۆش ، ناوی هەندێکیانم لە یاد نەماوە ...
ئەوەی ماوە ابسی بکەم لە سەر تیپی مۆسیقای مەولەوی ڕۆڵ و گرنگی بەرچاویان هەبووە لە خزمەتکردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی ، بوون بە سەرچاوە و چاولێکردن بۆ ئەو تیپانەی دوای خۆیان هاتن لە شاری سلێمانیدا

و بۆ بەردەوامی ئەم تیپە و هەر بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە حەفتاکاندا کۆمەڵێک لاوی سلێمانی بەردەوامیان پێدا و تا ئێستا لە کاردان بۆ خزمەتکردن بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی ....

### تیپی مۆسیقای سلێمانی

لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست تیپی مۆسیقای مەولەوی چی‌لاکی هونەریان نەما ! چەند هۆیەک هەبوو بۆ تەواو بوونی کاری هونەریان، لەوانە رۆشتنی هونەرمەند قادر دیلان بۆ ووڵاتی چیک و مانەوەی لەو ووڵاتە، ئەم هونەرمەندە سەرپەرشتیاری تیپەکە بوو . بۆ ماوەی چەند ساڵێک دوای نەمانی تیپی مەولەوی لە گۆرەپانی هونەری لە گۆرەپانی هونەری لە شاری سلێمانیدا و بۆشاییەکی هونەری هەبوو ،هیپ جموجوڵ و چالاکی هونەری نەبووە .

لە ساڵی ١٩٦٧ چەند لاوێک کە خەریکی مۆسیقا بوون و لە بەرێوەبەریتی چەلاکی قوتابخانەکان کۆئەبونەوە وپرۆڤەیان دەکرد لە سەر نۆت ساڵ دوای ساڵ ژمارەیان زیاد دەبوو ،هەر لەو ساڵانەدا بەو توانا کەمەیان ئاهەنگیان پێشکەش کردووە بۆ نموونە ئاهەنگێک بۆ نەخۆشەکانی خەستەخانەی سلێمانی و لەو ساڵەدا تیپی میللی رەشیدی بەغداد هاتووە بۆ سلێمانی بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان بەسەرپەرشتی هونەرمەندی عێراقی حەقی شبلی و کە زانی تیپێک هەیە کە زۆر نی یە دروست بوون و بەرهەمیان هەیە ، داوای کردوە بۆماوەی ٢٠ خولەک لەگەڵ تیپی میللی رەشیدا بەشداری بکەن ئەمانیش بە ناوی تیپی مۆسیقای سلێمانی بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن ،ئەو چەند رۆژەی تیپی میللی رەشید لە سلێمانی مانەوە و بەرهەمەکانیان لە چەند شوێنێک پێشکەشکرد بە جەماوەری شار بە هەمان شێوەش تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداربوون .



سەرەتای تیپی مۆسیقای سلێمانی ژمارەی ژەنیارەکان و گۆرانی بێژەکانی کەمبوون لە ١٨ کەس تێپەری نەدەکرد لەو هونەرمەند و میوزیسیان و گۆرانی بێژەکانی ....

١/ ئەنوەر قەرەداخی لە سەر ئامێری کەمان
٢/ خالید سەرکار لەسەر ئامێری کەمان
٣/ فرەنسیس داوود لە سەر ئامێری کەمان
٤/ فەرەیدون دارتاش لەسەر ئامێری کەمان
٥/ ولیەم یوحەنا لەسەر ئامێری کەمان یا ئۆکۆردیۆن
٦/ فەرید عیسا لەسەر ئامێری ئۆکۆردیۆن
٧/ جەمال شادان لەسەر ئامێری کەمان و باڵەبان
٨/ سەربەست محمد لەسەر ئامێری عوود
٩/ حەمە حسیەن لەسەر ئامێری نای
١٠/ حسین علی لەسەر ئامێری تەپڵ
١١/ مەحموود لەسەر ئامێری دەف
١٢/ ئەسعەد قەرەداخی لەسەر ئامێری قانوون
١٣/ شەوکەت رەشید لەسەر ئامێری کلارنێت بەشداربوو وەک میوان
١٤/ جان تۆماس لەسەر ئامێری کەمان
١٥/ عوسمان محمد امین لەسەر ئامێری کەمان
١٦/ سیروان جۆرج بە ئامێری تەپڵ شەرقی .

## گۆرانی بێژەکان

محموود سابوونچی ، محمد جزا صالح ، کاژاو شەوکەت ، عوسمان شارباژێری

پاشان ئەم ژەنیارانەش پەیوەندیان کرد ( صلاح رەووف بە کەمان - نوری قەرەداخی بە کۆنتڕباس - مونیر وەکیل بە ئامێری چەلۆ - نەبیل نوری بە بانگوز - صەباح محمد بە تەپڵ - علی دڵخۆش بە تەپڵ)

چەند دەنگ خۆشێک پەیوەندیان کرد وەک ( قادر کابان ، عوسمان علی ، کەریم کابان ، عەباس



محمد ، ابراهیم خەیات ، حەسەن گەرمیانی ، عبدالقادر حەسەن ، کامران عبدالمجید ، پەیمان عمر )

ساڵ دوای ساڵ هونەرمەندانی تر چ لە ژەنیار و چ لە دەنگ خۆش پەیوەندیان دەکرد ، لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ هونەرمەندانی شانۆ لە شاری سلێمانی تیپێک دروستکرا بە ناوی ( تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) و مۆڵەتی فەرمی وەرگرت لە دەوڵەت و بارەگای بۆ دانرا لە بینای تۆفیق قەزاز لە شەقامی مەولەوی . چەند بەرهەمێکی لە شانۆیی و ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی ئەنجام درا لە شاری سلێمانی و هەلەبجە و هەولێر ، بەڵام تەمەنی ئەم تیپە زۆر کەم بوو ساڵێک یان ساڵ و نیوێکی خایاند بۆیە هەر تیپەی جیابوونەوە و وەک پسپۆری کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا .... تیپی مۆسیقای سلێمانی داوای مۆڵەتی فەرمی کرد دوای چەند ساڵێک مۆڵەتی کارکردنی پێدرا لە بەرواری ١٩٧٣/٥/٢٣ و هەر لە بینای تۆفیق قەزاز بارەگای دانا و دەستکرا بە دوستکردنی ستۆدیۆیەکی سادە و ساکار بە ماندوبوونی ئەندامەکانی و دەستکرا بە تۆمارکردنی بەرهەمەکان .. بەو ئامێری ئەو سەردەمە کە زۆر سادەبوون، بەرهەمەکانیان لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماردەکرا کەو ئەکاتە رەش و سپی بوو وە پەخش دەکرا .

کە زۆر جار رەت دەکرایەوە لەسەر ووشەیەک

یان دێرێک کە بە دڵی رژێمی ئەکاتە نەبوو .

## ئەم هونەرمەندانەش وەک ژەنیار پەیوەندیان کرد

( محمد رەشید شەریف بە ئۆکۆردین ، ئەلبێرت عیسا بە ئۆکۆردیۆن ، عمر سەرکار بە کلارنێت ، ئاراس ابراهیم بە کەمان ، دلێر ابراهیم بە کەمان ، گۆران ابراهیم بە کەمان ، جینان قوستەنتین بە فلوت ، موئەیەد قوستەنتین بە سەکسیفۆن ، جمال جلال کابان بە تەپڵ ،محمد رەزا ئەمین بە عوود ، سەرکەوت جمال بە گیتار ، شوکەت رەشید بە کلارنێت ، انوەر صالح بە ترامپێت ) و چەندین دەنگ خۆش پەیوەندیان کرد و بەرهەمیان بۆ ئەنجامدرا وەک ( عدنان جمال ، کاژاو شەوکەت ، تۆفیق علی و خەسرەو رەفیق کە هەردووکیان منداڵ بوون ) تیپی مۆسیقای سلێمانی چەند ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانیان لە شاری سلێمانی و بەغداد و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و کۆیە و رەوانـدز و خانەقین و گەلێ شوێنی تر ئەنجامداوە و مۆسیقای ژەنیوە و هـاوکـاری ئـەم هونەرمەندانەی کـردووە لە ئاهەنگەکاندا لە وانە ( علی مەردان - حەسەن زیرەک - حسین علی - رەسوڵ گەردی - تایەر تۆفیق - فوئاد احمد - تەحسین تەها - خەلیل وەندی - رەشۆل - رەمەزان زاخۆیی - جەعفەر حەسەن - جلال عزیز - خالید دلێر - باکوری - اسماعیل وەندی - ابراهیم صابیر - بلەی سەعە کەڕ - عدنان جمال - صلاح مەجید - حەمە جزا - محمد تەیب تاهیر - هۆمەر دزەیی - حەمە صالح دیلان - شەماڵ صائیب - بێژەن کامگار )

تیپی مۆسیقای سلێمانی هەر لە سەرەتای دەست بـەکـاربـوونـی بـە بـەرهـەمـی هـونـەری مۆسیقا و گۆرانی و کـۆراڵ و هەڵپەرکێ و سـروودی نشتیمانی .... هتد تا ئەمڕۆ چەندین تۆماری هەیە چ لەسەر شانۆ یان لە تەلەفزیۆنەکان ، رۆڵی بەرچاو و گەورەی هەبووە لە پێش خستنی رەوتـی کـاروامـی هونەری کـوردی بە توانا و ئاستێکی هوتەری بەرزەوە بە شێوەی زانستی و ئەکادیمی سـەردەم کە جێگای دەستخۆشی و سەرنجی هونەرمەندانی عەرەب و تورک و فارس بووە . کاریگەری تەواوی بەسەر هەموو ئەو تیپە میوزیکیانە هەبوە کە لە شارەکانی تری کوردستان دروست بوون و هاوکاری کردوون و پەیوەندیان بە بەردەوامی هەبووە .

لـە ڤیستیڤالی یەکەمی هـونـەری کـوردی لە بەغداد لە ساڵی ١٩٧٤ لە ناو ئەو هەموو تیپە بـەشـداربـووانـەی هەرێمی کوردسـتان ! تیپی مۆسیقای سلێمانی بە پلەی نایاب دەست نیشان کرا و خەڵاتکرا ... کە گەراینەوە بۆ کوردستان زۆر بە زووی پەیوەندیان کرد بە شۆرشی ئەیلول و تیپی مۆسیقای شۆرشیان دروست کرد و چەندین بەرهەمی سروودی نیشتیمانی و گۆرانی رەسەنی تۆمار کرد رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق .

لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٩١ چەندین ئەندامی ژەنیار و گـۆرانـی بێژی وەرگـرتـووە کـە هەندێکیان پێشتر ناویان هاتووە وەک ( شەهید عەبەی مەلا - عدنان کریم - هێرش عمر رەزا - بلێسە عمر - عبدالله جمال سەرگرمە - گەنج رەووف زوهدی - زانا محمودهەژار - لوقمان صابیر - هەڤاڵ محمد کریم - عادل حمە سعید - میران تاهیر - رێبوار صالح - ئاری قادر - بورهان مجید - کۆران حمە عزیز - صلاح حمە عزیز - سۆران حمە سعید - هاوار جمال - دلێر عبدالرحمن - نەسرین حسین - ناسک حسن - ئاکۆ عزیز - پەیمان عمر - بختیار تاهیر - نەورۆز

کمال ـ هۆشیارر حمه رشید ـ فاتمه حسن ـ عوسمان سەرکار ـ عمر عبدالله ـ شێرکۆی دڵ ) دواس ساڵی ١٩٩١ چەند هونەرمەندێک بە ئەندام وەرگیرا ( ئاراس عبدالله ، نزار عوسمان ، هەژار عوسمان ، هاوکار عمر ، دلشاد عوسمان ، بازیان جلال ، محمد ابوبکر ، ئازاد ابراهیم ، فرهاد محمد صالح ، عادل محمد کریم ، دلێر علی ، نەوزاد احمد ، ابراهیم عوسمان ، سەرکار عیزەت ، ڕەووف مەلیک ، ڕێبین محمد ، یادگار عزیز ، زۆزک احمد ، ئارام عمر ، شێرزاد اسماعیل ، نەوژین محمد ، ئاودێر محمود ، زانا عزیز ، فەرمان علی ، جەنگین جلال ، نەبەز حمه رەشید ، گۆران جلال ، زانا جلال ، سەروەر عبدالرحمن ، احمد کریم ، خەڵات خوارەحم )

ئەم تیپە هەر لەسەرەتاوە مامەڵەیەکی تایبەتی هونەری ئەکادیمی لەسەر میاۆدییە فۆلکلۆری و میللی و دانراوەکاندا کردووە بە ستایلێکی تایبەت و جوان و ڕەچاوکردنی ڕەسەنایەتی کوردی کە وەرچەرخانێکی مێچووی بوە لە هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی دا ، توانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی و ئاهەنگ لە ماڵان بگوێزێتەوە بۆ سەر شانۆ و رادیۆ و تەلەفزیۆن و چەندین هونەرمەندی دەنگ خۆشی پێگەیاندووە و چەندین ژەنیاری بە توانای پێشکەش بە گۆرەپانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی کردووە .

سەرکەوتووی بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی هەر لە سەرەتای کارکردنی ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوە دەگەرێتەوە لیژنەی هونەری کارای هەبووە لە ئەندامانی لێهاتووی تیپەکە پێمک هاتوون کە بە توانا و شارەزا بوون ، هیچ بەرهەمێکی گۆرانی و مۆسیقا دانراو یان ئامادەکراو ئەبوایە بە فیلتەری ئەو لیژنەیەدا بڕوات و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت پێش وەرگرتن و تۆمارکردنی . هەروەها ئەم سیستەمە بەسەر دەنگ خۆشانی تازە هاتوو بۆ تیپەکە پەیرەوی دەکرا یا ژەنیارێک داوای بکردایە بێتە تیپەکەوە هەروەها راستەوخۆ وەرنەدەگیرا بەڵکو لە چەندین رووەوە تاقیدەکرایەوە .

تیپی مۆسیقای سلێمانی زۆر گرنگی داوە بە بەرزی خو رەوشتی ئەندامەکانی لە ناو کۆمەڵگادا یەکێک بوە لە خاڵە سەرەکیەکانی سەرکەوتووی تیپی مۆسیقای سلێمانی ، لەبەر ئەوەی مۆسیقا و گۆرانی لە ساڵانی پێشوو لە کۆمەڵدا رێز و بایەخی نەبووە بە چاوی سووک تەماشای گۆرانیبێژ یان مۆسیقا ژەن کراوە چ لە رووی ئاینی یان کۆمەڵایەتی دا ،دیارە خراپ بەکارهێنانی ئەم هونەرە بۆ مەیەستی رابواردن و کەیف وسەفای ناشەرعی لە شوێنی نادروست و کەسانی بەد خوو ئەم رەوشەی هونەری گۆرانی و مۆسیقای بردۆتە دۆخێکی خراپ و ماپەسەند لە ناو کۆمەڵگادا ، بەڵام سەرهەڵدانی تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی مریسقای سلێمانی کە لە کەسانی مامۆستا و رۆشنبیر و شاعیر ..هتد دروست ببوو بیرو رای کۆمەڵگای زۆری گۆری بەرەو رێز و حورمەت لە هونەر و هونەرمەندان .

تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداری بەرچاوی هەبووە لە هەموو بۆنە نیشتیمانی ونەتەوەییەکان بەتایبەتی جەژنی نەورۆز ، بەتایبەت لە شاری بەغداد کە جەماوەری عەرەبی و بیانی و سیاسەتمەدارەکان ئامادەبوون ، لە گەورەترین هۆڵی هونەری لە بەغداد ئەنجام دەدرا و بەشداری هەموو ئەو ڤیستیڤاڵانەی کردووە لە ناو شاری سلێمانی و دەرەوەی سلێمانی و وڵاتانی دونیا .

بەرهەمەکانی تیپ هەمووی ئەرشیف کراون

چ ئەوانەی لە ناو ستۆدیۆ ئامادەکراون یان ئەوانەی لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان تۆمار بوون ، یا ئەو بەرهەمانەی لەسەر شانۆ پێشکەش کراون .

تیپی مۆسیقای سلێمانی تا ئیستاش هەر بەردەوامە و بەرهەمی خۆی لە کۆنسێرت و ڤیستیڤاڵ و کاری ناو ستۆدیۆ ساڵانە پێشکەش بە میللەتی کورد دەکات ، هونەرمەندانی دەنگ خۆش و ژەنیارانی بەتوانای دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژە هونەریەکان پەیوەندی پێوە دەکەن ، بەلام جیگەی داخە ئەم تیپە پڕ بەرهەم و بەناوبانگە تا ئێستا بارەگای تایبەت بە خۆی نی یە ، زۆریش هەوڵ دراوە بەلام بێ هودە بووە و تا ئێستاش ستۆدیۆی هونەری سیستەمی نوێی نی یە بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی و وەک پێویست هاوکاری و یارمەتی نەدراوە . ساڵانە بوجەیەکی دارایی هەبوو ئەویش چەند ساڵە براوە و نی یەتی .

بەرهەمەکانی هیچ شوێنێک و لایەنێک لە میدیا و دەزگا راگەیاندنەکان لێی ناکرن ! ئەو هەموو ماندوبونە و هیلاکییەش سوودی دارای نەگەیاندوە بە ئەندامەکانی ، کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو هونەرمەندان دەوڵەمەندترین پێگەی کۆمەڵگەن !

هومەرمەندانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بە لێهاتووی خۆیان کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە رۆشنبیری هونەری شاری سلێمانی هەر لە باخچەی ساوایانی مناڵانەوە تا زانکۆ و میدیاکان بوونیان بووە ، چ وەک مامۆستای مۆسیقا لە قوتابخانە سەرەتای و ئامادەیی و پەیمانگای هونەرە جوانەکان و کۆلێژی مۆسیقا ، هەندێکیان بڕوانامەی باڵایان بەدەست هێنا وەک ماستەر و دکتۆرا ، زۆر خوێنکاریان لە بواری مۆسیقا و گۆرانی پێگەیاند ئێستا زۆرینەی مامۆستای میوزیکن و چەندین تیپی مۆسیقا و گۆرانی و کۆراڵ و ئۆپەرێت و تیپی مۆسیقای مناڵانیان بە ئەنجام گەیاند .

چەند نمونەیەک لە وانە وەک

١/ تیپی مۆسیقای مناڵانی شێخ محموود : دلێر ابراهیم ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٢/ تیپی مۆسیقای مناڵانی پیرەمێرد : صلاح رەووف تیپی ئەندامی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٣/ تیپی مۆسیقای مناڵانی نەورۆز : عوسمان محمد امین ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٤/ تیپی مۆسیقای مناڵانی بێخود : نامدار قەرەداخی ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەوی سەرپەرشتی کردوە

٥/ تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان : خالید سەرکار ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٦/ تیپی مۆسیقای دیلان : فرانسیس داود ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٧/ تیپی مۆسیقای کیژانی ئامادەیی سلێمانی کچان : خالید سەرکار ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٨/ تیپی مۆسیقای زانکۆ : انوەر قەرەداخی ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

٩/ تیپی مۆسیقای میللی : انوەر قەرەداخی ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە

١٠/ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان : دلێر ابراهیم

هەواڵنامەی کتێب



ـ ئـاراس ابراهـیم ئـەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە
١١/ تیپی مۆسیقای گروپی نـەتـەوەی میللی : خالید سەرکار ـ زانا هـەژار ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە
١٢/ تیپی مۆسیقای کیژانی سلێمانی : انوەر قـەرەداخـی ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە
١٣/ ئۆکستراى سلێمانی : انـوەر قـەرەداخـی ـ عبدالله جمال ـ نجات امـین ئـەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی سەرپەرشتی کردوە .
هـەروەهـا لـە شـاری سلێمانی جگە لـە تیپی مۆسیقای مـەولـەوی و سلێمانی لـە سالانی حەفتاکانی سـەدەی بیست دا دوو تیپی تری مۆسیقا و گۆرانی هەبوون و بەرهەمیان هەبوو جێگە و پێگەیان دیار بوو
١/ تیپی مۆسیقای مەولەوی : کە تەواو کەری تیپی مۆسیقای مـەولـەوی جـاران بـوو . ئەو هونەرمەندانەی دیار بوون لەو تیپەدا ( نامدار قـەرەداخـی ) سەرپەرشتیاری تیپ و حەمەی نێرگزی گۆرانی بێژ و صلاح مجیدی گۆرانی بێژ بوو .
٢/ تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کـورد : لـەسـەرەتـادا هـونـەرمـەند شـەوکـەت رەشید کەلە تیپی مۆسیقای سەربازی کەرکوک ژەنیاری کلارنێت بوو ئەو سەرپەرشتی ئەم تیپەی کردووە .
دیارە نوسین لە سەر تیپی مۆسیقای مەولەوی و سلێمانی زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت بە تایبەت لەسەر بەرهەمەکانیان کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ تەمەن و خزمەتکردن بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی .
بۆ نوسینی ئەم چەند دێرەم لە سەر هەردوو تیپی مەولەوی و سلێمانی زیاتر پشت بەستوو بووم بە چەند نوسینێک لێرە و لەویَ دەستم کەوتوە لە سـەر تیپی مۆسیقای مـەولـەوی ، بـەزۆری و زیاتر متمانەم بە ئەزموونی خۆم بەستووە و شاهێدی حاڵی زۆر لە ڕووداوەکان بـووم و لە کۆتایدا داوای لێبووردنی گشتی دەکەم گەر ناوی کەسەکان یان زانیاریەکان لە یادم کردبیَ !
لـە بـەر نـەبـوونـی ئـەرشـیـفی مـێـژووی تیپی

مۆسیقای مەولەوی و لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە دواوە چەندین تیپی مۆسیقایی سونەتی و عیرفانی و میللی لە شاری سلێمانیدا دروست بوون ، رۆڵی زۆر باشیان هەبووە لە سەرخستن و بەرەو پێش بردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لە شاردا . لە ژەنیاری بە توانا و دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژی مۆسیقا بوون و لە و گروپ و تیپانەش کە دیارن و ناویان هەیە وەک

١/ تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی : ژەنیارەکانیان بە ئامێری میللی سەنتوور و باڵەبان و عوود و زەرب و دەف ....هتد هونەرمەندان ( صەباحی سەنتور و خالید رەشید ) سەرپەرشتیان دەکرد . گەلێک کاری هونەری جوانیان ئەنجامدا بە تایبەت بۆ هونەرمەندانی دەنگ خۆش عومەری خەزان و بەهجەت یەحیا

٢/ تیپی مۆسیقای سونەتی گەریان : ساڵی ٢٠٠٠ توانیان ٣ ئەلبوم لە بەرهەمی هونەری جوان و بەتوانای گۆرانی و مۆسیقایان هێنایە بەرهەم بە ئامێرە میللی یەکان ، گەلێک کۆنسێرتیان پێشکەش کردووە چ لە شاری سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان و وولاتانی ئەوروپا . سەرەتا هونەرمەند دلێر حسێن سەرپەرشتی کردوون پاشان هونەرمەندان کارزان محموود و توانا خورشید .

٣/ تیپی مۆسیقای سونەتی پایز : بە ئامێرە میللی یەکان و زیاتر بە ستایلی کرمانجی کاریان کردووە و چەندین بەرهەمی قەشەنگ و جوانیان هەیە و کۆنسێرتیان لە کوردستان و دەرەوە ئەنجام داوە

٤/ تیپی مۆسیقای سونەتی لوڕ : کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دا دروست بوون دەرکەوتنیان بە ئامێرە میللی یەکان بوو وەک ( تار ، عوود ، سەنتوور ، زەرب ، دەف .... هتد ) چەندین میلۆدی رەسەنی کوردی جوانیان بە دەنگی گۆرانی بێژە میللی یەکان و گۆرانی بێژانی ناوداری کورد وەک اسماعیل سابووری و لوقمان سەلیم و سەعدون کاکەی ... هتد و کۆنسێرتیان لە کوردستان و وولاتانی ئەوروپا ئەنجام داوە و یەکێکن لە تیپە چالاکەکانی شاری سلێمانی .

حەزم کرد لەسەر لایەنی تری گرنگی تیپی مۆسیقای سلێمانی بنووسم ، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک لە ئەندامە کارامە و لێهاتووەکانی لایەنی نوسینی لەسەر مۆسیقا و گۆرانی کوردی فەرامۆش نەکردووە بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان یان دانانی کتێب لەسەر هونەر و هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی یا بەشداری کردنیان لە کۆڕ و سیمینار و ئەو مێز گردانەی ساز ئەدرا چ لە سلێمانی یا لە شارەکانی تر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە ئەرشیفی هونەریمان و یا بە مەبەستێکی تر بۆ دەوڵەمەند کردنی نوسین و بڵاوکردنەوە و پەرە پێدانی ئەم بوارەش . لێرەدا ناوی چەند لەو هونەرمەند و مامۆستایانە دەهێنم کە هەم دەست رەنگین لە کاری هونەری و هەم قەڵەم رەنگین و بە پێز لە نوسین و تەئلیف و کۆڕ و کۆبونەوەکاندا وەک ( هونەرمەند عادل حەمە کریم ، هونەرمەند زۆزک قەرەداخی ، ئەسعەد قەرەداخی ، فرانسیس داود ، فەرید عیسا ) کە تا رادەیەکی باش گۆرانکاری گەورە دروست بوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری هونەری چ بۆ کۆمەڵگا و چ بۆ خوێنکارانی کولێژی مۆسیقا و پەیمانگای هونەرە جوانەکان . کە چەندین کتێب و نامیلکە و نوسراوی هونەری خرایە سەر خەرمانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی لە کوردستاندا .

عەوالنامەی کتێب

## خۆشنووسانی کورد

# مەجدی ‹مەلیکولکەلام›



ئا: ئەحمەد سەعید

ناوی عەبدولمەجید کوڕی میرزا عەبدولکەریمە، ساڵی ١٨٤٩ لە شاری سەقز لەدایکبووە. میرزا عەبدولکەریم لە خانەدان و پیاوماقووڵانی سەقز بووە. عەبدولمەجیدی کوڕی هەر لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکی و بلیمەتیی لە هونەری خۆشنووسی‌دا لێ دەرکەوتووە، لە تەمەنی حەوت‌ساڵی‌دا خراوەتە بەر خوێندن لە حوجرە و باوکی یەکێک بووە لە خەتخۆشە ناودارەکانی سەردەمی خۆی لە سەقز، وانەکانی خۆشنووسیی بە کوڕەکەی وتووەتەوە. وەک باس‌دەکرێ؛ دوای ساڵێک خەتی کوڕ و باوک بەئاستەم لەیەک جیاکراوەتەوە! بۆ خوێندن ماوەیەک چووەتە شاری بانە و وانەی موختەسەری مەلا سەعدی لای مەلا ئیبراهیم خوێندووە. میرزا، پیاوێکی دوورەپەرێز بووە و حەزی بە تێکەڵی نەکردووە. ساڵی ١٨٧٧ بە بیانووی چوون بۆ بەجێ‌هێنانی فەریزەی حەج، چووەتە شاری سنە و لای حاجی شێخ شوکروڵڵا کە خەلیفەی شێخی تەوێڵە و لە شێخانی پایەبەرز و ناوداری سنە بووە، ماوەتەوە و سەفەرەکەی بۆ ڕێکنەکەوتووە. دووساڵ لەوەبەدوا ژیانی هاوسەریی لەگەڵ کچی یەکێک لە خانەوادەکانی سنە پێکهێنیاوە. ساڵی ١٨٨٦ لەگەڵ هاوسەرەکەی و عەبدولحەمیدی کوڕی (١٨٨٢-١٩٠٨) لە ڕێگەی بەغداوە بۆ سەفەری حەج چوون و لە ڕێگەی حەج چاویان بە زانای گەورە موفتی زەهاوی کەوتووە و پێوەندییەکی گەرمی لەگەڵ بنیات‌ناوە. دوای چوارساڵ لەو دیدارە، موفتی زەهاوی کۆچی‌دوایی کردووە، میرزا خەمی زۆری بۆ خواردووە و هەر کاتێک



پۆرترێتی شاعیر خۆشنووس مەجدی بەدەستی هونەرمەندی کورد بەدیع باباجان کێشراوە


هەر بەهۆی ئەم ناوبانگەیەوە شای قاجار (ناسرەددینشا) بە ئەنجومەنێکی شاهانە ناسناوی مەلیکولکەلامی پێبەخشیوە. مەجدی شاعیر و خۆشنووس پیاوێکی باڵابەرز و گەنمڕەنگ و چاوڕەش و ڕیشێکی قەڵەمی و دووسمێڵی قیتی هەبوون، لووتی باریک و درێژ و دەمی بچووک و سەرچەناگەی تۆزێک دەرپەڕیو و لە کاتی قسە و ئاخاوتندا هێمن و لەسەرخۆ و کەسێکی دیندار بووە و لەنێو خەڵکدا ڕێزی زۆری لێگیراوە و مامۆستای زۆرێک لە شازادە و وەزیر و نەوەکانیان بووە. پیاوێک بووە پابەندی تەریقەت و شوێنکەوتە و پێڕەوی شێخانی تەریقەت. تا لە سەقز و سنە بووە، پۆشاکی کوردیی پۆشیوە، بەڵام کە باسی زەهاوی کرابێ، ماتەمینی دایگرتووە و بەردەوام بەخێر باسیکرووە. کە چووەتە حەج، زۆر بە مانەوە لە شاری مەدینەی درەوشاوە کردووە، بەڵام بەهۆی پێداگریی هاوسەرەکەیەوە گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە. پاش ئەوە بەخێزانەوە ڕوویکردووەتە شاری تاران و لەوێ نیشتەجێبووە، هەر زوو بووەتە دۆستی کەسانی ئەهلی ئەدەب و ڕۆشنبیرانی تاران و بەهۆی بەرزیی ئاستیەوە لە هونەری خۆشنووسیدا، کراوە بە مامۆستای قوتابخانەی خانەی هونەر (دار الفنون)، تا ساڵی ١٩٢٥ کە کۆچیدواییی کردووە، درێژەی بەو کارە داوە. میرزا سەردەمی خۆی لە خۆشنووسیدا یەکێک بووە لە خۆشنووسانی گەورەی ئێران و ناونابانگی لە ئێران و دەرەوەی ئێرانیش بڵاوبووەتەوە؛ شای ئینگلیستان بە هونەری بەرزی میرزا و بە شیعرەکانی سەرسام بووە.



( قصاید )
( در حمد و مناجات )

وێنەی لاپەڕەیەکی دیوانی مەجدی شاعیر و خۆشنووس بە خەتی خۆی

هەواڵنامەی کتێب



مەشقێکی عەبدولحەمید کوڕی مەجدی شاعیر خۆشنووس

چووەە تاران چاکەت‌وپانتۆڵی لەبەرکردووە و سدارەیشی لەسەرناوە. میرزا لە شیعردانان‌دا دەستێکی باڵای هەبووە، لە تەمەنی ٦٢ساڵی‌دا شیعرەکانیی کۆکۆکردووەتەوە کە نزیکەی شەست هەزار بەیت شیعر بووە. زۆربەی ئەو شیعرانە فارسی و هەندێکیشیان بە کوردی بوون و زۆریش لە شیعرەکانی فەوتاون و بەردەستنەکەوتوون، شیعرە فارسییەکانی تێکەڵەیەکن لە بابەتی فەلسەفی و تەسەووف و نیشتمانی و خەیاڵی عەشقبازی. نموونەیەکی شیعری مەجدی بە کوردی: لە دوولا زوڵفی لاولاوە، لەسەر ڕووی قامەت ئاڵاوە خەم و پێچی هەموو داوە، چ لەم‌لاوە، چ لەولاوە موژەی وەک نێشی پەیکانە، هەمیشە کاری پێکانە دڵی هەر خوێش و بێگانەی بە ئەم پەیکانە پێکاوە لەکۆتاییدا سوپاسی مامۆستای گەورە حەمەی حەمەباقی دەکەم کە کۆپییەکی دیوانی مەجدی شاعیری بۆ هێنانم کە بەخەتی مەجدی شاعیر نووسراوەو عەبدولحەمیدی کوڕی چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای بەخەتی خۆی بۆ نووسیوە، ئەم شاکارە لەتاران ساڵی ١٩٥٨چاپکراوە، هەروەها سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم خۆشنووسی ناوداری ئێران کاکە عەلی حسێنی لە شاری سەقز دەکەم کە مەشقێکی عەبدولحەمیدی کوڕی مەجدی بۆ ناردم.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: ١. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧١. ٢. ڕۆژنامەی ‹الاتحاد›، ژمارە ٣٩١، ٢٠٠٠/١٠/١٣. (اعلام الكرد في الخط العربي، مجدي ملک الکلام) ٣. ژمارە ١٠٠، ١٩٩٤/١٠/٨. (اعلام الكرد في الخط العربي، مجدي ملک الکلام ) ٤. ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە ١٩٣، ٢١ /٦/ ١٩٩٨ ( نوابغ الكرد في الخط العربي، مجدي ملک الکلام.

# تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا

## لێکۆڵینەوە لە هۆ و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی لە سەرەتای (سەدەی هەشتەوە تا سەدەی سێزدەی کۆچی)



مەنسوور ئەحمەدی
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

هەواڵنامەی کتێب

**پوختە**

بەڕوخانی خەلافەتی بەغداد لە ساڵی (١٢٥٨ز) و سەقامگیریی فەرمانڕەوایەتی ئێلخانی و تەیمورییەکان، سۆفیگەریی و مەیل بۆ سۆفیگەریی یەکێکبوو لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی ئێران. سەردەمی تەیموریی، قۆناخی لوتکەی گەشەکردنی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانە لە سەرتاسەری وڵاتانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلام. ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە لەناوچە جیاجیاکاندا هاوشێوە نەبوو. مەیل بۆ سۆفیگەریی لە ناوچەکانی باشوور بەراورد بە ناوچەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ئێلخانییەکان جیاوازبوو. تەریقەتی نەقشبەندی ئەو سۆفیانە بوون پەیتا پەیتا لە ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران و کوردستان گەشەیانکرد و بڵاوبوونەوە. ئەگەر ناوچەکانی خۆرهەڵات سەرچاوەی پەیدابوونی نەقشبەندی بوو، بەڵام کوردستان یەکێکبوو لەو ناوچانەی تەریقەتی نەقشبەندی بەهێواشی تەرزی بۆ هاویشت و دوای خۆی کاریگەری بەسەریەوە زۆربوو.

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدێکی وەسفی-شیکاری و بەکارهێنانی سەرچاوەی کتێبخانەکان، هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیاری هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان بداتەوە. پێدەچێت هۆکارێکی

کاریگەریی بڵاوبوونەوەی سۆفیگەریی بەتایبەت نەقشبەندی لە کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەدەی هەشت تا سەدەی سێزدەی کۆچی، پشتگیریکردنی فەرمانڕەوایانی بابان و هەوڵەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوویێت.

وشە کلیلییەکان: سۆفیگەریی، تەریقەتەکان، ، نەقشبەندی، کوردستان، مەولانا خالیدی نەقشبەندی

## پێشەکی


دەرکەوتنی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ سەدەی (پێنجی کۆچی) دەگەڕێتەوە، لە مێژووی سۆفیگەریی ئیسلامی بە یەکێک لەڕێبازە گرنگەکان دادەنرێت و کەسایەتی گەورە لەم تەریقەتە سۆفیگەرییە هەڵکەوتوون و فیکرەکانی پەیوەند بەم تەریقەتەیان بڵاوکردووەتەوە. ئەم تەریقەتە لە نزیکەوە پەیوەندی بە شەریعەتەوە هەبووە و لەسەر هەشت بنەما بونیادنراوە: ١. هۆشی هەنوکەیی ٢. سەربەرزکردنەوە ٣. گەڕان بە نیشتماندا ٤. بیری تەنیایی لە کۆڕدا ٥. زیکرکردن ٦. گەڕانەوە ٧. پاراستن ٨. یادداشت ٩. وقوفی زەمانی ١٠. وقوفی عەدەدی ١١. وقوفی قەلبی.

تەریقەتی نەقشبەندی ڕێبازێکە، خواجە بەهائەدین محەمەد نەقشبەندی بوخاراییی (٧١٧-٧٩١ک) بۆ خواجەی گەڕاندوەتەوە، بەڵام ناتوانین بەدامەزرێنەری ئەم تەریقەتەی بزانین، بەڵکو درێژەپێدەری تەریقەتی خواجەکانە. ئەم تەریقەتە، خواجە یوسف هەمەدانی (٥٣٥-٤٤٠ک) و عەبدولخالق غوجدەوانی (٤٩٣-٥٧٥ک)، دایانمەزراندووە (سەمیعی، ١٣٨٧: ١٢٥).

ئەم تەریقەتە میانڕەوە و لە سەردەمی تەیمورییەکان زۆر بڵاوبووەتەوە. کەسایەتییە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بەتوندی پابەندن و باوەڕیان بە پاراستنی نەریت و شەریعەت هەبووە و لەو سۆفییانە بوون، بەتوندی دژی هەر گۆڕان و ڕاڤەیەکی نوێبوون بۆ ئایین و شەریعەت.

### ١-١ بنەما و تیۆرەکانی نەقشبەندی

بەردی بناغەی تەریقەتی نەقشبەندی، پابەندبوونە بە شەریعەت و سوننەت و بەپێی



بیر و باوەڕەکەیان گوێڕایەڵیکردنی فەرمانی شەریعەت و شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)، هۆی بەردەوامبوونی بەندایەتی و بەهۆی ئەوبیروباوەڕە، دانەری کتێبی ساداتی نەقشبەندی، پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە، تەریقەتی نەقشبەندی بە فەزڵێکی خوایی دەزانن (حسەینی، ١٣٨٠: ٢٣).

## ١-٢ کەسایەتییە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بەرهەمەکانیان تا کۆتایی سەدەی نۆی کۆچی

تەریقەتی نەقشبەندی لەبنەڕەتەوە ئێرانییە و شێخەکانی ئەم تەریقەتە لەسەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی نۆ هەموویان ئێرانین و زۆربەی بەرهەمە بەجێماوەکانی کەسایەتییە گەورەکانی ئەم تەریقەتە بەزمانی فارسییە، چونکە تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر خاکی فارسی زمان، یان کولتوری ئێرانی بڵاوبووەتەوە، زۆرترین کاریگەری هەبوو. خواجە یوسف هەمەدانی (عارف و بیرمەندی گەورە و وتاربێژ و پەخشاننووسی بەتواناو دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندییە)، خواجە عەبدولخالق غوجدەوانی (شاگردی خواجە یوسف هەمەدانی و پیر و مورشیدی شێخ بەهادین نەقشبەندی)، خواجە عارف ڕیوگەری، خواجە مەحموود ئەنجیری فەغنەوی، خواجە عەلی ڕامتینی، خواجە محەمەد بابای سەماسی، سەید ئەمیر کولال و بەهائەدین نەقشبەند و خواجە محەمەد پارسا لە کەسایەتییە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندین (سەمیعی، ١٣٨٧: ١٢٨-١٣٢).

## ١-٣ سۆفیگەری دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان

سۆفیگەری دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان زیاتر لە شیعەگەری نزیکبووەوە و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی تەیمورییەکان گەیشتە لوتکە. لە تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی سەردەمی تەیمور، واتە هەمەدانی، خەتلانی، نوربەخشی، نیعمەتوڵلاهی، نەقشبەندی، سۆفیگەری، حروفییە و مەشاعییە، سێی یەکەمیان بەتوندی لەژێر کاریگەریی یەکتردابوون. بەمشێوەیە سەیدعەلی هەمەدانی، مامۆستای خواجە ئیسحاق خەتلانی و ئەویش مامۆستای محەمەد نوربەخشی بووە. بۆیە، هەر سێ تەریقەتەکە، عەلەوییەک دایمەزراندوون. شیعەگەریی لەم سێ ڕێبازەدا، لە ناساندنی محەمەد نوربەخشی، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی خۆی دۆزیوەتەوە، چونکە بە فەرمی ڕایدەگەیەنێت نەسەبی قووڕەیشی، هاشمی، عەلەوی، فاتیمی، حوسەینی و کازمییە و لە زانستە بەرزەکانی جەعفەرییدا، شوێنکەوتووی مرۆڤی ئەولیا، حەزرەتی عەلی مورتەزایە (کامیل مستەفا ئەلشەیبی، ١٣٧٤: ل٣١٢). هەروەها نیعمەتوڵلاهی کە لەدوای نوربەخشی دێت، هەر چەند خۆی بە حەنەفی ناساندووە، بەتوندی ئەهلی بەیتی خۆشویستووە و ئەمەویەکان، واتا دووژمنەکانی بنەماڵەی عەلی بەدووژمن نەدەزانی و هەتا بەگێڕانەوەیەک، باوەڕیان بە ئیمامەتی عەلی و کوڕەکانی هەبوو (ئەلشەیبی، هەمان سەرچاوە ل٣١٢).

سەردەمی تەیمورییەکان، هەڕەتی لوتکەی گەشەکردنی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانە لە سەرتاسەری وڵاتانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلام. بەشێکی گرنگی ئەم ڕێبازانە کە بەگشتی بەناوی ڕابەرەکانیانەوە ناسراوون، وەک: هەمەدانی، خەتلانی، نوربەخشی، نیعمەتوڵلاهی، نەقشبەندی، سەفەوی، حروفییە و مەشاعییە. ژمارەیەکی جێگاسەرنج لە خەڵک و تەنانەت کارمەندەکانی فەرمانڕەوا لەم سەردەمەدا، مەیلیان بۆ یەکێک لەم

مەزهەبە سۆفیگەرییانە نیشان دەدا. کەوایە سۆفی و لایەنگرەکانیان توێژێکی بەرچاویان لە کۆمەڵی سەردەمی تەیموری پێکدێنا. بۆیە، فەرمانڕەوایەتی تەیمورییەکان و کۆمەڵی ئەو سەردەمە بەرەوڕووی پەلاماری کۆمەڵێکی زۆری سۆفییەکان بوونەوە کە زۆربەیان بەجۆرێک شیعەگەرا بوون. بەڵگەنەویستە ئەمیرانی تەیموری بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ڕەوایەتی لەم سەرچاوەیە گەورەیە، هەوڵیانداوە لە بۆچوون و ئاڕاستەکانی ئەم تاقمانە نزیک ببنەوە. مەیل بەرەو سۆفیگەری و مەزهەبێکی جیاواز لە ئایینە فەرمییەکانی ناو ئیسلام دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان، خەڵکیان لەبیرکردنەوە لەوەی لەدەستیان داوە ڕزگار کردو سۆفیگەرییش لەم قۆناغەدا چووەناو کونوکەلەبەری ژیانی خەڵکەوە. کاریگەری شێخەکانی سۆفیگەریی لە کۆمەڵی ئێراندا بەئاستێکبوو سەرچاوەکانیان بە «پاشای بێتاجوتەخت» ناودەبرد، کە فەرمانڕەوایەتییان بەسەر دڵی زۆرینەی خەڵکەکەدا دەکرد. نەزر و بەخشین بۆ شێخەکان و موڵکی خانەقاکان لەم قۆناغەدا زۆر بوو. سەرنج و گرنگیدان و نزیکبوونەوەی فەرمانڕەواکان لە شێخە سۆفییەکان لە سەردەمی تەیموری لەنگیشدا بەردەوام بوو.

ئاستی سەرنج و گرنگیدانی گشتی بە تەریقەتی سۆفییەکان و زیادبوونی کاریگەری و دەسەڵاتی شێخ و چینی سۆفییەکان، بووەهۆی دروستبوونی شێوازێکی بیرکردنەوەی تەواو جیاوازی سۆفیەکان. هەندێک سۆفی دوای کەمێک گۆڕانی دەیەکانی ڕابردوو لە شیعەگەرایی نزیکبوونەوەو یەکەم تاقمی شیعی-سۆفی گرنگیان پێکهێنا. ئەم تاقمانە بە بەکارهێنانی فیقهی سیاسی شیعە و سوودوەرگرتن لەتوانای بەزەبری هزری مەهدیزم، وازیان لەگۆشەگیریی خانەقا هێناو بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە. لەوانە، حروفییەکان، ماشاعییەکان و نوربەخشییەکان.

**٢- دەربڕینی پرس و پرسیاریی توێژینەوەکە**

بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەو سێزدەی هەتاوی، پەیوەستبوو بەچالاکیەکانی مەولانا خالیدی شارەزووری و موریدە زۆرەکانی. پرسی سەرەکی ئەم توویژینەوەیە، بەدواداچوون بۆ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی عثمانی لەسەرەتای سەدەی نۆ، تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدەیەم دەکات. بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو پرسە، ئەم وتارە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە بداتەوە:

هۆکارەکانی زوو گەشەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان چی بوو؟

مەولانا خالید بە پەنابردنەبەر کام لە ڕێکارەکان، توانی پەرە بە تەریقەتی نەقشبەندی بدات و بڵاوی بکاتەوە؟

**٣- پێشینەی توێژینەوەکە**

گرنگی و ئاستی کاریگەریی تەریقەتی نەقشبەندی لە جیهانی ئیسلام لەلایەک و چالاکی زانستی ڕابەران و موریدەکانی ئەم تەریقەتە بە ئاقاری بانگەواز و ناساندنی هەرچی زیاتری وایکرد، کە کتێب و بەڵگەنامەی جۆراوجۆر بکەوێتە بەردەست توێژەرانی ئەم بوارەوە. کتێبی «المجد التالب فی مناقب الشیخ الخالید»(١٢٩٢ه.ق) بەرهەمی سەید ئیبراهیم فەسیح ئەفەندی ناسراو بە حەیدەریزادەی خەلیفەی مەولانایە. ئەم کتێبە زانیاری گەنجینەی گرانبەهای چالاکییەکانی

مەولانا، خەلیفەکانی مەولانا لە بەغداد و ناوی خەلیفەکانە. «السلسله الحیدریه»(١٤٢٢ه.ق) نامیلکەیەکی تری ئەو نووسەرەیە. کتێبی «الكواكب الدریه علی الحدائق الوردیه فی اجلاء السادات النقشبندیه»(١٩٩٧)ی شێخ عەبدولمەجید کوڕی محەمەد ئێلخانی دەربارەی تەریقەتی نەقشبەندی لە سەرەتای پێکهاتنیەوە تا کاتی نووسینیەتی. گەنجینەی زانیاری بەسوودی چالاکییەکانی مەولانا خالید و خەلیفەکانیەتی لە دیمەشق، کە هەندێک زانیاری، لەسەرچاوەکانیتر دەستناکەوێت. «الحدائق الوردیه فی حقائق اجلاء النقشبندیه»(٢٠٠٢) کتێبێکی ترە و تا ڕادەیەک پوختەی کتێبەکەی پێشترە. «سیری در ریاض المشتاقین» (١٣٨٦ه.ش) کتێبێکی تری بەنرخی تەریقەتی نەقشبەندی، حامید بیسارانییە، کە نووسەر و موریدی شێخ عثمان نەقشبەندی سەراجەدین، یەکەم خەلیفەی مەولانایە. کتێبی «یادی مەردان» (٢٠١١م)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەکوردی نووسراوە. ئەم کتێبە دوو بەرگە و بەرگی یەکەمی باسی مەولانا خالید دەکات. کتێبی «مەولانا خالیدی نەقشبەندی و پەیڕەوانی تەریقەتەکەی»(١٣٦٨)ی مەهیندوختی موعتەمیدی، وەسفێکی مێژوویی ژیانی مەولانا خالیدە لە هاتنەدنیاوەی تا مردنی، ژمارەیەک بابەتیش لە گۆڤارە زانستی-توێژینەوەییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە بابەتی «پەیوەندی نێوان نەقشبەندی نیمچە کیشوەریی بە نەقشبەندی کوردستان»، نووسینی: نیزام عەلی دێهنەوی، ساڵی ٢٠١٨.

هاوکاتی چوونی مەغۆلەکان بۆ ئێران، بەرەوڕووی ڕووداوێکی نوێین کە زیادبوونی مەیلی خەڵکە بۆ قبوڵکردنی سۆفیگەری. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە بەرەنجامی ڕاستەوخۆی چەوساندنەوە، کووشتن و تاڵانکردن، بێشوماری مەغۆلەکان و لاوازیی ئێرانیەکان بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەیان (تورکمانی ئازەر، ١٣٨٥: ٢٩٥-٢٩٤). ئاشکرایە سۆفیگەری سەرەتا لەناخی سوننەگەراییدا سەریهەڵدا، بەڵام لەڕەوتی کاریگەربوونی سۆفیگەری بەسەر شیعەگەراییدا لە سەدەکانی حەوت تا دەی کۆچی، وردە وردە لە بنەما تیۆرییەکانی سۆفیگەری خرایە سەر مەعریفەی شیعەگەرا (شاهمرادی و منتەزەرئەلقائم، ١٣٩٢: ٦٣). هاوبەشبوونی هێماکان، سیمبولەکان و ڕواڵەتەکان، خاڵی هاوبەشبوون کە وایکرد سۆفیگەریی کاریگەری بەسەر شیعەگەراییەوە هەبێت (جەعفەریان، ١٣٨٨: ٧٦١). لەم نێوەدا، هەندێک لە تەریقەتەکانی سۆفیگەری وەکوو تەریقەتی کوبرەوی کە شێخ نەجمەدین کوبرەوی دامەزرێنەری بوو، لەنزیککردنەوەی چوارچێوەی بنەما فکرییەکانی سۆفیگەریی کاریگەرییان بەسەر شیعەگەراییەوە زۆر بوو، بەجۆرێک کە هەندێک لەوباوەڕەدان، پەڕینەوەی هێواش و هەستپێنەکراو لە سوننەگەراییەوە بۆ شیعەگەرایی، یەکەمجار لە تەریقەتی کوبرەوی دەرکەوت (فەراهانی منفەرد، ١٣٨٨: ٣٣-٣٤). ئەم بارودۆخە بەشێوەیەک بوو کە سەردەمی ئێلخانیەکان، سۆفیگەری لە شیعەگەرایی نزیکبووەوە. مزاوی لەوبارەیەوە دەڵێت: تەریقەتەکانی سۆفیگەری و غەلات، ڕۆڵ و شێوەی شیعەگەرییان وەرگرت و لە بەرگی جۆرێک لە ئیسلامی جەماوەرییدا بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریانهێنا (مزاوی، ١٣٦٣: ٩٤). دوای ماوەیەک لەسەردەمی تەیموری، فیکر و بیروباوەڕی شیعەگەرایی لەئەنجامی هاوئاهەنگییان لەگەڵ ڕواڵەت و سیمبولەکانی سۆفیگەری، بەشێوەیەک تەریقەتێک ڕیشەی لە قووڵایی

کۆمەڵی جەماوەریی و دەرباردا داکوتابوو، کە لەم کاتەدا، دیارییکردنی چوارچێوەی فیکری و بیروباوەڕیی پەیڕەوانی مەزهەبە ئیسلامییەکان، هەتا دەربارەی دەربارییەکان، شازادەکان، سوڵتانەکان، فەرمانڕەواکان و ئەمیرەکانی دەربار، لەشکری و دیوانی زۆر ئەستەم بوو (تورکمانی، ئازەر، ١٣٨٥: ٣٢٠). سۆفیگەری لەوسەردەمەدا پردێک بوو لەنێوان سوننە و شیعە و بەزۆر هۆ بواری بڵاوبوونەوەی شیعەگەرایی لەناو خەڵکدا ڕەخساند (نەسر، ١٩٧٤: ٢٧٢). تەریقەتە باوەکانی ئەو سەردەمە بۆ ماوەیەک بەڕواڵەت لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننە مانەوە و بەهۆی تێپەڕینی کات و برەوسەندنی زۆربەی سیمبولە شیعییەکان لەنێویاندا، هەندێک لەم تەریقەتانە بەفەرمی شیعەگەرایان ڕاگەیاند و بوونە شیعە مەزهەب (دەفتەری، ١٣٧٥: ٥٢٥). بەدەستەواژەیەکی تر، سۆفیگەری سەرەتا کە لە سوننە دەستی پێکردبوو، دواجار بەشە سەرەکییەکەی لە ئێران ڕووی لە شیعەگەرایی کرد، بە شێوەیەک کە زۆرجار ئەو ڕەوتە لە پاڵنەری تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی سەدەی حەوت و دەی کۆچی، لەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامی گشتیتر لە شامات، ئاسیای بچووک و بەتایبەت ئێران و هیندستان دەبینین (شاهمرادی و منتەزر ئەلقائم، ١٣٩٢٣: ٦٣). تەنانەت ئەو تاقمانەی هەوڵیاندا بە سوننە بمێننەوە، لەزۆربەی ڕووانگەکانی خۆیان، دەمارگیر نەمان و ڕادەستی هەندێک هێمای کەسایەتی شیعە بوون (جەعفەریان، ١٣٧٠: ٧٦). چیرۆکی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی دەوڵەمەندئاسا لەسەردەمی ئێلخانی و تورکمانە قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلووەکان لەسەر چەند بەشێکی کوردستانی بۆ دەگەڕایەوە، واتا بەجۆرێک شیعەگەرایی بەپێستی ناسکی سوننەی سۆفییانە کە پەرەیان بە تەریقەتە جیاجیاکانی سۆفیگەریداو بانگەشەیان بۆ کرد. بۆیە، مارشاڵ هاجسۆن، پێیدەوت «تەریقەتی شیعەگەرایی» و کلۆد کاهن بەم پرۆسە سەیرەی دەوت «بوون بە شیعەی سوننە»- لە بەرامبەر بانگەشەکانی شیعەگەرایی بەهۆی هەر یەک لە مەزهەبەکان و نووسینگە تایبەتییەکانی – (مەتین دەفتەری، ١٣٨٩: ٢٢٣). هەندێکی تر لە لێکۆڵەرەوان بەم ڕەوتەیان وتووە «شیعەگەرایی سۆفییانە» (جەعفەریان، ١٣٨٨: ٧٦٢). پانتایی پێکهاتوو لە سەردەمی ئێلخانی و تورکمانەکان، گۆڕانی مەزهەبی خەڵک و تایفە سوننەکان بۆ شیعەگەرایی ئاسان کردبوو. لە حەقیقەتدا، گۆڕان و پرۆسەی وتراو (شیعەگەرایی سۆفییانە) کە لە کۆتاییدا، ڕێخۆشکەریی قبوڵکردنی هەموانی شیعەگەرایی بوو لەکۆمەڵی ئێراندا، لەسەردەمی قەرەقۆینلووەکان گەیشتبووە لوتکە و هەر لەم ڕاگوزەرەوە دەتوانین هۆکاری جیاجیاو هەندێکجار پارادۆکسی لێکۆڵەرەوان دەربارەی مەزهەبی قەرەقۆینلووەکان دیاریبکەین، چونکە پابەندبوونی فەرمانڕەواکان بە ئایین و مەزهەبێکەوە، کە دەکرێت ناویبنێین «سۆفیزمی تەریقەتی» یان «شیعەی سۆفی»، وایکردووە تووێژەران بەزەحمەت بتوانن مەیلی ئایینی خۆیان دیاریبکەن.

## سۆفیگەری و مەزهەبی سوننە

سۆفیی شانشینە جیاجیاکان، پەیڕەوی مەزهەبی جۆراوجۆر دەکەن، بۆنموونە نەقشبەندییەکانی هیندستان، ئەفغانستان و ئاسیای ناوەند، پەیڕەوی مەزهەبی حەنەفین و ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق و تورکیە، شافعین. هەمانشت بۆ

پەیڕەوانی تەریقەتی قادری لە عێراق ڕاستە، کە شافعی، حەنەفی و شیعە هەیە. ئەم سۆفیانە پابەندی خوداپەرستی و نەریتی مەزهەبە فیقهییەکان نەبوون، بەڵام لە هەر ناوچەیەکدا واخۆیان نیشاندەدا کە ئایینی خەڵکی ئەو خاکەن و زۆربەیان باوەڕیان بە داب و نەریتی فیقهی نەبووە. (تاجبەخش، ١٣٨١: ١٩٧).

## مەزهەبی سەرەتایی سۆفیگەری لە کوردستان

کوردەکان لە سەدەی سێی کۆچی ئاشنای سۆفیگەریبوون، بە شێوەیەک کە سۆفییەکانی دێنەوەر ناوبانگییەکی بەرچاویان هەبوو (موبارەکی، ١٣٨٤: ٧٣؛ گوڵزاری، بیتا: ١/١٠٤)، بەڵام ئەمە بەمانای تەشەنەکردنی تەریقەتی سۆفییە گونجاوەکان لەنێو کورددا نەبوو و تەنیا جۆرێک لە مەیلی زاهیدانەبوو کە هەندێک تاکی کۆمەڵ نیشانیاندەداو شوێنەواری ئەو مەیلە لەنێو کوردەکاندا تا ناوەڕاستی سەدەی چواری کۆچی دەتوانرا دیاری بکرێت، چونکە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا چەند ڕاپۆرتێکی تاقمی سۆفییەکانی کوردستاندا هەیە کە ژیانی تاکەکانیان زاهیدانەبوو. بەم حاڵە، بڵاوبوونەوەی گشتی بیری سۆفیگەری لەشێوەی تەریقەتی گونجاوی ناوچە کوردنشینەکان پێویستە لەسەدەی شەشدا لەبەرچاوبگیرێت (Bois: ١٩٦٦: ٩١). سەدەی شەشی کۆچی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی سۆفیگەری لەجیهانی ئیسلامدا. دەمارگیری مەزهەبی ئەوکات، سەختگیری ڕێبەرانی ئایینی، بەریەککەوتنی بیروباوەڕ و بۆچوونەکان، تەکفیرکردن، بەتاوانبار لەقەڵەمدان و شەڕ و ململانێی تایفی، کۆمەڵی ئیسلامی لێکترازاندووە. ئەمەش کەسانی بەسۆز و بەتوانای هاندا بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی سۆفیگەری، «ئاشتی یەکجارەکی» و «یەکێتی ئایینەکان» بکەن. بڵاو بوونەوەی لێبوردەیی سۆفیەکان لە کۆمەڵی ئیسلامییدا، بە کۆتایی شەڕی حەفتاودوو نەتەوەی زانی (سەنەندەجی، ١٣٧٥: ٧٤-٧٥).

سەهرەوەردی یەکەم تەریقەت بوو لە کوردستان پەلوپۆیهاویشت و پاشان گۆڕەپانەکەی بۆ نوربەخشی چۆڵکرد کە سەید محەمەد نوربەخش (٨٦٩-٧٩٥ق) دامەزرێنەری بوو. عەمار کوڕی یاسر بەدلیسی، سۆفی بەناوبانگی بەدلیس لەسەدەی شەش، قوتابی سەهرەوەردی و مامۆستای سەرەکی نەجمەدین کوبرا (٦١٨-٥٤٠) بناغەدانەری تاقمی سۆفی کوبرەوی بوو. ساڵانێک ئەم تەریقەتە لە کوردستان باو بوو تا بابەڕەسوڵی بەرزنجی لەساداتەکانی باکووری عێراق، تەریقەتی عەلەوی بۆ زیاد کرد، کە لقێک بوو لە خلوتییە. سەرەتا ئەم تەریقەتە لەناو ساداتی بەرزنجە و پاشان لە هەموو کوردستان باوی بوو. ئەم پرۆسەیە تا کاتی سەرهەڵدانی شێخ ئیسماعیل قارانی بولیانی بەردەوام بوو کە لە ڕێبازی قادری خوێندوویەتی و لە گوندی قازان قایە لە باکووری عێراق و لەناو کوردەکان، بانگەشەی بۆ ئەم تەریقەتە کرد و لەکەمترین ماوەدا، زۆربەی زانا و داناکانی کوردستان بوون بە مریدی. (زەکی، ١٩٥١: ٢١٧؛ گوڵزاری، بیتا: ١/١٠٤).

## تەریقەتە باوەکان لە کوردستان

### ئەلف. تەریقەتی قادری

قادری، پەیڕەوانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە شێخ و عارفە گەورەکانی سەدەی شەشی کۆچی بوون. لە ساڵی ٤٧٠ق/ ١٠٧٧زاینی یان بەپێی وتەیەک لە ٤٩٠ق/١٠٩٧زایینی لە بەغداد

هاتووەتە دنیاوە و لە ساڵی ٥٦١ق/١١٦٦زایینی لەوێ مردووە. هەندێک نووسەر، عەبدولقادر گەیلانی بەڕەگەز کورد و خەڵکی گەیلانی خۆرئاوا دەزانن (مینۆرسکی، ١٣٧٩: ١٠٨). ئەم تەریقەتە لەدەستپێکی چالاکییەکانی، لە کوردستان پەیڕەوانی پەیدا کرد، بەڵام سەربەخۆیی گشتی بەمشێوەیە لەناو کوردەکان، لە کۆتایی سەدەی یازدە و سەرەتای سەدەی دوازدەی ە.ق ڕوویدا. لەم کاتەدا هەندێک لە گەورەکانی بنەماڵەی کۆنی ساداتی بەرزنجە پەیوەندییان بە تەریقەتی قادرییەوە کرد و بەستێنی گەشەکردنیان خۆشکرد. یەکەم کەس لەم بنەماڵانە سەید ئیسماعیلی قازان قایەی کوڕی سەید محەمەد نۆدێ، چووەتە بەغداد و دوای وەرگرتنی ئەم ڕێبازە و گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەی، بڵاوی کردووتەوە (سەنەندەجی، ١٣٧٥: ٥٧؛ زکی، ١٩٥١: ٢١٧). یەکێک لە شاعیرەکانی کوردستان بەناوی نورەدین بریفکانی (١٢٦٨-١٢٠٠ق)، تەریقەتی قادری لە شێخ ئەبوبەکر ئالوسی، ڕاڤەکاری گەورە و شاگردی شێخ ئیسماعیل قازان قایی وەرگرت و لە بادینان، موسڵ، هەولێر و .. لە نیوەی نۆزدەی زایینی برەوی پێداو دەروێشەکانی ئەم تەریقەتە بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوبوونەوە و سەرئەنجام، تەکیەی زۆر لە ناوچە کوردنشینەکاندا دامەزران. (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٤٣).

**ب. تەریقەتی نەقشبەندی**

لە هەلومەرجێکدا کە دوابەدوای پاشەکشەی خەلافەتی عەباسی، مەیل بەرەو شیعەگەرایی زۆر بوو و تەنانەت هەندێک لە سۆفیشی لە شیعەکان نزیک کردەوە، کە لە ڕابردوودا پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەیان لەگەڵیاندا نەبوو، مەزهەبێک دروستبوو کە بە پشتبەستن بە ئاییني سوننە و جەماعەت، بەشێوازێکیتر هەوڵیدەدا ئایینی سوننەی کەمبووەوە زیندووبکاتەوە. ئەم تاقمە کە بە هۆی دامەزرێنەرەکەی بە نەقشبەندی بەناوبانگ بوو، بانگی سۆفییەکانی دەکرد واز لەگۆشەگیری خانەقا بهێنن، بەڵام ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی بەدامەزراوەی سیاسی نەبوو. نەقشبەندی بەجەختکردنەوە لە فیقهی سیاسی ئەهلی سوننە، پابەندی خۆی بەسوڵتانی فەرمانڕەوا ڕادەگەیاند. تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی نەقشبەندییەکان، باوەڕبوون بوو بە بەشداریی چالاکانە لە بازرگانی و ئابووری کە ڕووداوێکی زۆر جوان و بێوێنەی سۆفییەکان بوو. بە سەرنجدان بەم باوەڕانە و تێبینیکردنی ژینگەی گەشە و باڵاکردنی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەو ڕێبازە توانی لە لایەنگران و شوێنکەوتووان و باوەڕدارانی جەماوەری زۆر سوودوەربگرێت و وەک دیارترین تەریقەتی سۆفیگەری لەناو فەرمانڕەوای تەیمورییدا ناسێندرا.
لە کاتێکدا باری گشتی کۆمەڵی ئێران دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان و زاڵبوون بەسەر تەیمورییەکان، زۆر ئاماژەی گەشەکردنی بەرژەوەندی گشتی لە مەزهەبەکانی سۆفی-شیعەدا هەبوو، تەریقەتی نەقشبەندی زادەی پابەندی و پێداگربوو لە تێفکرینی ئەهلی سوننە و جەماعەت. هەڵبەتە ئەو تەریقەتەی سۆفی بۆئەوەی ببێتە جێسەرنجی نووخبە مەزهەبیەکان و خەڵک، دەبوایە خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنێت و لەگەڵ مانەوەی لە بۆچوونەکانی ڕابردووی، پێشنیازی نوێ و بەرەوداهاتوو بکات. بۆیە دامەزرێنەرانی تەریقەتی نەقشبەندیش بەخستنەڕووی تیۆری نوێ و بێوێنە، شێوەیەکی نوێی سۆفیگەرییان نمایشکرد و بە پێچەوانەی تاقمی شیعە-

سۆفییەکان و سیاسەتی نارەزایەتییان لە ڕووبەڕووبوونەوە بە فەرمانڕەوا، ڕێچکەیەکی تریان گرتەبەر. شێخەکانی نەقشبەندی پێشنیازی بەجێهێشتنی گۆشەگیریی خانەقایان کرد، بەڵام هەوڵیان نەدەدا ڕووبەڕووی فەرمانڕەوای ئەوکات ببنەوە و بناغەی دوو بیدعەی نوێ و بێوێنەیان دانا. یەک، ئامادەبوون بەشداریی لە چالاکییە سیاسی، کۆمەڵاتییەکان بکەن و هەندێک پۆستی فەرمانڕەوا وەربگرن، بەشداریی چالاکانە لە کارلێککردن لەگەڵ فەرمانڕەوا و بە بۆچوونی خۆیان هەوڵبدەن لەڕێگەیەوە چاکسازیی لەکۆمەڵدا بکەن. دووەم، شێخەکانی نەقشبەندی بە پێچەوانەی شێوازی دنیای سۆفییەکانی پێشوو، جەختیانکردەوە لە بەشداریکردنی چالاکانەی بواری بازرگانی و ئابووری و شاگردەکانیان هاندەدا بۆی. بەهۆی ئەودووڵایەنە سەرەکییە، سوننەکان نەقشبەندییان قبوڵکرد. لەلایەک سیاسەتمەداران و ئەمیرەکانی تەیموری ئەم تەریقەتەیان بەگونجاو زانی بۆ کارلێککردن و لەلایەکی تر، سەرنجی پیشەوەران و کاسبکارانی بازاڕ و جووتیاران و پیشەوەرە جیاوازەکانی دیکەیان ڕاکێشا.

ئەوەی دواجار لە کۆتایی سەدەی هەشت سەریکێشایە سەرهەڵدانی تاقمی نەقشبەندی لە لایەن بەهادین محەمەد نەقشبەندی بوخاری (مردنی٧٩١ق)، ڕیشەی لەئیرشادە بێوێنەکانی عەبدولخالق غەجدوانی (مردنی ٥٧٥ق) دابوو. ئەم شێخە سۆفیگەرە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشی کۆچی هەشت بنەماکەی پێشنیاز کرد کە دواتر بوونە بناغە سەرەکییەکانی تیۆریزەکردنی محەمەد نەقشبەندی لەدامەزراندنی تەریقەتی نوێدا. لەڕاستیدا دووبنەمای «زیکری بێدەنگ» و «بیری تەنیایی لەکۆڕدا» ڕۆڵیان لە پێکهێنانی پلانێکی نوێی سۆفیگەری و هاتنەناو کۆمەڵەوە بەکارایی، زۆرگرنگ بوو. غەجدوانی بە پێشنیازکردنی زیکرە بێدەنگەکان بۆ «زیکری بەدەنگ» کە ساڵانێکی زۆر بنەمای گۆشەنشینی و گۆشەگیری سۆفییەکان و جەوهەری تیۆری سۆفییە خانەقانشینەکان بووە، لەسەر ئەوبنەمایە بوو. ڕوونکردنەوەی ئەوەی زیکری بێدەنگ و بەدەنگ پێویستی بەڕەچاوکردنی نەریت، باروودۆخی کات و شوێن و لەهەمووی گرنگتر، گۆشەنشینی و گۆشەگیری بووە و لە بنەڕەتدا ناکۆکبوو بەیەکگرتنی کۆمەڵایەتی. «زیکری بێدەنگ» هەوڵێکبوو بۆ گواستنەوەی زیکر لەزمانەوە بۆدڵ. بەهۆی لەناوچوونی زۆربەی هۆکارەکانی گۆشەنشینی و گۆشەگیری و دەرفەتی ئامادەبوونی چالاکانەی سۆفییەکان لەکۆمەڵدا، ئەم بنەمایە قبوڵکرا.

غەجدوانی بەتەنیشت زیکرەوە «زیکری بێدەنگ»، بنەمایەکی تەواوکەری دیکەی پێشنیازکرد کە بەئازادییەکی زیاترەوە ڕێگەی بە سۆفییەکاندا واز لە گۆشەنشینی بهێنن. بنەمای «بیری تەنیایی لە کۆڕدا»، لە ڕاستیدا واتا مرۆڤ دەتوانێت بەڕواڵەت لەنێوان خەڵک و تێکەڵاوی خەڵک بێت و هاوکات تەنیایی خۆی لەگەڵ خودا لەدەستنەدات. «سەرقاڵکردن و نقوومبوون لە زیکردا تا ئاستی چوونەبازاڕی یەکێک بەهۆی زاڵبوونی عەقڵ بەسەر حەقیقەتی دڵدا، هیچ وتار و گۆرانییەک نەبیستێت» (عارفی نوشاهی، ١٣٨٠: ١٥٩). بەپێی ئەوبنەمایە، سۆفییەکان توانیان «لەناخدا لەگەڵ حەقیقەت و لەدەرەوە لەگەڵ خەڵک» بن، بۆ ئەزموونکردنی «دەرچوون لەخۆی و لەنێو مرۆڤەکاندا». (هەمان سەرچاوە، ل١٥٩) بنەما نوێیەکەی غەجدوانی پێشنیازکرد، بووە



هەواڵنامەی کتێب

بنەما و بناغەی بیرکردنەوەی تەریقەتێکی نوێی بیرکردنەوەی محەمەد نەقشبەندی لە سەدەی هەشتی کۆچی، کە هاوکات بەدوای بژێوی ژیان و ڕۆحانیەتدا دەگەڕان، هەم لەبوون لەگەڵ خەڵک و هەم وەک خەڵک بەدوایدا دەگەڕان. لە حەقیقەتدا تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەک بنەماکانی گۆشەگیریی بەڕێگری زۆر شت، بەتایبەت ئەوانەی لە بازاڕ و بازرگانیدابوون بۆ ڕووکردنە سۆفیگەری، لەناو دەبرد و لەلاکەیتر بەڕەتکردنەوەی خۆنمایشکردن و دووڕوویی و خۆبەزلزانینی هاوبەشی هەندێک مەزهەبی سۆفی و پشتگوێخستنی پیرۆزە ساختەکان و بانگەشەی درۆینە، سۆفیزمی لە هەمووکاتێک زیاتر لەخەڵکی ئاسایی نزیککردەوە. (کاشفی، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم ل٣٥٠). لە ڕاستیدا ئەو تەریقەتەی بەهادین بانگەوازی بۆدەکرد، سۆفیگەری جەماوەری و کۆمەڵایەتی و بەبێ پابەندبوون بە ڕێوڕەسمی دووروودرێژ و نەریتی گۆشەگیرخوازانە و تایبەت بوو کە داوای لەهەموو خەڵک و بەتایبەت ئەوانەی بازاڕ و پیشەوەران دەکرد، لەکاتی کار و بژێوی ژیانیاندا خەریکی ڕەفتاری ڕۆحی بن. بەدەربڕینێکی دیکە، عەبدولڕەحمان جامی شاعیر و عاریفی بەناوبانگی نەقشبەندی سەدەی نۆ، جەختدەکاتەوە گرنگی ئەو تەریقەتە لەوەدایە کە «لەهەمووشوێنێک، لەگەڵ هەمووکەس و لەهەموودۆخێکدا دەتوانرێت بکرێت». (لاری، هەمان سەرچاوە، ل١٦؟؟؟؟). وێڕای ئەو تایبەتمەندییە ناوازە و دەگمەن و تازەسەرهەڵدراوی سۆفییانە، تەریقەتی نەقشبەندی پابەندبوونی تایبەتی بەشەریعەتەوە دووپاتە دەکردەوە. لە ڕاستیدا دەتوانین پێکهاتنی تەریقەتی نەقشبەندی بە سەرهەڵدانی سوننە لە ئێران، وەک شەپۆلێکی سۆفیگەری تێکەڵ بە تیۆر و بەرژەوەندی شیعەگەری لەقەڵەم بدات.

## بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان

تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی١٧ی زایینی، لە هەندێک ناوچەی کوردستان چالاک بوو، بەڵام لەبەرایی سەدەی ١٩ی زایینی و دوای گەڕانەوەی مەولانا خالیدی شارەزووری لە هیندستان، ئەم تەریقەتە لە کوردستان بووژایەوە و توانی لەناو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، بایەخی زیاتربێت. (مودەڕیس، ١٠١١: ١/ ٣٦-٣٥). دەبێت بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بارودۆخی نەقشبەندی لە کوردستان، بەکورتی چاو بەگۆڕان و گۆڕانکاریی ستراکچەری سیاسی میرنشینی بابان و کاریگەری و بڵاوبوونەوەی بەفراوانی تەریقەتی قادری لە کوردستان و بە تایبەت شاری سلێمانی بخشێنین.

لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان، تەریقەتی سۆفی شیعە (نیمەتوڵلاهی، خاک سالاری و بیکتاشی) و تەریقەتی قادری سوننە، بەربەستێکی جدیبوون بۆ هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ ئەو ناوچانە، تا لەسەرەتای سەدەی سێزدەی کۆچی ئەو تەریقەتە بەهۆی عاریفی کورد، مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٢٤٢-١١٩٣ق). لە هەندێک ناوچەی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە بڵاو بووەوە. مەولاناخالید بەهۆی دەسەڵاتی زۆری شێخەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستان، ناچار بوو لە بەغداد بمێنێتەوە و بە پشتیوانی والی بەغداد، خەلیفەکانی بۆ ناوچە کوردنشینەکان بنێرێت (سنەندەجی، ١٣٧٥: ٦٥). دواتر بەهۆی پاڵپشتی فەرمانڕەواکانی بابان، تەریقەتی نەقشبەندی لەناو کوردەکان

بایەخی خۆی هەبوو (میربە سری، ٢٠٠٢: ٥٦). پێشوازیکردنی کوردەکان لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بەشێوەیەک بوو لە ساڵی ١٢٣٥ق مەولاناخالید ١٢٠ هەزار مریدی هەبوو و بە وتەی گەشتیارێکی ئەورووپی، خەڵک بە پاسەوان و پێغەمبەریان دەزانی و هەمووجۆرە هێزێکی سەروو مرۆییان بۆ دەگەڕاندەوە. (ڕیچ، ١٩٩٢: ١٥٧).

میرنشینی بابان لە ساڵی ١٥٥٠م تا نزیکەی ١٨٥٠ی زایینی، بەوپێیەی سلێمانی ناوەندبوو، هەمیشە بەنیمچە سەربەخۆ فەرمانڕەوایی بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی دەکرد. شوێنەوار و ئاماژەکانی پووکانەوەی میرنشینی بابان، هاوشێوەی ئیمپراتۆری عثمانی، لەسەدەی نۆزدە دەرکەوتبوو. گۆڕانکاریی پێشوەختە و بەردەوام و گواستنەوەی فەرمانڕەوایان و ڕکابەری دەسەڵات لەنێوان بنەماڵەکانی ئەم میرنشینەدا لەلایەک و ڕکابەری ئێران و عثمانی بۆ زاڵبوون بەسەر شانشینی ئەو میرنشینە و دانانی کەسانی خۆیان لەلاکەی تر، کەسانی کاریگەری ئەو بنەماڵەیان دابەشکردبوو بۆ دووبەشی سەر بە ئێران و عثمانی و سەرئەنجام پێکهاتەی ئەم میرنشینە زۆر بەهێز نەبوو. وەک ئاکامی گۆڕانی پۆستەکانی ئەم میرنشینە، چەوساندنەوەی لەڕادەبەدەری جووتیاران (بروین سن، ١٣٧٨: ٢٤٨-٢٤٤؛ نوسیری و ئەوانی تر، ١٣٩١: ٢٤)، کە دەکرا دەرئەنجامی ناسەقامگیری و ئاژاوە و نائەمنی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو لۆژیکە کە پێشتر باسمانکرد، لەنێوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بووبێت.

لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینی و پێش گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندستان تەریقەتی قادری، بە پێچەوانەی تەریقەتی نەقشبەندی، لە ناوچە کوردنشینەکان کاریگەر بوو و زۆر بڵاوببووەوە. دوو خانەدانی بەدەسەڵاتی ساداتی نەهری لە باکوور و ساداتی بەرزنجی لە ناوەند و باشووری کوردستان خۆیان بە نەوەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، دامەزرێنەری ئەو تەریقەتە دەزانی (برونەسەر، هەمان سەرچاوە ل٣٤٠) و مریدێکی زۆر لەدەوریان کۆببوونەوە. کاریگەری خانەدانی بەدەسەڵاتی بەرزنجی لەناو خانەدانی بابان و خەڵکی فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە، کاری ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی، گرفتێکی بنەڕەتییان بەرەوڕووی مەولاناخالید و خەلیفەکانی لە ساتەوەختی گەڕانەوەیان لە هیندستان کردەوە، چونکە تەریقەتی قادری، شانشینی ئەو میرنشینەی بە ناوچەیەکی ژێر کاریگەری خۆی دەزانی و بەرگەی هاتنی ڕکابەرێکی بەتوانا و چالاکی بۆ ئەم ناوچەیەی نەدەگرت. مەولاناخالید دوای نیشتەجێبوونی لە دەلهی، سەرئەنجام لە ساڵی ١٢٢٦ه.ق لەڕێگای مەسقەت، شیراز و هەمەدانەوە گەڕایەوە سنە و کۆمەڵێک زانا و دانیشتوانی شارەکە پێشوازییان لێکرد. ماوەیەک لە سنە خەریکی ئیرشاد بوو و کۆمەڵێک چوونەناو تەریقەتەکەیەوە کە دەتوانین ئاماژەبکەین بە مامۆستاکەی پێشووی، عەلامە شێخ محەمەد قەسیم مەردوخی سنەیی (بێسارانی، ١٣٨٦: ١٣٨؛ سنەیی، ١٣٧٥: ٦٦).

لە سلێمانی جگەلە چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ، ژمارەیەک مامۆستای پێشووی مەولانا خالید چوونەناو تەریقەتەکەیەوە، بۆیە پەیوەستبوونی ئەو پیاوماقوڵانە بە تەریقەتی نەقشبەندی و ڕاکێشانی موریدێکی زۆر لەوناوچانەی ساڵانێکی زۆربوو لەژێر کاریگەری و هەژموونی تەریقەتی قادری

دابوون، سەرێکێشایە ناکۆکی نێوان بەشێک لە مەلا و شێخەکانی ئەم تەریقەتە لەکوردستان و مەولاناخالید و تەریقەتەکەی. زۆربوونی دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی قادریەکان لەلایەک و مشتومڕی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابان بۆگەیشتن بەکورسی فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە لەلاکەی دیکە، مەولانای هاندا بچێت بۆ بەغداد (مودەڕیس، ٢٠١١: ١٤/٢). بەغداد وەک بەرجەستەترین و ستراتیژیترین شاری عثمانی لەعێراق، جەمسەری سەرەکی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری ئەو ناوچەیە بوو. هەڵبژاردنی بەغداد دەیتوانی بەوجۆرە ناوەندگەرایی و باشییە، تاکتیکێکی زۆر گونجاوبێت بۆ فراوانبوون و خۆشگوزەرانی تەریقەتی نەقشبەندی و ئەمەش نیشانەی دیدگای تیژی مەولاناخالید بوو. لە ساڵی ١٢٢٨ه.کۆچی، چووە بەغداد و پێدەچێت پشتبەستن و کاریگەریی سەرەکی لەو شارەدا، سەرەتا بە بنەماڵەی حەیدەری بووبێت. دوای چوونی بۆ هیندستان، لە بەغداد لای عەلامە سەید سەبەغوڵڵا حەیدەری خوێندوویەتی و لەنزیکەوە پەیوەندی بەم بنەماڵە بەڕێز و زانایە هەبووە. (موعتەمیدی، ١٣٦٨: ٢٤). مەولانا دوای چوونی بۆ بەغداد، گەورەکانی بنەماڵەی حەیدەری (عەلامە سەید سەبەغوڵڵای حەیدەری، عەلامە سەید محەمەد ئەسعەد سەدرەدین حەیدەری و سەیدعوبەیدوڵڵا حەیدەری) پێشوازییەکی گەرمییان لێکرد کە هەر دووکیان موفتی بوون لە شاری بەغداد. لەوکاتەدا سەعید پاشای والی بەغدادیش پێشوازییەکی گەرم و پشتیوانی لە مەولاناخالید کرد. سەرئەنجام لە قوتابخانەی ئەحسائییە خەریکی وانەوتنەوە و ڕەفتاری شاگردەکانی بوو و سەید عوبەیدوڵڵا حەیدەری یەکەم کەسبوو لە بەغداد، مۆڵەتی لە مەولەوی وەرگـرت تا ڕێنمایی بکاو ببێتە خەلیفەی (ئەلخانی، ١٩٩٦: ٦٦٩). بوونی مەولاناخالید لە بەغداد لەلایەک تا ڕادەیەک لەزیانی دووژمنانی دوورخستەوە و لەلاکەی تر، بە پاڵپشتی والی بەغداد و بنەماڵەی بەناوبانگی حەیدەری و کۆمەڵە گەورەکەی شوێنکەوتووانی کە زۆربەیان لە زانا و کەسایەتییە ئایینیە گەورەکان بوون، هێندەی تر شکۆ و شەرەفی لە مێشکی خەڵکدا زیاد و مەودای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی فراوانتر کرد.

دوای قۆناغێک لە ململانێ لەسەر فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بابان کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەکۆتاییدا مەحموود پاشا دەسەڵاتی گرتەدەست و ئاشتی و ئاسایش لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی هاتەکایەوە. ڕۆڵێکی بەرچاوی لەسەرکارلادانی سەعید پاشای والی بەغداد و هاتنەسەرکاری داوود پاشا دا هەبوو، بە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سلێمانی و بەغداد، لە ساڵی ١٢٣٠ه.ق چوو بۆ بەغداد. مەحموود پاشا لەبەغداد سەردانی مەولاناخالیدی کرد و بەبینینی دیارو بەرچاوی زاناو کەسایەتییە ئایینیەکان لەوێ، بەپێداگرییەوە داوای گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی کرد (مودەڕیس، ٢٠١١: ٣١/٢). کاتێک مەولانا خالید دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی بەلەبار زانی، بەگومانەکەیدا چۆوە. مەحموود پاشای بابان لەسلێمانی تەکیەکی گەورەی بۆئیرشاد دروستکردو موڵکوماڵەکەی پێکهاتبوو لە سێ گوندی ئاوەدان و بە پیتوبەرەکەت (مودەڕیس،٢٠١١: ٣٢/١). ئەمە هێزو توانای مەولاناخالیدی زۆر کرد. پشتگیریی پاشاکانی بابان و بەهێزکردنی توانای ئابووری مەولانا، کاریگەری بەرچاوی بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی

مریدەکانی بۆ تەریقەتی نەقشبەندی لە سلێمانی هەبوو، چونکە لە تەکیەکەدا خواردن و خواردنەوەی دەدا بە هەژار و نەدارەکان و مریدەکانی هاتوو لەدنیای ئیسلام بۆ سلێمانی، دادەمەزراند. توانای ئابوورییەکەی متمانە و گەورەیی لای مریدەکان و خەڵک زیاد کرد و بەئاماژەی کەرامەت و شەرەفی گەورەی ئەویان دەزانی. لێکۆڵینەوە لەبەرهەمی زانستی خەلیفەکانی مەولاناخالید و تووێژەران دەریدەخات ئەودەم، جگەلە سەرنجراکێشانی مریدێکی زۆر لەشانشینی بابان بۆتەریقەتی نەقشبەندی، کەسایەتییە گەورەکانی وەک شێخ ئیسماعیل شێروانی، شێخ حافز ئورفەلی، شێخ ئەحمەدی کەربۆزی، شێخ فەزلوڵڵای ئەرزەرۆمیش بوونە مریدی ئەو (ئەلحەیدەری، ١٢٩٢ق: ٣٦).

لەکاتی گەڕانەوەی مەولاناخالید لە بەغدادەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٢٢٨ه.ق تا گەڕانەوەی بۆ بەغداد لە ساڵی ١٢٣٦ه.ق، تەکیەی مەولانا لە سلێمانی ئامادەبوونی مریدێکی زۆری بەخۆیەوە بینی کە لە مەککە، مەدینە، بەیتولمقەدس، دیمەشق، شەمدینان، ماردین، ئورفە، دیاربەکر، ئەفغانستان، داغستان، ئەودیو ڕووبار، میسر، عومان و مەراکیشەوە هاتبوون. ئەم ئامادەبوونە بەهێزەی موریدەکان، پەیوەندییەکی نزیکی بە چالاکیی زانایانی بەناوبانگی وەک سەید ئەسعەد سەدرەدین حەیدەری، سەید سەبیغوڵڵای حەیدەری، سەید عوبەیدوڵڵا حەیدەری، عەلامە یەحیا مەرۆزی عیمادی، عەلامە عەبدولڕەحمان ڕۆژبەیانی، عەلامە عەبدوڵڵا جەلی، فەقێی شێخ عثمانی سیراجەدەدینی تەوێڵەیی و مەلا مستەفای خورماڵی هەبوو (ئەلحەیدەری، ١٢٩٢ کۆچی: ٣٦)، کۆمەڵێک کەسایەتی گەورەی تر موریدی مەولانا بوون و بەدڵ خزمەتیان دەکرد.

ناوبانگ و کاریگەریی مەولانا لە بەغداد و بە تایبەتی لە میرنشینی بابان، وایکرد فەتحعەلی شای قاجار لەڕێگەی نامەیەکەوە پەیوەندی پێوە بکات کە بە وەزیری دەرەوەیدا، میرزا عەبدولوەهاب شیرازییدا ناردبووی. گەرچی هیچ زانیارییەک لەدەقی نامەکەی شای ئێران بەردەست نییە، بەڵام وەڵامی مەولانا بۆ شای ئێران تەنها نزا بوو بۆ خۆشگوزەرانی و ئاواتی گەورەیی و دەسەڵاتی شاهانە (مودەڕیس، ٢٠١١: ٢٥١/١-٢٥٠). نووسینی نامەیەک لەلایەن شای ئێرانەوە بۆ مەولانا خالید و سەردانیکردنی وەزیری دەرەوەی ئێران، کاریگەریی و دەسەڵاتی زۆر باڵای مەولانا لە خاکی عثمانی و بەشێک لەناوچە کوردنشینەکانی ئێران نیشان دەدات. تا ئێستا نازانرێت مەولانا لەسەردەمی فەتحعەلی شادا چەند کاریگەری بەسەر دەرباری ئێرانەوە هەبوە، بەڵام لەسەردەمی محەمەدشادا خەدیجە بەگی هاوسەری کە لە کوردەکانی (چەهریق) بوو، مریدی سەید تەهای نەهری، یەکێک لەخەلیفە کاریگەرەکانی مەولانا بوو لەناوچەی هەکاری لە دیاربەکر (مەلیکئارا، ١٣٦١: ١٥٣). کاریگەری سەید تەها لە دەرباری محەمەدشا وایکرد شای ئێران پێنج گوند لە ناوچەیەکی زۆر بەپیتی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی پێ بدات و لە ساڵێکدا ٤٠ خەروار دانەوێڵە و ٤٦ تمەن پارەی کاش وەک موچەی خانەنشینی و پاڵپشتی بۆ تەرخان بکات (بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوە، ساڵی ١٢٩٠ق، کارتن ١٤، دۆسییەی٨).

مەولاناخالید، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان، دیسانەوە بارودۆخی بۆ درێژەدان بە چالاکی، خەلیفە و موریدەکانی لە سلێمانی بەگونجاو نەزانی. لە کۆتاییدا لە ساڵی

هەوالنامەی کتێب

١٢٣٦ه.ق شێخ عەبدوڵڵای هەراتی لە تەکیەی خالیدیەی سلێمانی بەجێگری خۆی داناو لەگەڵ خەلیفەوموریدەکانی چوو بۆ بەغداد. لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن کە دوو هۆکار لەم سەفەرەی مەولانادا ڕۆڵی هەبوو: یەک، پشێوی سیاسی سلێمانی بەهۆی ململانێی توندی نێوان بنەماڵەی بابان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، دوو، چالاکی سەرسەختانەی مەلا و شێخەکانی قادری بەڕابەری شێخ مارفی نۆدێ (مدرس، ٢٠١١: ٣٤/٢) دژی تەریقەتی نەقشبەندی، چونکە لەزۆربەی شوێنەکانی کوردستان کاریگەری دەسەڵاتی خۆیان لە مەترسیدا دەبینی.

لەگەڵ چوونی مەولانا خالید و خەلیفە و موریدەکانی بۆ بەغداد، داوود پاشا، والی ئەو شارەو موریدی مەولانا، پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و هەمیشە پاڵپشتی مەولانا بوو لە ماوەی مانەوەی لە بەغداد. مەولانا خالید لە تەکیەی خۆی نیشتەجێبوو و لەگەڵ خەلیفە و هاوکارە دیارەکانی لە دوو بواری شەریعەت و تەریقەتدا وانەیان وتەوە. بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی مەولانا، وەک ئیرشادی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی و گەورەترین ڕێبەری ئیرشادی نەقشبەندی – موجەدیدییە، وایکرد ئارەزوومەندانی لە سوریا داوای لێبکەن یەکێک لە خەلیفەکانی بۆ ئیرشاد بنێرێتە ئەوێ. لەوەڵامدا، مەولانا خالیدیش سەرەتا شێخ عەبدولڕەحمان ئاکرێیی کوردی (ئێلخانی، ١٩٩٦ : ٧٢٣؛ ئێلخانی، ٢٠٠٢: ٣٤٥) و پاشان خەلیفەی بەناوبانگ و وتەبێژەکەی، شێخ ئەحمەد ئەربیلی نارده شام. چالاکی ئەم دوو خەلیفە لە دیمەشق ژمارەی شوێنکەوتوان و ئارەزومەندانی تەریقەتی نەقشبەندیی زۆر زیاد کرد و لەئەنجامدا ژمارەیەک کەس لە دیمەشق داوایانکرد مەولانا خالید سەردانیان بکات، لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٢٣٨ی کۆچیدا بەیاوەری ژمارەیەک خەلیفە و شوێنکەوتووانی چوو بۆ شام (ئەبازە، ١٤١٤ق: ١٥).

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩. سێ کەسایەتی دیاری کورد بۆ بەدواداچوونی نیعمەت و ئیرشاد چوون بۆ هیندستان و لەنێویاندا مەولاناخالید دەبێتە کەسایەتییەکی زۆر کاریگەر لە تەریقەتی نەقشبەندی مجەدیدییە لەجیهانی ئیسلامیدا. توانای مەولاناخالید لە ڕاکێشانی ژمارەیەک نووخبەی زانستی، کەسایەتییە گەورەکانی تەریقەتی قادری، فەرمنبەرانی حکومەت و سیاسەتمەدارانی کاریگەر لە بەغداد، دیمەشق و ئیستانبوڵ، ڕۆڵی بەرچاوی لە بڵاوبوونەوە و کاریگەری تەریقەتەکەی لە سەرتاسەری ئیمپراتۆری عثمانی و ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلام هەبوو.

پێکهاتەی فەزایی یان شوێن بۆ ڕێنمایی و پەروەردە لە هەر دووبواری شەریعەت و تەریقەت و جەختکردنەوە لە ئەولەویەتکردنی شەریعەت بەسەر تەریقەت لە کاتی پەروەردەدا، ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە پەرەپێدانی ئەو تەریقەتە. هەڵبژاردنی فەزا و شوێنە ستراتیژ، دیار و بەرچاوی سیاسی و ئایینی و ئابووری وەک سلێمانی، ناوەندی حکومەتی میرنشینی کوردی بابان، بەغداد، ناوەندی چالاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە عێراق، دیمەشق، پایتەختی شامانەکان، هەڵبژاردنێکی لۆژیکی بوو. پێگەی مەولاناخالید لە پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی تەریقەتی نەقشبەندی مجەدیدییە ئەوەندە بەنرخ بوو کە بەدوایدا لقێک و لقی خالیدییە دروستبوون.

**پ. تەریقەتی نیعمەتوڵڵاهی**

نیعمەتوڵڵاهی زنجیرەیەکە لەو تەریقەتە شیعیانەی دامەزرێنەرەکەی سۆفی نورەدین، نیعمەتوڵڵای کرمانی ناسراو بە نیعمەتوڵڵای وەلی (مردنی ٨٣٥ق)، نەوەی ئیمامی پێنجەمی شیعەکان بوو. باوکی میر عەبدوڵڵا و دایکی لە میرە کوردەکانی شوانکارەی فارس بوو (ئەنسافپوور، ١٣٧٩: ١٠٤) لەنێو خەڵکدا خۆشەویست و زۆربەی پەیامە سۆفیگەرییەکانی بۆدەگێڕنەوە کە گرنگترینیان شیعرەکانیەتی. ئەمڕۆ خانەقای نیعمەتوڵڵاهی و لقەکانی لەزۆربەی وڵاتانی ئێران و دەرەوەی ئێران چالاکن و لە کوردستانیش ئەم خانەقایانە لەنێو کوردانی ئێزدیشدا هەن و شوێنکەوتوانی کورد بۆئەو تەریقەتە تەرخانن (ئەنسافپوور، هەمان سەرچاوە: ١٠٤؛ سەنەندەجی، ١٣٧٥: ٥٣) هاتنی ئەو تەریقەتە بۆ کوردستان و کرماشان، بەچوونی محەمەد حەسەن زێڕنگەری ئیسفەهانی (مردنی ١٢٩٧ق) بۆ کرماشان و نیشتەجێبوونی لەم شارەدا دەستی پێ کرد (سوڵتانی، ١٣٨٠: ٣٤-٣٥). پاشان بە هەوڵ و هاندانی حاجی ئاغای زێڕنگەری کرماشانی (مردنی١٣١١ی کۆچی) کە خانەقایەکی لە کرماشان دروستکرد، ئەم تەریقەتە لە کرماشان و کوردستاندا شوێنێکی بۆ بانگەواز پەیداکرد. (سوڵتانی، ١٣٨٠: ٣٨).

**ج. تەریقەتی خاک سالاری**

خاک سالاری تەریقەتێکی هەژار و پەیوەندییان بە دەروێش سەید جەلالەدین حەیدەرەوە هەبوو، بۆیە بە تەریقەتی جەلالی ناسرا. (سەنەندەجی، ١٣٧٥: ٥٤) تەریقەتی خاک سالاری بە پێچەوانەی تەریقەتی نیعمەتوڵڵاهی کە تەنها لە شارەکاندا پەیڕەوانی هەبوو، لە کوردستان لەدەوروبەری شارەکان، گوندەکان و عەشیرەتەکان، خانەقا و موریدی هەبوو (سوڵتانی، ٤٠٥:١٣٨٠).

سەید مەهدی فەلاح دامەزرێنەری مەشاعیانی عەلەویش بوو، ڕەچەڵەکی دەگەڕایەوە بۆ ئیمام موسای کازم (ئیمامی حەوتەمی شیعەکان). لەچوارچێوەی بیروباوەڕی شیعەدا، بەدەمارگیرییەوە بەرگری لە هەڵوێستی شیعی کرد لەبابەتی ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە. لەڕوانگەی محەمەد عەلی ڕەنجبەر، جێنشینی پێغەمبەر (د.خ)، مافی حەزرەتی عەلی بوو و سوننە نەدەچوونە بەهەشت، چونکە پرەنسیپی ئیمامەتییان قبوڵ نەدەکرد. لەڕوانگەیەوەوە معاویە درۆزن و گەندەڵ بوو کە بەڕواڵەت موسڵمان بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا شەیتان بوو (رنجبر، ١٣٨٢: ص١٤٧).

بە گشتی دەتوانین تایبەتمەندی زۆربەی تەریقەتەکانی شیعی- سۆفی، لەخوێندنەوەی بیدعە ئامێزییان لە وتەزای مەهدیزم و سوودوەرگرتن لەفیقهی سیاسی شیعە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە حکومەتە سەقامگیرەکان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بزانین. بارودۆخی تایبەتی ئەو سەردەمە و نائومێدی و ڕیکۆردێک سێبەری بەسەر کۆمەڵدا کردبوو، هیوا و ئارەزووی دەرکەوتنی ڕزگارکەری زیندووتر کرد.

## ئەنجامگیری

لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینی و پێش گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندستان تەریقەتی قادری، بە پێچەوانەی تەریقەتی نەقشبەندی، کاریگەریی لە ناوچە کوردنشینەکان زۆر و پەلوپۆی هاویشتبوو. دوو بنەماڵەی بەهێزی ساداتی نەهری لە باکوور و ساداتی بەرزنجی لە ناوەند و باشووری کوردستان خۆیان بە نەوەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، دامەزرێنەری ئەو

تەریقەتە دەزانی. موریدێکی زۆر لەدەوریان کۆببوونەوە. کاریگەری بنەماڵەی بەهێزی بەرزنجی لەناو بنەماڵەی بابان و خەڵکی ژێردەسەڵاتی ئەم میرنشینە، کاری ئیرشادی لە تەریقەتی نەقشبەندی بۆ مەولاناخالید و خەلیفەکانی لەسەرەتای گەڕانەوەی لە هیندستان بەرەوڕووی کێشەی بنەڕەتی کردەوە، چونکە تەریقەتی قادری، شانشین و میرنشینی بابانی بە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی دەزانی و بەرگەی هاتنی ڕکابەرێکی بەهێز و چالاکی بۆ ناو خاکی ئەم ناوچەیەی نەدەگرت. مەولاناخالید دوای نیشتەجێبوونی لە دەلهی، سەرئەنجام لە ساڵی ١٢٢٦ه.ق لەڕێگای مەسقەت، شیراز و هەمەدانەوە گەڕایەوە سنە و کۆمەڵێک زانا و دانیشتوانی ئەوشارە، پێشوازییەکی گەرمییان لێکرد. ماوەیەک لە سنە خەریکی ئیرشاد بوو و کۆمەڵێک چوونەناو تەریقەتەکەیەوە کە دەتوانین ئاماژە بە مامۆستاکەی پێشووی، عەلامە شێخ محەمەد قسەیم مەردۆخی سنەیی، بکەین.


سەرچاوە و ئاماژەکان:


– اباظه، نزار، الشیخ خالید النقشبندی العالم المجدد حیاته و اهم مولفاته، دمشق: دارالفکر، الطبعه الاولی، ١٤١٤ق.
– انصافپور، غلامرضا(١٣٧٩). تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد، تهران: ارمغان.
– بیسارانی، حامد، سیری در ریاض المشتاقین، تصحیح ابوبکر سپهرالدین، مهاباد، چاپ جمالی، چاپ اول، ١٣٨٦
– تاجبخش، احمد.(١٣٨١). تاریخ تمدن و فرهنگ ایران از اسلام تا صفویه، شیراز: نوید
– ترکمنی آذر، پروین(١٣٨٥). حاکمان زن شیعه مذب در تاریخ ایران، مجله بانوان شیعه ، ش ٧-٦.
– جعفریان، رسـول(١٣٧٠). دین و سیاست در دولت صفوی، قم: انصاریان
– حسینی نقشبندی، سیدعبدالرحمان(١٣٨٠)، سادات نقشبندی، ترجمه محمد بانەیی، ارومیه، بینا
الحیدری، ابراهیم فصیح، المجددالتالب فی مناقب الشیخ الخالید، قاهره: دارالطبعه العامره، ١٢٩٢هق
– الخانی، عبدالمجید محمدبن محمد، الحدیقه الوردیه فی اجلال السعاده النقشبندیه، تصحیح عبدالرزاق عبدالله، اربیل، ئاراس، الطبع الثانیه، ٢٠٠٢
– الخانی، عبدالمجید محمدبن محمد، الکواکب الدریه علی الحدائق الوردیه فی اجلاء السادارت النقشبندیه، تصحیح محمد خالید محمد الخرسه، دمشق، دارالفکر، ١٩٩٧
– دفتری، فرهـاد(١٣٧٥ش). تاریخ و عقاید اسماعیلیه، ترجمه فریدون بدرهای، تهران: نشر پژوهش فرزان روز.
– سلطانی، محمدعلی (١٣٨٠) تاریخ تشیع در کرمانشاه، تهران: انتشارات سها.
– سمیعی، سیدمهدی(١٣٨٧) جایگاه طریقت نقشبندیه در تاریخ تصوف اسلامی، مجله رودکی سال سوم شماره ٢٤
– سنندجی، میرزاشکرالله، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، تصحیح و تحشیه حشمت الله طبیبی، تهران: امیر کبیر، چاپ دوم، ١٣٧٥
– شاهمرادی، سیدمسعود و اصغر منتظرالقائم. (بهار ١٣٩٢) تشیع قراقویونلوها(٨٧٢-٧٨٠ ه.ق)، پژوهشهای تاریخی(علمی- پژوهشی)، اصفهان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان، سال چهل و نهم، دوره جدید، سال پنجم، شماره اول(پیاپی ١٧).
– کربن، هانری.(١٣٣٧). سه گفتار در باب تاریخ معنویان ایـران، مجله دانشکده ادبیات دانشگاه تـهران، ش ٥، صص٤٦-٦٣
– گلزاری، مسعود(بیتا) کرمانشاهان- کردستان، تهران: انتشارات آثار ملی، ش ١٤٧
– مدرس، عبدالکریم، یادی مه ردان، به رگی ١ و ٢، هه ولیر: بلاو کردنه وی ئاراس، چاپی دووه م ٢٠١١
– معتمدی، مهمیندخت، مولانا خالید نقشبندی و پیروان طریقت او. تهران: ١٣٦٨ انتشارات پاژنگ
– مینورسکی، .(١٣٧٩) .کورد، ترجمه حبیب الله تابانی، تهران: نشر گستره
– مینورسکی، و. (١٣٥١). ایـران در سـده پانزدهم میلادی(نهم هجری) بین ترکیه و ونیز، ترجمه محمدباقر امیرخانی، تبریز نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز.


پەراوێز:

١- شێخ محەمەد مەعروفی نۆدێی بەرزنجی (١١٦٦-١٢٥٤ کۆچی) زانایەکی گەورە و هاوچەرخی مەولانا خالید بوو و دووژمنایەتیی لەگەڵدا هەبوو. لەدووەمین سەفەری مەولانا خالید بۆ بەغداد، نامەیەکی بۆ سەعید پاشا کوڕی سلێمان پاشای پارێزگاری بەغداد نوسی و داوای لێکرد مەولانا خالید لە بەغداد دووربخاتەوە، بەڵام پارێزگار لە وەڵامدا نامەیەکی نارەزایی نووسی. (معتەمەدی، ١٣٦٨: ٢٢).

# پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
## لە نامەیەکی کراوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی




ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی

هەواڵنامەی کتێب

بزووتنەوەی ڕزگارخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەڵگیرسانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٨ چووە قۆناغێکی نوێوە،ئەوەش لەو ڕووەوە، کە گەلی کورد وەکوو هەموو گەلانی تری ئێران بەشدارییەکی کارایان لەو شۆڕشەدا کرد و ناوچە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات وەکوو هەموو ناوچە و شاروشارۆچکەکانی تر، هێزەکانی ڕژێمی شایان دەرپەڕاند و بەهیواوە لە سەردەمی نوێیان دەڕوانی، ئاواتەخوازبوون لە چواچێوەی ئێرانێکی دیموکرات و ئازاددا مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانیان بەشێوەی ئاشتی و دوور لەشەڕ و خوێنڕشتن لەسەردەمی نوێدا بێتەدی، بەڵام دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و پێکهێنانی حکوومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی (مەهدی بازرگان )، وردە وردە ڕووداوەکان لە ئاستی چاوەڕوانی گەلی کورددا نەبوون، لە مانگەکانی سەرەتاوە چەندین ڕووداوی نەخوازراوی خوێناوی ڕوویاندا، وەک (ڕووداوەکانی سنەی خوێناوی لە نەورۆزی ١٩٧٩) و شەڕی خێڵی مەنگوڕ و شەڕی نەغەدە و کۆچی مەریوان لە تەمووزی ١٩٧٩، ڕژێم هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنی خۆپیشاندانی مەریوان، (حزبی دیموکرات/ حدکا)ی بە هەڵگیرسێنەری ئەم ڕووداوە داناو لە ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کۆماری


ئیسلامیی ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە، بەڵام حدکا، بە ڕاگەیاندراوێک بێئاگایی خۆی ڕاگەیاندو لە بەشێکی ڕاگەیاندنەکەیان هاتووە:»حیزبی دیموکرات جارێکی تر ڕایدەگەیەنێت، کە لە ڕووداوەکانی مەریوان هیچ دەستێکی نەبووەو لە داهاتوشدا خۆی لە ڕووداوو کاروباری وا تێناگەیەنێت،

لە ڕۆژی (١٣٥٨/٥/١٤) بەرانبەر بە (٨/٥/ ١٩٧٩) دا، (حدکا) نامەیەکی بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی



نارد، کە دەقەکەی لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوکرایەوە ، حدکا لە نامەکەیدا هەوڵیدا جارێکی تر ئامانجەکانی ئۆتۆنۆمی کورد ڕوونبکاتەوەو ئیمام خومەینیش دڵنیابکاتەوە، کە کورد هاونیشتیمانیانی دڵسۆز بوون، (حدکا) هیواخوازی پارچەپارچەکردنی ئێران نەبووە، لە نامەکەیدا داوای کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی حدکا، لەگەڵ ئیمام خومەینی کرد بۆ لە نزیکەوە قسەکردن‌و ڕوونکردنەوەی خواستەکانی گەلی کوردو ئامانجەکانی‌و بەدرۆخستنەوەی ئەو هەواڵانەی، کە لە بڵاوکراوەکان‌و ڕادیۆ، لەسەر کوردستان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەم کاتەدا سوپای ئێران‌و پاسداران لە ئامادەباشیدا بوون بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچە کوردییەکان، هەر بۆیە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران


نامەکەی بەشێوەی کراوەیی نارد بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی، چونکە مەبەستی بوو هەم سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخەکە ئاگادار بن، هەمیش لەو ڕێگەیەوە ڕای گشتیی ئاگاداری هەوڵە ئاشتیخوازانەکەی سەرکردایەتی کورد و حدکا بێت، چونکە (د.قاسملوو ) هەمیشە لەگەڵ ئاشتی و دانووساندا بوو، ئەو پێی وابوو شەڕ ئەنجامێکی کارەساتباری بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و فارس لێ دەکەوێتەوە، ئەم نامەیەی لە خوارەوە بڵاوی دەکەینەوە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە و ترسی سەرکردایەتی کورد بوو لە هەڵگیرسانی شەڕ و خوێنڕشتن، چونکە وەکوو لە نامەکەدا نووسراوە، لەسەرەتادا باسی ئەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنەی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی ئێران دەکات، کە دژی داخوازییەکانی کورد بڵاویان دەکردەوە و بە جوداخواز و پەیوەندی بە بێگانە و زایۆنیزم لە قەڵەمیان دەدا، هەربۆیە لە نامەکەدا هەم تۆمەتەکان بە بەڵگەوە ڕەتکراونەتەوە، هەمیش ئەوە بەبیر سیاسییەکانی ئێران هێنراوەتەوە، کە گەلی کورد هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە قوربانی دواوە و لە ڕابردووشدا دژی تۆتالیتاریتی ڕژێمی



شاهەنشاهی بووە، نموونەی شۆڕشی (١٩٦٧-١٩٦٨)دەهێنێتەوە، کە چۆن شۆڕشگێڕانی کورد لە چیاکانەوە دژی سیستەمەکە ڕاپەڕین و قوربانیشیان دا.

لە بەشێکی تری نامەکەدا زۆر بەڕێزەوە ڕووبەڕەو ئیمام خومەینی دەڵێن، گەلی کورد بۆ دوو ئامانج شۆڕشی کردووە، یەکەم؛ لە ناوبردنی ڕژێمی شاهەنشاهی گەندەڵ و دوژمنی سەرسەختی گەلانی ئێران، دووەم؛ دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراتی لەئێران، کە تێیدا گەلی کورد مافە نەتەوایەتییەکانی دەستەبەر بکات، کە خودموختاریی بێت یاخود کۆنفیدراڵی، هەربۆیە گەلی کورد لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تێکشکانی ژێژمی شا، چاوەڕوانی ئەوەی لە سەرکردەی شۆڕش و حکومەتی کاتی دەکرد، کە گرینگی بە مافە نەتەوایەتییەکانی بدات و هاوکاری بێت لە هێنانەدی ئاوات و ئامانجەکانیدا...!!

ئەوەش بەبیردێنێتەوە، کە لە ڕووداوەکانی سنەو نەغەدە لەبریی سزادانی تاوانباران، بێتاوانەکان خرانە قەفەزی تاوانەوە، کە چۆن بەهۆیەوە خوێنێکی زۆر ڕژا و شەڕی براکوژی دروستکرد... پاشان بەڕێزەوە نووسیویانە: ئەی پێشەوای گەورەی شۆڕش، تۆ لە چاوپێکەوتنماندا گوتت، هیچ جیاکارییەک لە کۆماری ئیسلامییدا نییە، ئەی بۆچی هیچ کوردێک لە ئەنجوومەنی شۆڕش لە شارەکانی ورمێ و سەڵماس و ناوچەکانی تردا نییە!! لەکاتێکدا ژمارەی کوردەکان لەسەرو هەزاران کەسەوەن...!! ئێوە گوتتان ئێمە بەرگری لە ستەملێکراوان دەکەین، بەڵام هەزارو سەد پارچە چەک بەسەر ژاندارمەری لە ورمێ و دەرەبەگەکان و ئاغاکان دابەشکراوە، کە لەدژی جووتیاران و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بەکاری



دێنن، هیچ کەسێک لە جووتیارەکان تەنانەت یەک پارچە چەکیشی وەرنەگرتووە...!!

نامەکە دووروودرێژە، داوا لە ئیمام خومەینی و سەرکردایەتی شۆڕش دەکات، کە دەستوەردان بکات و ڕێگە نەدات خوێن بڕژرێت و شەڕو ئاژاوە دروست ببێت، چونکە پێیان وایە ئەم کارە بەو دەکرێت، هەربۆە داوا دەکەن، ڕێگری لە کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بکات و ڕێگەش نەدات ئێزگە و ڕۆژنامەکان هەواڵی ژەهراوی دژی گەلی کورد بڵاوبکەنەوە، داواش لە دەوڵەت بکات کە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەستبەر بکات و دانی پێدا بنێت.

لەکۆتایدا ئەو نامەیەشدا دەڵێت، پێنج ملیۆن کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ملیۆنانی تر چاوەڕێی وەڵامن بە داخوازییەکانیان....

ئەمەش دەقی ئەو نامە مێژووییە، کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و ئاراستەی ئیمام خومەینی کراوە، وێنەشی نێردراوە بۆ شەریعەتمەرداری و تاڵەقانی و مەهدی بازرگان و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوێ ڕۆژێی کوردستان و ئێران.

پەراوێزەکان:

١- مەهدی بازرگان: کوڕی حاجی عەباس قلی بازرگانە، لە ساڵی ١٩٠٧ لەدایکبووە، باوکی بازرگان بەهۆی کاری بازرگانییەوە هەرلە تەمەنی ١٨ ساڵیەوە ڕوویکردووەتە تاران، مەهدی بازرگان قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە، بڕوانامەی لە ئەندازیاریدا بەدەستهێناوە، هەر لەسەرەتای لاویەتییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئاینیی ئیسلام پەیداکردووە، لەسەردەمی حکومەتەکەی موسەدیق، ڕۆڵی گرنگی بینیوە دوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣، زیندانیکراوە، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کراوەتە سەرۆکی حکومەتی کاتی ئێران.

٢- سەرەتای تێکهەڵچونی نێوان کوردو عەجەم لەو کاتەدا دەستیپێکرد، کە حدکا، دوای ئەوەی لە شاری مەهاباد، خەباتی خۆی ئاشکراکرد، کۆمیتەیەکی لە شاری نەغەدە کردەوە(ڕەحمان حاجی ئەحمەد)ی کردە بەرپرسی، حدکا بڕیاریداوە بە میتنگێکی جەماوەری سیاسیی چەکداری لە شاری نەغەدە بوونی خۆی ڕابگەیەنێت، لەپاڵ شیکردنەوەی ئامانجە سیاسییەکانی حیزب، جەخت لەسەر برایەتی کوردو عەجەم بکرێتەوە، داوا لە بەرپرسی کۆمیتەی نەغەدە دەکرێت تا ئامادەکاری بۆ ئەم میتینگە بکات، ناوبراو مەیدانی وەرزشی لە گەڕەکی عەجەمان دیاریکردووە، دوای ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانی حدکا، بە ئامادەبوونی قاسملوو لە ٢ی نیسانی ١٩٧٩، ئەم میتینگە گۆڕاوە بۆ جەنگێکی نەخوازراو لە نێوان کوردی سوننە مەزهەبو ئازەری شیعە مەزهەب.

٣- عەبدولڕەحمان قاسملوو(١٩٣٠_١٩٨٩): کوڕی محەمەد(مەمەدئاغای) دیبۆکریتە، لە یەکەم شەوی زستانی ١٩٣٠ لەدایکبووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا چووەتە بەر خوێندنو لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا دوا قۆناغی سەرەتایی لە شاری ورمێو دەوروبەری تەواوکردووە، خوێندنی ئامادەی لە تاران تەواوکردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە فەڕەنسا، لە زانکۆی سۆربۆن دەستی بە خوێندن کردووە، بە فشاری ئێران بۆ سەر فەڕەنسا، قاسملوو ناچار فەڕەنسای بەجێ هێشتووەو چووەتە(براک) لە چیکۆسلۆڤاکیا درێژەی بە خوێندن داوە، لە ساڵی ١٩٥٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی ئابووریو سیاسی بەدەستهێناوە، لە ساڵانی (١٩٥١_١٩٥٣) گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، لە دوای موسەدیق درێژەی بە کاری سیاسیی داوە تا ساڵی ١٩٥٨ ئێران بەجێ هیشتووەو ڕوویکردووتە عێراق تا ساڵی ١٩٦٠لە عێراق دەرکراوەو گەڕاوەتەوە بۆ براکو درێژەی بە خوێندن داوە، لە ساڵی١٩٦٢ تێزی دکتۆراکەی بە ناوی کوردستان و کورد پێشکەش بە بەشی ئابووریی زانکۆی براک کرد، چەندین زمانی ڕۆژهەڵاتیو ئەوروپای زانیوەو لە کاری سیاسیدا بەردەوام بووە تا ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا تیرۆرکراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا( ١٩٣٠_١٩٨٩)، چ١، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر ٢٠٠٧ ؛ پیتەر پلیج: ئیسکورد بەرەو تاران، د. قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕکێش کرا؟، و. حەسەنی ئەیوب زادە، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ب س، ل٨٩،٥٢،٥٣).

# کورد لە ژاپۆن



سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگەی کوردی لە ژاپۆن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا، مێژوویەکی کورتی هەیە و زۆرینەیان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە و لە کاتی گەرمبوونی شەڕ و توندوتیژی لە باکووری کوردستان، ڕوویان لەو وڵاتە کردووە.

زۆربەی ئەم کۆچبەرانە لە باکووری کوردستان و تورکیاوە بەهۆی فشاری سیاسی، چۆڵکردنی گوندەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە، ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن.

ئەوان بەو هیوایەوە چوونە ژاپۆن کە وەک وڵاتێکی دیموکرات و پێشکەوتوو، ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆیان، بەڵام لەوێ ڕووبەڕووی جۆرێکی نوێ لە خەبات بوونەتەوە بۆ مانەوە و سەلماندنی ناسنامەی خۆیان.

## گیرخواردن لە نێوان سێ بەرەی گوشاردا:

دۆخی کورد لە ژاپۆن زۆر ئاڵۆزە، چونکە لە یەک کاتدا لەژێر گوشاری سێ لایەنی جیاوازدان:

گوشاری حکومەتی ژاپۆن: یەکێک لە توندترین سیاسەتەکانی پەنابەریی لە جیهاندا هەیە و بە دەگمەن دان بە مافی پەنابەریدا دەنێت. ئەمەش وای کردووە زۆرینەی کوردەکان بەبێ ناسنامەی فەرمی و لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی دیپۆرتکردنەوەدا بژین.

گوشاری کۆمەڵگای ژاپۆن: بە گشتی کۆمەڵگەیەکی داخراوە بەرانبەر بە بیانییەکان،

لەم دوایيانەشدا، بەهۆی پڕوپاگەندەی میدیاییەوە، دژایەتییەکی ئاشکرا بەرانبەر بە کوردەکان سەریهەڵداوە.

گوشاری دەوڵەتی تورکیا: لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەیەوە لە تۆکیۆ، بەردەوام کار بۆ ناشیرینکردنی کورد دەکات و بە «تیرۆریست» ناویان دەبات، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیی لەسەر بڕیاری دەسەڵاتدارانی ژاپۆن و ڕای گشتیی ئەو وڵاتە دروست کردووە.

### تا ئێستا تەنها یەک کۆچبەری کورد مافی پەنابەریی وەرگرتووە:

ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەنی توندترین سیاسەتی پەنابەرییە لە جیهاندا. ساڵی ڕابردوو، ئەو وڵاتە تەنها ١٩٠ کەسی وەک پەنابەر قبوڵ کردووە.

شۆکهێنەرتر لەمە ئەوەیە کە تا ئێستا، تەنها یەک کۆچبەری کورد لە مێژوودا توانیویەتی مافی پەنابەری لە ژاپۆن وەربگرێت.

### کۆچبەریی کوردەکان بۆ ژاپۆن

کوردەکانی لە میانەی دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردوو، کاتێک لە دەستی دەوڵەتی تورکیا و وڵاتانی تر هەڵاتبوون، ڕوویان لە ژاپۆن نا و لە کاواگوچی و وارابیدا نیشتەجێ بوون.

بە گوێرەی سەرژمێریی وەزارەتی دادی ژاپۆن لە کۆتایی دیسامبێردا، نزیکەی ٧٧٠٠ هاووڵاتی تورکیا بە شێوەی یاسایی لە ژاپۆندا دەژین. بەڵام زیاتر لە ١٣٠٠ کەسیش بە شێوەی نایاسایی لەو وڵاتەدا ماونەتەوە. ژمارەی کوردەکان لە کاواگوچی و وارابی نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لە کۆی ٦٧٠ هەزار کەسیی ئەو دوو شارەیە و



ئەو ڕێژەیە بۆتە بیانوویەک بۆ هەندێک چالاکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا بە بەکارهێنانی چەمکی سووکایەتیی لە دژی کوردەکان بانگەشە بکەن. لەمناوە تاتسۆهیرۆ نۆکۆوی، بەڕیوەبەری ئێن‌جی‌ئۆی «لەگەڵ کوردەکان لە ژاپۆن»، دەڵێ: ئاستی ئازاردان و بێڕێزی بە کۆمەڵگای کوردەکان بە ئاشکرا زۆر زیادی کردووە و دەسپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و کاتێک شەڕی نێوان دوو کەسی کورد و ژاپۆنی لێدان و چەقۆکێشانی تەنانەت تا ناو نەخۆشخانەی لێ کەوتەوە. لەوساوە شەپۆلێک لە بێزاری لە دژی کوردەکان دەستی پێکردووە». سەرەڕای چاوەڕوانییەکان بۆ بڕیاری دەوڵەت لەبارەی داواکاریی پەنابەرییان، زۆربەی کوردەکان هەر لە ئێستاوە ترسی دیپۆرتکرانیان بۆ وڵاتانی خۆیان هەیە و ئەمە زیاتر لە بەرامبەر پەلامار و بێڕێزی و توندوتیژیی خەڵکی خۆجێی و نەیارانی کۆچبەری دەستەوەستانیان دەکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەمساڵ ژاپۆن تەنیا پەنابەریی بە یەک کەسی کورد داوە، لە کاتێکدا هەر ئەو ساڵە ١٩٠ کەس کە زۆربەیان ئەفغانی بوون، مافی پەنابەرییان وەرگرتووە.



## چێشتخانەیەکی کوردەواری لە شاری تۆکیۆی پایتەختی یابان

لە نزیک وێستگەی کۆجۆ، لە شارەدێی کیتا لە شاری تۆکیۆی پایتەختی یابان، چێشتخانەیەکی کوردەواری بە ناوی (میزۆپۆتامیا) بووەتە جێگای سەرنجی گەشتیاران و تیایدا نەک هەر تەنیا خواردنی کوردەواری، بەڵکوو کولتووری کوردییش پیشانی میوانان دەدرێت.

ئەو ناوچەیە هەر خۆی شوێنێکی کراوەیە بۆ چەندین کولتووری جیاوازی نەتەوە و وڵاتان بۆ خواردن و چێشتلێنان، چێشتخانەی میزۆپۆتامیاش لەناو ئەو کولتوورە جیاوازانەدا جێگای خۆی لە دەروازەی باشووری وێستگەی کۆجۆ، کە ستراتیژترین شوێنی ناوچەکەیە کردووەتەوە، ئەمەش وای کردووە چاوی زیاتری گەشتیاران و میوانان و یابانییەکانی لەسەر بێت.

کومازاکی تاکاشی، کە ڕۆژنامەوانێکی یابانییە و ڕاپۆرتێکی لە ماڵپەڕی (نیپۆن) لەبارەی ئەو چێشتخانە کوردەوارییەوە بڵاو کردووەتەوە و دەڵێت:" کوردستان بەوە ناسراوە، یەکێکە لە چوار گەورەترین شارستانییەتەکانی جیهان، ئەوەم لە وانەی مێژوو لە قوتابخانە خوێندووە، ئەمەش وای لێ کردم بچمە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم و پرسیار لە پیاوە باڵابەرزەکەی ناو چێشتخانەکەی میزۆرپۆتامیا بکەم:

– ببوورە ئێوە لێرە ئەوە چ جۆرە خواردنێکە پێشکەشی دەکەن؟

پیاوە باڵابەرزەکە: ئەوە خواردنی کوردەوارییە.

– بەڵام، بۆچی ناوی چێشتخانەکەت ناوە میزۆپۆتامیا؟ بۆ ناوی کوردستان نییە!

پیاوە باڵابەرزەکە: ئەوە بە واتای ئەو ناوچەیەیە



دێت کە پێی دەگوترێ (کوردستان)، کە ڕووباری دیجلە و فورات لێیەوە سەرچاوەی گرتووە و شارستانییەتی میزۆپۆتامیای لێ لەدایک بووە"

ڕۆژنامەوانە یابانییەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو پیاوەی ئەم زانیارییەی لەسەر کورد پێ دام ناوی (ڤاکاس کۆلاک)، خۆشیان کوردن و خاوەن و چێشتلێنەری سەرەکیی چێشتخانەکەن، کە تاکە شوێنە لە وڵاتی یابان خواردنی کوردی پێشکەش بە میوانەکانی دەکات و لە ساڵی ٢٠١٧ەوە کراوەتەوە"

ڕۆژنامەوانە یابانییەکە باس لەوەش دەکات، کە ئەو زانیاریی لەسەرخواردنی کوردەواری نەبووە، بەڵام (کولاک) بۆی ڕوون کردووەتەوە، کە بەدرێژایی مێژوو خواردنی کوردی لەژێر کاریگەریی کولتووری خۆراکییەکانی دیکەی وەک ئاسیای ناوەڕاست، یۆنان، تورک، فارس و عەرەبەکان بووە، بەڵام "زۆر لەو خواردنانەی، کە بە خواردنی تورکیی ئێستا ناسراون، ل بنەڕەتدا لە ناوچە کوردییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە"

ڕۆژنامەوانە لەبارەی خواردنەکانی چێشتخانەی میزۆپۆتامیاشەوە دەڵێت: "لەنێو مینیوی شوێنەکەدا، کولاک پێشنیاری ژەمی تایبەتیی میزۆپۆتامیای بۆ کردم، کە بە (١٢٥٠ یۆین) ی یابانی بووە و بریتی بووە لە پڵاوی برنج و پەتاتەی برژاو لە فڕندا و گۆشتی سوورەوەکراوە، کە لەوێدا پێی گوتراوە (کۆتیلاک)، بەڵام بەتامترین خواردن لەم چێشتخانەیەدا (کۆکتێل) بووە کە پێکهاتووە لە گۆشتی بەرخ بە تێکەڵەی وردە شیرینی لەگەڵ پیاز و پەتاتە و گوێز و کونجیشی، کە تێکەڵەیەکی دەوڵەمەند بووە لەگەڵ گۆشتە بەرخەکە کە تامێکی زۆر تایبەتیی هەبووە"

دەشڵێت: "دوای ئەو خواردنە بەتامانە، ئیتر دەستم کردووە بە سەردانیکردنی بەردەوامی چێشتخانەی میزۆپۆتامیا و هەر جارێک زیاتر زانیارییم لەسەر پاشخانی مێژوویی و ژیانی ڕۆژانەی کاک کۆلاک و کوردانی دیکەی دانیشتووی یابانەوە زانیوە"



## کۆڵاک لە باکووری کوردستانەوە بۆ یابان

کۆلاک لە ساڵی ١٩٨١ لەدایک بووە و تەمەنی منداڵی لە گوندێکی کوردنشینی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) بەسەر بردووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ماڵباتی ئەوانیش هەروەکوو زۆر لە کوردانی دیکە لەو وڵاتە ئاوارە بوون و هەندێک لە ئەندامانی ماڵباتەکەی چوونەتە ئەورووپا و کولاک و برای دیکەشی بەرەو یابان چوون.

کولاک لە یابان بە خەونی منداڵییشی گەیشتووە و لە زانکۆیەکی ئەو وڵاتە بووەتە مامۆستای زمانی کوردی. سەرەتا کولاک بۆ خوێندن دەچێتە مالیزیا و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ دەچێتە یابان.

کولاک لەپاڵ کاری مامۆستایی بەهۆی حەز و خولیای زۆری بۆ چێشتلێنان، چێشتخانەی میزۆپۆتامیا دەکاتەوە.

ئێواران وەک چێشتلێنەر و بەڕێوەبەر لە چێشتخانەی میزۆپۆتامیا کار دەکات، لە ڕۆژانی هەفتەشدا وەکوو مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی تۆکیۆی پایتەختی یابان وانە دەڵێتەوە، هاوکات بۆ بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردانی یابانیشە.

چێشتخانەکە لەپاڵ خواردنە کوردەوایەکانیدا، پەرتووکخانەیەکی پڕە لە پەرتووکی پەیوەندیدار بە کوردەوە، کە ژمارەیەک پەرتووکی یابانی لەلایەن کولاکەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و لە پەرتووکخانەکە هەن.

## کوردانی دانیشتووی یابان

ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کورد لە پارێزگای سەیتامە نیشتەجێن، بەتایبەتیی لە شارەکانی کاواگوچی، کە کولاک تیایدا نیشتەجێیە، هەروەها لە وارابی کە ناوچەیەکە هەندێک پێیان خۆشە ناوی بنێن وارابستان، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووانی کورد لەوێ هەن.

هەندێ فیلم هەن، کە چیرۆکی ژیانی کوردانی دانیشتووی ئەم ناوچەیە پیشان دەدەن، بۆ نموونە فیلمی "کوردەکانی تۆکیۆ" کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها فیلمی "خاکی بچووکی من" کە هەردووکیان باس ژیانی کوردان دەکەن لە یابان و ئاوارەییدا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (nippon) ، کە لەلایەن ڕۆژنامەوانی یابانی کومازاکی تاکاشی، ئامادە کراوە، هەموو ئەو کوردانەی لە یابان دەژین مافی پەنابەرییان نییە، زۆر جاریش ناچارن لەژێر سیستمێکی ناجێگیری ئیقامەی کاتیدا بژین. بەپێی ئەم سیستەمە ڕێگەیان پێنادرێت کار بکەن، یان بەئازادی لە سنوورەکانی پارێزگاکاندا بجووڵێنەوە، هەروەها ناتوانن بیمەی تەندروستیی نیشتمانی بەدەست

بهێنن.
کولاک لێرە هەوڵ دەدات هاوکاریی کوردەکان بکات، بەردەوامیش لە چێشتخانەکەیەوە کولتووری کوردی پیشانی هاوولاتییان و خەڵکی یابان دەدات.

## فیلمی کوردانی تۆکیۆ

ناوەڕۆکی فیلمێکە کە باس لە واقیعی پڕ چەرمەسەری ژیانی کورد لە ژاپۆن دەخاتە ڕوو بە ناوی «کوردانی تۆکیۆ».
فیلمەکە فومیاری هیۆگا دەرهێنەریەتی و دووەم پڕ بینەرترین فیلمی دیکۆمێنتارییە لە ژاپۆن لەمساڵ دا و لە مانگی ئایار/مایۆی ڕابردوو لە فێستیڤاڵی نیپۆن کۆنێکشنی سینەمایی لە ئەڵمانیا پەخش کرا و بەشێکی گرتەکانی بە کامێرای شاراوە گیراوە، لەوکاتەی کە دەرهێنەر و وێنەگران چوونەتە نێو کەمپی پەنابەرە کوردەکان لە پارێزگەی ئیپاراکی کە وەک گرتووخانە وایە و کوردان ناتوانن بە ئازادیش لە وڵاتەکە بسووڕێنەوە و چوونە دەرەوەیان بە مۆڵەت و پێدانی زانیاری لەبارەی هۆکار و ئامانجی ڕۆیشتنیان و ئەو شوێنەی بۆ دەڕۆن، بۆ ماوەیەکی کاتی ڕێگەپێدراو دەبێت.
ستافی کارکردن و بەرهەمهێنانی فیلمەکە ماوەی



پێنج ساڵە خەریکی وێنەگرتنین، تا توانیویانە بچنە نێو کەمپی کوردەکان و لە ژیانیان بکۆڵنەوە و دوو گەنجی کورد کە پاڵەوانی فیلمەکەن ڕۆڵ دەگێڕن، ئەوان لە تەمەنێکی بچووکەوە لەگەڵ ماڵباتەکانیان هاتوونەتە ژاپۆن و گیرساونەتەوە و ئێستەیش پێگەیشتوون و گەنجن.
سەرەڕای ئەوەی کولتوور و زمانی ژاپۆنی بۆ ئەوان زۆر نامۆیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە منداڵییەوە لەو وڵاتەن، زمانێکی پاراوی ژاپۆنی دەزانن و هیچ کێشەیەکیان نییە.
ڕەمەزان یەکێکە لەو گەنجانە و بە پاراوی و ڕوونی قسە دەکات و هەموو توانای خۆی خستووەتەگەڕ، تا ببێتە نموونەیەکی باڵای پەنابەران لە ژاپۆن، زۆرترین کاتەکانی بە خوێندن بەسەر دەبات، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی قبووڵکردن لە زانکۆ سەرکەوتوو بێ و ئامانجی ئەوەیە دوای تەواوکردنی زانکۆ وەک وەرگێڕ کار بکات، بە پێچەوانەی ئەمەوە ئۆزان دووەم گەنجە و قوتابخانە و خوێندنی لە قۆناغی ناوەندی جێهێشتووە و هاندەرێکی سەرسەختی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی بە ناوبانگی پرتوگالە و بەشێوەیەکی نایاسایی و بە ڕەش لەگەڵ تیمێکی ڕووخاندنی باڵەخانەکان بە مەبەستی سەر لە نوێ نۆژەنکردنەوەیان کار دەکات.
ماڵباتی هەردوو گەنجەکە لە دۆخێکی سەختدا دەژیێن و توندترین ڕێوشوێنیان لە دژ گیراوەتەبەر و هەموو چەند مانگێک جارێکیش پێویستە سەردانی فەرمانگەی پەنابەران بکەن، تا مۆڵەتی مانەوەیان بۆ نوێ بکەنەوە و زۆرجاریش پۆلیسی ژاپۆن بێ بوونی هیچ بەڵگە و تاوانێک هەڵدەکوتێتە سەر کەمپەکان کە وەک گرتووخانەیەک وایە، کەسانێک دەبات و

دەخرێنە گرتووخانەی تاوانبارانەوە.
مامی ڕەمەزان کە ناوی محەمەدە ماوەی ساڵێکە لە ناوچەی میناتۆی تۆکیۆ گیراوە و لە گرتووخانەیە و تا ئێستەیش نازانرێ بە چ تۆمەتێک گیراوە و بۆچی بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەرچەندە گەنجانی کورد لە ژاپۆن بە هیوا و ئومێدی گەورەوە کۆشش دەکەن و دەیانەوێ بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵام سەرەنجام بەهۆی ئەو هەموو جیاکاری و ڕێوشوێنە توندە، بێهیوا دەبن و زۆرینەیان دەسبەرداری خوێندن دەبن، یان کاتێک ڕێگەیان نادرێ بچنە زانکۆ و بخوێنن، ئیتر بیهێواییەکی زۆر ڕوویان تێ دەکات.
لەگەڵ ئەوەیش دا کوردەکان کولتووری خۆیان لەیاد نەکردووە و ساڵانە ئاهەنگی نەورۆز دەکەن، کە سەری ساڵی کوردییە، زۆرینەی ڕەهای کوردیش لە ژاپۆن لە بنەڕەتدا بریتین لە کوردانی باکوری کوردستان، بەشێک لەو فشار و مەینەتیانەی ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە، بەهۆی فشاری تورکیا و باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەیە لە تۆکیۆ، بۆیە چەندان جار کوردانی تۆکیۆ خۆپیشاندانیان لە بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا ساز کردووە و سەرکۆنەی ئەو کارانەیان کردوون.
یەکێک لە هاووڵاتییە کوردییەکان لە فیلمەکە دەڵێ، ئەگەر تورکەکان وەک مرۆڤ سەیرمان بکەن، ئێمە خۆمان تووشی ئەو هەموو مەینەتی و دەردەسەرییە نەدەکرد، بەڵام لە ژاپۆن کە دەسەڵاتیان نییە، باڵوێزخانەی تورکیا هەوڵی ئازاردانمان دەدا، ئاخۆ بگەڕێینەوە بۆ تورکیا حاڵمان چۆن دەبێت؟ ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە تورکیا بە کردەیی باوەڕی بەوەیە کە کورد لە هەر کوێی دنیا بێ، ئەوان بە دوژمنی خۆیان سەیری کورد دەکەن و کۆسپ و ئازاریان بۆ دروست دەکەن.
لە بەشێکی تری فیلمەکە ناوەڕۆکی گفتوگۆی ئۆزان کە یەکێکە لە گەنجەکانی نێو فیلمەکە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، لەگەڵ بەرپرسێکی فەرمانگەی پەنابەران بوونی هەیە، نەتوانراوە شێوەی ئەفسەرەکە وێنەی بگیرێ و تەنیا دەنگەکەی تۆمار کراوە، کاتێک ئۆزان لێی دەپرسێ، چی دەبێ ئەگەر مافی مانەوەمان پێ بدەن، بەرپرسەکەیش بە گاڵتەجارییەوە، چی دەبێ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەتان، یان بڕۆ بۆ وڵاتێکی تر.

## کۆمەڵگەی کوردی لە کاواگوچی

شاری کاواگوچی کە ڤیدیۆ مشتومڕاویەکەی لەسەر بڵاوکراوەتەوە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەسە و خاوەنی زۆرترین ڕەوەندی کوردییە لە ژاپۆن کە پێکهاتووە لە نزیکەی ٣ هەزا کورد.
دوێنێ پۆلیسی شارەکە ڕایگەیاند کە سەرۆکی شارەوانی سکالایەکی لای ئەوان تۆمارکردووە بەهۆی ئەوەی هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە لەسەر ئەوەی گوای پشتگیری کورد دەکات.
نۆبوۆ ئۆکونۆکی، سەرۆکی شارەوانی کاواگۆچی، ڕایگەیاند، « لە کاتێکدا داوا لە حکومەتی نیشتمانی دەکەین ڕێوشوێنی توند




هەواڵنامەی کتێب

بەرامبەر هەندێک لە بیانییەکان بگرێتەبەر کە کاری نایاسایی ئەنجام دەدەن، داواشمان کردووە سیستەمێک دابنرێت بۆ ئەوەی بیانییەکان هەتا ئەو کاتەی سنورداش دەکرێنەوە بتوانن لە ئاستێکی شیاودا بژین....من بەرگری لە کورد ناکەم.»

بە گوێرەی سەرچاوە کۆچبەرییەکانی ژاپۆن، زۆرینەی ڕەوەندی کوردی لەو وڵاتە لە ساڵانی ١٩٩٠ لە باکوری کوردستانەوە کۆچیان کردووە و هەتا ئێستا بەهۆی توندی سیستەمی کۆچبەری ژاپۆنەوە تەنانەت مافی پەنابەرێتیشیان پێنەدراوە.

ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی کە توندترین یاسای پەنابەری هەیە و گروپە ڕاستڕەوەکانی وڵاتەکە، بەتایبەت حزبی «ژاپۆن سەرەتا»، بەردەوام هۆشداری لە مەترسی پەنابەران لەسەر ئاسایشی کلتوری و ئابووری وڵاتەکەیان دەدەن.

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٢ حکومەتی ژاپۆن بۆ یەکەمجار مافی پەنابەرێتی دا بە کوردێک کە ساڵی ٢٠١٤ لە تورکیا ڕایکردبوو.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێک لە ماڵپەڕە ڕاستڕەوەکان، ڕەوەندی کوردی لە وڵاتەکە بەوە تۆمەتباردەکرێن گوایە ڕێز لە کلتوری ژاپۆن ناگرن و هەندێک ڕەفتار ئەنجامدەدەن وەکو بڵاوکردنەوەی خاشاک و ئاهەنگ گێڕان بە دەنگی بەرز و پابەند نەبوون بە هۆکاری سەلامەتی لە کارکردندا.

بۆ نمونە، ماڵپەڕی سانکێی شیبووم لە ڕاپۆرتیکی مانگی پێنجی ئەمساڵدا لە زاری ڕۆژنامەنوسێکی تورکەوە دەڵێت کوردەکان لە ناوچەی شاخاوی دورەدەستەوە هاتوون بۆ ژاپۆن و شارەزای ژیانکردن لە شارەکان نین. ماڵپەڕەکە وێنەی بارهەڵگرێکی بڵاوکردووەتەوە کە بڕێکی زۆری



دار و کەلوپەلی هەڵگرتووە، وەک ئاماژە بۆ ئەوەی گوایە کورد پابەدنی هۆکاری سەلامەتی کارکردن نابێت لە وڵاتەکە.

هەروەها لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس، چالاکوانێکی ژاپۆنی ڤیدیۆیەکی بڵاوکردووەتەوە کە دیمەنی پیاوێک نیشاندەدات لەگەڵ منداڵێک لەناو ئۆتۆمبێلێکی کارکردن دەردەکەون. چالاکوانەکە بانگەشەی ئەوە دەکات پیاوەکە کوردە و بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی سەلامەتی منداڵەکەی خستووەتە ئەم بارودۆخەوە.

## فشارەکانی تورکیا

کۆمەڵگەی کوردی لە وڵاتەکە سەرباری یاسا توندەکانی ژاپۆن و ڕەخنەی دژە پەنابەرەکان، هەروەها ڕووبەڕووی فشارێکی بەردەوامی حکومەتی تورکیاش بووەتەوە.

مانگی چواری ساڵی ٢٠١٩، ئەوکاتەی زانکۆی تۆکیۆ بڕیاری دا بە کردنەوەی خوێندنی زمانی کوردی، یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆکە ڕایگەیاند کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نارەزایی لەسەر بڕیارەکە دەربڕیوە.

هەروەها مانگی یازدەی ساڵی ڕابردوو تورکیا بە فەرمی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ژاپۆنی بە تۆمەتی پشتگیری پەکەکە خستە لیستی تیرۆرەوە.

## ڤیدیۆیەکی ساختە کۆمەڵگەی کوردی لە ژاپۆن دەخاتە بەر شەپۆلێکی نوێی ڕق و کینە

ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەکی دەستکاریکراو بە شێوەیەکی فراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سەبارەت بە ڕۆڵی کورد «لە تیرۆر» بووەتە هۆی تاودانی شەپۆلێکی نوێی ڕقوکینە بەرامبەر ڕەوەندی کوردی لە ژاپۆن، بە شێوەیەک سەرۆک شارەوانی یەکێک لە شارەکانی ژاپۆن ناچاربوو ڕایبگەیەنێت «پشتگیری کورد ناکەم.»

سەرچاوەی ڤیدیۆکە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٢٣ ئەو کاتەی تەلەفزیۆنی ئاساهی وڵاتەکە ڕاپۆرتێکی هەواڵی ٤ خولەک و نیوی سەبارەت بە ڕەوەندی کوردی لە ژاپۆن ئامادەکردبوو. ڕاپۆرتەکە بە گشتی باسی لە ڕەوەندی کوردی و هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی و شەڕی تورکیا دژی پەکەکە کردووە.

بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لە ئێکس، ڕاپۆرتە هەواڵییەکە دەستکاری کراوە و تەنها ئەو بەشانەی بەکارهێندراون کە باس لە ناساندنی پەکەکە وەک گروپێکی تیرۆرستی لەلایەن تورکیاوە دەکات. بە شێوەیەک پێناسەی ڤیدیۆکە کراوە کە گوایە کوردانی دانیشتوی شاری کاواگوچی ژاپۆن پشتیوانی لە تیرۆر دەکەن.

ڤیدیۆ دەستکاریکراوەکە خولەکێک و ١٢ چرکەیە، لە ژێر ناونیشانی «بابەتێکی مشتومڕاوی: کۆمەڵی کوردی لە کاواگوچی ‹پشتگیری لە تیرۆر دەکات،› حکومەتی تورکیا بڕیاردەدات بە بلۆککردنی سەروەت و سامانی.»

بە گوێرەی ڕۆژنامەی ئاساهی شیمبوون، کە یەکێکە لە پێنج گەورەترین ڕۆژنامەکانی ژاپۆن،



ڤیدیۆکە زیاتر لە ٩ ملیۆن بینەری هەبووە و بەشێوەیەک وێنای کاربەدەستانی شاری کاواگوچی کردووە کە پشتگیری لە تیرۆر دەکەن و ناچنە ژێر باری داواکانی حکومەتی تورکیا بۆ «بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.»

ڕۆژنامەکە دەڵێت ڤیدیۆکە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵوێستی ڕقوکینە بەرامبەر کورد و بەشێک لە هاووڵاتیانی ژاپۆن دەڵێن «ئەمە داگیرکاری وڵاتەکەمانە،» و هەندێکی تر دەڵێن، «دەستبەجێ سنورداشیان بکەنەوە.»

دەشڵێت چەند ڕۆژێک دوای کاردانەوەکان ڤیدیۆکە سڕاوەتەوە و ئەو کەسەی ڤیدیۆکەی بڵاوکردووەتەوە بە ئاساهی شیمبوونی ڕاگەیاندووە، «من ڤیدیۆکەم دەستکاری نەکردووە، بەڵکو تەنها لە ئەکاونتێکی بیانی وەرمگرت و بڵاومکردەوە. وامزانی ئەمە تەواوی ڤیدیۆکەیە. بۆیە کاتێک زانیم پۆستەکەم چەواشەکارە، سڕیمەوە.»

تورکیا گوشار دەخاتە سەر ژاپۆن ڕێ نەدات کوردانی ئەو وڵاتە جەژنی نەورۆز بەڕێوە ببەن ساڵی ٢٠٢٤ بەرپرسانی ژاپۆن لە شاری سایتاما داواکاریی کوردانی ئەو وڵاتەیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز ڕەت کردەوە، ڕۆژنامەیەکی ژاپۆنی دەڵێت وڵاتەکە لە ژێر هەڕەشە و گوشاری تورکیادایە تا ڕێ بەو

جەژنە نەدات.

وادیارە کوردانی نیشتەجێی ژاپۆن چەند مانگێک زووتر هەنگاویان ناوە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز تەواو بکەن.

پاساوی بەرپرسانی ژاپۆن بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لەو شارە، ئەوە بووە لەوانەیە بەڕێوەبردنی نەورۆزی ٢٠٢٤ لە گەورەترین پارکی شارەکە کێشە و ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە.

ئەنجوومەنی پارکەکانی سایتاما بە ڕۆژنامەکەی گوتووە لەلایەن کەسانی نەناسراو بە تەلەفۆن و ئیمەیل هەڕەشەیان لێ کراوە کە نابێت ئەو ڕێوڕەسمە بەڕێوە بچێت.

ڕۆژنامەی ئاسامی شیمبون بڵاوی کردووەتەوە کە ئەنجوومەنی پارکەکانی سایتاما، داوای لێبوردنی لە دامەزراوەی ناحکوومی کوردەکانی ژاپۆن کردووە کە داواکارییەکەیانی ڕەت کردووەتەوە و وادیارە ئەم جارە لێی پاشگەز بووەتەوە.

لە ساڵانی ٢٠١٨ ، ٢٠١٩ و ٢٠٢٣ ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز لە ژاپۆن لەلایەن کوردەکان بە بێ هیچ کێشەیەک بەڕێوە چووە.

بەگوتەی سەرچاوەکە لە ساڵانی ٢٠١٨ ، ٢٠١٩ و ٢٠٢٣ ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز لە ژاپۆن لەلایەن کوردەکان بە بێ هیچ کێشەیەک بەڕێوە چووە.

بەپێی دواین زانیارییەکان، ئەنجوومەنی سەربە شارەوانیی سایتاما بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە کێشەیەک و ئاگرکەوتنەوە و ڕوودانی ڕووداوی نەخوازراو هەندێک ڕێنوێنییان دەرکردووە، بەڵام ئەگەر گوشارەکان بەردەوام بن لەوانەیە ڕێ بە کوردان نەدرێ ئەمساڵ جەژنی نەورۆزیان بەڕێوە ببەن.

## ژاپۆن خۆپیشاندانێکی لە دژی کوردانی وڵاتەکە هەڵوەشاندەوە

بڕیار بوو ٢٤-١١-٢٠٢٤ لە ژاپۆن خۆپیشاندانێکی فراوان لە دژی کوردانی ئەو وڵاتە ڕێکبخرێت، بەڵام دادگای شاری سایتامای ژاپۆن خۆپیشاندانەکەی قەدەغە کرد.

کۆمەڵەی کولتووری کوردانی ژاپۆن ڕایگەیاند، بەردەم نووسینگەکەیان بە شوێنی خۆپیشاندانەکان دیاریکرابوو، بەڵام دادگا بڕیاری دا نابێت تا دووریی ٦٠٠ مەتر لە نووسینگەکە هیچ خۆپیشاندانێک بکرێت.

کۆمەڵەکە دەڵێت، پێشتریش چەندین خۆپیشاندان لە دژیان بەڕێوەچووە و دروشمی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان بریتی بووە لەوەی ”دەبێت کورد ژاپۆن جێبهێڵێت“.

ڕێگریکردن لە خۆپیشاندانەکە لە دوای سکاڵایەک هات کە لەلایەن کۆمەڵەی کولتووری کوردانی ژاپۆن تۆمارکراوە

ژاپۆنییەکان ژیانی پەنابەرانی کورد تاڵ دەکەن؛ ‹منداڵەکانم لە ترسان ناتوانن بچنە دەرەوە›



زیاتر لە دەیەیەک دوای گەیشتنی بە ژاپۆن لەگەڵ هاوژینەکەی و دوو منداڵەکەی، عەلی لە دوو بەرەوە دەجەنگێت، بەرەیەک داواکارییەکەیەتی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، بەرەی دووەمیش زیادبوونی دژایەتیکردنی ژاپۆنییەکانە دژی خێزانەکەی و کوردانی دیکەی دانیشتووانی ژاپۆن.

عەلی پەناخوازێکی باکووری کوردستانە و رووی لە ژاپۆن کردووە. لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی بۆ تورکیا و دیپۆرتکردنەوەی، یانیش بەهۆی بێزاربوونی لە ژیانی ژاپۆن، بە رۆژنامەی گاردیەنی بەریتانیی گوتووە، «پێم باشترە بمرم و نەگەڕێمەوە تورکیا، بەڵام ژیان لێرەش هەر خراپتر دەبێت. دەبینم دراوسێ ژاپۆنییەکانمان، رۆژانە لەگەڵمان زۆر ساردن. تەنانەت هەندێکیان سڵاویشمان لێناکەن.»

عەلی دەردەدڵی زیاتر دەکات و دەڵێت، «منداڵەکانمان لە قوتابخانە ناوناتۆرەیان لێدەنرێت، منداڵانی دیکە یارییان لەگەڵ ناکەن، پێموایە ئەمە رەنگدانەوەی دۆخە گشتییەکەی ژاپۆنە.»

لە مانگی تەممووزدا، کوڕەکانی عەلی لە پارکێکی نزیک ماڵەکەیان لە شاری کاواگوچی، نزیک تۆکیۆی پایتەخت، یارییان دەکرد کاتێک پیاوێک لێیان نزیک دەبێتەوە، بە گوتەی عەلی کە بە پۆلیسی راگەیاندووە، پیاوەکە هێرشی کردووەتە سەر منداڵە بچووکەکەی، کە قوتابیی قۆناخی سەرەتاییە و، دەموچاوی شکاندووە.

پاشان بە ژاپۆنی هاواری بەسەر منداڵەکەیدا کردووە و پێی گوتووە، «بیانییەکان، بگەڕێنەوە وڵاتەکەتان!»

چەند هەفتەیەک دوای ئەو رووداوە، عەلی رووبەڕووی پیاوەکە بووەتەوە، کاتێک دووبارە لە پارکەکە دەیبینێتەوە و پرسیاری لێدەکات تاوەکو بزانێت بۆچی هێرشی کردووەتە سەر کوڕەکەی؟ پیاوەکە رەتیکردەوە بە ئەنقەست لە منداڵەکەی دابێت، بەڵام دەشڵێت، «ئەگەر یاسا نەبووایە، هەمووتانم دەکوشت.»

ئەو هێرشە نوێترین رووداوی توندوتیژییە لە زنجیرە هێرشەکانی ئەمدوایەی دژی پەناخوازان و پەنابەرانی کورد لە ژاپۆن، ئەمەش کۆمەڵەی کوردانی ئەو وڵاتەی بێزار و نیگەران کردووە.

ژمارەی دانیشتووانی پەنابەرانی ژاپۆن لە سەرەتای ساڵدا گەیشتە ریکۆردێکی نوێ، کە ٣,٨ ملیۆن کەسن و کەمتر لە ٣٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.

پەیمانگەی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی دانیشتوان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ژاپۆنی، پێشبینیی کردووە رەنگە تاوەکو ساڵی ٢٠٧٠ پەنابەران ١٠٪ی ژمارەی دانیشتووانی ژاپۆن پێکبهێنن.

ئێستا هەروەکو وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا، پرسی کۆچبەران بووەتە پرسێکی گەرمی کۆمەڵگەی ژاپۆنی، بەتایبەتییش ئێستا بووەت مژارێکی سەرەکیی هەڵبژاردن. چاوەڕوان دەکرێت پارتی لیبڕاڵ دیموکراتی ژاپۆن (LDP) دەنگێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتووی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بهێنێت، سەرۆکی پارتەکەش ببێتە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی وڵاتەکە.

ئەو پارتە هەڵوێستێکی توندی لەسەر پرسی کۆچبەران هەیە، بەڵێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشیان بریتییە لە «سفرکردنەوەی کۆچبەری نایاسایی، سنووردارکردنی هاتنی کۆچبەران و دڵنیابوون لە تێکەڵبوونێکی کۆمەڵایەتیی باشتر.»

عەلی و خێزانەکەی لەو کوردانەن لە نێوەڕاستی ١٩٩٠ـەکانەوە لە تورکیا، ئێران و وڵاتانی

هەواڵنامەی دیتیت



دیکه هەڵاتوون. ژمارەیەکی زۆریان لە شاری کاواگوچی نیشتەجێ بوون؛ ئەوان دەڵێن، لە سەرەتادا لەگەڵ دراوسێ ژاپۆنییەکانیان زۆر بە باشی تێکەڵ بوون.

وەقاس چۆلاک، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی کولتووری کوردی – ژاپۆنی، لەبارەی دیاردەی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر کۆچبەران و پەنابەرانی کورد لەو وڵاتە، دەڵێت، «ئەوکات لەگەڵ یەک زۆر باش بووین و تێکەڵ بووین. چالاکیی زۆریان بۆ ڕێکخستین و هەوڵیاندا ئاشنای کولتوور یەکدی ببین.»

بەڵام وەقاس دەڵێت، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پەنابەران، دۆخەکە گۆڕا و لە ساڵی ٢٠٢٣ خراپتر بوو، کاتێک حکومەتی ژاپۆن یاسای کۆنترۆڵی کۆچبەرانی هەموار کرد، بۆئەوەی ڕێگە بە دەسەڵاتداران بدات کۆچبەران دیپۆرت بکەنەوە کە چاوەڕێی بڕیاری داواکاریی مافی مانەوەیان دەکەن، بەڵام بە مەرجێک سێ جار داواکارییان پێشکێش کردبێت.

زیادبوونی ژمارەی کۆچبەرەکان، بیری هەندێک لە دانیشتووانی شار و شارۆچکەکانی ژاپۆنی گۆڕیوە، گرووپە ڕاستڕۆکانیش ئەو دەرفەتەیان قۆستووەتەوە.

نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە کۆی ٦٧٠ هەزار دانیشتووی شاری کاواگوچی، کوردن. ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کورد لە بواری بیناسازیدا کار دەکەن، ژمارەیەکی دیکەشیان لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کار دەکەن.

تاتسوهیرۆ نوکویی، کە چالاکڤانێکی ژاپۆنییە و ڕێکخراوێکی تایبەت بە هاوکاریکردنی کۆچبەرانی هەیە، ڕایگەیاند، هۆکاری سەرەکیی ئەم شەپۆلی دژایەتیکردنە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی ساڵی ٢٠٢٣، کاتێک دوو پەنابەری کورد شەڕیان بوو، شەڕەکەش بووە هۆی ئەوەی شەڕێکی گەورە لەنێو ئەو شارەی ژاپۆن ڕووبدات.

نوکویی لەوبارەیەوە دەڵێت، «ئەمە ڕقێکی زیاتری بەرامبەر کۆچبەران بەدوای خۆیدا هێنا.»

ئێستا عەلی چاوەڕێی بڕیارێکە لەسەر سێیەم داواکارییەکەی بۆ مافی پەنابەری و دەڵێت، ئەو و خێزانەکەی ناتوانن چیدی بە سەلامەتی لە تورکیا بژین، بەڵام ئێستا ژاپۆن مافی پەنابەری بە کورد نادات و ساڵی ڕابردوو تەنیا مافی پەنابەریی بە ١٩٠ پەناخواز داوە، کە زۆربەیان لە ئەفغانستانەوە چووبوون.

عەلی کە کوڕە بچووکەکەی لە ژاپۆن لەدایکبووە، ڕەنگە ئەمەش هاوکاریی کەیسەکەی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناتوانێت نیگەرانییەکەی بشارێتەوە.

عەلی گفتوگۆی خۆی و هێرشکارەکەی سەر کوڕەکەی لە مۆبایلەکەیدا تۆمار کردووە و

دەڵێت، کوڕەکەی لەدوای هێرشەکە تووشی شۆک بووە، «شەوانە لە خەو رادەبێت، وا هەست دەکات ئەو پیاوە دێت بۆ کوشتنی. منداڵەکانم زۆر دەترسن و ناچنە دەرەوە.»

## کوردانی ژاپۆن مەترسیی دەرکردنیان لەسەرە

ژمارەیەکی زۆری پەناخوازەکان ماوەی چەندین ساڵە لە کەمپەکەکان ژیان بەسەردەبەن و مافی پەنابەری و دڵنیایی نیشتیمانی تەندروستیان پێنادرێت و رێگەیان پێنادرێت شوقە بە کرێ بگرن یاخود هەژماری بانک بکەنەوە ، ناتوانن موبایل بە ناوی خۆیانەوە بکڕن و ناچاردەبن زانیاری کەسێتی لە کەسوکار و هاوڕێکانیان وەربگرن کە مافی مانەوەیان هەیە.

بەشێک لە پەناخوازە کوردەکانی ژاپۆن لە ژینگەیەکی پیس و مەترسیداردا کاردەکەن، ئەو کارانەی کە کرێکارە ژاپۆنیەکان پێیان قبوڵنەکراوە.

مستەفا چۆلاک کە دە ساڵ لەمەوپێش بە هیوای ژیانێکی باشتر گەیشتووەتە ژاپۆن کە بە وتەی خۆی خەڵکی شاری سیڤاسی تورکیایە و « بەهۆی ستەمی سەربازانی تورکیاوە» رووی کردووەتە ژاپۆن بەڵام تا ئێستا مافی پەنابەریتی لەلایەن ژاپۆنەوە ڕەتکراوەتەوە.

چۆلاک لەگەڵ دوو منداڵ و هاوسەرەکەیدا ژیان بەسەردەبەن، هەرچەندە منداڵەکانیان لە ژاپۆن لەدایکبوون لە دیپۆرتکردنەوە پارێزراونین.

وەزارەتی دادی ژاپۆن کە بڕیار لەسەر چارەنوسی پەناخوازان و مافی مانەوەیان دەدات، ڕایگەیاند « هیچ هۆکارێک نیە کە منداڵەکان مافی مانەوەیان پێبدرێت لە کاتێکدا داوا لە دایکوباوکیان دەکرێت وڵاتەکە جێبهێڵن». کوردەکانی ژاپۆن پەیوەندیەکی بەهێزیان بە نیشتیمانی خۆیانەوە ماوەو هەموو ساڵێک لە مانگی ئازاردا لە ژێر درەختە گێلاسەکانی پارکێکی شاری کاواگوچی کۆدەبنەوەو یادی نەورۆز دەکەنەوە.

ئەگەر چاکسازی لە یاسای کۆچ و کۆچبەرانی ژاپۆندا بکرێت ڕەنگە هەموو ئەو ٢٠٠٠ کوردە پەنابەرە کە دانیشتووی ئەو وڵاتن ڕووبەڕووی مەترسیی دەرکردن ببنەوە.

بەپێی هەواڵیNHKی ژاپۆن باس لە ئەگەری هەموارکردنەوەی یاسای کۆچبەری لەو وڵاتەدا دەکات. لە ئێستادا بەشی دەرکردنی پەنابەران لە یاسای کۆچبەریی ئەو وڵاتە ڕاگیراوە، بەڵام پاش هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە ئەگەری دیپۆرت کردنەوەی هاووڵاتیانی کوردی دانیشتووی ژاپۆن هەیە کە نزیکەی دوو دەیەی لەمەوبەر بەهۆی کوت و بەند لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە پەنایان بردۆتە ژاپۆن.

هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ماینیچی ژاپۆن، ساڵانێکە نزیکەی ٢٠٠٠ هاووڵاتیی کوردی تورکیا چاوەڕێی مافی پەنابەریی لەم وڵاتە دەکەن، بەڵام تەقریبەن هەر هەموویان نەیانتوانیوە مافی پەنابەری لە ژاپۆن وەربگرن.

کەناڵی ئین ئیچ کەی بڵاوی کردۆتەوە ئەو کوردانەی لە ژاپۆن نیشتەجێن، «بە لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایە کە ئەو کەسانەی کە داوای مافی پەنابەرییان خەریکی تاوتوێ کردنە دیپۆرت ناکرێنەوە»، هەموو جارێک دوای ڕەتکردنەوەی داواکەیان، دووبارە داوای مافی پەنابەری پێشکەش دەکەنەوە بۆ ئەوەی دەرباز بن لە درکردن. بەڵام ئەگەر یاسای کۆچبەری لە ژاپۆن هەموار بکرێتەوە، ئەم ڕێگایەش بەڕووی کوردەکاندا دادەخرێت.

# مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف

## ویژدانێکی زیندوو لەنێو مێژووی هاوچەرخی کوردا




یوسف محەمەد بەرزنجی

**تێوەردان:**

ماندووبوون ولێکۆڵینەوەو کارکردن لەنێو دونیای بەرفراوان و پانوو پۆڕی مێژوودا زۆر گران و سەختە،هەموو کەس ناتوانێت وەک شۆڕەسوارێک لەنێو ئەم زەریا بەرفراوانەدا باڵەکوتێ و مەلە بکات، چونکە مەلەکردن لەنێو ئەم زەریا فراوانەدا کاری هەموو کەسێک نیەو لە حەوسەڵەو پشوودرێژی و تواناو هێزی هەموو کەسێکدانیە ،باوەشپێداکردن بۆ مێژوو وەک کارێکی قورس ،سەخت و دژوارو بەرفراوان و قوڵ بۆ هەموو کەسێک ساناو گونجاو نیە،بۆیە خۆدان لەقەرەی بابەتە مێژووییەکان و بنکۆڵکردن و لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوەی بابەتە جۆراو جۆرە مێژووییەکان کارێکی قورسەو ناتوانرێت بەهەموو کەس ئەو بەردە گەوهەرو قورسە بخرێتە سەرشان و بۆنێو ئەودەریا بەرفراوانە هەڵدرێت.

دەربارەی مێژوو وەک سیستەمێکی تیۆری، فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتە دەبێژێت:" هەرچییەک کارو چالاکیم زیاد نەکات یان تەنانەت لەڕێگایەکی تریشەوە هانی چالاکییەکانم نەدات، وتەنها شتم فێربکات بێزارم، بۆیە ئەم وتەیە شایستەی ئەوەیە کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا ڕەچاوی بکەین" هەربۆ پاڵپشتی و پشتگیری (گۆتە)و بەهەند وەرگرتنی وتەکەی(نیتشە)ی فەیلەسوف "لە پێشەکی توێژینەوەکەی لە مەڕ سوودمەندی




و ناسودمەندی مێژووئەم قسەیەی گۆتەی پەسەند کردووەو دەڵێ: ئەگەرپێویستمان بە مێژووە بۆ ئەوەیە کە هاوکاری ژیان و کارمان بێت، نەک لەژیان و کارساردمان بکاتەوە،نیتشە دان بەوەشدا دەنێت کە مێژوو مرۆڤ بەکارە مەزنەکانی سەردەمانی پێشوو ئاشنا دەکات"

مێژوو لە ژیانی مرۆڤدا،هەروەها ئاگاداربوون لێیی مرۆڤ لە خشتەبردن و هەڵفریواندن و بەلاڕێدا بردن وشیارو ئاگاداردەکاتەوەو تاقیکردنەوەو ئەزمۆنی هزری فراوان دەکات و لەڕوگیری دووری دەخاتەوەو ئایندەو پاشەڕۆژ زۆر بەڕونی و گەش دەبینێت، ئەمەوەمان بۆ دەردەخات وپیشان دەدات مێژوو مرۆڤ بەئاگادێنێتەوەو ڕاستییەکانی دەخاتە بەردیدەو لە خەیاڵ و ئەندێشە کەنارگیری دەخات و واقیع بینانە ئاراستەی دەکات.

وینستۆن چەرچڵ"کەتا ڕادەیەک بۆ خۆشی مێژوونووس بوو،بە درێژایی جەنگ مێژوویی وەکو ئامرازێک بۆ ئامانج گەیشتنە سیاسییەکانی بەکارنەهێناوە"؟ وەزۆربەی کەسایەتییەکان و سیاسییەکان لە مێژوو سەردەمی خۆیاندا کەڵک و سوودیان وەرگرتووەو تاقیکردنەوەکانی ناومێژوو هاندەریان بووە بۆ سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی گەل و فەرمانڕەوایەتییان و ئاشنایەتیان بەمێژوو(معاویە)، دامەزرێنەری دەوڵەت وخەلافەتی ئەمەوی"بەپێی گێڕانەوەکانی بن، هەموو شەوێک بە شێک لە وەختی خۆیی بۆ گوێگرتن لە سەرگوزشتەکانی مێژوو تەرخان کردووە" کەوابوو سودو دەستکەوتەکانی مێژوو یەکجار زۆرن بۆ مرۆڤ و عەقڵی مرۆڤ و کردەوەو خورەوشتی بەرەو ئاقاری بەرز وگەشەکردوو دەبات و وڵات و حوکمڕانی بەرەو پێشەوەو سەرکەوتن و گەشەکردن بەرزدەکاتەوەو ئایندەی ڕوونی دەخاتە پێش چاو، زهنی ئایندەی گەش دەنوێنێ وپایەکانی پێشکەوتنی فراوان دەکات.


**مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف:**

ئەم کەسایەتیی ومامۆستایە وەک گەنجێک لە باکورو باشووردا،خەون وخولیایی مێژوو ئەویندارى ئایندەو پاراستنی کەلەپوورو شارستانیەت و بناغەکانی مێژووی گەلەکەیەتی،ئەو حەزو خەونی گەورەی لەئامێزوو مێشکدایە کە بناغەو پایەکانی شارستانیەت و مێژووی گەلەکەیی بپارێزی و لە فەوتان و لە ناوچوون و پووکانەوە ڕزگاری بکات، ئەم ئامانج و خولیایە بۆ کێیە بۆنەوەکانی ئیستاو ئایندەیە،کە مێژووی گەل و وڵات و نەتەوەکەی خۆیان خۆشبوێت و شانازی پێوە بکەن و بەدەسکەوت و سوودەکانی پەلوو

پۆیەکانی مێژووی خۆیان ئاشنابن و لەڕیزی نەتەوەو لە ناو کایەی مێژوودا ملەبکەن و ئەوانیش خاوەن پایە بەرزەکانی مێژوو بن، ئەم مامۆستایە لەتەمەنی(٥٠) ساڵی ڕابردووی ئەزمۆن و داهێنانیی پیایە بەرزەکانی مێژوودا بە سەخاوەتەوە خاوەنی بەرهەم و پاراستنی مێژوو کەلەپوورو شوێنەوارەکانە لە پوکانەوەو لە ناوچوون تاکە پشتوو پەنایی بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکانی گۆڕینی هزرو گۆرینی نەوەکانە بۆ ئەم ئامانجە و هەمیشە لە ململانێ دابوو لەگەڵ گومان وبەدحاڵییەکان و هزر لاوازەکانی تێگەیشتن لەمێژووی سەردەم و هاوچەرخ، ئەم مامۆستایە لەپێناوی گەشەی هزری مرۆڤی کورد بۆمێژوو کەلەپوورو شوێنەوارە دێرین وگرنگ ومێژووییەکان هەمیشە لە تێکۆشان و ململانێ پێویست و بەخشینەکانی لە بەردەوامیدایەو ماندوو بوون نازانێ کەوتۆتە کوێوە،ڕێگاو بەربەست و ئاستەنگە کانی بەردەم مامۆستا"عەبدولرەقیب" زۆرو دژوار بوون بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابرووی سێیەکی تەمەنی ئەم مرۆڤە، بەڵام ساردی و گەرمی و سەختی ڕێگاکانی کۆڵی پێنەداوەو ساردی نەکردۆتەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەودا سەریکەیی و پاراستنی گەنجینەکانی مێژووی گەلەکەیی و هەر بەردەوامیشە لە درێژ بوونەوەی ئەو مێژووە کەپەیوەستە بەژیان و بەردەوامییەکانیەوە.

**دوایی ڕێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠:**

ساڵی١٩٧٠ وەرچەرخان و هەلومەرجێکی سیاسیی وڕۆشنبیری پاش پێکهان وڕێکەوتن هاتەپێشەوە،کۆمەڵگەی کوردی کەوتە قۆناغێکی ئارام وسەقامگیرو دوور لە شەڕ، کۆمەڵە ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییەکان لە سەر دەستی نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردا کەوتنە نێودۆخێکی ئارام و چالاکی ڕۆشبیریەوە، کۆڕی زانیاری کورد، یەکێتیی نووسەرانی کورد،دەزگای ڕۆشبیرییەکان بەگشتی... کەوتنە چالاکی و کۆڕو کۆبونەوەو دەرکردن و چاپکردنی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە،گۆڤاری بەیان،گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری گۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژنامەی هاوکاری،ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بەکوردی و عەرەبیی... هەمووی دەسکەوتی گرنگ و بەکەڵک بوون لەنێو نێوەندی ڕۆشنبیری داو چالاکاییەکانیان وبڵاوکراوەو کۆڕو سیمینارو فیستیڤاڵە ڕۆشنبیرییەکانیان کاریگەری گەورەی لە سەر هەلومەرج و دۆخەکە پەیداکردو دەوری نووسەران و هونەرمەندان و ڕوناکبیری کورد و مامۆستایانی زانکۆکان و خەمخۆران و بەتەنگەوە هاتنی کەسانی



دڵسۆزو قەڵەم بەدەستی کورد بەنووسین و هونەرەکەیان، توانیان دۆخی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری لە ئاستیکی نزمەوە بەرنە ئاستێکی پێشکەوتوو بەرز، دەیان بەرهەمی ناوازەی ئەدەبیی و ڕوناکبیری بەگشتی بڵاوبکرێتەوەو خوێنەرێکی زۆر بێتە پێشەوەو دەیان نووسەرو شاعیری بەهرەدار لەنێوەندەی ڕوناکبیریدا چەکەرەو سەردەربێنن و بەشداری دۆخە ڕۆشنبیرییەکە بکەن،بەڵام دەسەڵاتی بەعس زۆری داموودەزگا ڕوناکبیرییەکانی بەگشتی خستبووە ژێر چاوەدێرییەوەو زۆرێکیشی لە نووسەران و ڕوناکبیران و هونەرمەندانی دەستەمۆ کرد بوو،لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی بەعسدا بەرهەم و نووسین و هونەریان ڕادەپەڕاندوو، زۆر بابەتی ڕۆشنبیری لەژێر چەقۆیی سانسۆر(الرقابە المطبوعات)دا بوون و کارو چالاکییەکان بەگشتی سنوردار کرابوون، تا لە بەرژوەندی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتیدا بن و دەرنەچن، کاتێکیش شەڕو ڕێکەوتن تووشی پێکادان بوونەوە ساڵی ١٩٧٤ فشارەکان زیاتر بوون و چالاکیە ڕۆشبیرییەکان کەم بوونەوەو سانسۆر زیاترو زۆرێکیش لە نووسەرانی بەهەڵوێست دایەنە پاڵ شۆڕش و داکۆکییان بە بەرهەمەکانیان لە مەسەلەو خەباتی گەلەکەیان کرد،تانسکۆو پەرتەوازەبوونی شۆڕش نەگەڕانەوە ناوشارەکان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان، بەشێکیش لە نووسەران و هونەرمەندان هەرلەگەڵ حکومەت و داموودەزگاکانیدا بوون و تا هەرەسی شۆڕش لەگەڵیدا بوون و پاشانیش وەک چاودێروو هەواڵگری و جاسوس بەڕاپۆرت و زمان لێدان لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوون و لەخزمەتیدا بوون، ئەوکەسانەش لەیاد نەچوون و زۆرینە ڕووناکبیران ئەم توێژوو چینە باش



دەناسن، کەسەرجەم وتەو قسەکانی سەرۆک سەدام و ڕاپۆرت و نووسینەکانیان دەکردە کوردی و بەزمانی کوردی لەداموودەزگاکانی بەعسدا چاپ وبڵاودەبوونەوەو نووسەرە مست لەگوێکان پاداشت و ئۆتۆمۆبیل و پارەو زەوی و لێپرسراوێتیان لە سەر بارودۆخی ڕۆشنبیری لە سەر وەردەگرت.

دۆخی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی بەعس: بەعس و دەسەڵات و حوکمڕانی چاوێکی زەق وکراوە بوون بەسەر نێوەندی ڕۆشنبیری و نووسەرانی کوردەوە هەموو بابەتێک بێ سانسۆرو ڕەقابە بڵاو نەدەبووە، گرنگیدان تەنیا بە بابەتی شیعرو چیرۆک و وتاری ئەدەبیی بوو، ئێمەناڵێن شیعرو چیرۆک وەک ژانەری ئەدەبیی گرنگ نین، بەڵکو گرنگ وپێویستن، شاعیرو چیرۆک نووسە کلاسیکی و لەمێژینەکانمان بەهونەریشەوە گەنجینەو سەرمایەیەکی گرنگی گەل و نەتەوەی کوردن،بەڵام ڕۆشنبیر ونێوەندی ڕووناکبیری بچوک کردنەوەو گەشەنەکردنی قەتیسکردنی لە چیرۆک و شیعردا مەترسییەکی یەکجار گەورەیە بۆسەر نێوەندەکەو فەرامۆشکردنی مێژوو کەلەپوورو شوێنەوارو سڕینەوەی لە عەقڵی تاکی کوردا گەورەترین پلان و وێرانکردنی ئەو نێوەندەیەو

بەهەدەردانێتی، ئەگەر كێومالّی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارە كوردیی وعەرەبیەكانی ئەوسەردەمە بكەین لەسالّی ١٩٧٠ تا ١٩٩١ بۆمان دەردەكەوێت چەند جەنگیكی كوشندە بەرانبەر بەكەلەپوورو مێژوو شوێنەوارو تەنانەت بابەتە فۆلكلۆرییەكان كراوەو نەوە بەنەوەی خوێندەوار زیاتر بەلای شیعرو چیرۆكدا براون و هیچ ئاسەوارێكی عەقلّی مێژوو كەلەپوورو شوێنەوار وەك گرنگی پێدان لەنێو ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی بەعسدا وەك ئامارێكی ڕوون وبەرچاو هەلّكشاو نیەو زۆر لاوازە، بەرهەمەكانیش بەرهەمی لاوازوو ساردوو سڕی زۆرتر تێدایە وەك گرنگ و بەكەلّك، بەمەش بەهۆیی نووسەرانی كورد خۆیانەوە ئەم ڕەوتە لەژێر چاوەدێری بەعس و فەرمانڕەوایەتییەكەی گرنگی پێدراوەو دان


١٩٨٥/١٠/٢٧

بانگەوازێك
بۆ
رووناكبیرانی كورد
لەپێناوی كۆكردنەوەو زیندووكردنەوەی
كەلەپووری كوردیدا

١٩٨٥

ڕۆكردن بوو بۆنووسەرو هونەرمەند و شاعیری كورد تا بیر لەمێژوو كەلەپوورو شوێنەوارو گەنجینەی پڕی كورد نەكرێتەوە بەرەو لە ناو چون ببرێت و هەموو ڕۆشنبیری كورد لە عەقلگەرایی چیرۆك و شیعردا چڕبكرێتە، ئەوەش بەتەواوی لەڕۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەوسەردەمەدا دەبینرێت یان پانتاییەكی گەورەی داگیركردووە، بەلاّم یەكێكیی وەك مامۆستا (عەبدولرەقیب) و پالّپشتەكانیی توانیان بەگژ ئەو ڕەوتو عەقلّە مردوو داخراوەنادا بچنەو لەململانێی توندو پڕمەترسیدا بن لەگەلّ ئەو نەوەییەی نووسەران و شاعیراندا و مێژوو كەلەپوورو شوێنەوار زیندوو بكەنەوەو هەولّی ڕزگار كردنی بدەن و لەپێناوی ئەو گەنجینە گەورەییە قوربانی و تێكۆشانێكی نوێ بكەن و لەپێناوی پاراستنی مێژوو شوێنەوارەكانی كوردا، بەنوسین و بیرۆكەو واژۆكۆكردنەوە توانرا بەر لە مەترسییەكانی وێرانكردنی مێژوو كەلەپوورو شوێنەوارە مێژووییەكان بگیرێت و ئەوەش بخرێتە هزرو عەقلّی تاكەوە، بەلاو پیرەو ڕۆشنبیرو هونەرمەندەوە كە مێژوویی باو باپیرانیان خۆشبوێت وبەرگری لێبكەن و بەملیۆن واژۆ كۆبكرێتەوەو نووسین لەوبارەیەوە بونوسرێت و قەلّەم لەخزمەتی ئەو ڕەوتەدا بەكار بهێنرێت، نەك بەعس تەنیا دژی مێژوو كەلەپوورو شوێنەوارەكانی كورد بوو،بەلّكو وێرانیی كردن و لەنێوەندەكەشدا لەبیری نووسەرانی دەبردەوە،هەروەها هانی نووسەرانیشی دەدا دوو ئەوەندە دژی مێژوو كەلەپوورو شوێنەواربن و هەولّی چەكرە كردنی بیرۆكەو سەنگەربەندی بن دژی ئەو ئەو ڕەوتە ڕووناكبیرییە كە ئەویش خۆیی لە مێژوو كەلەپوورو شوێنەوارەكاندا دەبینیەوە،

کەپێشەوایەتییەکەی لەلایەن مامۆستای دڵسۆز (عەبدولڕەقیب یوسف)ەوە دەکراو توانیی بەهۆیی چەندان کەسی ڕووناکبیرەوە ئەو نێوەند گەشەپێبدەن و تەنیا چیرۆک وشیعر بەنێوەندی ڕوناکبیرییەوە پەیوەست نەکرێت و گرنگی پێنەدرێت، یان فەرامۆش بکرێت،بەڵکو مێژوو کەلەپوورو شوێنەواری کورد بەهەند وەربگیرێ لەپاڵ بابەتە ڕووناکبیرییەکانی تردا،تەنانەت(ڕوانگە)ییەکانیش کە لەدامەوو دەزگا ڕووناکبیرییە کاندا بڵاوکرابوونەوە، ئەوانیش لەپێشەوایانی ئەوڕەوتە بوون بەس شیعرو چیرۆکیان بە سەرچاوەیی ڕۆشنبیری دەزانیی و هیچ گرنگیدانێک تەنانەت لە(٣) ژمارەکەیی ڕوانگەدا بۆمێژوو شوێنەوارو کەلەپوور نەبوو،تەنانەت زۆرێک لەنووسەران و شاعیرانیش دژی ئەم ڕەوتە وەستانەوە زۆر تەمەنی درێژ نەبوو، تەنانەت شاعیری گەورە(لەتیف هەڵمەت) گوتوویەتی: ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی لێهەڵنەهات، چونکە دەرکەوت ئەمانیش هەرشیعرو چیرۆکی نوێیان بە بنەماوگرنگی ڕوشنبیری دەزانیی و مێژوو شوێنەوارو کەلەپووریان بەدواکەوتوو بێکەڵک دەزانیی و هیچ گرنگییەکیان پێنەدەدا، وەک مامۆستا لەتیف دەڵێت: هیچ شتێکی ئەوتۆ لە بیرۆکەکانیان شین نەبوو پشتگیری جەماوەری و ڕووناکبیریان نەبوو، بۆ ڕەوتەکەیان،بۆیە زۆر بەردەوام نەبوون و وەک بەفرەکەی پار توانەوەو پوکانەوە، بۆیە هەر ڕوناکبیروگەلێک نرخی مێژوو کەلەپوورو شوێنەوار نەزانێت،ڕەنگە ئایندەی ڕوونی نەبێت.

### ساڵح حەیدەری و ڕۆژنامەی العراق:

چیرۆکی یەکەم:(ساڵح حەیدری)رئیس تحریر،سەرنووسەری ڕۆژنامەی(العراق)ی سەردە می بەعس و کۆنە شیوعیی بوو،ساڵح حیدری گوتی: بەیانیەک وەک ڕۆژانی ترو پێشتر چووم بۆدەوام لە ڕۆژنامەی(العراق) بینم لە سەرمێزەکەم نامەیەک دانرابوو، کاتێک نامەکەم کردەوەو خوێندمەوە توشی حەپەسان وساکان هاتم: لە نامەکەدا بێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر... ناوەرۆکی نامەکە بریتی بوو لەوەی، کاتێک ئەم نامەیە دەکەیتەوەو دەخوێنیتەوە بێ هیچ شتێک بڕۆرەوە بۆماڵەوەو واز لەڕۆژنامەکە بهێنە؟ ساڵح حەیدەری گوتی: کاتێک ئەم نێوەرۆکەم خوێندەوە زۆر بەلامەوە سەیربوو، هیچ ناو ناونیشانێکی لە سەر نەبوو،بۆیە وام بەباش زانی هەر لە ڕۆژنامەکەوە تەلەفۆنێک بۆسکرتێری سەرۆک کۆمار (سەدام حسێن) بکەم و داوام لێکرد لەگەڵ( سەدام حسێن) لە سەر ئەوکێشەو گرفتە بدوێم،کاتێک سکرتێرەکە تەلەفۆنەکەی گواستەوە بۆ سەرۆک، بابەتەکەم بەتەلەفۆنەکە تێگەیاند(سەدام) گوتی: استاذ ساڵح من ئاگاداری ئەو بابەتە نیم، پرسیار دەکەم و وەڵامت دەدەمەوە؟ ووتی: پاش یەک دوو سەعات (سەدام) تەلەفۆنی بۆ کردم و گووتی: استاذ میللەتی شاخ ودەشتەکییەکان لەمێژوو تاریخی خۆیی(عادات وتقالید)خوڕەوشت چی دەزانێ، مەبەستی شاخاوی کوردەکان و دەشتەکییەکان بیابان نشینە عەرەبەکان بوو،پاشان(سەدام) گوتی:"جزمن تاریخ و جغرافیا، اکتب الشعروالقصه، ترجمها الکتب اجنبیه الی اللغه العربیه والکردیه وما انشرها "

چیرۆکی دووەم: کەواتە ڕژێمی بەعس بە هەموو شێوەیەک نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی ئیستغلال و ژێر چەپۆکە کردبوو،لەنێو شیعرو چیرۆکدا تواندبوونیەوە ئاوێتەی کردبوون،تا

سەریان نەپەرژێتە سەرمێژوو شوێنەوارو کەلەپوورو بیرکردنەوە یان بۆشتە ڕەسەن وگرنگەکان لاوازو بێهەست بێت و ئەو ژانەرە گرنگەیان پێ فەرامۆش و لەبیر بەرنەوە، مامۆستا عەبدولڕەقیب دەڵێت: بەهۆیی نووسەرانی نزیک لە دەسەلاتی بەعس و سانسۆرەوە، چەندین کتێبی مێژوویی هاوچەرخ و ڕەسەن و پڕبایەخ و بەکەڵکی نووسەران لەلایەن(الرقابه المطبوعات ـ سانسۆری بڵاوکردنەوە) شوێنبزر کراون و نەدراونەتەوە بەخاوەنەکانیان وەک:

عەبدولڕەقیب یوسف:کتێبی: ١/منهج التاریخ المدن الکردستان، ٢/ یوسف وزلیخا، کەڕەنجی حەوت ساڵ بەرهەمهێنان بوو،دەستی بە سەردا گیراو لە ناوبرا،٣/ الدوله الدوستکیه ،چاپیشکرا،بەڵام لەچاپخانە دەست بەسەر هەموو ژمارەکانیدا گیراو لەکارگەی کاغەزی شاری بەسرە کرایەوە بەهەویرو کاغەزو کتێبەکە ناوی چووە لیستی ڕەشی چاپەمەنیەکانەوەو قەدەغەکرا. هەروەها مامۆستا عبدولڕەقیب ووتی:چەندین جار وتاری مێژووی و کەلەپووریم وشوێنەوارناسیم ناردووە، بۆگۆڤارەکانی ڕۆشنبیری و کاروان و بەیان و ڕۆژی کوردستان و... دەستی بەسەردا گیراوەو بڵاونەکراوەتەوەو وونکراوە، وتی: جارێک لەکۆڕێکدا،بە (مصلح جەلالی) سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری بەعس و کۆنە شیوعیم گوتووە، بۆ وتارەکانم بڵاو ناکەنەوەو بزرو وونی دەکەن،گوتوویەتی مامۆستا یان بەدەستمان ناگات یان لەوشوێنانەی بۆی دەنێریت وون دەبن، گووتی منیش وتوومە خۆدەنکی زەنگیانە ودەرزی نیە ونبێت وتارەکانی من هەموو لێکۆڵینەوەن وچەندین لاپەڕە دەبن بۆ بزردەبن،کەواتە ئەمە بەڕوونی دژایەتی و پەراوێز خستنی نوسەرانی نیشتمانپەروەرو نەتەوەیی پیشان دەدات کەلەڕێگەی دەست بەسەرداگرتن و بزرکردنی بەرهەمەکانیانەوە دژایەتی و ئاستەنگ دروستکردنیان بۆ دروست دەکەن و دەنگیان لەم ڕێگایانەوە کپ و خامۆش دەکراو بێدەنگیان دەکردن بۆ ئەوەی مێژوو کە لەپوورو شوێنەوارو سڕینەوەی خوڕەوشت و مێژوو بەتەواوی لە ناو بەرن.

خوالێخۆشبوو(لەتیف قەرەداغی): ئەم نووسەرە نیشتمانپەروەرو کەسێکی نەتەوەیی بوو، نووسەرو شاعیربوو،بەشداری شۆڕشی کردبوو گووتی: چەند کتێبێکی مێژوویم پێشکەش بە سانسۆری عێراق لە بەغدا کرد،تا چاپیان بکەم، بەڵام کاتێک بۆ وەڵامەکەی چووم وەری بگرمەوە وتیان دەزگای سانسۆر دەستی بەسەردا گرتووەو نایداتەوە، بۆیە هەرگیز ئەو بەرهەمانەم چنگ نەکەوتەوەو شوێن بزریان کردن، لە ناویان بردن. ئەوەسیاسەتی بەعس بوو،دەربارەی کتێب و مێژوو جوگرافیای کوردو بە خەتەرو مەترسی و ئاستەنگێکی پڕمەترسیان دادەنا لە ئاست گەشەی ڕۆشنبیری و بوارەکانی دیکە. بۆیە لەگەڵ ڕێزدا بۆ شاعیران و نوسەران تەنیا گرنگیان بەچیرۆک و شیعری لاوازو ساردو سڕدەدا کە کاریگەریان لە سەر خەڵک بەگشتی نەبوو،هەرلەو پێوەدانگەوە، سوکایەتییان بە شاعیرو نووسەرە گەورەکانی کورد دەکردو بە بەرهەمە لاوازەکانیان دەستیان بەسەر عەقڵیەت و بەها نیشتمانییەکان و سوکایەتییان بە شەهیدو پیاوانی نیشتمانپەروەردەکردوو، هانی ڕۆژنامەنووسی بەرژەوەندپەرست و لاوازەکانیان دەدا تاچاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک چاش و دەست وپێوەندو جاسوسەکان بکەن بۆئەوەی مەسەلە نیشتمانیی و بابەتە مێژوویی و شوێنەوارە گرنگەکانی کورد ناشیرین و سوک

بکەن، ئەوڕەوتە ڕۆشنبیری و دۆخە سیاسییەش لەباربوو بۆ هاتنە پێشەوەی ئەم کەسەلاوازو مست لەگوێیانەی کەویژدان و خۆیان پێ سوک بێت و لە بەرەی دژی گەلدا بوەستنەوەو دژایەتی دەیان نووسەرو مێژوونوس وشوێنەوارناسی وەک (عەبدولڕەقیب) کان بکەن.


## ساڵی(١٩٨٠)ڕابوونی نووسەرانی نیشتمانپەروەر:

ساڵی هەشتا بەهۆی بەهێزبوونی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستانی باشوورو، هاتنی هێزە بەرهەڵستکارەکان وپارت وڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلات وئێرانییەکان بۆ ئەم دیوو سنوورەکانی باشوور، جموجۆڵی سیاسیی وڕوناکبیری و ئەدەبی چالاک بوو، تووشی ڕاچەنین و بەرگری زیاتر هات و نوسەرانی پاک ودڵسۆز هەرتەنیا گرنگییان بە ئەدەب وبەرهەمی ئەدەبیی لە چیرۆک وشیعر نەدەدا،بەڵکولێکۆڵینەوەی مێژووی وباتە کەلتووری وکەلەپووری شوێنەوارەکانیش بوونە بابەتی گرنگ و سەرنج ڕاکێش و کەسانی وەک عەبدولڕەقیب یوسف وچەندان نووسەری تر بەرەو ئەم بوارە مێژووییانە سەرنجی ڕۆشنبیرەکانیان ڕادەکێشاو بەرگرییان لەمێژوو کەلەپوورو شوێنەوارەکان دەکرد وبووە مەسەلەی گرنگی ڕۆشنبیری و تەنانەت وێنەو مێژووی زارەکی لەلایەن عەبدولڕقیب یوسفەوە بووە بابەتی بایەخدارو پیرەمێردو تێکۆشەرو بەتەمەنەکان وەک کەرەسەی زارەکی بوونە سەرچاوەی مێژوو،ئەمەش پێویستی بەکۆشش و ماندووبوونی زۆرێک هەبوو کە ڕێز لەمێژوو بگرن،وەک قەبرسانە دێرینەکان ئەشکەوت و خانووە مێژووییی وکەرەسەکانی بەڵگەنامەی بگیرێت و لەزۆر بواردا تۆمار بکرێت و زۆرێکیش وەک فشار گرنگیان پێبدرێت وخوێندەواران وڕوناکبیرانیان لێ وەئاگا بهێنرێت و بەرگری لێبکرێت، تەنانەت بەعس لە بەرنامەیدا بوو، قەڵای هەولێرو کەرکوک بە ناوی پرۆژەی بازرگانییەوە وێران بکات و لە ناوی ببات، بەڵام گرنگی ئەم دووشوێنەوارە مەزنە بەهۆی هەوڵو نامەو نوسراو واژۆکۆکردنەوە لە سەردەستی مامۆستا (عەبدولڕەقیب) دەستی پێکردوو، تەنانەت نوسینگەی سەرۆک کۆماریشی لێ ئاگادار کرایەوەو هەردوو قەڵامێژووییەکە لە وێرانکردن ولە ناوبردن پارێزراو ڕزگار کرا، بەڵگە بۆ ئەم بابەتە هەیە.

کەواتە ئەم مامۆستایە هەر لە سەرەتاوە نرخ وبەهای مێژوو مەغزاو ناوەرۆکی مێژووی بە زۆرێک خەڵک ناساندوو بە گرنگییەوە بەرگری لە هەموویان کردوو هەوڵەکانی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بوون. لە ولاتان کەرەسە مێژووی وشوێنە کەلەپووری و شوێنەوارەکان ئەرکی حکومەتە بیانپارێزێ وبەرگرییان لێبکات، ئەرکی هاوڵاتیانە، پاشان ڕۆشنبیران ونوسەرانە مێژووی خۆیان بپارێزن و شانازی بەڕابردوو ئایندەیانەوە بکەن.

## مامۆستا عبدولڕەقیب ،ڕێنیسانس و بانگەوازەکەی

مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) ساڵی ١٩٨٥،وەک یەکەم کتێب بەناوەرۆک جیاوازی بڵاوکردەوە کتێبەکە ناوی (بانگەوازێک بۆ ڕوناکبیرانی کورد- لەپێناوی کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپوری کوردیدا)کتێبەکە لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەرژمارە (٢) لەچاپخانەی کامەرانی چاپکرا، کتێبەکە بەپشگیری وخەرجی خوالێخۆشبوو(هوشیار قەفتان)خاوەنی پرۆژەی




هاوسەربووە،مامۆستا داوای لە ڕوناکبیران ونووسەران هاوڵاتیانی کورد لە کوردستان کرد بوو لە کتێبەکەدا، گرنگی بە بەڵگەنامە(الوثاق) بدەن وبیان پارێزن.

یەکەم:وەک:دەستنوس،نامەو فەرمانەکان، ئیجازەی مەلایەتی،ئەوراق و کاغەزی فەرمانگە کان،قەواڵەو سەنەد،تاپۆ.... کەئەم بابەتانە زۆر گرنگن لەساخکردنەوەی بابەتە مێژووییی ولێکۆڵینەوەو توێژینەوەکاندا،بۆیە پاراستن و کۆکردنەوەوپارێزگاری لێکردنیان ئەرکی هەموو خەڵکە بەڕۆشنبیرونووسەرو هونەرمەندوکەسایەتییەکانەوە.

دووەم:بیرەوەری بەساڵاچووەکان،واتەمێژووی زارەکی زۆر گرنگە کە زۆرینەی مێژوو لە سنگی بە ساڵاچواندایە پێویستە ئەومێژووە بخرێتە سەر کاغەزو لە فەوتان بپارێزرێت. بۆیە ئەرکی هەموانە سودی گەورە لە بەتەمەن و بەساڵاچوەکان وەربگرین وتۆماریان بکەن.


سێیەم:بەندو باو ئەفسانە،بابەتە فۆلکلۆرییەکان بەهەموو ڕەگەزو بابەتاکانەوە،هەو ڵبدرێت لە فەوتان ونەمان ڕزگار بکرێن بەهەرشێوەیەک بێت.

چوارەم: هونەری بیناسازی، ئەمە هونەرێکی گەورەی کوردە،خاوەنی مێژوویەکی کۆن ود ێرینن،هەوڵبدرێت،بپارێزرێت،ناوی وەستاو شوێن و هونەرەکە تۆماربکرێت و خانوەکانی ئەم نەخشونیگارداره..بیناسازییان تێدایە،یان ئەم هونەرەیان تێدایە بپارێزرێن ولێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لە بارەوە ئەنجام بدرێت.

پێنجەم: هونەری وێنەکێشی وتاشینی(النحت) کوردی، گرنگی پێبدرێت وبپارێزرێت.

شەشەم:یاداشت نوسین، زۆر گرنگە پێویستە هەمووتاکێک گرنگی بەم بابەتە بدات ولای لێبکرێتەوە، ئەمەش زۆر بابەتی مێژووی ساغ دەکاتەوە.

حەوتەم: پاراستنی بابەتە کەلەپووری ومێژووییەکان، وەک ئەشکەوت، قەبرسانەکان، کۆڵینەکان، بابەتە کەلەپووری و کەلتوورییەکان.... ئەمانەو دەیان خاڵ وبابەتی دیکەی گرنگ لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو،هۆکاری پاشکەوتنی بابەتەکان ڕوونکراوەتەوە،گرنگیدان تەنیا وەک پێویست بەشیعر، چیرۆک،وەرگێڕان ناکاتە ئەوەی پێشکەوتنی ڕۆشبیری و ڕوناکبیری پێ مسۆگەربکەین، بەڵکو گرنگیدان تەنیا بەو بوارو لایەنانە دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری دەرناخات، بەڵکوگرنگیدان بە باتە کەلەپوری وکەلتووری مێژووییەکان زیاتر نێوەندەکە دەوڵەمەندو سەنگین دەکات،ئەم کتێبە زۆرینەی نێوەندەکەی ڕاچڵەکاندو بانگەوازێکی تازەگەری وداهێنان بوو لەنێوەندی ڕوناکبیری وڕۆشنبیری کوردا.




کەواتە ئەم مامۆستایە وەک کەسێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزو خەمخۆر بۆمێژووی کوردو کوردستان،بووە ویژدانێکی سەنگین و زیندوو وبەتەنگەوە هاتووی ئایندەوە پاشەڕۆژ بۆ نەوەکان و بانگەوازگەی زۆر بابەتێکی تازەو نوێخوازانە بووە بۆپاراستنی مێژووی کورد و وەک شۆڕشێکی ڕۆشنبیری وروناکبیری بەرجەستە بوو لە ناو نوسەران و رووناکبیرانداو بەرەو رێگەیەکی ڕۆشن نەوەندەکەی ئاراستەکرد،کە لە مێژوودا بەشانازییەوە نەوەکان هەوڵو ماندووبوونەکانی ئەم کەسایەتییە بەرز دەنرخێنن.

## عبدولرقيب يوسف

عەبدولڕەقیب یوسف لە ساڵی١٩٤٣لە دایکبووە،نووسەر و مێژوونووس و شوێنەوار ناسێکی کوردە،لە ١٩٦٠ەکانەوە دەربارەی مێژووی کورد و شوێنەوارەکانی دەنووسێت و چەندین شوێنەواری دۆزیوەتەوە و وتاری دەربارەیان نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین شوێنەواری لە دەربەندی رانیە دۆزیوەتەوە ،لە پارێزگای سلێمانی.

عەبدولرەقیب یوسف کەسایەتییەکی گەورەی کەلتووریپەروەر و کەلتووپارێزی کوردستانە،زۆربەی تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ نووسینی مێژوو،پاراستنی کەلتووری کوردستان لە شوێنەوار،بەڵگەنامە، هونەرەکانی تەلارسازی و نەخش و نیگاری خانووەکان. بەهۆی بەرهەمە زانستی و بەنرخەکانییەوە، لەلایەن پسپۆڕانەوە بەفەرهەنگی گەورەی کەلتووری شارستانی ناودێر کراوە.

وەک مامۆستا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان خزمەتی کردووە.دواتر بۆتە راوێژکاری کاروباری شوێنەوار لەئەنجومەنی وەزیران و٩ ساڵ لەو پۆستەدا خزمەتی کردووە و ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین بووە. مامۆستا(عەبدولڕەقیب) هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکان بووە و بایەخی بەشوێنەوار داوە.

مامۆستا سەعید دیوەچی بەرێوەبەرو دامەزرێنەری مۆزەخانەی موسڵ و مێژوو نووسی ناوداری عیراق، هانی مامۆستا (عەبدولڕەقیب)ی داوە بنووسێت، ئەویش لە شوباتی ١٩٦٠ەوە دەستی بەنووسین کردووە و تائێستا بەردەوامە.

مامۆستا (عەبدولڕەقیب) شەست ساڵە دەنووسێ و خاوەنی زیاتر لە(٥٠) کتێبی چاپکراوو دەستنووسە.

ئەو ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی بەناوی(بانگەوازێک بۆ رووناکبیرانی کورد) دەرکرد، لەم کتێبەدا داوای کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کورد و پاراستنی کرد. ئەگەرچی مامۆستا عەبدولڕەقیب چەندین کتێبی نایابی تری هەیە، بەڵام ئەم کتێبەی بەباشترین کتێب دادەنێت، لەبەرئەوەی بەوردی باسی پێویستی پاراستنی هەموو لقەکانی کەلتووری شارستانی کوردستانی کردووە.

## ناوی هەندێک لەکتێبە چاپکراوەکانی

(دیوانی کرمانجی،الدولە الدوستکیە فی کردستان،تابلۆکانی شەرەفنامە، بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری،حدود کردستان الجنوبیە، لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحموود،بەرگریکردنمان لەقەڵای هەولێر، وێرانکردنی قەڵای کەرکوک و هەوڵدانم بۆ رزگارکردنی، پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار) و چەندان کتێبی تر.

سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی لەرۆژنامە و گۆڤارەکانی عیراق و کوردستان و دەرەوەدا بڵاو کردۆتەوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، خولیای سەرەکی گەڕان بووە بەدوای شوێنەوارەکاندا، چەندان شوێنەوار و شاری کۆنی دۆزیوەتەوە، کە پێشتر نەدۆزرابوونەوە، زانایان و شارەزایانی شوێنەوار بەکارەکانی سەرسام و موحەیەر بوون،لەماوەی ٦٠ ساڵ کارکردنیدا، بەتەنها خەرمانێک بەرهەمی بەنرخی بەڵگەنامە و تۆماری کاسێت و فۆتۆ و ڤیدیۆی کۆکردۆتەوە، کە ئەوە کاری دامەزراوەیەکی گەورەی نیشتمانییە، ئەو بەتەنها و لە سەر ئەرکی خۆی ئەنجامی داوە، ئەو ١٨ ملیۆن لاپەڕەی بەڵگەنامە ١٣٠٠ سەعات تۆماری ڤیدۆ و کاسێتی دەنگی تەمەنداران و ٧٠ هەزار وێنەی فۆتۆی هەیە، کە هەموو پێکەوە سامانێکی گەورەی کەلتووری شارستانین. بەشی زۆری بەڵگەنامەکانی پێشکەش بەئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان کردووە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، زۆربەی ئەو ئەرشیفە بەنرخەی دیجیتاڵ کردووە، نزیکەی ١٢ ساڵ کاری تێدا کردووە بۆ ئەوەی لەرێی ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆیەوە، بۆ خوێنەران بخرێنەڕوو. ئەو کارەشی تەواو کردووە و لەماڵپەڕەکەیدا بەشێکی زۆری زانیارییەکانی ئەرشیفەکەی لە ژێر(٣٢)ناوونیشانی سەرەکیدا خراونەتە روو، بە دەوڵەمەنترین ماڵپەڕی بواری کەلتووری شارستانی لە ناوچەکەدا دادەنرێت، لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب ئەخوازم،ئەو پیاوەی لە باکووری کوردستانەوە هات و باشوری کردە مەیدانی کارو خزمەت و بەخششەکانی و کوردستانی گەورەی وەک یەک نیشتمان سەیر کرد و لە سەرانسەری ئەو نیشتمانەدا ئەوەی پێی کرا بۆ پاراستن و ناساندنی کەلتووری شارستانیی کوردستان درێغی نەکردوە، یاخوا تەمەن درێژ بێت و هەر شاد و بەختەوەر بێت.

پەراوێزەکان:

١- مێژوو لە تەرازوودا، فەلسەفەولۆجیکی مێژوو،وەرگێڕانی د.قادرمحەمەد حسن، سۆران بەها ئەحمەد ساڵی ٢٠١١ ل٣٠

٢- سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠

٣- مێژوو لەتەرازوودا، فەلسەفەولۆجیکی مێژوو، وەرگێڕانی د.قادرمحەمەد حسن، سۆران بەها ئەحمەد ساڵی ٢٠١١ ل٢٩

٤- سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩

٥- سەرچاوە یاداشتی مامۆستا عبدولڕەقیب یوسف.

# چی لەپشت ڕۆڵبینینە تایبەتەکەی چارلی چاپلینەوە هەبووە؟



وەرگێڕانی ئاواتی مەلا عیزەت

هەواڵنامەی کتێب

سەردەمی زێڕینی هۆلیوود سەردەمی سەرهەڵدانی هەندێک لە ئەستێرە بەرهەمدارەکانی فیلمەکانە سەردەمی زێڕینی هۆلیوود کاتێکی قووڵ بوو لە کێشە پیاوە سێکسیست و ڕەگەزپەرستەکان بە پلەی یەکەم ستۆدیۆکانیان بەڕێوە دەبرد و زۆرێک لە ئەستێرەکانی سەردەم چ لە پشتەوە و چ لەبەردەم کامێراکان جیاوازییان نەبوو ڕەنگە بەناوبانگترین ڕووخساری سینەمای بێدەنگ لەوە بێبەری نەبێت و ئەویش بە جێهێشتنی میراتێکی بەرهەمی دڕندانە و سەرسوڕهێنەر بۆ ئافرەتانی زۆر گەنج لەم بابەتەدا پەردە هەڵدەدەینەوە لە لایەنێکی تاریکی چارلی چاپلین

چارلی چاپلین لە ١٦ی نیسانی ساڵی ١٨٨٩ لە شاری لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا لە خێزانێکی هونەردۆست لەدایک بووە باوکی کاری مۆسیقا کردووە و دایکی گۆرانیبێژ بووە بۆ یەکەمجار لە تەمەنی پێنج ساڵیدا جێگەی دایکی پڕدەکاتەوە و دەچێتە سەر شانۆ و لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەگەڵ کۆمەڵێک کەس دا بوو بە نمایشکار فیلمە نایابەکانی وایکرد چاپلین بەرەو ئاسمان بەرز ببێتەوە و وای لێبکات ببێتە یەکێک لە خۆشەویستترین ئەکتەرەکانی ناو فیلمەکان دوای چوار مانگ لە فێرکاری چاپلین زوو دەستی کرد بە نووسین و دەرهێنانی فیلمەکانی خۆی ئەو ستایل و تەکنیکانەی خۆی پەرەپێدەدا



بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە میدیا نوێیەکانی فیلمدا بڵاوببێتەوە بۆ کەسێک کە لە پیشەیەکی وەها بەرهەمداربووە لەوانەیە ئەوەندە سەرسوڕهێنەر نەبێت کە بزانیت چارلی چاپلین کۆنترۆڵی هەموو کەسەکانی دەکرد لەسەر سێتی فیلمەکان زۆرجار پێش وێنەگرتن تەنها ڕێکخستنێکی بنەڕەتی بۆ فیلمێک پێوست بوو ئەمەش بەو مانایە بوو کە زۆرجار هەمان دیمەن چەندین جاری جیاواز وێنە دەگیرانەوە بۆ گرتنی دیمەنی جیاواز بەوەش زۆرجار تیم و کاستەکە ماندوو دەبوون سەرەڕای ئەوەش شتێکی نەبیستراو نەبوو کە چاپلین لە نیوەی بەرهەمهێناندا ئەکتەرێک لە کارەکەی دووربخاتەوە و جێگەی بگرێتەوە ئەو فیلمانەی کە ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا زۆرجار دادەکەوتن و پارەی زیاد خەرج دەکرا بەڵام بینەران خۆشیان دەویست بەهۆی ئەوەی لە بنەڕەتدا حەزیان لە کارەکانی بوو هەروەها وا دیارە چاپلین هەمیشە توانیویەتی لەم ڕەفتارە ڕزگاری بێت چونکە چارلی چاپلین بووە ئەوانەی کاریان لەسەر پرۆژەکە دەکرد دەیانزانی کە زۆر باش دەردەچێت بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە پرۆسەکە ئاسان بووە «مارلۆن براندۆ» ئەکتەری ناوداری ئەمریکی لە ژیاننامەی خۆی کە لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە لە بڕگەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات «ڕەنگە چاپلین ڕەقترین پیاو بووبێت تا ئێستا ناسیبێتم» ستەمکارێکی خۆویست و ڕەزیل بوو خەڵکی کاتێک درەنگ دەهاتن هەراسانی دەکردن و بێ بەزەییانە سەرزەنشتی دەکردن بۆ ئەوەی خێراتر کار بکەن لە هەمووی خراپتر لەگەڵ «سیدنی» کوڕەکەی بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەی لەبەردەم هەمواندا دەکرد بەردەوام زەلیلی دەکرد ئاماژەی بەوەش داوە کە ئازاردانی کوڕەکەی ئازاربەخش بووە براندۆ ڕایگەیاند کە چاپلین ژنێکی نەبوو نەک دوو بەڵکو سێ ژنی زۆر گەنجی هەبوو دوو لەوانە بە بووکی منداڵ هەژمار دەکران هاوسەری یەکەمی تەمەنی ١٦ ساڵ بوو «میلدرد هاریس» ی خانمە ئەکتەر ئەو دووانە لە ساڵی





١٩١٨ هاوسەرگیریان کرد کاتێک چاپلین تەمەنی بوو بە ٢٩ ساڵ وا پێدەچێت بەهۆی ترسێکی دووگیانیەوە هاوسەرگیریان کردبێت بۆیە لە کۆتاییدا بووە زەنگێکی درۆ ئەو دوو هاوسەرە یەک منداڵیان دەبێت کە لە تەمەنی کۆرپەییدا دەمرێت تەنها دوای یەک دوو ساڵ

لە و ساڵی ١٩٢٠ جیابوونەوە بووکی گەنجی داهاتووی چاپلین ١٦ ساڵان بووە ئەستێرەی فیلم «لیتا گرەی» بوو لە ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ بووکی کۆتایی خۆی هاوسەرگیری کرد «ئۆنا ئۆنیڵ» کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو لە ساڵی ١٩٤٥ سیناتۆرێکی ئەمریکی داوای پرۆژە یاسایەکی کرد داوای لێکۆڵینەوەی لە چاپلین کرد کە ئایا پێویستە دیپۆرت بکرێتەوە یان نا بەهۆی تۆماری ڕەفتارەکانی لەگەڵ کچانی کەم تەمەندا چاپلین تا کۆتایی ژیانی لە سویسرا ژیا لە ڕۆژی کریسمس و لە ساڵی ١٩٧٧ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و تا ئەمڕۆش چاپلین وەک یەکێک لە گەورەترین ئەستێرەکانی مێژووی شاشەی ڕەش و سپی دادەنرێت.

هەواڵنامەی کتێب



# قەڵای سروچک



**هاوناز مستەفا**
**پسپۆڕی گەشت و گوزار**

قـەڵای سـروچـک: قـەڵایـەکی کۆنـی مـێژووی یە لەناوچەیەکی بەرز لە سنوری گوندی (قەویلە) ی سەربەناحیەی (بەرزنجە) ی شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی، بەرزای قەڵاکە (١١٠١) مەترە لە ئاستی ڕووی زەوییەوە مێژووی قەڵاکە: دەوترێ قەڵای سروچک یان موڵکی میرنشینی ئەردەڵانە یاخود بابان هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو ناوچەیە لە هەندێک سەردەم بەدەست میرنشینی ئەردەڵان بووە بەڵام زۆربـەی زانا و شوێنەوارناسان پێیان وایە هی میرنشینی بابانە بۆیە دەتوانین بڵێین ،ئەم قەڵایە لـە سـەردەمـی میرنشینی بـابـان لایـەن (سـەلیم پاشای کوڕی ابوبکر سورەی بابان)ەوە لەساڵانی (١١٦٠ – ١١٧١) کۆچی دروستکراوە ئەم قەڵایە قەڵایەکی سەربازی بووە کە تیادا ڕووبـەڕووی سوپای (ئەحمەد پاشای عوسمانی) و (نادرشای ئێرانی) بووەتەوە لەو کاتەی پەلاماری شارەزوور دراوە لـە لایـەن داگیرکـەرانـەوە، لـەسـەردەمـی میرنشینی بابانیش دا وەکو زیندانییەکی گرنگی سەربازی سوودی لێ وەرگیراوە و بەهۆی کێشە و ململانێیە بـەردەوامـەکـانـی نـاو بنەماڵەشەوە چەند پاشایەکی بابانی ماوەیەک تێیدا زیندانی کراون، هەر چەندە دیوارەکانی لەبەردی تایبەتی بەقسڵ و گەچ و بەشێوەیەکی زۆر پتەو دروست کراوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی پشت گوێ خستنی لایەنی پەیوەندیدار زوربەی دیوارەکانی داڕماوە، دەربـــارەی دروســت کـردنـەکـەشـی بـاس لـەوە دەکرێت دوای تـەواو کردنی قەڵاکە، وەستاکەی کوژرابێت بۆ ئـەوەی نهێنی دروسـت کـردن و شوێنە سـەربازییەکانی بە شاراوەیی بهێڵرێتەوە و دوژمــن کـەڵـکیـان لـێوەرنـەگـرێـت، شـێوازی قەڵاکەدەرگای بەشی خوارووی قەڵای سرۆچک دابـەڕووی گوندی میرمامدا سـەرچـاوەی ئاوی قەڵاکە لـەوێوە لەژێر تـاشـەبـەردوو شاخەکەوە هـەڵـدەقوڵـێت. دەوری سـەرچـاوە ئـاوەکـەیـان بەدیواری قەڵاکە هەڵچنیوە و خستوویانەتە ناو قەڵاکەوە بەراستی کارێکی ئەندازیاری پڕ هونەری جوانی ئـەو سـەردەمـەی تێدا کـراوە بۆ ئـەوەی دوژمـن پـەی بەسـەرچاوەی ئـاوی قەڵاکە نەبات لە ترسی داگیرکردن. پاشان بەچەندەها پلیکانی بەردین سەردەکەویتە ناو قەڵاکە، ئەم قەڵایە لەبەر ئەوەی شوێنەکەی لە ڕووی جوگرافیەوە دوورە لە دانیشتوان تـا ڕادەیـەکـی بـاش مـاوە هـەنـدێ سەقفەکەی ڕووخاوە لەگەڵ دیوارەکانی ، هەروەها لە ڕووی ستراتیژی ئەم قەڵایە شوێنەکەی زۆر

باش بووە چونکە بە خێرایی دەتوانی بچیت بۆ پایتەختی میرنشینی بابان و دەروانێت بەسەر شارباژێر بۆیە سوودی زۆرە ، دەتوانین بڵێین ئەم قەڵایە شوێنەکەی پرە لە سەوزایی و ناوچەیەکی زۆر لەبارە بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشت و گوزار ، لە شەودا هێندە کەشوهەوا ی ناوچەکە پاکە کە دەتوانی بە ئاسانی ئەستێرەکان ببینی ناوچەکە دوورە لە کارگە دورە لە دانیشتوان ئەتوانرێ سوود لێرە وەربگرێت بکرێ بە پرۆژەی گەشتیاری گوندی گەشتیاری یان مۆتێل یان کەمپین بکرێ لیرە قاوەخانە و چێشتخانە دروست بکرێ وە قەڵاکە بە جوانی نـۆژەن بکرێتەوە و لە ناو قەڵاکە رێبەرێ گەشتیاری و شوێنەواری هەبێ لەگەڵ پۆلیسی گەشتیاری و شوێنەواری بۆ پارێزگاری لە ناوچەکە ئەگەر بەشێوەیەکی باش پارێزگاری بکرێ ناوچەکە زۆر جوان دەمێنێتەوەو دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ لەچەند ساڵی داهاتوو سوودی ئابوری بۆ وڵاتەکەمان دەبێت و رێژەی بێ کاری کەم دەبێتەوە بەڵام کارەکان پێویستی بە پلان و پرۆژەی جوان هەیە و هیوای باشی و جوانی دەخـوازم بۆ قـەڵای سروچک ؛ هەڵبەت لێکۆڵینەوە لەناوی سرۆچک لەلایەن مامۆستا ئومێد ڕەزلـەی وە بەم شێوەیە باسی



قەڵای سروچک

دەکات واتە : ناوەکەی ئەم مانایە دەبەخشێ. ئەو بۆچونانەی باسی لێووە دەکەن ئەمانەن بەپێی بەکار هێنان لەزمانی خەڵکی ج وەک سەرچاوە،چ وەک ئەوەی لەسەر زاری خەڵکی بەکار هێنراوە ئەم واتاو لێکدانەوانەی هەیە:

١ / سروو چەک :واتا پاراستنی نهێنی و بەکار هێنانی هێزی چەکدار بەرامبەر بەدوژمن لە ئێستادا هەردوو وشەکە بەلای زمانی عەرەبیدا دەکشێتەوە هەرچەندە چەک لەزمانی کوردیدا هەیەو جێگیرە .

٢ / سروو چاک :بەمانای شوێنی پاراستنی نهێنی و [جاک ] واتە چاک بوون و بەهێز بوون

/٣ سرووچاک واتە سەرەوە چاکە یان بەهێزە ئاماژەکردنە بۆ چاکی و بەهێزی شوێنی قەڵاکە

٤ / سروچک بەسەرچاوەی ئاوەکە وتـراوە کە تاڕادەیک نهێنیەو وە تک تک دێتە خوارەوە بەشی ئەوەندە ناکات کەلەبەری بڕوات

٥ / سو رو جک واتە ئاوەکە جکە دەکات و دەڕوات ئەویش یەک گرتنی وشەیەکی تورکیە لەگەڵ دوو وشەی کوردی سو واتە ئاو بەزمانی تورکی روو واتە ڕۆشتن جک واتە جکە یان تکە

٦ / سرووچک واتە لەسەرەوە تکە دەکات بۆ خوارەوە

/٧ سروچەک واتـە ئەو قەڵایەی خـاوەن چەکو نهێنیە

/٨ قەڵای سوروجک ئەو قەڵایەی کەئاوی کەمە

/٩ قـەڵای سو رو جکە ئـەو قەڵایەی کەڕەنگی سوورە هەروەها ئەمانەشی پێوتراوە........ قەڵای کەویلە واتە قەڵای کەوەکان کە هەمیشە دەنگی کەوێ لێدەبیسترێت قـەڵای کێویلە ئەو قەڵایەی لەسەر کێوەکان بنیاد نـراوە قـەڵای کاویلە ئەو قەڵایەی لە نزیک کێوەکاندایە قلعە القویە واتە قەڵا بەهێزەکە دواتر بوەتە قلعە القویلە قەڵای خاوەن هێز قلعە القبیلە قەڵای هۆزەکان.

# ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دەزگای سیخوڕی بەریتانی لەسەر کەسایەتییەکانی سلێمانی



کوردانەوە: مەحموود هۆمەر باوزی


**بەشی یەکەم**

**شێخ مەحموودی حەفید:**

لە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجەیە. تەمەنی نزیکەی ٣٣ ساڵە، کوڕی شێخ سەعیدە، کە لە سلێمانی وەک کەسێکی پیرۆز سەیری دەکرا. ئەو کۆمەڵە خێڵەکییەی شێخ مەحموود سەرکردایەتی دەکرد، کۆمەڵەیەکی زۆر بەهێز بوو. پێش جەنگ ئەوەندە بەهێز و تۆکمە بوو، تەنانەت تەحەددای دەسەڵاتدارانی تورکیای دەکرد. بنەماڵەکەی نوێنەریان لە هەربەشێکی ناوچەکانی قەرەداخ، سەنگاو و بازیان هەیە و لایەنگر و پشتیوانی لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی هەیە. هەوڵەکانی تورکان بۆ شکاندن و لەبەریەکهەڵوەشاندنی هێزی بنەماڵەکە گەیشتە لوتکە، کاتێک شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودیان لە کانوونی دووەمی ١٩٠٩ لە موسڵ کوشت.

ساڵی ١٩١٨ دوای هێرشی بەریتانیا بۆ سەر کەرکوک لەلایەن تورکانەوە دەستگیرکرا، بەڵام دواتر ئازادکراو و دواییش کرایە فەرمانڕەوای سلێمانی، دوای چۆڵکردنی سلێمانی سەرکردەیەکی تورکی داوای لە شێخ مەحموود کرد لە بەرپەرچدانەوەی بەریتانییەکان هاوکاربێت. کاتێک جارێکی دیکە هێزەکانی بەریتانیا کەرکوکیان گرتەوە، داواکاری بۆ فەرماندەی گشتی هێزەکەی بەریتانیا نارد، کە بەریتانیای مەزن بەرپرسیارێتی کۆنترۆڵی سیاسیی سلێمانی لە ئەستۆ بگرێت.

کانوونی یەکەمی ١٩١٨ شێخ مەحموود بوو بە



حوکمداری سلێمانی و ڕاوێژکارێکی مەدەنی بەریتانی بۆ نێردرا هەتا لە ڕێکخستنی کاروباری فەرمانگە مەدەنییەکان و سوارەی خێڵەکیدا هاوکاری بکات. بەهاری ١٩١٩ بۆمان دەرکەوت، کە مەیل و ئارەزووەشاراوەکانی بۆ پیلانگێڕی و یاخیبوون بوون بە سەرچاوەی مەترسی و دەیەوێت سنووری دەسەڵاتی خۆی زۆر لەوە بەرفراوانتربکا، کە نەخشەی بۆ کێشراوە، بۆیە هەنگاوی پێویست گیرایەبەر بۆئەوەی ئاستێکی بۆ دابنێین و ئیتر دەسەڵاتی لە پاشەکشەیدا.

حوزەیرانی ١٩١٩ بە هاوکاری مەحموود خانی دزڵی لە هەورامانەوە دەستیان بە سازدانی ڕاپەڕینەکەیان کرد، بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بەریتانی. لە سەرەتادا سەرکەوتووبوو، ئەگەر هێزی تەواو نەبوایە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینەکە، ئەفسەرە سیاسییەکانی دەستگیر دەکرد و دەستی بەسەر گەنجینەدا دەگرت، بەڵام لە دەربەندی بازیان هێزەکەی بە تەواوی تێکشکا، بۆخۆشی لە کاتێکدا بەدەم ئازاری برینەکانییەوە دەیناڵاند، دەستگیرکرا. لەلایەن دادگای سەربازییەوە دادگاییکرا و وەک دیل بۆ وڵاتی هیندستان دوورخرایەوە. کانوونی دووەمی ١٩٢٢ گوازرایەوە کوەیت. لەوێ مانگانەیەکی بە بڕی ٢،٠٠٠ ڕوپییە بۆ بڕایەوە.

لە دوای چۆڵکردنی سلێمانی لە ئابی ١٩٢٢ وەک حوکمداری سلێمانی گەڕایەوە و ئەمەش لەپای ئەوەی هیچ بەربژێرێکی گونجاوترنەبوو.

لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەندوبی سامی و پێش ڕۆیشتنی لە بەغدا، شێخ بەڵێنیدا هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکان دەخاتەگەڕ، ئەوانەی لە «ڕانیە و ڕەواندز» بوون بۆ گرتنی سلێمانی و سزادانی کەریم بەگی فەتاح بەگ، بەوهۆیەی هەردوو ئەفسەر «بوند و مکنت»ی کوشتوون.

دوای مانگێک بە گەیشتنەوەی بۆ سلێمانی، پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ سەرکردەی تورکی ئۆزدەمیر دامەزراندەوە. جارێکی دیکەش بەرژەوەندە شەخسی و لەخۆبایی بوونەکەی داواکارییە دوور لە لۆژیکییەکانی پێ بەرزکردنەوە.

یەکێک لە داواکارییەکانی: تەواوی ویلایەتی موسڵ بخرێتەسەر سنووری دەسەڵاتداریی ئەو، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی. یەکێکی دیکەش لە گاڵتەجاڕییەکانی ئەوەبوو، کە ناوی «مەلیک»ی بۆخۆی دانا. ئەو پیاوێکی فراوانخوازی سەربزێوی کورتبین بوو. بە زمانی فارسی دەینووسی و دەیخوێندەوە، بەڵام قسەکردنی ڕەوان نەبوو.

دوو ژنی هەبوو لە هەردووکیان ٣ کوڕی بە ناوەکانی: «شێخ ڕەئوف، شێخ بابەعەلی و شێخ لەتیف» هەبوو، هەرسێکیان منداڵن، گەورەکەیان تەمەنی ١٢ ساڵە.

شوباتی ١٩٢٣ دەرکەوت بەنیازە بە پشتیوانیی

هێزی خێڵەکی و پشتگیریی مەعنەویی لانیکەمی ئەو تورکانەی لە ڕەواندز بوون، هێرشبکاتەسەر کەرکوک و کفری. بە فەرمی لە بەغداوە بانگهێشتکرا، بەڵام کاتێک بانگهێشتنامەکەی ڕەدکردەوە، بارەگای سەرەکی لە سلێمانی بۆردومان کرا. ڕۆژی دواتر لەگەڵ هێزێکی لیفی، کە بە ٤٠٠ کەس مەزەندە دەکرا، چەکوچۆڵ و هەرچی لە گەنجینەدا بوو بردیانە دەرەوە. ئەو بەڵگەنامانەی دەستمان بەسەرداگرتن، گۆڕینەوەی ئەو نامانەبوو، کە لەگەڵ سەرکردەی تورکی ئۆزدەمیر لە ڕەواندز و لەنێویاندا ئەو گفتوگۆیانەی ئۆزدەمیر بۆ فەرماندەی گشتی لە بەرەی جەزیرەی ناردبوو. ئەوە ڕوون بۆوە و پەردەی لەسەر نهێنیگەلێک لادا، کە سەرکردەی تورکی بۆ مەرامی سیاسی خۆیان کەڵکیان لە شێخ مەحموود وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەوەش متمانەی پێی نەبووە و ئۆزدەمیر لە نووسراوێکدا ئاماژەی پێداوە، کە شێخ مەحموود بەهەمانشێوەی سەید تەها و سمکۆ مەترسیدار و خائینە.

شێخ مەحموود لە زنجیرە چیایەکی نزیک زێی بچووک «سووررداش»، هەتا مایسی ١٩٢٣ مایەوە، بەڵام دوای ئەو چالاکییە سەرکەوتوانەیەی ڕانیەی هێزەکانمان ڕۆژ بەڕۆژ هێزەکەی لە کەمیدا.

**مەحموود خانی دزڵی:**

تەمەنی پەنجا ساڵە، سەرۆکی لقی هەورامانی هۆزی دزڵی یە. کەسێکی تێگەیشتوو نییە، بەهۆی ئەوەی ئەویش بۆ هیندستان دوورخرابۆوە کەمێک قەرەبوو کرایەوە. لە ڕاپەڕینەکەی ١٩١٩دا هاوکاری و پشتیوانی زۆری شێخ مەحموودی کرد، بەڵام پێش ئەوەی



هێزەکەی شێخ لە دەربەندی بازیان بشکێ، ئەو گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی. لەدوای کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکە لەلایەن جەعفەر سوڵتانەوە دەستگیرکرا و درایە دەست سوپای بەریتانی. ماوەی دوو ساڵان بۆ هیندستان دوورخرایەوە. ساڵی ١٩٢١ بە دەستەبەری دارایی و مەرجی نەبڕینی سنوور بە بڕی ٢٠ هەزار ڕوپییە، لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو، گەڕایەوە هەڵەبجە. دەستی ئاژاوەگێڕی لەوهەرایانەدا هەبوو، کە زستان و بەهاری ١٩٢٢ لە هەڵەبجە ڕوویاندا، بەڵام بۆخۆی لە دەرەوەی ڕووداوەکان مابۆوە. لە ڕێگەی ناردنی هێزێکی سەربازیی و فڕۆکە بۆ ناوچەی هەورامان و ڕووبەڕووبوونەوەی، ناچارکرا مل بۆ مەرج و داواکارییەکانی حکومەتی بەریتانی بدات. دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە پاییزی ١٩٢٢دا، سەردانی سلێمانی کرد و دەیانگوت: کاتێک گەڕاوەتەوە لە دەرەنجامی سەردانەکەی ڕازی نەبووە.


**عەبدولفەتاح چەلەبی:**

ناسراوە بە «ئەبو سلێمانییە»، دەڵێن: تەمەنی سەرووی نەوەد ساڵانە. دووجار بۆ ئەنجومەنی قەزایی هەڵبژێردار و نابیستە. وەک ڕاوێژکار گرنگی کەمە، پرەنسیپێکی ئاشکرای سیاسی هەبوو دەیەویست هەرسیستەم و دەوڵەتێک، کە

بتوانێت نەزم و یاسا بۆ وڵات بێنێ ئەو پشتیوانی بکات. شێخ مەحموود خۆشی نەدەویست، کە بە شێوەیەکی نهێنی ئامۆژگاری کردبوو نەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ ڕێی تێناچێت ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بچێتە نێو هیچ کێبەرکێیەکەوە.

### کەریم عەلەکە:

تەمەنی چل ساڵ و سەرۆکی جالییەی کەمینەی مەسیحیی سلێمانییە، لەکاتی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەنجومەنی شارەوانی کاری دەکرد. بازرگان بوو، پەیوەندی بازرگانیی لەگەڵ



کوردستانی ئێران و بەغدا هەیە. کاریگەرییەکانی لە بواری چەسپاندنی یاسا و دیسپلیندا بەکاردێنێت و ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت. خۆی لە دۆخێکی سەختدا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو مەسیحییە توندڕەوانی ئایینی ڕێگەی پێنادەن لە هیچ بوارێکدا دەستی باڵابێت. کاتی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی لە ئەیلولی ١٩٢٢دا، وەک بەڕێوەبەری گەنجینە و کاروباری دارایی دامەزرا. دوای ڕووخانی شێخ مەحموود لە ئازاری ١٩٢٣، لەگەڵ وەفدێکی سلێمانی هاتە بەغدا بۆ ئەوەی لەگەڵ حاکمی سیاسی لەسەر باروودۆخی سلێمانی گفتوگۆبکەن. لەگەڵ ئەندامانی وەفدەکە نەگەڕایەوە سلێمانی و لەلای ڕەحمی برای لە بەغدا مایەوە، کە ئەویش یەکێک بوو لە بازرگانە گەورەکان.

### عەبدولڕەحمان ئاغا:

ڕەحمان ئاغا لە ئاغاکانی سلێمانییە، تەمەنی ٣٥ ساڵە. پیاوێکی لاوازی خۆپارێزە، ئەو و تەواوی ئەندامانی هۆزەکەی هاوڕێی ئیدارەی بەریتانین، لەبەرئەوە لە دژی شێخەکان داوای هاوکارییان لێکرا، بەوهۆیەوە لەگەڵ ئاغاواتی سلێمانی کێشە و ناکۆکییەکی زۆری هەتا ساڵانێکی زۆر کەوتەبەینەوە. بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەری ناحیەی سەرجوک [سرۆچک] بووە، دواتر لە بەهاری ١٩٢١ هەتا مێژووی چۆڵکردنی سلێمانی لە ئەیلولی ١٩٢٢، بوو بە قایمقامی شارباژێڕ. ئیش و کارەکانی جێی ڕەزامەندی نەبوون. لە پێناو دەسکەوتی تایبەتی لەگەڵ هەرجۆرێک لە جۆرەکانی گەندەڵی هەڵی دەکرد، لەوجۆرەی لە پەیوەندییەکی فەرمیدا بەرگەی ناگیرێت. کەسێکی زۆربڵێ و لە هەمانکاتدا ڕەوانبێژبوو، جگە لە بەشێکی کەمی بەڵێنەکانی، هیچی جێبەجێنەدەکردن. ئەو شوێنکەوتە و لایەنگری زۆری نییە، بەڵام بەهۆی تێکەڵی زۆری لەگەڵ ئاغاکان، ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

خزمایەتی لەگەڵ ڕەزا بەگ هەیە، کە خوشکەکەی هێناوە. بەهۆی کێشەی زەویوزارەوە کۆنەقینیان لە نێواندا هەیە. دەڵێن: ئەو پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە هەبووە، تەنانەت هەتا ئەوکاتەی دواجار لە ئازاری ١٩٢٣دا لە پۆستەکەی داماڵرا، یەکێک لە نوێنەرەکانی بووە.

### ئەحمەد ئاغای کوڕی عەبدوڵڵا:

تەمەنی لە دەوروبەری چل ساڵیدایە، برای حاجی مەلا سەعیدە. یەکێکە لە بازرگانانی سلێمانی.

### سەید ئەحمەد بەرزنجی:

ساڵی ١٩١٩ شێخ مەحموود لەگەڵ ڕەشید زەکی ئەفەندیی ناردییە چاوپێکەوتنی شەریف پاشا، بۆ خستنەڕووی دیدوتێڕوانینی کوردانی خواروو لە بەرامبەر کۆنگرەی ئاشتی( )، بەڵام ئەو دوو نوێنەرەوە بەهۆی یاخی بوون و دەستدانە چەکی شێخ مەحموود لە میسرەوە گەڕانەوە و سەفەرەکەیان هەڵوەشایەوە. بۆ ماوەیەک لەگەڵ شێخ مەحموود دوورخرایەوە، بەڵام زووتر لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو و ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە سلێمانی. دوای چۆڵکردنی سلێمانی و گەڕانەوەی شێخ وەک حوکمدار، سەید ئەحمەد یەکێک بوو لە کەسە نزیک و ڕاوێژکارەکانی. لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا، هاتە بەغدا هەتا لەسەر بارودۆخی کوردان لەگەڵ حاکمی سیاسی گفتوگۆ بکات. کەسێکی ورد و وریایە و ناشێت بە هیچ شێوەیەک متمانەی پێبکرێت. لەکاتی کشانەوەی شێخ مەحموود لە ئازاری ١٩٢٣ ئەویشی لەگەڵ بوو.

### ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ:

تەمەنی نزیکی سی ساڵە. کەسێکی پیلانگێڕە، لە سلێمانی دەژیت. لە یاخیبوونەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ یەکێک بوو لە پشتیوانە بەهێزەکانی. لە میانی سەرکەوتنی یەکەم، کرا بە سەرۆکی شارەوانی، لە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی ئەویش هەڵات. دوای ماوەیەک بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو لە گوندێکی ناوچەی سرۆچک نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٢٢ وەک کەسێکی پیلانگێڕ و لایەنگری سەرسەختی تورکان ناوبانگی دەرکردبوو. لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ وەک ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری هەڵبژێردرا، پێش چەند ڕۆژێک لە هەڵوەشانی ئەنجومەنەکە. ئەو بەردەوام یەکێک بوو لە ڕاوێژکار و نزیک لە شێخ مەحموود و تورکان، بە تایبەتیش لە دوای گەڕانەوەی شێخ وەک حوکمدار لە پایزی ١٩٢٣، بەڵام دوای بۆردومانی سلێمانی لە ئازاری ١٩٢٣ دوای نەکەوت. لە نیسانی ١٩٢٣ لەگەڵ وەفدێک بۆ بینین و ڕاوێژ لەگەڵ مفەوەزی سامی هاتە بەغدا.

### حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم:

لە سلێمانییە، تەمەنی نزیکی پەنجا ساڵە. پەیوەستە بە هەردوو خێزانی قادرەفەندی قەرەداخی و عەبدولفەتاح چەلەبییەوە. بازرگانە، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ خێڵەکییەکانی دەرەوەی شار هەیە. پەیوەندی باشی لەگەڵ هەمەوەندەکان و شێخانی کانیکەوە هەیە. ساڵی ١٩٢١ بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری پاڵێورا، بەڵام دەرنەچوو.

### ئەحمەد نوری ئەفەندی:

خەڵکی سلێمانییە، کەسێکی ڕۆشنبیرە، بە ئینگلیزی قسان دەکا. کەموکوڕی خۆرئاواییەکانی هەیە. سەرپەرشتیاری بەرید و تەلەگرافی کەرکوک-ە. شێخ مەحموود وەک لایەنگرێکی سەرسەختی خۆی دەیناسێت، بەڵام تێڕوانینە سیاسییەکانی دڵنیاییدەرنین.

### شێخ عەلی شێخ محموودی سەرکار:

لە سلێمانییە، تەمەنی پەنجا ساڵە. خاڵی «حفصە/ حەپسەخانی نەقیب»ە و برای سەلمەخان دایکی

حەپسەخان-ە. لە دوای گەڕانەوەی هێزەکانمان بۆ سلێمانی، لەگەڵ حەپسەخان بەرەو ئێران هەڵات. ئێستا لەلای حەپسەخان دەژیت. دوو کوڕی خوار تەمەن بیست ساڵانی هەن.

### ئەمین ئەفەندی حەبیب ئاغا:

لە سلێمانی دەژیت، تەمەنی دەوروبەری ٦٥ ساڵ دەبێت. پەیوەندی بە خێزانی «حاجی مەحموودەڕەش»ەوە هەیە. لە سەردەمی تورکان چەند پۆستێکی ئاسایی دارایی و باجی پێدراوە. لەودواییانە زۆر بە توندی خۆی بە شێخانی سوورداش و حاجی شێخ عارف-ەوە بەستۆتەوە. تاهیری کوڕی بەشداری یاخیبوونەکەی ١٩١٩ی شێخ مەحموودی کردوە. لەدوای گرتنەوەی سلێمانی، ئەمین ئەفەندی هەڵات، ماوەیەک دەستگیرکرا و بۆ بەغدا دوورخرایەوە، دوای ماوەیەک مانەوە لە بەغدا ئازادکرا و گەڕایەوە سلێمانی. ئێستا سەرگەرمی زەویوزارەکەیەتی، کە سنووری نییە.

### حاجی ئەمین بەگ کاکە حەمە:

تەمەنی ٥٥ ساڵە، بازرگانێکی سلێمانییە. پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ فازل عەباسی بەڕێوەبەری داهاتەکانی وەزارەتی دارایی بەغدا هەیە. برایەکی هەیە لە ئەنادۆڵ قایمقامە. ساڵی ١٩٢١ بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی گەل پاڵێورا، بەڵام سەرنەکەوت.

### حاجی شێخ ئەمینی خاڵ:

تەمەنی نزیکی ٧٠ ساڵ دەبێت، یەکێکە لە گەورەپیاوانی شێخانی نەقشبەندی. لەنێو مزگەوتێک دەژی، کە بە نێوی خۆیەوەیە و کەوتۆتە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی. جگە لە ڕۆژانی هەینی، قەت لەوێ ناڕوات. کەسێکی زۆر باوەڕدار و خواپەرستە، ڕێز و شکۆی هەیە، پیاوێکی باشە. ئەو پاداشت و مووچەیەی حکومەت بۆی دیاریکردبوو وەرینەگرت.

### عەتائەڵڵاغا کوڕی حاجی ڕەشید ئاغا تارگین:

ئامۆزای عوسمان ئاغایە. پێشتر زاوای مەلا ئەفەندی بووە، کە ژنەکەی مردوە، دواتر کچی عیزەت پاشای خواستووە. کەسێکی بەشکۆ و یەکێکە لە ڕۆشنبیرە دەوڵەمەندەکان. کەسێکی بێپەروایە، هیچ پۆستێکی فەرمی نییە، بەڵام تامەزرۆی وەرگرتنی پۆستی «نائیب»ە، جلوبەرگی ئەورووپیانە دەپۆشێت و تەمەنی ٣٢ ساڵە.

### شێخ عەبدولقادر سەنگاو:

تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە، مامی ٣ کوڕی شێخ سەعیدی جوک تەپەیە و کێشەی بەردەوامی لەسەر زەویوزاری گوندەکە «سەنگاو» لەگەڵیان هەیە. سۆزی بۆ تورکان نییە، ماوەیەک چووە وەڵاتی ئێران، چونکە لەوێش موڵک و ماڵی هەیە. ئەو لەوێ بوو کاتێک شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٩ داوای کردەوە. لەلای تەواوی لقەکانی هەمەوەند جگە لە لقی بەگزادە خۆشەویست نییە. زۆربەی کاتەکانی خۆی لە کرپچنار [کرپچنە]، کە بارەگای سەرەکی سەنگاوە بەسەردەبرد. لە ڕووی یاساییەوە ئەو گوندە یەکێکە لە گوندەکانی شێخ قادر، کە لەدوای ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود ئەو ناوچەی بەجێهێشت. ئێستا لە هەورامان دەژیت. بەهەرحاڵ، داهاتی ئەو گوندە لەلایەن شێخ عەبدولقادرەوە وەردەگیرێت، لە ڕووی کردەییەوە بە موڵکی تایبەتی خۆی دەزانێت. وەک ئەوەی لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم لە ناوچەی قادرکەرەم هەیە. ئەو سۆزی بۆ

سەید مەحموود «جەباری» هەیە و پشتگیری لە بنیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بە ڕێبەرایەتی شێخ مەحموود دەکات. حەوت کوڕی هەیە، گەورەترینیان شێخ مستەفایە. لە ساڵی ١٩٢٠ هەتا مێژووی چۆڵکردنی سلێمانی لە ١٩٢٢، بەڕێوەبەری سەنگاوە بوو. کەسایەتی دەستڕۆیشتووی ناوچەکەیە، دواتر لەگەڵ شێخ کەرەمی «ناوچەی قادرکەرەم» لە شێخ مەحموود جیابوونەوە و لەسەر سیاسەتی پشتگیرییکردنی تورکان لێی ناڕازیبوون. دوای ڕۆیشتنی شێخ مەحموود لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٣، بەڵێنی بە پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکانی سەنگاو و قەرەداغ دا. ئەو پابەندبوونەش هەتا ئەوکاتەی سیستەمێکی نوێی سیاسی لە سلێمانی دادەمەزرێت بەڕێوشوێنێکی کاتی دادەنرێت.

**سەید عەبدوڵڵا کوڕی شێخ حەسەن:**

کوڕی مامی شێخ مەحموودی سلێمانییە. باوکی لە شەڕی بازیان کوژرا، ئەو شەڕەی ساڵی ١٩١٩ کۆتایی بە یاخیبوونی شێخ مەحموود هێنا. ئەوکاتەی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود دابوو، ئەو بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو. دوای ئەوەی شێخ مەحموودیش گیرا، بەرەو وەڵاتی ئێران هەڵات، دوای ماوەیەک بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو گەڕایەوە سلێمانی.

**شێخ نەجیب:**

لە دەڤەری قەرەداخی ناوچەی سلێمانییە، سەرۆکی کۆمەڵەیەکی بچووکی سەیدانە، کە بە شێخانی قەرەداخ ناسراون. شوێنکەوتەیان هەیە و نزیکەی ٥٠ هەتا ٧٠ جەنگاوەری چەکداری هەیە و لەکاتی پێویستدا دەتوانێت ئاڕاستەیان بکات. لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانیا، مستەفای کوڕی قازی قەرەداخ بوو، بەڵام لە بەهاری ١٩٢٣ بەهۆی هەندێک کێشەی ئابوورییەوە وازی لە پۆستەکەی هێنا، هەرچەندە زۆریشی بەدڵ نەبوو. گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە پایزدا خستییە دۆخێکی نەخوازراوەوە، لەبەرئەوەی ساڵی ١٩١٩ لە دادگاییکردنی شێخ مەحمووددا شاهیدبوو. وەک ڕۆڵی ئاشتیخوازانەی دوای خانەنشینبوونی گەڕایەوە خورماڵ.

**سەعید ئاغا:**

تەمەنی چل ساڵە، لە جافەران دەژی و ئاغای ناوچەی قەرەداخی سلێمانییە. ڕووخۆش و میواندۆستە و لەلای ئەفسەرانی بەریتانی ناوبانگێکی باشی هەیە. مەشقی تەقەکردنیان پێدەکات و بەرەوپێشیان دەبات. گوندەکەی دەکەوێتە قرداجەی قۆپی سەگرمە، کە ئەوێ بۆ ئەو قافڵانەی لە سلێمانییەوە بەرەو کفری دەچن ڕێگایەکی گرنگە بۆ سەلامەتی تێپەڕینی ئەو کاروانانە، لەگەڵ حکومەت هاوکاربوو. کاتی گەڕانەوەی شێخ مەحموود و هەڵبژاردنی وەک حوکمدار، پێگەی سەعید ئاغا وەک هاوڕێیەکی ناسراوی بەریتانیا کۆمەڵێک کێشەی بۆ دروستکرد. پەیوەندیی لەگەڵ هیچ کۆمەڵە و دامەزراوە و هۆزێک نییە.

تێبینی/ خوێنەری بەڕێز، کاتێک دەبینی لە هەندێک شوێن ڕەچاوی ئەمانەتی وەرگێڕان نەکراوە، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی نەشیاوی وەک: «زۆربڵێ، دەمەوەر، خوێنڕێژ، نەزان، دڕندە، گەمژە، خائین، خۆفرۆش، چەتە، درۆزن و ڕێگر» و تەنانەت شتی خراپتریش بەرامبەر بەشێک لەوکەسایەتییانە بەکارهێنراوە، ئێمە خۆمان لە کاوێژکردنەوەیان بەدوورگرت.

سەرچاوە/ بشير الوندي: شخصيات عراقيه في ملفات الاستخبارات البريطانية ١٩٢٣، طبعة الاولى، دار الصفار للترجمه والطباعه والنشر، (بغداد، ٢٠١٨).

# شەڕی دەسەڵات لە نێو میرنشینی حەسنەوی
## (٣٣٠ - ٤١١ کۆچی/ ٩٤٢ - ١٠٢٠ عیسایی)



**ئومێد ناسح جیهانی**
**ماستەر لە مێژوودا**

هەواڵنامەی کتێب

### پێشەکی

میرنشینی حەسنەویی یەکێکە لە میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەباسی دا، کە بۆ ماوەی هەشتا ساڵ فەرمانڕەوایی کردوە و لەو ماوەیەدا زۆرجار سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری خۆی پاراستوە، هەندێکات بە ئاشتی و هەندێک کاتیش بەهێز مانەوەی خۆی پاراستوە، بەڵام نەفرەتی تیاچوونی ئەم میرنشینە شەڕی هاوخوێنەکان بوو لەسەر دەسەڵات، شەڕی باوک و کوڕ (بەدری کوڕی حەسنەویی و هیلالی کوڕی بەدر)بوو لەسەر دەسەڵات.

میرنشینی حەسنەویی لەلایەن (حوسێنی بەرزیکانی) دامەزراوە، لە دەوروبەری ساڵی (٣٣٠ کۆچی/ ٩٤٢عیسایی)، یاخود لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی و دەیەمی عیسایی، لە ناوچەیی شارەزوور دەسەڵاتێکی خۆجێی دامەزراندوە. کەسایەتییەکی لێهاتوو بووە و ناوبانگی گەیشتۆتە لای خەلیفەی عەباسی (موتەقی بیلا)، توانیویەتی ژمارەیەک شار و قەڵا کۆنتڕۆڵ بکات و دەسەڵاتداریتی لە شارەزوور و دینەوەر دابمەزرێنێت. لەبەرئەوە دەکرێت سەرەتاکانی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم حکومەتە بۆ (حوسێنی بەرزیکانی) بگێڕینەوە و بە (حکومەتی بەرزیکانی) ناوببرێت.

### هەڵکەوتەی جیۆگرافیی حکومەتی بەرزیکانی - حەسنەویی

هەڵکەوتەی جیۆگرافیی حکومەتی بەرزیکانی – حەسنەویی لە بەشی خۆرئاوای هەرێمی چیا

سەریهەڵدا، بە درێژایی هەشتا ساڵی تەمەنی لە (٣٣٠ – ٤١١کۆچی/ ٩٤٢ – ١٠٢٠عیسایی) بەشێکی فراوانی ئەو شارانەی کەوتە دەست کە لە شارەکانی دینەوەر، هەمەدان، شارەزوور، شاپوورخواست، بروجرد، کرمەشان – قرمسین، ماسبذان، صامغان، ڕەی، هەلوان، نەهاوەند، ئەهواز، ئەسەدئاوا و بەشێکی ئازەربایجانی لە خۆگرتبوو، سەرەڕایی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانە بە قەڵا و شار و شارۆچکە و گوندەکانیانەوە تا بەشی باکوری خوزستان لەبەری باشوری. شاری دینەوەر پایەختی میرنشینەکە بوو. دەبێت ئەوەش بڵێین: سنوری دەسەڵاتی میرنشینەکە بەشێوەیەکی گشتی جێگیر نەبووە، بەڵکو بەپێی بەهێزی و لاوازی میرەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کاتێک میری میرنشینەکە بەهێز بووە سنورەکەی فراوان بووە، بە پێچەوانەوە هەر کات میرێکی لاواز و بێ توانا فەرمانڕەوایی کردبێت سنورە جیۆگرافیاکەی بەرتەسک بۆتەوە.

### حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی

ڕژێمی فەمانڕەوایی لە چوارچێوەی حکومەتی بەرزیکانی – حەسنەویی دا وەکو نەریتی هەمیشەیی پشتاوپشت بووە، دوای ئەوەی (حوسێنی بەرزیکانی) دەمرێت لە ساڵی (٣٥٠کۆچی/ ٩٦١عیسایی)، حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی شوێن دەگرێتەوە، لەمەوە دەکرێت ساڵی (٥٣٠کۆچی/ ٩٦١عیسایی) ساڵی بە دەسەڵات گەیشتنی حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی بە ساڵی دەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەم حکومەتە دابنرێت. هەردوو زاراوە (بەرزیکانی، حەسنەوی) بوونە دوو ناو بۆ میرنشین، یان حکومەتی حەسنەوی.

حەسنەوی دوای مردنی دوو مامی، (ویداد و غانم)، توانی کۆنترۆڵی چەند قەڵا و ناوچەیەکی تر بکات، دوای ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتی کەوتە دەست، دەستی بەسەر (دینەوەر، هەمەدان و نەهاوەند) دا گرت. هاوپەیمانی بوەیهییەکان بوو لە دژی سامانییەکان، ئەو هاوکارییەی پێشکەشی بوەیهییەکانی کرد لە دژی سامانییەکان پێگەیەکی بەرز و کاریگەری بۆ دروستکرد لە نێو کورد دا. وردە وردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فراوان کرد، دەسەڵاتی گەیشتە هەمەدان، توانای باج وەرگرتنی کەشەی سەند، ئەو هەنگاوانە نیگەرانی لای خەلیفەی عەباسی دروستکرد، دوابەدوای ئەوە سوپایەکی نارد لە دژی حەسنەویە، بەڵام حەسنەوی-یە لە ڕێگەی توانا دبلۆماسییەکانییەوە توانی ڕێککەوتنێکی ئاشتی ئەنجام بدات کە زیاتر لە بەرژەوتندی حکومەتی حەسنەوییە بوو، ڕێکەوتنەکە سەربەخۆیی تەواو و مافی باج کۆکردنەوەی پێدا، لە بەرامبەر باجدانێکی ساڵانە بە خەلافەتی عەباسی.
بۆ بەهێزکردنی زیاتری میرنشینەکەی سوودی لە ململانێی نێوان بوەیهییەکان بینی، هەتاکو



مردنی لە ساڵی ٩٧٩ لە قەڵای سەرماج لە نزیک کرماشان کەس نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ببێتەوە. پاش (١٩)ساڵ فەرمانڕەوایی لە ساڵی (٣٦٩کۆچی/ ٩٧٩عیسایی) کۆچی دوایکرد.

## شەڕی دەسەڵات لە نێوان میرنشینی حەسنەوی دا

## بەدری کوڕی حەسنەوی

دوای مردنی حەسنەوی، شەڕ، ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێو هەرسێ کوڕی حەسەنەویی (بەدر، عاسم و عەبدولمەلیک) دروست بوو. ئەمەش بواری بۆ (عەزد الدەولەی بوەیهی) خۆشکرد دەست بخاتە ناو کاروباری حکومەتەکەوە، کۆنترۆڵی ناوچەکەیانی کرد و قەڵای سەرماجی بنکەی دەسەڵاتی حکومەتی حەسنەوی گرت، پشتیوانی (بەدر)ی کرد، بەدر-ی بە فەرمانڕەوا ناسی و (عاسم و عەبدولمەلیک)ی دوورخستەوە.

لەسەردەمی بەدر دا حکومەتی حەسنەویی گەشەسەندنی سیاسی و ئابوری و باری شارستان زیاتر پەرەی سەند. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی زیاتر فراوانکرد، بەشێوەیەک هەمەدان، دینەوەر، ئەسەدئاوا، خوزستان، هەڵوان، کرماشان، ئەهواز، شارەزور، بەروجەرد، شاپورخواست و نەهاوەند بگرێتەوە. بەدر میرنشینێکی باش و دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەلیفەی عەباسی (قادر بیللا) نازناوی (ناصر الدولە - پارێزەری دەوڵەت)ی پێبدات. بەدر داوای نازناوی (ناصر الدین الدولە)ی کرد و خەلیفەی عەباسی ئەو نازناوەشی پێدا. (بەها الدەولەی بوەیهی)ش (بەدر کوڕی حەسنەوی) وەکو فەرمانڕەوایی حەسنەوی ناساندوە، لەبەرامبەریشدا بەدر ڕۆڵی لە ئاشتبونەوەی (مەجد الدەولەی بوەیهی) و (السیدة)ی دایکی دا بینیوە. لەسەر داوای دایکی مەجد الدەولەی بوەیهی بەدری کوڕی حەسنەویی دووجار هاوکاری بوەیهییەکانی کردوە، یەکەمجار لە ساڵی (٣٨٧کۆچی/ ٩٩٧عیسایی) کاتێک سەلجوقییەکان هێرشیان کردە سەر دەسەڵاتی بوەیهی. دووەمجار لە ساڵی (٣٨٨کۆچی/ ٩٩٨عیسایی) لە ئەنجامی هاتنەسەر کاری (قابوسی کوڕی وەشمگیر) بۆ سەر هەرێمی گورگان.

بەدری کوڕی حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی توانی هۆزەکان ڕێکبخاتەوە و دەسەڵات بەسەریاندا بسەپێنێت. بازاڕێکی لە شاری مێژوویی هەمەدان دروستکرد بۆ بوژاندنەوەی ئابوری ناوچەکە. خەرجی دابینکرد بۆ پاراستنی ڕێگەی حەج. دراوێکی زێڕینی لێدا لە شاری شابورخواست، ناوی خۆی و خەلیفەی لە سەر بوو. وەکو بەشێک لە کاری بیناکردنەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا ژمارەیەک مزگەوت و پردی دروستکرد کە بە (١٠) لە نێوان ساڵانی (٩٩٨ - ١٠٠٨عیسایی) دروستکرا، گومەزێکی لە خورەم ئاباد دروستکرد، تەواوی کارەکانی لە خۆرهەڵاتی کوردستانە، هەوڵەکانی بەدر بووە هۆی بوژانەوەی ڕێگە شاخاوییەکان و گەشەسەندنی ئابوری و بازرگانی ناوچەکە.

## شەڕی دەسەڵات لە نێوان بەدر و هیلال-ی کوڕی دا

بەدری کوڕی حەسنەوی لە ماوەی (٤٤)ساڵی دەسەڵاتی دا خزمەتێکی گەورەی بە جێگەیاند. سەرەڕای ئەو خزمەتە گەورەیەیی پێشکەشی سنوری میرنشینەکەی کرد، ململانێی ناوخۆیی، شەڕ لەسەر دەسەڵات لە نێو خودی بنەماڵەکەی دا

سەریهەڵدا. سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکیەش بۆ ساڵی (٤٠٠کۆچی/ ١٠٠٩عیسایی) گەڕایەوە کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان (بەدر و هیلالی کوڕی)، لەسەر ئەوەی بەدر بە سەر دایکی (هیلال) کە لە تیرەی (شازنجان)ی ژنێکی دیکەی هێنا بوو، ئەو هۆزە لەلایەن (ابو الفتح محەمەد کوڕی عەنناز) ەوە سەرۆکایەتی دەکرا و دوژمنی بەدری کوڕی حەسنەوی بوون. هەرچەندە میرەکانی ئەو دوو هۆزە (بەرزیکانی و شازنجان) ژن و ژنخوازی بە یەکی دەبەستنەوە، بەڵام کێشە و دژایەتی لە نێوانیان دا هەر هەبوو. دوای لە دایک بوونی هیلال، بەدری باوکی، هیلال و دایکی بەجێهێشت، بەوەش هیلال و دایکی پەراوێزخرا بوون. بەدر بەهۆی کاریگەری هاوژینەکەی تریەوە سۆزێکی زیاتری دابوو بە کوڕە بچوکەکەی، دەیویست کوڕە بچوکەکەی (ئەبو عیسا) ببێتە جێگرەوەی نەک (هیلال)ی کوڕە گەورەی کە دایکی سەر بە تیرەی شازنجانی بوو، لەبەرئەوە ڕق و کینەیەک لە نێوان بەدر و هیلال-ی کوڕی دا دروست بوو، هیلال ڕق و کینەیەکی قوڵ لە دڵی دا لە ئەنجامی پەراوێزخستنیەوە دروست بوو، لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژ بوو، بەدر ترسی لە توندوتیژییەکەی هەبوو، کە ململانێی بکات لەسەر دەسەڵات و لە دەسەڵات دوریبخاتەوە. لەبەرئەوە ململانێ لە نێوان بەدر و هیلالی کوڕی دا دروست بوو ئەمەش کاریگەری ژن دەردەخات لە ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکانی مێژوویی کورد دا.

گرنگیدانی بەدر بە (ابو عیسا) و پەراوێزخستنی هیلال، ڕق و کینەی هیلال-ی بەرامبەر براکەی زیاتر کرد. دواتر دوای ئەوەی بەدر، هیلالی کوڕی زیندانی کرد، هێندەی پێنەچوو ئازادی کرد. بەدر وای بە باش زانی کاتی ئەوە هاتووە زیاتر هیلال دووربخاتەوە، بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی زۆر بچوکی پێدا، ئەوەیش قەڵای سامغان بوو، کە داهاتی ساڵانەی لە دوو سەد هەزار درهەم تێنەدەپەڕی لە ساڵێک دا، بەشی خەرجییەکانی هیلال-ی نەدەکرد، کە پارەی تەخشان و پەخشان دەکرد بە سەر چەکدار و شوێنکەوتووەکانی دا تاکو لایەنگر بۆ خۆی زیاد بکات. هەروەها پێیوابوو پێدانی ناوچەی سامغان پیلانێک بووە بۆ دوورخستنەوە و شکاندنی، بە تایبەت کە هیلال ئارەزووی دەکرد دەست بەسەر موڵکەکانی باوکی دا بگرێت، کە دەستکەوت گەلێکی زۆری تێدا بوو، ئەویش لەبەرئەوەی دەترسا کە (ابو عیسا)ی برا ببێتە میراتگری ئەو موڵک و ماڵە زۆرانە.

دوژمنەکانی بەدری کوڕی حەسنەوی هەستیان بە کێشە و ململانێی نێوان خۆی و هیلال-ی کوڕی کرد بوو، لەبەرئەوە بە نامە هانی هیلال-یان دەدا بۆ زیاتر دوژمنایەتیکردنی باوکی و یاخیبوون لە باوکی. پێشتریش لە ساڵی (٣٩٢کۆچی/١٠٠٢عیسایی) وەزیر (الخطر - ابو علی) پەیوەندیکرد بوو بە میرەکانی دەوروبەری هیلال-ەوە و هانیدابوون دژی بەدر، ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان بەدر و هیلال-ی کوڕی دا.

هەرچەندە ناوچەی سامغان جێگەی ڕەزامەندی هیلال نەبوو، بەڵام پێی باش بوو، لەبەرئەوەی ڕێگەی بۆ خۆشدەکرد بۆ کارکردن دوور لە باوکی. بۆ هێنانەدی هیواکانی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی پێویستی بە پارە هەبوو، لەبەرئەوە بە چاکی زانی کە دەست بگرێت بە سەر هەرێمی شارەزوور دا، کە بەروبوومێکی زۆری هەبوو، لەبەرئەوە گەڕی ئاڵانە (ابن الماضی- ئیبن مازی) فەرمانڕەوایی شارەزوور و دۆستی

باوکی، کاتێک بەدری کوڕی حەسنەوی ئەوەی زانی ئاگاداریکردەوە لەوەی وازبهێنێت، بەڵام هیلال گوێی پێنەدا و نامەی بۆ (ئیبن مازی) نارد و هەڕەشەی لێکرد، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی کە هەموو ساڵێک سەد هەزار درهەم بدات بە هیلال، بە مەرجێک واز لە شارەزوور بهێنێت. بەڵام پێی ڕازی نەبوو، لەبەرئەوە (ئیبن مازی) دوای یارمەتی لە بەدری باوکی هیلال کرد، ئەویش بۆ جاری دووەم نامەی بۆ کوڕەکەی ناردەوە و هەڕەشەی لێکرد کە نزیک ناوچەکانی نەکەوێت، هیلال بۆ جاری دووەم گوێی بە هەڕەشەکانی باوکی نەدا و سوور بوو لەسەر دەستگرتن بەسەر شارەزوور دا، سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە و بەرەو شارەزوور کشاو و گەمارۆی دا، دواتر بەهێز دەستی بەسەر دا گرت و (ئیبن مازی) و براکەی و کەسوکارەکەی کوشت و دەستی گرت بەسەر هەموو موڵک و ماڵەکانیان دا.

کاتێک بەدر، ئەو کارەی کوڕەکەی بیست زیاتر لێی تورە بوو، بڕیاری دا بەرەنگاری ببێتەوە و لەگەڵیدا بجەنگێت، بەرامبەر بەو هەڵوێستەی باوکی، هیلال هەڵسا بە هاندانی سوپاکەی باوکی لە دژی باوکی، بەشێکی گەورەی سەرانی سوپاکەی باوکی بەپارە بەلای خۆی دا ڕاکێشابوو، پارەی بەسەریان تەخشان و پەخشن کردبوو، بە پێچەوانەی باوکییەوە کە کەمتر پارەی پێدەدان، لەبەرئەوە بەشێک لە سوپاکەی باوکی جیابوونەوە و پەیوەندیان بە هیلال-ەوە کردبوو.

لە ساڵی (٤٠٠کۆچی/ ١٠١٠عیسایی) بەدر سوپایەکی نارد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هیلال-ی کوڕی، هیلال-یش بە سوپایەوە ڕۆیشت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی باوکی، هەردوو سوپا لە دەروازەی شاری دینەوەری



پایەتەخت بەیەکگەیشتن، کاتێکیش جەنگ ڕوویدا، زۆربەی زۆری کوردی خێڵی بەرزیکانی ڕیزی سوپاکەی بەدر-یان جێهێشت و چوونە پاڵ سوپاکەی هیلال، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو هەڵگەڕانەوەیەش خراپ مامەڵەکردنی بەدری کوڕی حەسنەوی بووە لەگەڵ سەرکردە سوپاییەکانی دا، جگە لەوەی پێشتر هیلال پارەی بەسەر دا دابەشکردبوون و بە پارە کڕیبوونی. دوای ئەو هەڵگەڕانەوەیە، بەدر بە دیل گیرا و بردیان بۆ لای هیلال.

لەو شەڕی دەسەڵاتە دا هاوکارانی هیلال داوایان کرد باوکی بکوژێت، بەڵام هیلال داواکەیانی پەسەند نەکردوە و وتویەتی: من زۆڵ نییم باوکی خۆم بکوژم. دواتر بە باوکی وتوە: بابە تۆ هەر فەرمانڕەوا بە و من بکە بە سەرکردەی سوپاکەت. بەڵام باوکی پێی وتوە: ڕازی خۆت بۆ کەس مەدرکێنە، هەموو وڵاتەکە بۆ تۆ تەنها یەکێک لە قەڵاکان بۆ من بەجێبهێڵە. دوای ئەوەی تەمەنیشی زۆر بووە، دەیەوێت بینێرێت بۆ قەڵای (درازینە)، تا خۆی یەکلاییبکاتەوە بۆ خواپەرستی، هیلال بەو قسانەی باوکی فریوی خوارد و بە پیلانەکەی نەزانی، هەر زوو قەڵاکەی پێدا لەگەڵ ڕێژەیەک پارەدا.

میر بەدر لە ناخی دا ڕق و کینەی شاردبوویەوە بەرامبەر کوڕەکەی، ئەوەی ئاشکرای کردبوو پێچەوانەی ناخی بوو، ئەوەبوو هەر کە جێگیر بوو لە قەڵەکەدا دەستیکرد بە چاککردنەوە و پتەوکردنی قەڵاکە، دەستی دایە پیلانگێڕی، لە دژی کوڕەکەی دەستی لەگەڵ دوژمنەکەی دا تێکەڵکرد، نێردراوی نارد بۆ لای دوژمنەکەی پێشووی (ابو الفتح کوڕی عەنناز)ی میری حەلوان، تا ڕێکەوتنی لەگەڵ دا ببەستێت. داوای لێکرد یارمەتی بدات لە دژایەتیکردنی هیلال-ی کوڕی دا بە ناردنی سەرباز، لە بەرامبەر ئەمەش دا هەندێک لە موڵکەکانی خۆی دەداتێ.

میر بەدر لە ناخی دا ڕق و کینەی شاردبوویەوە بەرامبەر کوڕەکەی، ئەوەی ئاشکرای کردبوو پێچەوانەی ناخی بوو، ئەوەبوو هەر کە جێگیر بوو لە قەڵەکەدا دەستیکرد بە چاککردنەوە و پتەوکردنی قەڵاکە، دەستی دایە پیلانگێڕی، لە دژی کوڕەکەی دەستی لەگەڵ دوژمنەکەی دا تێکەڵکرد، نێردراوی نارد بۆ لای دوژمنەکەی پێشووی (ابو الفتح کوڕی عەنناز)ی میری حەلوان، تا ڕێکەوتنی لەگەڵ دا ببەستێت. داوای لێکرد یارمەتی بدات لە دژایەتیکردنی هیلال-ی کوڕی دا بە ناردنی سەرباز، لە بەرامبەر ئەمەش دا هەندێک لە موڵکەکانی خۆی دەداتێ. هەروەها نامەی نارد بۆ (ابو عیسا شادی بن محمد) لە ئەسەد ئاباد و (ابو بکر بن نافع) لە نەهاوەند، نامەی نارد بۆ هۆزی (جورقان-گۆران) بۆ یارمەتیدانی دوای ئەوەی هۆزی بەرزیکانی چوونە پاڵ هیلال. بەدر لەبەرئەوەی قەڵای (درازینە)ی هەڵبژارد دەکەوتە نێوان هەمەدان شوێنی (شمس الدولە)ی هاوپەیمانی و ئەسەدئاباد و نەهاوەند-ەوە.

(ابو الفتح کوڕی عەنناز) بە سوپایەکەوە بەڕێکەوت و دەستی گرت بەسەر قرمسین دا. (ابو عیسا شادی بن محمد)ش بە سوپایەوە ڕۆیشت بەرەو شاپور خواست و ماڵ و موڵکی (هیلال)ی لەوێ تاڵانکرد. هیلال بەوەی نەزانی بوو کە (ابو عیسا شاذی بن محمد) ژمارەیەکی زۆر لە خێڵی گۆران گەیشتونەتە ئەوێ، کاتێک بەوەی زانی بە سوپایەکەوە ڕۆیشت بەرەو دینەوەر، لەوێشەوە خێرا ڕۆیشت بەرەو دینەوەر، لەوێشەوە چوو بۆ شاپور خواست، بەڵام (ابو عیسا شادی کوڕ محمد) کاتێک بە بە

هاتنی هیلال-ی زانی، شاپورخواستی جێهێشت و ڕۆیشت بەرەو نەهاوەند کە لە ژێر دەسەڵاتی (ابو بکر کوڕ نافع) بوو، هیلال-ش دوای (ابو عیسا شادی کوڕی محمد) کەوت بەرەو ئەوێ و هێرشی کردە سەری و چوار سەد کەسی لە دەیلەم کوشت، لەوانە نەوەد کەسیان لەو میرانە بوون کە لەگەڵ (ابو الفتح کوڕی عەنناز) دا بوون و هەندێکیشیانی بە دیل گرت. لە نێو ئەو دیلانەش دا چەند میرێکی تێدا بوو وەکو (عەبدولمەلیک ماکان، ئیسماعیل الصعلوک، ابو العباس الصاحب) ، هەروەها هیلال نامەی نارد بۆ (ابو بەکر کوڕی رافع) و پێی ڕاگەیاند ئەگەر دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات ئەوە (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد)ی ڕادەست بکات، (ابو بەکر کوڕی رافع) پێی وابوو بە نەمانی (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) ڕێگەی بۆ خۆش دەبێت بۆ زیادبوونی دەسەڵاتی، لەبەرئەوە داواکەی هیلال-ی بەجێهێنا و (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) دەستگیر کرد و ناردی بۆ لای هیلال، بەڵەم هیلال لێخۆش بوو، هیچ سزایەکی نەدا و کردی بە هاوەڵی خۆی.

کاتێک میر بەدر کوڕی حەسنەوی سەرکەوتنی کوڕەکەی بیست، خێرا داوای یارمەتی لە (بهاء الدولە بوەیهی) کرد، ئەویش دەستبەجێ داواکەی جێبەجێکرد و چاوەڕێی هەلێکی لەو جۆرە بوو بۆ دەستگرتن بەسەر گەنجینە و موڵک و ماڵە زۆرەکەی قەڵای شاپورخواست، سوپایەکی بۆ یارمەتی بەدر نارد بە سەرکردایەتی (فخر الملک ابو غالب)ی جێگر و وەزیری خۆی.

کاتێک ئەو سوپایە گەیشتە شاپورخواست، هیلال لە (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) پرسی ئەوا سوپایی (بهاء الدولە بوەیهی) هات ڕات چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: ڕام وایە خۆت بپارێزیت لە بەرەنگاربوونەوەیان و گوێڕایەڵی خۆت بۆ (بهاء الدولە بوەیهی) ڕابگەیەنیت و هەوڵبدەیت بە پارە ڕازی بکەیت، ئەگەر ئەو هەوڵەش سەرینەگرت ئەوا ناچار خۆتی لێ بەدور بگرە و ئێرە بەجێبێڵە، دواتر جارێکی دیکە بگەڕێوە شوێنی خۆت، بەو شێوەیە خۆت دەپارێزیت لە جەنگی درێژخایەن لە گەڵیان دا، دەبێت ئەوەش بزانیت، کە ئەم سوپایە ئەو سوپایە نییە، کە لە دەروازەی دینەوەر دا شکاندت.

بەڵام هیلال گومانی لە ئامۆژگارییەکانی (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) هەبوو، پێی وابوو مەبەستی لە فێڵێکردن و فریودانێتی، مەبەستی لە جەنگی درێژخایەن ئەوەیە دەرفەت بۆ بەدری باوکی برەخسێ و بەهێز بێت، لەبەر ئەو گومانەی (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) دایە دەست بەرزیکانییەکانەوە، ئەوانیش کوشتیان و لاشەکەیان برد بۆ ئەسەدئاباد و لە گۆڕستانەکەی باوکی ناشتیان. دواتر هیلال سوپاکەی ئاراستەی سەربازگەکەی (فخر الملك) کرد لە شەو دا و بە نهێنی، بەڵام فخر الملك هەستی بە پلانی هیلال کرد، خێرا سوپاکەی کۆکردەوە و هێزێکی جێهێشت بۆ پاراستنی ئازوخە و کەرەستە جەنگییەکان لە سەربازگەکەدا، بەرێکەوت بۆ جەنگ دژی هیلال، کاتێک هیلال چاوی بەو سوپا گەورەیە کەوت، زانی ئامۆژگارییەکانی (ابو عیسا شادی کوڕی محەمەد) بەو جۆرە نەبوو کە ئەو گومانی لێکردبوو، لێکیدابوویەوە، پەشیمان بوویەوە لە کوشتنی، بەڵام پەشیمانییەکی بێ سوود، کاتێکیش بینی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپایەکی لەو جۆرەی نییە، نێردراوێکی نارد بۆ لای فخر الملك، تاپێی ڕابگەیەنێت کە ئەو بۆ مەبەستی جەنگ نەهاتووە، بەڵکو بۆ نزیکبونەوەی

لێی هاتووە، ئەگەر سوپاکەی بکشێنێتەوە، ئەوە ئامادەیە گوێڕایەڵی (بهاء الدولەی بوەیهی) ببێت، فخر الملک داواکەی پەسەند کرد و نێردراوێکی نارد بۆ لای بەدری باوکی هیلال، تا هەواڵی داواکەی هیلال-ی کوڕی پێ ڕابگەیەنێت، بەڵام بەدری کوڕی حەسنەوی هەڵوێستی ناشیرین بووە بەرامبەر بە نێردراوەکەی فخر الملک و قسەی پێ وتووە، دەریکردوە. پاشان نێردراوێکی نارد بۆ لای فخر الملک و پێی ڕاگەیاند کە ئەو داوایەیی هیلال تەنها فێڵ و پیلانە بۆ خۆدەربازکردن، کاتێک زانیویەتی لاوازە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپاکەی فخر الملک-ی نییە، باسی لە گوێڕایەڵیکردوە، لەبەرئەوە پێویستە لە ناوببرێت، ئەو کاتە فخر الملک زانی کە میر بەدر تا چ ڕادەیەک ڕق و کینەی هەیە بەرامبەر هیلال-ی کوڕی، لەبەرئەوە فەرمانی دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هیلال، دوای هەڵگیرساندنی جەنگەکە، هێندەی پێ نەچوو هیلال دەستگیر کرا، بەدیل ناردیان بۆ لای ف(ابو عیسا شاذی کوڕی محەمەد)ر الملک، هیلال داوای لێکرد کە ڕادەستی بەدری باوکی نەکات، فخر الملک داواکەی پەسەند کرد، دواتریش نیشانەی وەرگرتنی قەڵای شاپور خواست-ی پێڕاگەیاند کە بە (دزبز) ناسرا بوو، بەڵام دایکی هیلال و ئەوانەی ناو قەڵاکە خۆبەدەستەوەدانیان ڕەتکردەوە، گەر بەڵێنی ئەوەیان پێنەدرێت کە پارێزراو دەبن، فخر الملک بەڵێنی پاراستنی پێدان، پاشان قەڵای شاپورخواست-یان داگیر کرد، هەرچی گەنجینە و ماڵ و سامانە زۆرەکەی ناوی هەبوو تاڵانیکرد، بە پێی سەرچاوەکان چل هەزار کیسە درهەم و چوارسەد کیسە ئاڵتونی تێدا بووە، فخر الملک تاڵانیکرد، دوای ئەوەی (هیلال)ی لە شارەزوور زیندانیکرد، قەڵا تاڵانکراوەکەی (دزبز) شاپور خواست ڕادەستی بەدری کوڕی حەسنەوی کرد و گەڕایەوە بۆ بەغداد.

لە دەرئەنجامی ئەو ململانێی خوێنەوییەی لە سەر دەسەڵات لە نێوان بەدر و هیلالی کوڕی دا ڕوویدا، بەدر بۆ دووبارەنەبونەوەی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی، بەدر زنجیرەیەک چالاکی و هێرشی سەربازی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ئەنجام دا. بەڵام لە یەکێک لەو هێرشانە دا، کە پەلاماری قەڵایەکی باشوری سنوری دەسەڵاتەکەی بوو، دوای گەمارۆیەکی توند و سەخت و بارینی بەفر و بارانێکی زۆر، بە دەستی چەکدارێکی ناو سوپاکەی خۆی کە کوردێکی (جورقان - گۆران) بوو لە ساڵی (٤٠٥کۆچی/ ١٠١٤عیسایی) کوژرا.

## کوشتنی هیلال کوڕی بەدر، ساڵی ٤٠٥کۆچی/١٠١٥عیسایی

هیلال بە بەندکراوی مایەوە لە سەردەمی هەریەک لە (بهاء الدولە) و (سلطان الدولە)ی جێنشینی، بەڵام کاتێک (سلطان الدولە) زانی کە (شمس الدولە) لە دوای کوژران بەدری کوڕی حەسنەوی باوکی هیلال، دەستی گرتووە بەسەر هەندێک لە موڵکەکان و ماڵ و سامانی ناوقەڵاکانی بەدر دا، لەوانەش قەڵای شاپور خواست، ئەوکاتە ئەویش لە ٤٠٥کۆچی/١٠١٥عیسایی دا هیلال-ی ئازاد کرد بۆ دژایەتیکردنی (شمس الدولە)، (سلطان الدولە) جلو بەرگی دەسەڵاتی کردە بەر هیلال و پایەداریکرد و نازناوی (قطب المعالی ابو البدر)ی لێنا، سوپایەکی گەورە و بەهێزی بۆ سازکرد و کردی بەسەرکردە، بۆ پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی، بۆ سەندنەوەی ئەو موڵکە شاهانەیەیی بە میرات بۆی



مابۆوە. واتە سوڵتان دەولە، هیلال-ی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەکارهێنا، شەڕی خۆی بە هیلال کرد. هەڵمەتی سەربازی لە بەغدادەوە بەڕێکرد دژی شمس دەولە، شمس دەولەش بە هەمان شێوە بەڕێکەوت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپاکەی هیلال و کوشتار لەگەڵیدا، چەندین شەڕی خوێناوی لە نزیک هەمەدان لە نێوانیان ڕوویدا. لە ئەنجام دا هیلال بە دیل گیرا، ئەویش لە ساڵی ٤٠٥کۆچی/١٠١٥عیسایی دابوو، شمس الدولە، هیلال-ی نارد بۆ (پولادونین) تا بیکوژن لە تۆڵەی میر (عبد الملک ماکان الدیلمی) کە کاتی خۆی هیلال لە هێرشێکی دا بۆ سەر نەهاوەند دیلی کرد و کوشتی. کوشتنی هیلال-یش لە (٦ی ذی الحجە ساڵی ٤٠٥کۆچی/ ٢٦ی مایسی ساڵی ١٠١٥عیسایی) دا بوو، شمس الدولە خێرا مژدەی کوشتنی هیلال-ی گەیاند بە السیدة دایکی شاە مجد الدولة و مجد الدولة. ئەویش لەبەرئەوەی السیدة دایکی مجد الدولە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەدری باوکی هیلال دا هەبوو، هیلال-یش دوژمنی بەدری باوکی بوو، شەڕی خوێناوی لە نێوانیان دا ڕوویدا بوو. سەرئەنجام ئەو سوپایەیی کە سوپا سلطان الدولە بۆ یارمەتی هیلال ناردبوویی بە شکاوی گەڕایەوە بۆ بەغداد.

## تاهیر کوڕی هیلال ٤٠٤ - ٤٠٦کۆچی/ ١٠١٤ - ١٠١٥عیسایی

دوای ئەوەی میر بەدری کوڕی حەسنەوی، میرنشین و دەسەڵاتی لە هیلال-ی کوڕی سەندەوە، شارەزووری پێشکەش بە (فخر الملکی بوەیهی) کرد، ئەویش لە ڕێگەی جێگرەکانییەوە فەرمانڕەوایی دەکرد. بەو شێوەیە شارەزوور لە ژێر دەسەڵاتی (فخر الملکی بوەیهی) دا مایەوە تاکو تاهیر کوڕی هیلال هێرشی کردە سەری، کە لە کاتی دەستگیرکردنی باوکی دا پەنای بۆ شارەزوور بردبوو، لە ترسی ئەوەی نەوەکو بەدری باپیری ستەمی لێبکات.

تاهیر کوڕی هیلال لەگەڵ هێزەکەی وەزیر (عمید الجیوش فخر الملک) جەنگاو شارەزووری لە دەستی دەرکرد، ئەویش لە ڕەجەبی ساڵی ٤٠٤کۆچی بەرامبەر بە کانوونی دووەمی ساڵی ١٠١٤عیسایی، کاتێکیش وەزیر (فخر الملکی بوەیهی) بیستی تاهیر کوڕی هیلال دەستی بەسەر شارەزوور دا گرتووە، نامەیەکی بۆ نارد و گلەیی لێکردوە و داوای ئازادکردنی ئەو دیلانەی لێکردبوو کە سەر بەون، تاهیر کوڕی هیلال-یش داواکەی بەجێهێنابوو.

تاهیر، بەدری باپیری کوژرا بوو، هیلالی باوکی بەند بوو، لەبەرئەوە تاهیر لە جێگەی باوکی حموکڕانی دەکرد، کاتێک بە کوژرانی (بەدر)ی باپیری زانی لە زستانی ساڵی (٤٠٥کۆچی/١٠١٥عیسایی)، خێرا داوای کرد موڵکەکانی باپیری بخرێتە پاڵ موڵکەکانی خۆی کە (شمس الدولە بوەیهی) دەستی بەسەردا

گرتبوو و دوای کوژرانی بەدری کوڕی حەسنەویی، لەبەرئەوە جەنگێکی گەورە لە نێوانیان دا ڕوویدا، لەو جەنگەدا (شمس الدوله بوەیهی) سەرکەوت و تاهیر بە دیل گیرا و شمس الدوله دەستی گرت بە سەر ئەو بەشەی کە لە موڵکەکانی میرنشینی حەسنەوی مابوویەوە، هەروەها دەستی گرت بەسەر هەموو سامان و پارەی تاهیر دا کە لە ماوەی فەرمانڕەواییکردنی لە شارەزوور کۆکردبوویەوە و پارەیەکی زۆر زۆر بووە. پاشان تاهیر-ی نارد بۆ هەمەدان و لەوێ بەندیکرد، خێڵەکانی لوڕ و شازنجان پێشتر گوڵڕایەڵی تاهیر بوون، بەڵام دوای تێکشکانی و بە دیل گرتنی چوونە پاڵ (ابو الشوک کوڕی ابو الفتح محەمەد) میری عەننازی، چوونە پاڵ شمس الدوله بوەیهی.

تاهیر بە بەندکراوی مایەوە تاکو ساڵی (٤٠٦کۆچی/١٠١٥عیسایی) پاشان شمس الدوله لەو ساڵە دا ئازادی کرد، دوای ئەوەی تاهیر سوێندی خواردبوو گوێڕایەڵی ببێت و کردی بە فەرمانڕەوایی ڕۆڵەکانی گەلەکەی و موڵکەکانی بۆ گێڕایەوە لە نێویان دا شارەزوور و دینەوەر. تاهیر دینەوەری کردە بارەگای خۆی و هەندێک لە هۆز و خێڵەکان چوونە پاڵی، بەمەش هێزی زیادی کرد، دواتر هێندەی پێنەچوو لەگەڵ (ابو الشوک کوڕی ابو الفتح)ی عەننازی دوژمنی حەسنەویی کەوتە جەنگێکی گەورەوە دوای گرتنی قرمسین لەلایەن ابو الشوک کوڕی ابو الفتح-ەوە، لەو جەنگە دا ابو الشوک شکستی هێنا و (سعد کوڕی ابو الفتح)ی برای ابو الشوک کوژرا لە شەڕەکەدا، دووبارە ابو الشوک کوڕی ابو الفتح جەنگی هەڵگیرساندەوە و زۆ جاری دووەمیش شکا و هەڵهات بۆ حەلوان و داوای یارمەتی لە (ابو حسن کوڕی مزید الاسد) میری بەنو مزید کرد، ئەویش سوپایەکی نارد بۆ یارمەتیدانی، دوای گەیشتنی ئەو یارمەتییە ابو الشوک جارێکی دیکە جەنگی هەڵگیرساندەوە لە دژی تاهیر کوڕی هیلال کوڕی بەدر، پاشان تاهیر چوو بۆ نەهرەوان و لەوێ نیشتەجێبوو، لەگەڵ ابو الشوک ڕێکەوتنیان بەست، هەرچەند ابو الشوک، سعدی برای کوژرا بوو، بۆ چەسپاندنی ئەو ڕێکەوتنە تاهیر هاوسەرگیرییەکی سیاسی لەگەڵ خوشکی ابو الشوک دا کرد، واتە کچێکی لە عەننازییەکان خواست، مەبەستی ابو الشوک لەو هاوسەرگیرییەی خوشکەکەی و تاهیر، ئەوە بوو تاهیر لێی دڵنیا بێت، چونکە لە ناخی دا هێشتا دژایەتی دەکرد و خراپ بوو بەرامبەری و جاوەڕێی هەلێکی دەکرد زۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی براکەی، کاتێک تاهیر لێی دڵنیابوو، ابو الشوک عەننازی هێرشی کردە سەری و لە ساڵی (٤٠٦کۆچی/ ١٠١٥عیسایی) دا کوشتی، هاوەڵەکانی بردیان لە مەشهد (باب التین)، کە یەکێکە لە گۆڕستانەکانی بەغداد، ناشتیان.

## بەدر کوڕی تاهیر ٤٣٧ - ٤٣٩کۆچی/ ١٤٦-١٤٨عیسایی

لە دوای مردنی تاهیر کوڕی هیلال لە ساڵی (٤٠٦کۆچی) هەواڵی میرنشینی حەسنەویی پچڕاوە تا ساڵی (٤٣٧کۆچی/١٠٤٦عیسایی) واتە زانیاری لەسەر ئەو ماوە مێژووییە نییە. لە ساڵی (٤٣٧کۆچی/١٠٤٦عیسایی) بەدر کوڕی تاهیر کوڕی هیلال کوڕی بەدر کوڕی حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی لە سەر شانۆی سیاسی دەرکەوت، بە دوایین میر میرنشینی حەسنەوی دادەنرێت. کە (ئیبراهیم ینال) فەرمانڕەوایی دینەوەر و قرمسین-ی پێسپارد، ئەویش دوای کۆنترۆڵکردنی، لە حەلوان گەڕایەوە لە کۆتایی

(شەعبانی ساڵی ٤٣٧کۆچی، ناوەڕاستی ئاداری ١٠٤٦عیسایی) هەردوو شاری دینەوەر و قرمسین-ی لە ژێر دەستی (ابو اشوک کوڕی ئەبو الفتح عەننازی) دەرکرد. بەم شێوەیە بەدری کوڕی تاهیر بە جێگری ئیبراهیم ینال فەرمانڕەوایی کرد، دوای ئەوەی پەیمانی ئەوەی پێدا بە سەربەخۆیی حوکمڕانی بکات. بەڵام ئەو کارە زۆری نەخایاند و تەنها یەک ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، لەبەرئەوەی (مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی) دوای مردنی (ابو اشوک کوڕی ئەبو الفتح عەننازی) برای لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٣٧کۆچی و ناوەڕاستی نیسانی ساڵی ١٠٤٦عیسایی حوکمڕانی گرتە دەست و لە ساڵی (٤٣٨کۆچی/١٠٤٧عیسایی) بە سوپایەکەوە هێرشی کردە سەر بەدری کوڕی تاهیر، کاتێک بەدر زانی مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی لە قرمسین نزیک بۆتەوە، ئەوێی بەجێهێشت، مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی دەستی بەسەر دا گرت و خستییە سەر مەملەکەتەکەی خۆی، دواتر مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی، محەمەدی کوڕی نارد بۆ دینەوەر کە تا ئەوکاتە سەربازەکانی ئیبراهیم ینال-ی تێدا مەبوو، لە نێوانیاندا چەند شەڕێ ڕوویدا، لە ئەنجام دا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا کوژران، سەربازەکانی ئیبراهیم ینال شکان و محەمەدی کوڕی مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی دەستی بە سەر دا گرت.

بەو جۆرە بەدری کوڕی تاهیر هیچ جێگە و موڵکێکی بەدەستەوە نەما، جگە لە قەڵای سرماجی کۆن، لە وێ مایەوە تاکو مرد لە ساڵی (٤٣٩کۆچی/ ١٠٤٨عیسایی) دوای مردنی قەڵاکەش درایەوە دەست ئیبراهیم ینال.

دەتوانین ئەمەش وەکو ململانێ و هۆکاری ڕووخان و پەیوەندی نێوان حکومەتی حەسنەویی و عەننازی تەماشا بکەین کە (ئەبولفەتحی عەننازی) هاوپەیمانی بەدری کوڕی حەسنەوی بوو بۆ تێکشکاندنی هیلالی کوڕی بەدر، بەڵام دوژمنایەتی تاهیری کوڕی هیلال کرد. (ابو اشوک کوڕی ئەبو الفتح عەننازی) دوژمنایەتی تاهیری کوڕی هیلالی کرد و دوای چەندین شەڕ کوشتی، (مهلهل کوڕی ئەبو الفتح عەننازی) دوژمنایەتی بەدری کوڕی تاهیری کرد و کۆتاییان بە دەسەڵاتی میرنشینی حەسنەویی هێنا.

ڕق و کینەی نێوان باوک و کوڕ (بەدری کوڕی حەسنەویی و هیلالی کوڕی بەدر) بووە هۆی شکستی میرنشینی حەسنەویی و ژێردەستەبوونی بوەیهییەکان، میرنشینێک کە خاوەنی هەژموونی سیاسی و ئابوری گەورە بوو لە ناوچەکەدا، بەدری کوڕی حەسنەویی دراوی زێڕین لێدا و میرێکی بەئەزموون و لێهاتوویی سیاسی بوو، بەڵام ئارەزوی دەسەڵات دۆخی سایکۆلۆژی ناجێگیرکرد بوو، ئەو ئارەزووە بۆ نەفرەتی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی سیاسی میرنشینی حەسنەویی و کۆتایی خۆی و کورەکەی و میرنشینەکەی.

سەرچاوەکان
١. د. حسام الدین علی غالب نەقشبەندی، شارەزوور و لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و. ڕەنج ابوبکر محمد، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢. کامەران عەزیز عەبدوڵڵا، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسیدا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
٣. دیار غەریب، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژوویی کوردستان، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦.
٤. سۆران حەمە ڕەش، مێژووی بزر و نەگێڕاوەی کورد، چ١، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٥. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥.

هەواڵنامەی کتێب

# ژیاننامەی محمد فقێ خدر



د. دڵشاد محەمەد

ناوی محمد فقێ خدر حاجی احمد علی مارگره له سالّی ١٩١٢ له شاری كۆیه له گەڕەكی قەڵاتی له دایك بووه له بنەماڵەی مارگر.

بنەماڵی علی مارگر ، بنەماڵەكی ڕەسەنی كۆیەن ( علی مارگر مصطفی رسولّ خدر آغا ) ، ملّك و ماڵیان له دەورو بەری حمامۆك هەبووه و له بەڵگه نامەكانی عثمانیشدا ناویان هەیه .

سەرەتا له سوختەخانه و دواتر له قوتبخانەی اولی سەرەتایی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووه له كۆیه ، بۆ خوێندنی پۆلی شەشی سەرەتاقیی و ناوەندی نێردراوەته هەولێر .

ساڵی ١٩٣٤ به هاوكاری ( ڕۆستەمی شاعر و میرزا عبدالكریم و محمد حوێز- حمەڕەش ) خولێكی قەلاچۆكردنی نەخوێندەواری كردۆتەوه و ژمارەیەكی زۆری كاسبكاران و گەوره پیاوانی شاری كۆیەیان فێری خوێندەواری كردووه .

ساڵی ١٩٣٦ وەك یەكەم كاتبی تاپۆی سلێمانی دامەزراوه .

له سلێمانی دۆستایەتی و هاورێ یەتی كەسانی ڕۆشنبیر و شاعره گەورەكانی ئەم شارەی كردووه وەك ( شێخ لەتیفی شێخ محمود حفید و ملا اسعد محوی و اخۆل و پیرەمێرد و بێكەس و ا.ب . هەوری و شهید حمه قودسی و محرم محمدامین و زۆری تریش ) .



لەو وێنەیەدا یەکەم کەس لە دەستە چەپ لەگەڵ ملا اسعد محوی دانیشتووە

سەردانی خانەقای محوی و قەلەندارخانەی پیرەمێردی کردووە .

یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی برایی یا برایەتی و لە سەر چالاکی ئەو حزبە دوو جار زیندانی کراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵیش بە فەرمانی ( ئەنجومەنی وەزیرانی عراق ) لە وەزیفە فصڵ کراوە .

دوای تەواو بوونی ماوی فصڵکردنی گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەکەی وەک ( کاتب محکمە ) لە سلێمانی و قەڵادزێ و ڕانیە و هەولێر خزمەتی کردووە .

دوای شۆڕشی ١٤ تموز ١٩٥٨ ماوەی گرتن و فصڵ کردنەکەی بە زیندانی سیاسی بۆ هەژمار کراوە .

لە ماوەی فصڵکردنەکەی یەکەم کتێبخانەی فەرمی لە شاری سلێمانی بە ناوی ( کتێبخانەی ئازادی ) داناوە کە بنکەیەکی ڕۆشنبیری و هوشیاری بووە لە شاردا .


لەو کاتەی کتێبخانەی ئازادی هەبوو لە سلێمانی ڕۆڵی هەبووە لە کۆکردنەوەی دیوانی شعری شاعرەکان و ناردنیان بۆ گۆڤاری گەلاوێژ لە بغداد بۆ چاپکردن و ڕزگارکردنیان لە فەوتان وەک لەو بەڵگەنامەی سەرەوە دیارە .

ساڵی ١٩٤٧ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ( بهیە میرزا سعید کۆیی ) و شەش کوڕ و سێ کچی هەیە .

لە ساڵی ١٩٧٤ خانەنشین بووە .

لە ١٠ / ٣ / ٢٠٠٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بێرکۆت بە خاکسپێردراوە .

وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی شاری کۆیە.


٢٧٦

لەگەل کومەل (خویبون) لە سوریە بە هوی عثمان صبریەوە کە یەکیک بو لە [illegible] کوردستانی تورکیاو [illegible] بو سوریە . هەم جورە [illegible] لەگەل ئیمەو ئەو کومەلەدا . تا [illegible] (٤٠) ئالای کوردستانیان بو ناردین کە [illegible] زور [illegible] و [illegible] و هەلواسین [illegible] ئیمەش [illegible] بو [illegible] . وە [illegible] هەر [illegible] هەوالو باسی کوردستانی عیراق [illegible] ئاگادار .

ئەندامانی کومەلی برایەتی لە سالی ١٩٣٨دا

لەچەپەوە یەکەم کەس شەهید محمد قودسی ئەمرە . وە لەپشت ئەمەوە (مامۆستا عزم محمد امین) ، نووسەری وتاری (لەگەل محمد قودسی) دا

لەم کاتـەدا کە ئیمە خەریکی ئەمە بووین ، بیستبوومان کە شیخ لطیف و چەند کەسیکی تر کومەلیکی سیاسیان پیکەوە ناوە بە ناوی (برایەتی) بەوە ، بەلام ئەمان ئەزانی رژیم و پروگرامی چییە لەبەر ئەوە [illegible] ئەندامەتی بکـەین بو ئەوەی هەلویستی خومان بەرامبەری دیارکەین وە ئەگەر بە باشمان زانی بچینـە ناویەوە .

٤٢

هەواڵنامەی کتێب



**ڕاوەستاوەکانی دواوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ**

١ . عەبدەی فەقێ عسمەت ٢ .حەمزەی حاجی ڕەسول ٣ .مەعروفی حاجی وەسمان ٤ .سابیری وەستا تاهیر ٥ .فەتحوڵڵا بۆیەچی
٦ . حاجی محەممەد بەزاز (باوکی عبدالرزاق بیمار) ٧ .فەتاح کارە لە دروو ٨ .شەفیق سابیر ٩ .ئەحمەد خدر (لە ناو پەنجەرە)

**ڕیزی دووەم لەدواوە ڕاوەستاوەکان**

١ . ؟ ٢ .ڕەسولی حاجی عبداللای کەبابچی ٣ .سابیر حاجی عوسمان ٤ . حەمە سۆفی صالح سوێتەر
٥ .حەویز ماست فرۆش ٦ . حەمە ڕەشید شیرزاد ٧ . ؟ ٨ .حەویز لۆری ٩ .حەمە سەعید پینەدروو
١٠ .عبداللا حەمەدی خدر (فەراش) ١١ .حسێن بەگی حاجی بەگ ١٢ ؟ ١٣ . ؟

**دانیشتووەکانی سەر کورسی**

١ .حەمەد بەگ ئەسعەد سور ٢ .بەهجەت ئاغا ئالبەند ٣ . ؟ ٤ .عەبباس مەحمەد ئاغا ئاکۆ
٥ . محەممەد حەوێز (حەمە ڕەش) ٦ .عبدالرحمن شەرەف (بەڕێوەبەری قوتابخانە) ٧ . محەممەد فەقێ خدر (مامۆستا)
٨ .حەمەد ئەمین وەستا صالحی کەبابچی ٩ .جەلالی مەلا واحیدی نەجار ١٠ . ؟

**دانیشتووەکانی سەر زەوی**

١ . ؟ ٢ .قالە سور (قالەی عاسیە) ٣ . ؟ ٤ . ؟
٥ . ؟ ٦ . ؟ ؟ ٧ . ؟

نامە نوسراوەکەی ڕەوانشاد محەمەد فەقێ خدر کۆیی:

**نەخشەی کوردستان**

وێنەیەکم دیوە ( صورة ) ئەویش ژنێکە منداڵێکی لە باوەشایە لەسەر نەخشەی کوردستانی گەورە دانیشتوە

لە چلەکانی وێنەی ژنێکم دیوە منداڵەکەی لە باوەشە وە لە مەمکەکانی شیر دێتە خوارێ .

بە پێ ی ئەو نەخشەیە سەری ژنەکە لە تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشووە لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای قەزوینە کە قەفقاسیشی داپۆشیوە وە سەری منداڵەکە لە بن دەریای ڕەشە ، دەستیشی درێژ کردووە بۆ ئەسکەندەروونە و ئەنتاکیە و لاقەکانی درێژ کردووە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی عێراقی ئێستا و پێیەکانی گەیشتۆتە عەبادان و محمرە . لەعراقی ئێستا هەموو پارێزگاکانی موصڵ و دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کرکوک و دیالە و صلاح الدین دەگرێتەوە .

لە ئێرانیش لە ڕۆژئاوای دەریای قەزوینەوە تا ئەگاتە نێزیک تاران وە لە ڕۆژهەڵاتی عراقەوە تاکو ئەودیو هەمەدان کە وەختی خۆی پایەختی میدیەکان بووە یەعنی تا هێڵی جوغرافیێ ٤٩ درێژی .

وە لە سوریەشەوە لە ڕۆژئاوای عیراقەوە تا دەگاتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست یعنی تا دەگاتە هێڵی جوغرافی ٣٤ پانی .


مەمکەکانیشی کە شیری لێ دێتە خوارێ کە لە تورکیایە دجلە و فوراتی پێک هێناوە .

یەعنی کوردستانی گەورە کە دابەشکراوە بە سەر تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئێران و عراق و سوریا ، سنورەکەی بەو ڕادەیە :

١ – لە باکورەوە سەروو قەفقاس و دەریای ڕەش .

٢ – لە ڕۆژهەڵاتەوە دەریای قەزوین و هێڵی





درێژی ٤٩ .

٣ – لە ڕۆژئـاواوە هێڵی درێژی ٣٥ و دەریای سپی ناوەڕاست .

٤ – لە باشورەوە هێڵی پانی ٣٤ ، لە سوریا و عراقیش تاکو خوار بعقوبە و نێزیک بغداد ، وە لە خوار بەغداوە ڕۆژئاوای دجلە و شط العرب تا ئەگاتە دەریای فارس .

ئەو سنورە لە وێنەکە بە جل و بەرگی ژنەکە داپۆشراوە و هەندێ چرچ و لۆچی لە بەرگەکانی هەیە  کە نایەتەوە بەرچاوم ئەما وابزانم لە هەرچوار لاوە هەبووە .

ئەو نەخشەی کوردستانە کە معهدی کوردی لە پاریس دروستی کردووە نەخشەی کوردوستانی تازەیە کە داگیرکەران بۆ بەرژەوەندی خۆیان پێکیان هێناوە ، لە هەموو لایەک کوردوستانیان لە دەریا دوور خستۆتەوە وە لە زەوی و زارە بە پیت و بەرەکەتەکان بێ بەش کراوە .

بۆ نمونە ستالین سـەرۆک کۆماری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەموو کوردەکانی دەور و پشتی قەفقاز و شوێنانی تری سۆڤیاتی دوور خستونەوە بۆ سیبریا و ناوەڕاستی ئاسیا بۆ بەرژەوەندی ڕامیاری خۆی .

دراوسـێ یەکانی تـری کـوردوسـتـان دیسان لە هەموو لایەک پاڵیان بە کوردەکانەوە ناوە بۆ ناوچە شاخەویەکان و هەرچی پێ دەشت و زەوی  زاری بـاش  هـەیە هـەموویـان لێ سەندوونەتەوە .

تکام لە هەمووشارەزایانی جوغرافی لە هەموو دونیا و بە تایبەتی لـە کوردوستانی گـەورە ئەوانەی لەم ڕووەوە کە لەو شوێنانە نیشتەجێن وە یا هاتو چۆیان پێداکردووە وە یا بیستویانە وە یالە کتێبی بیانیاکان خوێندویانەتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وە ئەوانەی لـە بـەشـەکـانـی تـری کـوردوسـتـان لـەدەسـت داگیـرکـەران دەربــەدەر بـوون  لـە هـەنـدەران نیشتەجێن وە شارەزای تەواویان لەو سنوورە هەیە کە لە وێنەکە هەیە لەگەڵ سنووری ئەو نەخشەی کە معهد کوردی لە پاریس دروستی کردووە ئاشکرای بکەن .

چونکە ئێمە ئەو سنورە ی لە نەخشەی معهدی کوردی لە پاریس داندراوە یا لە ترسان وە یا لە برسان وا ئەزانین  کە ئەو سنووره ڕاستە و لە حقیقەتدا ڕاست نیە.

# لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ باشووری کوردستان



مەلا حسێن بانەیی

**ئا- گۆڤاری پرسی کورد**

بەهۆی بارودۆخی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی هەمیشە کوردانی بەشەکانی کوردستان کۆچیان کردوە بۆبەشەکان ،

مامۆستا مەلاحسێن مـەلا یەحیا بانـەیی بـرای مامۆستامەلا غفور کە لە شارباژێر خزمەتی زۆری ئاین ورۆشنبیری وکوردایەتی کردووە ،

هەروەها مەلاڕەحمانی برای کە کاتب تەجنید بوو لە تەجنیدی چوارتا دواتـر لـە ساڵی هەشتاکان لـە تـەجنـیدی سلێمانی کـەسێکی دادپــــەوەرو خزمەتگوزاربوو،

ویستگەکانی ژیانی مامۆستا مەلاحسێن بەهۆی باری سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی لەسەردەمی لاوێتی لەشاروگوندەکانی بانەو ئاڵۆت ودواتر بۆ ناوچەی بیارەو شارباژێڕ وسلێمانی گـوزەری کـردووە، لەساڵی شەست وحەفتاکان پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول دەکات خەباتی کوردایەتی دەکات، خۆی وتی: هەرچەندە بەشی زۆری ژیانم بەئاوارەیی گوزەراند لـە نـاوچـەی هـەورامـان و شـاربـاژێـڕو سلێمانی بەڵام بەهۆی باشی خەڵکی ئەو ناوچانەوە هەستم بەغەریبی نەکردوە، هەروەها ڕەنج و ماندوبوون وقوربانی کورد بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە نەبوو بەڵکو خەڵک چاوەڕێی دەکرد کوردبگات بەمافە نەتەوەیی ونیشتمانیەکان،لە سەرەتای حەفتاکان دەبێتە مەلای گوندی سەراوی ماوەت ،تاڕاگواستن ،دواتر دەچێتە گەڕەکی کۆستەی چەم لەشاری سلێمانی ئێستالەوێ بەخوێندنەوە ژیان بەسەردەبات.



جەمال مەلا سەعید – مەلا حسێن – ئومێد مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

# بەردە مێژوویەکەی ئەسکەندەر پاشا لەماوەت
# هۆشیاری و یادگاری میری کوردان

ئا-گۆڤاری پرسی کورد

مـێـژووی نـووسـیـن ١٦٦١-١٦٦٢ی زایـنـی ،نوسەرومێژوونوس حسێن نازم بەگ.
لەساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ز بەڕێوەبەری ناحێی ماوەت بووە ،یەکەم کەس بووە بەردەکەی بینیوەو تۆماری کردووە بابەتی لەبارەوە نوسیوە ،دوای ئەو عبدالرقیب یوسف شوێنەوارناس لەساڵی ٢٠٠٣ بابەتی نوسیوە دواتریش تۆفیق قەفتان بەهەمان شێوە ،مانەوەی ئەم بەردە نوسراوە بۆماوەی زیاتر لە(٣٥٠)ساڵ زیاتر لەژێر گڵ وبەفروباراندا زیانی گەورەی بەرکەوتووە وبەشێکی زۆری لەناوچووە،زانیاری ئەم بەردە لای خەڵکی ماوەت هەبووە ،لەساڵی ٢٠١٩ بەڕێز /جەمال مەلاسەعید خاوەنی بیرۆکەو هەوڵەسەرەتاییەکان بوو بۆ پرۆژەکە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری سلێمانی ولایەنە پەیوەندیدارەکان ،کە بەسەرپەرشتی بەڕێز / کامەران حەسەن قائمقامی ماوەت وسپۆنسەری بەڕێز /دکتۆرهەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی وبەچاودێری تیمی شارەزای بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کنەو پشکنین و کـاری دیـزان و جێبەجێکردنی کەپر و سەکۆ ئەنجامدرا، شارەوانی مـاوەت و کەسایەتیەکان و گەنجانی ماوەت هاوکار بوون بۆ ئەم پرۆژەیە ، لە کۆبوونەوەیەکی فرواندا بڕیاردرا بەردە مێژوویەکە



لە شوێنی خۆی لەناو باخی حاجی فاروق لە کانی چناری ماوەت بمێنێتەوە.
ڕێنوسی نـوسـراوی سـەربـەردەکـە فـارسـی کۆن بووە، ئەم دێرەشیعرەلەگەڵ چەند زانیارێکی تری لەسەرنوسراوە
خودایە ئەم دەوڵەتە ئاوەدان بێت
هەرکەس نەڵێ ئامین هەردوچاوی کوێربێت
لەمێژووی نوسراوی نوێدا بەڕێز/ دکتۆرزریان حاجی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەدواداچون وساغکردنەوەی مێژووی بۆکردووە ،هەروەها بەڕێز/دکتۆر عبدولقادر حمە مین لەکتێبەکەیدا بابەتی لەبارەی مێژووی ئەم بەردە نوسیوە.
بەسوپاسەوە ئـەم تابلۆیە لەسەرئەرکی بەڕێز / شەریف حاجی ڕەسوڵ ،خاوەنی کۆمپانیای سەفرە دروست کراوە.

پایزی ٢٠٢٥

# سیستەمی تەندروستی کوردستان



**ئامادەکردنی دکتۆر کامەران قەرەداخی**
**پزیشکی ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی سنگ وبۆری هەوا**

هەواڵنامەی کتێب

سیستەمی تەندروستی لە عێراقدا دایکی سیستەمی تەندروستی کوردستانەو بەهەمان شێواز دەڕوات بەڕێوە، هەموو ڕێساو یاساکانی وەزارەتی تەندروستی عێراق و شێوازیکردنی وەزارەتەکەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەمان شێوازیکردنی سیستەمی تەندروستی کوردستانە. وەزیرە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە هەمیشە ئەوەیان دووبارە کردۆتەوە کە سیستەمێکی کۆنی سەردەمی عوسمانییە و پێویستە گۆڕانکاری تیادابکرێت . سیستەمی تەندروستی عێراق و کوردستان هەمان سیستەمی سەردەمی ڕژێمی سەدام حسسینە .

سیستەمی تەندروستی عێراقی و سیستەمی تەندروستی کوردستانی پێکهاتووە لە هەرەمێکی زۆر ئاڵۆز، وەزارەتی تەندروستیی کوردستان و عێراق پێکهاتەکانی وەکو یەکەو سیستەمێکی کۆنە و بونیادی سیستەمەکە لەسەر هەرەمێکی ئیداری\سیاسی\ئابوری\زۆر ئاڵۆز دروستبووە کە تۆڕێک لە بیرۆکراتیەتی ئیمزا و مۆر و دەسەڵاتی شەخسی دەبیات بەڕێوە و سیستەمەکە بەجۆرێکە کەسێک دەتوانێت یەکێک لە ئەڵقە بەهێزەکانی بوەستێنێت یان خاو و خێرای بکات، ڕۆڵی تاک لەم سیستەمەدا زۆر گرنگە بە پێچەوانەی سیستەمە مۆدێرنەکا نی جیهانی پێشکەووتووی تەندروستییەوە.

خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوڵاتیان لە چوارچێوەی هاوکێشەی سێکوچکەی ستافی پزیشکی ، دامودەزگای تەندروستی و هاوڵاتیدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات.

دامودەزگای حکومی یان کەرتی گشتی بریتیە لە نەخۆشخانە مەرکەزیە گەورەکان بۆ بەشە جیاجیاکان و لقە جیاجیاکانی پزیشکی، ناوەندە کانی تر لە گەڕەکە کاندا یان لەدەرەوەی نەخۆشخانە گەورەکاندا ، جگە لە سێنتەرە تایبەتیەکانی وەکو شەکرەو نەخۆشی سیل وهتد...هەمان شێوازی کارکردن بە بچووککراوی گوازراوەتەوە بۆ قەزا و ناحیەکان و هەتا چەند دێیەکی دوورە دەستیش نەخۆشخانەیەکی بچوکی خۆی هەیە کە زۆربەیان لەلایەن یاریدەری پزیشکەوە، معاون توبییەوە دەبرێت بەڕێوە.

سیستەمی تەندروستی ، کە وەزارەتی تەندروستی سەرپەرشتی دەکات ، لە دوو سیستەمی تەریب بەیەک پێکهاتوون کە ئەوانیش کەرتی گشتی و کەرت تایبەتییە و بەپێی کات دابەشبووە، کەرتی گشتی بەیانیان و کەرتی تایبەتی ئێواران ، اەم دابەشبوونە هاوڵاتی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی سایکۆلۆجی سەیر وسەمەرەوە. ئەو دکتۆر پسپۆرەی بەیانیان لە نەخۆشخانەی گشتییە ، ئێواران لە کەرتی ئەهلیە ( تایبەتییە)، گەر بدەوێت پسپۆرەک بدۆزیتەوە و دکتۆرا و شتی وایهەبێت ئەوە لە ئێواران لە کەرتی تایبەتییە و بەیانیانیش بۆ ماوەی ١ بۆ ٣ کاتژمێر لە ناو نەخێۆشخانەی حکومەتن و ئێوارانیش یان کلینیکی. تایبەت یان نەخۆشخانەی تایبەت چەند کاتژمێر کاردەکەن.

ستافی تەندروستی بەجۆرێکی ئاڵۆزی تۆڕئامێز لە ناوەو لەدەرەوەی حکومەت تێکەڵبوون هاوڵاتی بۆتە کۆچی قوربانی سیستەمێکی چاوچنۆکی بێویژدان و خراپ کەڵکوەرگرتتن لەو سیستەمە جاڵجاڵۆکەییە بەسەروبەرەییەیی کەتیایدا دوو سیستەم بە ئارەزووی یاریدەکات و هاوڵاتیش کەوتۆتە نێوان ئەم دەوو بەردەئاشەوە.

لەسەر هەرەمەکە وەزیر و لە خوار وەزیرەوە جێگر و ڕاوێژکارەکان و دوایش بەڕێوەبەرە گشتیەکانی شارەکان و هەتا دەگاتە خواری خوارەوە بۆ کەسێکی دەرگاوان یان پاککەرەوەی ناو نەخۆشخانەکان.

ئەو سیستەمی تەندروستیە لە بنەڕەتدا کە لە دوو بەش پێکهاتووە، کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی. هەردوو سیستەمەکە بەهەمان کادری تەندروستی دەڕوات بەڕێووە، ئەوەی بەیانیان لە کەرتی گشتیدایە ، ئێواران لە کەرتی تایبەتیدایە. دوکتۆرەکان دابەشبوون بەسەر دوو وەزارەتدا ، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا، میلاک و تەنسیب یان تەنسیب و میلاک ، ئەمیش ئەوەندەی تر کێشەکەی ئاڵۆزکردووە



و بەتایبەت کە پەیوەندی هەیە بە کۆلێجی پزیشکییەوە و پرۆسەی فێرکاری پزیشکی و دابەشبوونی نەخۆشخانەکان.
هەندێک لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان هی دکتۆرەکان خۆیانن و سیستەمی تەندروستی دەخەنە ژێر هەڕەشەی ئەوەی کە نەخۆشخانەکەمان بۆ نەکەن بە نەخۆشخانەی فێرکاری دەردەچینە دەرەوە وخۆمان خانەنشین دەکەین و هەندێک لە دکتۆرەکاان بەرژەوەندیان ئەوەندە گەورەیە ، وەکو چاودێر و مامۆستا لە ناو نەخۆشخانەی گشتی دایبنێ هەر ناشیەت و پرسیش ناکات و دەڵێ چی دەکەن با بیکەن ، زانکۆ و کۆلێجی پزیشکیەکان ، هەم بواری زانکۆ و کۆلێجی پزیشکیان بۆ دەکەنەوە و هەن نەخۆشخانە تەیبەتیەکانیان بۆ دەکەن بە فێرکاری.
کۆلێجەکان و پەیمانگاکان دەبەشبوون بەسەر زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلیەکانداجەند کۆلێج و پەیمانگای پزیشکی و پەرستیاری حکومی و ئەهلی هەیە ،کادری تەندروستی دروستدەکەن.
سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان زۆر پڕکێشێیە و ئاڵۆزە و گرفتی زۆری ئیدارەی سیاسی و ئابوری و بیرۆکراتی هەیە ، جگە لە حیزبیبوونی وەزارەتەکان و دەسەڵاتی حیزبیبوونیش دابەشبووە بەسەر ناوجەکاندا و بەشێوەیەکی گشتی و لە بواری ڕاستەوینەی ژیانی هاوڵاتیدا ناوچەی سەوز وزەرد وایکردووە کە سیستەمەکە لە سیستەمێکی ئیداری\ئینسانیەوە ببێتە سیستەمێکی ئیداری حیزبی و بەپێی دەسەڵاتی حیزبەکان دەگۆڕێت.
١. کەمی بودجە و سەرچاوەی ماددی سیستەمی تەندروستی کێشەی گەورەی سیستەمەکەیە و کەلەناویدا دەرمانو ئامرازە پزیشکی و پێداویستیەکانی لەڕێگای حیزب و وەکیلەکانیەوە دەبرێت بەرێوە، پێداویستیەکانی سیستەم بەپێی پێداویستی عەقڵی کادرێکی حیزبی دکتۆرە یان هەر شتی ترە دەڕوات بەرێوە، کەمی ئامێر و سامانی پزیشکی، و نەمانی پشکنینی پزیشکی



هەواڵنامەی کتێب

هەیە.

٢. جیابوونەوەی پزیشک و پەرستار: زۆرێک لە پزیشک و پەرستارانی باش وەڵاتیان دەگۆڕن بۆ وڵاتانی دەرەوە یان دەچنە نەخۆشخانە تایبەتەکان، کە پارەی باشتر دەدرێنێت.

٣. کاریگەری کێشە سیاسی و دارایی: ناکۆکی لەسەر بودجەی نێوان هەرێم و ناوەند ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر داواستکردنی پزیشکی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

٤. جیاکاری لە ناوخۆ: جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوەندە شارەکان (وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆک) و قەزا و گوندەکان.

٥. کوالێتی خزمەتگوزاری: کێشە هەیە لە کوالێتی خزمەتگوزاری و ڕێکارە پزیشکییەکان لە هەندێک نەخۆشخانە.

حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشێکان دەبێت میزانییەی سیستەمی تەندروستی لەسەر سێ کارکەری گەورە بوەستێت کە ئەمە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە قۆرخکراوە<

یەکەم: داهاتی نەخۆشخانەکان، لە ٢٥٪ بۆ چاکسازی و ئامێری ناو نەخۆشخانەبێت و بەردەوامی شتە پێویست و ڕۆژانەییەکان.

دووەم: دەستکاری بەرچاو و باشی کرێی بەخۆشبینین و دەرمان و پرۆسییجەرەکان بکرێت و بەمەش داهاتی نەخۆشخانەکان پزیشکو پەرستیاری ئێوارانی پێدابیبنکرێت.

سێیەم< دروستکردنی نەخۆشخانەی فێرکاری مەرکەزی کە ببێتە جێگرەوەی نەخۆشخانەکانی دەروەی کوردستان و عێراق و خەڵک نەچێتە دەرەوە بۆ چارەسەری پزیشکی

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان.:

سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

• سیستەمی «سەرەکی یەکەم»: سیستەمێکی تەندروستی گشتییە کە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی پزیشکی پێکدهێنێت. نەخۆشێک دەتوانێت سەربەخۆ چوونە نەخۆشخانە و یەکە سەرەکییەکان و مامۆستا پزیشکەکان بێت. بەڵام زۆرجار ڕەقێن و چاوەڕوانی درێژ هەیە.

• سیستەمی تەندروستی هاوپەیمانی (KAP): سیستەمێکی نوێ و پێشکەوتووە کە لەساڵی ٢٠٢١ەوە جێگیرکراوە. لەم سیستەمەدا، خەڵکی هەرێم دەبێت لە نەخۆشخانە تایبەتەکان یان نەخۆشخانە گشتییەکان خزمەتگوزاری وەربگرن، بەڵام وەزارەتی تەندروستی پارەی خزمەتگوزارییەکانیان دەدا. ئامانج لەم سیستەمە باشترکردنی چەسپی خزمەتگوزاری و کەمکردنەوەی بارودۆخی ڕەقێنە.( ئەمە ئێستا تەنها لەسەر کاغەزە و لە واقیعدا وانییە !!)

• نەخۆشخانە تایبەتەکان: لە ساڵانی ڕابردوودا ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتەکان زۆر بووە و خزمەتگوزارییەکی خێراتر و باشتریان پێشکەش دەکەن، بەڵام نرخیان زۆرە و تەنها بۆ کەسانی دەوڵەمەند بەرهەمدارە.، ئەم خاڵە خاڵی یەکەم پووچەڵدەکەتاوە کە لەملاو هەندێک کەربەدەستی حکومەت ڕیکالامی بۆ دەکات.

• سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا سیستەمێکی ئاڵۆزە کە هێشتا لە ژێر کاریگەری کێشە سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتییەکاندایە. هەرچەندە هەوڵ و پێشکەوتن هەیە، بەڵام پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن و بودجەیەکی باشتر هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی باشتر بە خەڵک بگات.

# قاوەی کوردیی!



داناز عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

- ئەگەر کوپێک قـاوەم پێشکەش بکەیت، ئەمە چاکەیەکە کە چل ساڵ لەهزرمدا دەمێنێتەوە.

پەندێکی باوە بۆ دەربڕینی پەیوەندیی خەڵک بە خۆشەویستی قـاوە، وەک چۆن قـاوە بە هەموو جۆرەکانیەوە تاجی تەختی خواردنەوە گەرمەکانی لەسەر دانـراوە و یەکێک لە کۆنترینیان قاوەی کوردییە کە مێژویەکی دوورودرێژی هەیە

کاتێک کە قاوەی کوردی هەبوو، شتێک بە ناوی قاوەی وڵاتێکەی ترەوە نەبوو، هەروەها قاوەی تورکیش بوونی نـەبووە. ڕەسەنەکانی ئەمریکا ئەم قاوەیان دەخــواردەوە کە ئێستا لە جیهاندا بە شێوەیەکی بـەرفـراوان نـاسـراوە. کریستوفر کۆلۆمبۆس ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر چووە ئەمریکا و قاوەی هیندییەکانی هێنایە ئەوروپا. بەڵام کورد پێش ئەوروپییەکان و پێش خەڵکی ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت قـاوەی دەخــواردەوە، بۆ نموونە لە داستانی مەم و زین کە لە سەدەی ١٧ نووسراوە و لە چەند شوێنێکیشدا باسی ‹خواردنەوەی قاوە› و ‹کوپێک قـاوە› کراوە بەو پێیەی بە یەکێک لە خواردنـەوە باوەکان بـووە بۆ هەموو میوانێکی ماڵێکی کورد دادەنـرا، بۆنی میراتی کۆنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و ڕێوڕەسمی تایبەتی هەیە لە شێوازەکانی خزمەتکردن و ئامادەکردنیدا.

قـاوە یەکێکە لـە تـوخـمـە حـەتـمیـەکـانـی ژیـانـی کـۆمـەڵایـەتـی ئـەمـڕۆ. بـەڵام ئـەو شێتییەی کە قاوەیەی کە جیهانی گرتووەتەوە، بابەتی ئەمڕۆ نییە. ڕووەکێک کە لە ئەفریقا سەرچاوەی گرتووە، گەیشتە نیمچە دوورگــەی عـەرەبـی، لـەوێ بە خواردنەوەیەک ناسرا و لەوێوە بە خێرایی گەیشتە باکووری کوستان و ئەوروپا. خێرا کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردی وئەوروپی نیشان دا. لە ڕێگەی گەشتیار

و باڵۆزی جۆراوجۆرەوە بازرگانان قاوەیان دەهێنایە ئەوروپا و زۆری نەخایاند قاوە بووە بەشێکی پێویستی ژیانی ڕۆژانە. .

مێژووی قاوە کەمێک نهێنییەکی بە تامە. ئێمە بەڵگەنامەی فەرمیمان نییە بۆ ئەوەی بە تەواوی پشتڕاستی بکەینەوە کە کێ بۆ یەکەمجار داری قاوەی دۆزیوەتەوە، یان کێ قاوەی وەک ئەو خواردنەوەیە داهێناوە کە ئەمڕۆ دەیناسین. بەڵام، ئێمە ئەفسانەی ڕەنگاوڕەنگمان هەیە کە دەتوانین بەکاریان بهێنین بۆ پارچە پارچەکردنی تابلۆیەکی دەوڵەمەندی مێژووی قاوە- و بەدواداچوون بۆ گەشتی قاوە بکەین لە سەرانسەری جیهاندا.

سەدەی نۆیەم: داهێنان لەسەر فەلاتی ئەسیوپیا بەپێی گێڕانەوەی مێژوو شوانێک بە ناوی کاڵدی یەکەم کەس بووە کە دانەوێڵەی قاوە و سوودەکانی دۆزیوەتەوە. کاڵدی تێبینی ئەوەی کرد کە دوای ئەوەی بزنەکانی بەرهەمێ دارێکی دیاریکراویان لە دارستانە کۆنەکانی قاوە لە فەلاتی ئەسیوپیا خوارد، ئەوەندە پڕ بوون لە وزە کە نەیاندەویست شەوانە بخەون.


کاڵدی دۆزینەوەکانی خۆی بۆ ئابۆتی خانەقای ناوچەکە ڕاگەیاند، کە لە ماوەی کاتژمێرە درێژەکانی نوێژی ئێوارەدا کێشەیەکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی بەئاگا بمێنێتەوە. ئابۆتەکە بە گێلاسەکان خواردنەوەیەکی لێ دروست کرد و بۆی دەرکەوت کە بە ئاگا مرۆڤ دەهێڵێتەوە

وشەی قاوە پێدەچێت لە ئەسیوپیا سەرچاوەی گرتبێت، سەرەتا وەک خواردنەوەیەک لە یەمەن چێنراوە، ناوەکەی لە وشەی عەرەبی «ئەلقوا» وەرگرتووە. قاوەی کوردی مێژوویەکی زۆر کۆنتری هەیە لە قاوەی عەرەبی و تورکی..

### چۆن قاوەی کوردی بوو بە ‹قاوەی تورکی›؟

چەندین سەدە لەمەوبەر «قاوەی کوردی» بوونی هەبووە. بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ، لە ساڵی ١٨٣٠ ی دەست پێدەکات، قاوەی کوردی لە فەرەنسا بە بازرگانی دەکرا. تا ساڵی ١٩٣٠ لەژێر ناوی قاوەی کوردی مێنێنگیچ لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا هەنارده دەکرێت، دواتر قاوەکە بووە بە «قاوەی تورکی» و «قاوەی عەرەبی»!

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی داگیرکەر و تاڵانچی تورک لە ساڵی ١٩٢٣دا، قاوەی کوردی کە سەرمایەیەکی کولتووری نەتەوەیی کوردە، بە هەمان شێوەی هەموو سەروەت و سامانە کولتوورییە نەتەوەییەکانی دیکەی کورد بە تورکی کرا. بەڵام ‹قاوەی قەزوان یان (‹قاوەی فستق›) کە زۆر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی داگیرکەر-تاڵانچی تورک بوونی هەبوو و هەڵگری ناسنامەی کوردی بوو، لە بەرهەمی تەرەبینتی درەختی فستقی کێوی کۆکرایەوە و لەلایەن کوردەوە دروستکرابوو، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورک ڕەدکرایەوە. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی داگیرکەری -فاشیستی



تورک، قاوەی کوردیش کرا بە قاوەی تورکی (!). لەگەڵ ئەوەشدا شتێک نییە بە ناوی قاوەی تورکی. لە ڕاستیدا قاوەی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٨٣٠ بۆ ١٩٣٠ لە فەرەنسا لە ژێر ناوی "Chicorée au Kurde" بوو بە براند و بازرگانی پێوەدەکرا.

## لە ناوبردنی قاوەی کوردی بە بەرنامە؟

کەمال ئەتاتورک هەشت ساڵ پێش مردنی زۆر بەخراپی دژایەتی کورد و ئەرمەن و تەنانەت عەرەبیشی ئەکرد.

ئەم کارەی کرد ناوی (قاوەی کورد)یشی وەکو سەرجەم ناوی گوند و ناوچە کوردییەکان بۆ ناوی تورکی گۆڕی.

سەرجەم کۆمپانیا و کارگە بیانیەکانی بەزۆر ناچار کرد ئەو قاوەیە بەناوی قاوەی تورکییەوە. ڕەوانەی وڵاتانی تری جیهان بکەن.

لەو دەمەوە قاوە کوردییەکە کرا بەقاوەی تورکی. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورک هەم ناسنامەکەی قاوەی کوردی گۆڕدرا بۆ " قاوەی تورکی کە نزیکەی ١٠٠ ساڵ زیاتر بوو لەلایەن کوردەکانەوە دروستکرابوو، گۆڕدرا بۆ 'قاوەی تێربیبنتی تورکی'. تا ئەو کاتە شتێک بە ناوی قاوەی «تورکی» یان «عەرەبی» نەبوو وەک براند. ئەم پێناسە و نازناوە پێداگیری یە بە شێوەیەکی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیستیانە لە دژی قاوەی بەناوبانگی جیهانی کوردی دارێژراون، لە سەردەمێکدا کە هەموو شتێک کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو تاڵان دەکرا و دواتر لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی تورکەوە ڕەد دەکرایەوە. تا ساڵانی ١٨٠٠، قاوەی کوردی خواردنەوەیەکی بەتام و بەناوبانگ بوو کە لەلایەن خانەدانەکانی ئەورویی و ئاغاکانی ئەورووپا و ئەرستۆکراسیەکانەوە دەخورایەوە بەهۆی سوودە تەندروستییەکانی و ئالوودەبووی تەرخانکراو بۆی. هەروەک لە لیبێڵی پاکێجی قاوەی مێژوویی ئەو قاوە کوردەی کە هاوردەی ئەورووپایان دەکرد، بە ناوی «قاوەی کوردی» هاوردە کراوە. قاوەی کوردیش بە هەمان شێوە خواردنەوەیەکی نەتەوەیی بوو کە کورد خۆی بە زۆری دەیخواردەوە. بۆ نموونە «لە ساڵی ١٨٣٨دا زۆرترین خواردنەوە لە بیتلیس خواردراوەتەوە مۆکا بووە». جەیمس برانت، کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزرۆم دەڵێت: «خەڵک ئەم خواردنەوەیەیان زۆر خۆشدەویست

لە سەرەتای نۆزدە و بیستەکاندا، دوابەدوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تورک، سیاسەتێکی سیستماتیکی نکۆڵی و لەناوبردن لە دژی گەلی کورد جێبەجێ کرا، کە بووە هۆی ئینکاری و تاڵانکردن و لەناوبردنی چروپری هەموو بەها و نەریت و داب و نەریتی کولتووری کورد کە لە قووڵایی شارستانیەتی کۆنەوە سەرچاوەی گرتبوو. بۆ نموونە «قاوەی قەزوان»ی کوردی بە «قاوەی تێرپینۆید»ی تورکی دەستی پێکرد. قاوەی کوردی، یان «قهوێیە کزوانێ» کە ئەمڕۆ بە «قاوەی تێرپینۆید» ناسێندرا، لە شارەکانی وەک دیاربەکر، بیتلیس، ئادیەمان و ماردین، ئورفا، ئەرزروم و باتمان لە باکووری کوردستان سەری هەڵداوە. ئەم خواردنەوەیە کە لە شارەکانی وەک دیاربەکر، بیتلیس، ئادیەمان، ماردین، ئورفا، ئەرزروم و باتمان بەرهەم دەهێنرێت، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک دەستی بە هەناردەکردنی بۆ ئەورووپا و ناوچەکانی دیکەی جیهان کردووە و لە بازاڕەکانی ئەورووپادا بازاڕی بۆ کراوە. بەهۆی ئەوەی لەناو نوخبەی ئەورووپادا ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا، دواتر لە ئەورووپا بەرهەم هێنرا. کاتێک قاوەی کوردی

هەواڵنامەی دێپ

لە فەرەنسا دەستی بە بەرهەمهێنانی قاوە کرد، مێژووەکەی لە ئەوروپا تاڕادەیەک تازە بووە. یەکەم کافێ لە فەرەنسا لە ساڵی ١٦٥٤ لە شاری مارسیلیا کرایەوە، لەم ڕووەوە کافێی کوردی لە یەکەم کافێیەکانی ئەوروپایە. بەڵام داستانی فۆلکلۆری کوردی «مەمی ئالان داستانی خۆشەویستی کوردی» کە لە ساڵانی ١٣٠٠وە بە ئاشکرا دەوترێتەوە و پێش «مەم و زین داستانی خۆشەویستی کوردی» لە سەدەی ١٦٠٠ی «ئەحمەد خانی»دا هاتووە، باس لە خواردنەوەی قاوەخواردنی کوردان دەکات.

دوابەدوای جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان، هاوکات لەگەڵ تاڵانکردن و نکۆڵیکردن لە میراتی خاک و فەرهەنگی و کولتووری، هەندێک بەها بە تەواوی لەدەستچوون، هەندێکی دیکەش تەنیا شوێنەواری مانەوە. تەنها یەک لیبێڵ لە قاوەی کوردی کە لە فەرەنسا بەرهەم دەهێنرێت دەمێنێتەوە. ئەو لیبێڵە تا ئێستاش وەک هێمایەک بۆ کولتوور و بەرهەمهێنانی ئەو سەردەمە بە شێوەی ئۆنلاین دەسوڕێتەوە . قاوەی کوردی، سەرەڕای لەدەستدانی ناسنامەکەی، بەردەوامە لە بازرگانیکردن بە ناوی جیاواز و تا ئێستاش لە ماڵ و کافێکان لە سەرانسەری کوردستان دروست دەکرێت. ئەم نەریت و کولتوورە قاوەیە بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١٣دا لە لیستی میراتە سروشتییە نێودەوڵەتییەکانی یونسکۆدا لە ژێر ناوی «قاوەی تورکی»دا تۆمارکرا..

### *دیزاین و وێنەی قاوەکە چۆن بوو؟

یەکێک لە کۆمپانیاکانی بازاڕکردنی قاوەی کوردی لەو کاتەدا کۆمپانیای فەرەنسی MARCEL GODARO بوو. نزیکەی ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر، پاکەتەکانی «قاوەی قەزوان» کە لە فەرەنسا پاکەت کرابوون و هەناردەی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەکران، نووسراوی «قاوەی کوردی»یان لەسەر بوو.

قاوەی کوردی لە میوەی دار فستەقی کێوی (Pistachio) کە دروست دەکرا پێدەچێت تایبەتمەندی چارەسەری هەبێت. بە شێوەیەکی سروشتی کافاینی تێدا نییە. لە نێوان ساڵانی ١٨٣٠بۆ ١٩٣٠، پاکەتەکانی قاوەی تێربینت دەستەواژەی «قاوەی کوردی» لەسەر لیبێڵەکانیان لەسەر بوو، لەگەڵ وێنەکێشانی سەدەی ١٧ی جەنگاوەرێکی تایبەتی سەدەی ١٥ی کوردی، کە بە قەڵەم لەلایەن گەشتیارانی ئەوروپییەوە کێشرابوو

سەرەتا قوتووی هەر قاوەیەکیان بە بڕی (١٠٠) گرام دروست دەکرد

دواتر بڕی کێشی قاوەکەییان پتر کرد لە (٢٠٠) گرامەوە تا نزیکەی کیلۆیەک.

بە دیزانیکی جوان و سەرەنجڕاکێش وێنەی پیاوێکی کوردی لەسەر قوتوو و پاکەت و کیسەی قاوەکە کێشرا بوو،کە هاوشێوەی شەرڤانێک.

بەشێوەیکی زۆر جوان لە قووتوو دەنراو هەر بەناوی (قاوەی کورد)ەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان ودەکرا.

لەسەر قوتووەکە نوسرا بوو(قاوەیی پوختەیی گرەنتی).

ئێستا ئەو قاوە کوردییە کە کراوە بەقاوەی تورکی هەمان تام وبۆی وەک خۆی بە کوردی ماوەتەوە ولە زۆربەی شار وگوندە کوردییەکانی باکوردا تامدەکرێت.

ئەوەش وای کرد قاوەی کوردی ئەوکات ناو ناوبانگێکی زۆری بۆخۆی پەیداکرد و داخوازیی و داواکارێکی زۆری هەموو لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە

لەسەر ئەم لیبێڵە، وێنەیەکی دەست کێشراو

هەیە. ئەم قاوەیە لەسەر لیبێڵی پاکەتی ١٠٠ گرام قاوەی قەزوان کە جۆرێکە لە ‹قاوە›ی کوردی، لە فەرەنسا لە نێوان ساڵانی ١٨٣٠-١٩٣٠دا دەبینرێت. وێنەکە وەسفێکە (وێنەیەکی) جەنگاوەرێکی کوردە لە سەدەی ١٥ و لەلایەن ڕێبوارانی ئەوروپی لە سەدەی ١٧دا بە دەست کێشراوە.

فیگەرە وێنادارەکە کە جلوبەرگی نەریتی کوردی لەبەردایە، دەست لێدانێکی نەتەوەیی و کولتووری بە بەرهەمەکە دەبەخشێت. ئەمە تاکتیکێکی باوی بازاڕکردن بوو کە وێنەی نامۆ یان نەتەوەیی بەکاردەهێنرا بۆ دروستکردنی هەستکردن بە ڕەسەنایەتی یان نامۆیی.

بە کورتی وێنەکە نموونەی دیزاینی مێژوویی بازاڕکردنە کە زانیاری بەرهەم لەگەڵ توخمە کولتوورییەکان تێکەڵ دەکات بۆ ئەوەی بەکاربەران ڕابکێشێت و ناسنامەیەک بۆ بەرهەمەکە دروست بکات




### لە ساڵی ١٨٣٠ بۆ ١٩٣٠ز

بۆ سەد ساڵ قاوەی کوردی،بەناو و وێنەی کوردەوە لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا فرۆشراوە و بڵاوبۆتەوە.

عەرەب و تورک و فارس،هەمیشە لەهەموو ئان و زەمەنێکدا نەیارێکی سەرسەختی میللەتی کورد بوون،هەموو کات دەستی داگیرکاریی و قۆرخکارییان درێژکردۆتە سەر موڵک و ماڵ و مێژوویی کورد.

زۆر لە مێژووەوە،کەرەستە بەنرخ و گرنگ و بەبەهاکانی کوردییان بردووە و بەهی ناوی خۆیانەوە لە مێژوودا یادداشتیان کردوون.

هەمووکاتێکیش ویستووسیانە، ناوی کورد و کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بەتەواوەتی بسڕنەوە.

هەوڵیشیانداوە مێژوو و زمانی کورد لەناو بەرن و بەتەواوەتیی ناوییان نەمێنێ و تەفرو تونا بکرێن.

هەموو بەڵگە بینراو ودیکۆمێنت و ئەرگۆمێنتە مێژووییەکان نوسیویانە کە باشترین قاوە بۆ ئەو سەردەمە،قاوەی کوردیی بووە.

لەسەر قوتووی قاوەکە نوسراوە قاوەی کوردی،وێنەی پیاوێکی کوردی لەسەر پشتی قوتووەکە کێشراوە.

یەکێک لەبەڵگە زۆر گرنگەکان تر.ئەوەیە کە(جەمیس برانت)قونسوڵی بەریتانیا لەشاری ئەرزڕۆمیی باکووری کوردستان.

لەیاداشتەکانیدا ئاماژەی بە کوردی قاوەکە کردوە و جەختی کردۆتە کە ئەم قاوەیە هی کوردەکانە.

چونکە ئەم قاوەیە لەناوچە شاخاویی و ناوچەو کوردییەکانی باکوری کوردستانەوە بەرهەم دەهێنرێت و هەناردەی وڵاتی فەرەنسا کراوە،پاشان بووە بە قاوەیەکی براندی جیهانی .

پێکهاتەی قاوەیەکە لە دارەبەن دروستدەکرا و تامـوبۆن و بەرامێکی بێشومار خۆش و سەرەنجڕاکێش و سروشتی هەبوو.کوردەکان پێیان دەگوت قاوەی (قەزوان).

و فەرەنسی و وڵاتانی تریش پێیان دەگوت (قاوەی کورد)ی.

قاوەکە لە دارەبەن ئامادەدەکرا،دارەبەن بێجگەلە بنێشت قاوەشی لێدورست دەکرێت.

کە بۆ ئەو سەردەمە شتێکی دەگمەن و بیرۆکەیەکی تازە و ناوازە بوو،کە قاوە لەدارەبەن ساز بکرێ،هەر ئەم هۆکارەبوو کە قاوەکە بەزوویی برەوی سەند و هەناردەی هەموو وڵاتانی جیهان کرا.

بۆ ئەوکات یەکێک بوو لەقاوە بۆن وخۆش و هەرەباشەکان لە جیهاندا،چونکە ئەم قاوەیە پێکهاتەیەکی سروشتی بوو،بەتەنها لەناوچە کوردییەکاندا هەبوو،بۆ زۆربەی نەخۆشیی بەکاردەهات.

لەماوەیەکی زۆر کەمدا بوو بەپڕ فرۆشترین قاوەی ئەو سەردەمە.

هەر بۆیە سەردانێکی شارەکانی باکوری کوردستان بکەیت،هەست بەو تاموبۆن و چێژەی قاوە کوردییەکان دەکەیت،جیاوازتر لەهەموو قاوەکان تر.چونکە قاوەی کوردی بە تاموبۆن و پێکهاتە سروشتییەکەی دەناسرێتەوە.

## (قاوەی کوردی) بۆ یەکەمین جار لەکوێ بەرهەم هێنرا؟

قاوەی کوردی بۆیەکەمین جار لەوڵاتی فەرەنسا پوختە و ئامادەسازی بۆ دەکرا،دواتر بەشێوەیەکی تەندروست بۆسەرجەم بازاڕەکانی جیهاندا ساغ دەکرایەوە.

کارێکی بازرگانیی کومپانیاو فابریکە جیهانیەکان بوو،نزیکەی هەشتا ساڵ بەناوی قاوەی کوردە وە دیژەی کێشا و دەفرۆشرا.

ببوو بە براندێکی جیهانی بۆ زۆربەی وڵاتانیی جیهانیان دەنارد،وەک ئەوروپا و ئەمێریکا و وڵاتانی تری جیهان.

## مێژووی قاوەی کوردی (قاوەی قەزوان)

سەرچاوەکانی مێژوویی نیشانی ئەوە دەدەن کە بەکارهێنانی قاوە لەلایەن کوردەوە زۆر بە پێش ئەوەی بە ناوێکی تایبەتی تۆمار بکرێت بووە. بەم شێوەیە، لە چیرۆکی مەم و زین کە بەرەوپێش ساڵی ١٣٠٠ دایدەنرێت، و چیرۆکی "مەمی ئالان"ی ئەحمەدی خانی کە لە ١٩١٩ لە ئیستانبۆل چاپکرا، ئەو قاوەیە هەمان شێوە باسکراوە. بەڵام قاوە تەنها خواردنەوە نییە. لە ژیان و نەریتە کوردییەکاندا، قاوە ڕەنگی گەورەی هەیە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا خێزانی زاوا سەردانی ماڵی بووکەخان دەکرد، کچەکە قاوەی ئامادە دەکرد. ئەگەر قاوەکە شیرین بوو، نیشانی ڕازامەندییە، ئەگەر ترش یان خوێ تێکەڵاو بوو، نیشانی نەڕازامەندییە. ئەم نەریتە، بەشیەکی گرنگی ئەو ڕێوڕەسمانەیە کە ژیانی کوردی پڕکردوون.

ڕێکخراوە کوردییەکان دەتوانن ئەم لیبێڵە پێشکەشی یونسکۆ بکەن و پێشنیار بکەن کە دەستبەجێ ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە. بەڵام چاوەڕوانی ئەوە بێمانایە لەو کەسانەی کە سەرەڕای وێرانکردنی ١٣ شاری کوردستان لەلایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە، دڵسۆزی و ئیرادەیان نیشان نەداوە کە گلەیی لە هیچ دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی بکەن سەبارەت بەو کۆمەڵکوژییانەی کە لەلایەن سوپای داگیرکەر و مرۆڤ کوژ و ئیسلامی-فاشیستی تورکیاوە ئەنجام دەدرێن. دەبێت خۆمان ئەم کارە بکەین.

# ژەمی بەیانیان گرنگترین ژەمی ڕۆژە



**دکتۆر سەروەر لەکی**
**شارەزا لە پزیشکی جێگرەوە و تەواوکاری**

هەموو دەزانین ژەمی بەیانیان گرنگترین ژەمی ڕۆژە، ئەمە هەروا قسەیەکی ئاسایی نیە، بەڵکو ڕاستییەکی پشت ئەستوور بە چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەگداکوتاوی مێژویی پزیشکی هەموو شارستانیەتە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی یە لە سۆمەری و چینی و میسری و ڕۆمانی و یۆنانی...هتد. دەرکەوتووە کە خواردنی ژەمی بەیانیان بەڕێکوپێکی یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی توشبوون بە کۆمەڵێک نەخۆشی، لەوانە؛ شەکرەی جۆری-□ و قەڵەوی و بێهێزی، هەروەکو چۆن یادەوەری و سەرنج و مێشک بەهێز دەکات و ڕۆژووی چەند سەعاتەی شەو دەشکێنێت. کارەکە تەنها پەیوەست نیە بەژەمی بەیانیانەوە، بەڵکو بەجۆری ئەو خواردنانەوە بەندە کە هەڵی دەبژێرین، لەم وتارەدا گرنگی و سوودەکانی ژەمی بەیانی و باشترین هەڵبژاردەکان و چەندەها بیرۆکەی سادە باسدەکەین. *چەند پەند و وتەیەکی بەنرخی گەلانی جیهان دەربارەی ئەم ژەممە: «ژەمی بەیانیانت وەک پاشا بخۆ، نیوەڕوان وەک وەزیر، ئێواران وەک فەقیر» پەندێکی ئینگلیزی-ڕوسی یە «هیوا ژەمێکی بەیانیانی چاک و ژەمێکی ئێوارانی خراپە» پەندێکی ئامریکی -ئیسپانی یە. «مرۆڤە مەزنەکان ژەمێکی بەیانیانی چاک و ژەمێکی ئێوارانی خراپ=هەژار ئەخۆن» پەندێکی ئیتاڵیایی یە «ژەمی بەیانیانت بەتەنیا چێژلێوەرگرە، نیوەڕوان لەگەڵ هاورێکەتدا و ئێوارانیش بدە بە دوژمنەکەت» پەندێکی ئافریقایی یە «ژەمی بەیانیان پەیامێکی خۆشەویستی یە بۆ لاشەت» نەزانراو «ژەمێکی بەیانیانی هاوسەنگ، یەکەم هەنگاوە بۆ ژیانێکی هاوسەنگ» نەزانراو سوودەکانی ژەمی بەیانیان:

خواردنی ژەمی بەیانیان کۆمەڵێک سوودی گەورەی تەندروستی هەیە، لەوانە:

□-سەرچاوەیەکی بنەڕەتی یە بۆ وزە و سووتەمەنی تەواو بە لاشە دەبەخشێت بۆ دەسپێکردن بە ڕۆژێکی سەلامەت: پاش چەند سەعاتێکی درێژی ڕۆژوو لەماوەی خەودا، ڕێژەی شەکر لە کۆگاکاندا دادەبەزێت، کە دەبێتە هۆی سستکردنی زیندەچالاکی و کاریگەری هەیە لەسەر ئاستەکانی چالاکی، بەڵام خواردنی ژەمی بەیانیان ئاستەکانی شەکری گلوکۆز دەگێڕێتەوە باری ئاسایی خۆیی و وزەی پێویست بەکەسەکە دەبەخشێت تا هێزی هەبێت لە بەرەبەیانەوە. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە هەرکەس ڕۆژەکەی بە ژەمێکی بەیانی هاوسەنگ دەسپێبکات، چوست و چالاکتر دەبێت بە بەراورد بە یەکێک کە ژەمی بەیانیان دادەخەن بۆ کاتەکانی دواتر چجای ئەوانەی کە هەر نایخۆن!!! ئەم زوو خواردنەش وائەکات چالاکی جەستەیی و زەینی باشتربێت بەدرێژایی ڕۆژ, دەبێت ژەمەکە بەگشتی لە کاربۆهیدرات و پرۆتین پێکبێت، چوون کاربۆهیدراتەکە وزەی پێویست دەدات بەلاشە لە بەیانیاندا هەروەکو چۆن ئەو سوتەمەنی یە بۆ مێشک دابین دەکات کە بەدرێژایی ڕۆژەکە پێویستێتی، بەڵام پرۆتینەکە هێزی تەواو بەبەدەن دەبەخشێت بۆ ئەنجامدانی فرمانە جیاوازەکان، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە تێری تا ژەمی داهاتوو. شایانی باسە دابینکردنی وزە بۆ لاشە و زەینی مرۆڤ تەنها لە خواردنی ژەمی بەیانیانەوە بەدەست نایەت بەڵکو لە ئەنجامی خواردنی جۆرەها خواردنی موناسیبە لە بەیانیاندا کە بتوانێت ڤیتامینەکان و پێکهاتە خۆراکی یە

گرنگەکان بۆ لاشە دابین بکات لەم ژەمەدا. واتە ژەمی بەیانیان وادەکات کە بڕی پێویستی ڤیتامین و کانزاکان دابینبکرێت بەبەراورد بە کەسانێک کە ئەم ژەمەیان تەرک کردووە

-هێشتنەوەی کێشێکی تەندروست: ئەو کەسانەی کە بەڕێکوپێکی ژەمی بەیانیان ئەخۆن کەمتر توشی قەڵەوی و زیادبوونی کێش دەبن بەپێی لێکۆڵینەوە زانستی یەکان، چونکە: ئ- ئەم ژەمە دەبێتە هۆی جێگیری شەکر لەخوێندا، ئەمەش ڕێگری دەکات لە هەڵبەز و دابەزی توندی شەکر لەخوێندا و کەمکردنەوەی برسێتی کوتوپڕ.
ب-هەستکردن بەتێری بۆ ماوەیەکی درێژتر، کەدەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردن و کەمکردنەوەی ئەگەری پەنابردنە بەر خواردنی شیرینی و خواردنە خێرابەدەستەکان(Fast Foods) کە پڕن لە چەوری تێر. شیکارییەکی گشتگیر کە ئەنجامی (٤٥) لێکۆڵینەوەی زانستی یە، بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری ( Obesity & Reserch Clinical Practice ) لەساڵی (٢.٢.)ی ڕۆمیدا دەڵێت؛ فەرامۆشکردنی ژەمی بەیانیان مەترسی کێشی زیاد و قەڵەوی زیاد دەکات، ئەمەش جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە بۆ تەمەنە جیاوازەکان و ناوچە جوگرافی یە جیاوازەکان و بارودۆخی ئابوری جیاوازی خەڵکی. هیچ بەڵگەیەکی زانستیش نیە بڵێ وازهێنان لە ژەمی بەیانی دەبێتەهۆی دابەزاندنی کێش، بەڵکو بەپێچەوانەوە کێش زیاد دەکات.

-کەمکردنەوەی توشبوون بەنەخۆشی یەکانی دڵ: ئەوکەسانەی کە موکوڕن لەسەر خواردنی ژەمی بەیانیان، زیاترپابەندی بەرنامەیەکی خۆراکی هاوڕێی دڵن و کەمتر ئەو خواردنانە ئەخۆن کە چەوری و سوێری و کۆڵیسترۆڵی تێدایە و بۆ دڵ خراپە. هەروەها هەندێک بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ئەوکەسانەی کە ژەمی بەیانی ناخۆن ئەوا زیاتر توشی نەخۆشییەکانی دڵ و مولولەکانی خوێن دەبن، بۆ وێنە لەساڵی ٢.١٧ی ڕۆمیدا گۆڤری کۆلێژی ئامریکایی بۆ نەخۆشیەکانی دڵ بڵاویکردۆتەوە کە ئەو کەسانەی ژەمی بەیانیان پشتگوێ



ئەخەن زیاتر دووچاری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان ئەبن، کە ڕەنگە ببێتە هۆی جەڵدەی دڵ یان مێشک، هەروەها ئەم جۆرە کەسانە زیاتریش تووشی بەرزەفشاری خوێن و کۆڵیسترۆڵ ئەبن. هەروەک چۆن شیکارێکی گشتگیر کراوە کە چوار لێکۆڵینەوەی زانستی لەخۆی ئەگرێت و بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری(Proceedings of the nutrtion society) لەساڵی ٢.٢.ی ڕۆمیدا کە جەخت لەوە دەکاتەوە فەرامۆشکردنی ئەم ژەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەگەڵ نەخۆشیەکانی دڵ و موولوولەکانی خوێندا.

٤-کۆنترۆڵکردنی ئاستەکانی شەکر بەدرێژایی ڕۆژەکە: ئەم ژەمە مەترسی توشبوون بە بەرگری ئەنسولین(Insulin Resistance) کەمدەکاتەوە، ئەم حاڵەتەش کە توشی مرۆڤ دەبێت مەترسی توشبوون بە شەکرە زیاد دەکات(واتە بەرگری ئەنسولینەکە). دەبێت ئاماژەش بەوەبکەین کە نەخواردنی ژەمی بەیانیان هەڵبەز و دابەز بە ئاستی شەکر دەکات لە خوێن دا و مەزاجی کەسەکە تێکدەدات و حاڵەتی هەڵچوون و توڕەبووون زیاد دەکات. شتێکی تریش گرنگە باسی بکەین ئەوەیە ئەو کەسانەی شەکرەیانە و ژەمی بەیانیان تەرک ئەکەن ئەکەن زیاتر دووچاری کەمی شەکرئەبنەوە لەخوێندا کە ئەم حاڵەتەش ناسراوە بە هایپۆگلایسیمیا(Hypoglycemia). وێڕای ئەوحاڵەتانەی کە ئاماژەمان پێدان بەهۆی نەخواردنی ژەمی بەیانیانەوە، توشی چەند شتێکی خراپی تریش ئەبن وەکو: هیلاکی و دڵەڕاوکێ و زووهەڵچوون و لەرزین و ناڕێکی لێدانی دڵ و کەشەنگبوون. گۆڤاری خۆراکناسی (Nutrition) لەساڵی (٢.١٩ و ٢.٢.)ی ڕۆمی شەش لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە لەسەر نەوەت و شەش هەزار و سەد و حەفتا و پێنج کەس(٩٦١٧٥) جەخت لەوە دەکاتەوە لاشە ناتوانێ ئاستی شەکر لە خوێن دا زەوت بکات و شەکرەی جۆری دوو دروست دەبێت ئەگەر بێت و ژەمی بەیانی فەرامۆش بکرێت. لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوکەسانەی (٤-٥)جار لە حەفتەیەکدا ژەمی بەیانیان ناخۆن ئەگەری توشبوونیان بەشەکرەی جۆری- لە ٥٥٪ زیاد دەکات، وێڕای ئەوەی گۆڕانی کوتوپڕی شەکر لە خوێندا کاریگەری خراپی هەیە لەسەر مەزاج و دەبێتە هۆی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و هەڵچوون، بەڵام دەبێت ئاگادار و وریابین لە هەڵبژاردەی خواردنەکانی ژەمەکەدا، بۆ نموونە هەندێک خواردنی باوی بەیانیان خراپن وەکو کێک و دۆنت=دونۆت و شەکر و نیشاستە و چەوری زۆر ...هتد

٥-سەرچاوەیەکی چاک و دەوڵەمەندی پێکهاتە خۆراکی یە سەرەکی یەکانە: دەزانین کە عادەتی ژەمی بەیانیان وایە؛ دەوڵەمەندە بە ڤیتامین و کانزاکان، وەکو کالیسیۆم و ئاسن و ڤیتامین بی یەکان و ڕیشاڵەکان و ترشی فۆلیک ..هتد. لێکۆڵینەوەکان دەڵێن ئەوکەسانەی ئەم ژەمە دەخۆن، ڕێژەیەکی زۆرتر لەم پێکهاتانە وەردەگرن بەبەراورد بەوانەی کە نایخۆن، ئەمەش وادەکات یارمەتیدەریان بێت کە بڕی پێویست لە ڤیتامین و کانزاکان بۆ تەندروستی یەکی باشتر دابین بکەن.

٦-باشترکردنی فرمانەکانی مێشک: مێشک پێویستی بە وزەیە بۆ ئەنجامدانی فرمانەکانی، ژەمی بەیانیان یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی ئاستی ئاگایی و سەرنج و هەستکردن بە بەختەوەری لە کاتێکدا ئەگەر ژەمی بەیانی نەخورێت هەست بە سستی و تەمەڵی و تەوەزەلی و مێشکبڵاوی دەکرێت، چوون مێشک شەکری گلوکۆزی دەست نەکەوتووە تا فرمانە جۆراوجۆرەکانی بەجێبگەیەنێت. زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نەخواررنی ئەم ژەمە ئەدای ژیری کەمدەکاتەوە و ئەمەش ئاگایی و توانای سەرنج و یادەوەری لەخۆدەگرێت وسەردەکێشێ بۆ سەختی لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە ئاسایی یەکانی ڕۆژانە. شایانی باسە ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە ژەمی بەیانیان بەرێکوپێکی دەخۆن, ئاستی خوێندن و ئەکادیمییان بەرزدەبێتەوە و توانای پەیوەندییان بە مامۆستایان و کەسانی گەورەوە بەهێزتر دەبێت، ئەمەش وادەکات دەرئەنجامی خوێندن و تەندروستیان باشتربێت بە بەراورد بەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە ئەم ژەمە ناخۆن، واتە بۆ ئەم تەمەنانە هێشتا گرنگترە هەتا گەورەکان.

□-کۆئەندامی بەرگریت بەهێز ئەکات: خواردنە ترشێنراوەکان (هەوێنکراوەکان)ی وەکوماست و پەنیر، خواردنی ئاسایی ژەمی بەیانیانن کە کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکەن و سەرەڕای سودەکانیان بۆدڵ و شەکرەی جۆری-دوو، هەوکردنیش لەلاشەدا کەمدەکەنەوە. □-وائەکات بڕی تەواوی بەرهەمە شیرەمەنیەکان وەرگریت: ڕێنمایی خۆراکی ئامریکی هاوڵاتیان ئامۆژگاری دەکات کە ڕۆژانە سێ بڕ (servings)لە شیرەمەنی وەرگرن، کەئەمەش بەخواردنی ژەمی بەیانیان دەستەبەر دەبێت و زۆربەی خەڵکی تەنها بڕێک لەم سێ بڕە وەردەگرن، جگەلە پەنیر و ماست، تەنها شیر (١٣)جۆر خۆراکی پێویست و کانزا دابین دەکات کە بۆ تەندروستی ئێسک و ددان و ماسولکە و کۆئەندامی بەرگری بەسوودە. □- بۆ ئافرەتی دووگیان بەسوودە: خواردنی ژەمی بەیانیان بۆ ئافرەتی دووگیان زۆر بەسود و پێویستە تا ئەو خۆراکە پێویستانەی کەگرنگن بۆ خۆی و کۆرپەکەی ناوسکی دابینی بکات، بۆ وێنە تەنها یۆدی ناو بەرهەمە شیرەمەنییەکان وادەکات کۆرپەکە بە تەندروستی گەشە بکات و لەنەخۆشییەکانی مێشکو دەمار دووربێ و ئاستی زیرەکی(IQ)کەی باش و بەرزبێت. پێکهاتەکانی ژەمی بەیانیان: ئامۆژگاری دەکرێت کە ژەمی بەیانیان ئەم هەڵبژاردە جۆراوجۆرانەی تێدابێت: *میوەکان: وەکو(مۆز، خورما، ترێ، هەنجیر، سێو...هتد) *سەوزەکان: وەکو(گێزەر، تەماتە، خەیار، ترۆزی، بیبەری شیرین....هتد) *دانەوێڵەکان: وەکو(گەنم، جۆ، شۆفان، چ بەشێوەی نان شۆربا) پرۆتین: وەکو(هێلکە، فاسۆلیا، پاقلە، نۆک، نیسک، چەرەسات»بادام، گوێز، عەلی بابا، ناوکە کولەکە...هتد»، تۆوەکان»چیا،کەتان، کونجی، کینوا...هتد» *بەرهەمەکانی شیرەمەنی: شیری ئاسایی، شیری کەم چەوری، ماست، پەنیر، کەشک، لۆرک...هتد هەڵبژاردە تەندروستەکانی ژەمی بەیانیان: ژەمێکی بەیانیانی تەندروست پێویستە هەموو پێکهاتە خۆراکی یە گرنگەکانی تێدابێت، بەتایبەت کاربۆهیدرات لەگەڵ پرۆتین و ڤیتامین و ریشاڵ و کانزاکان، بۆچی؟ □-چونکە کاربۆهیدرات وزە بۆ لاشە دابین دەکات تا ڕۆژێکی چوست و چالاک دەستپێبکات، هەروەها یارمەتی تەندروستی کۆئەندامی هەرس دەدات لەبەربوونی ڕیشاڵ تێیدا، نموونەکانی باسکران لەبڕگەی پێشووتردا. □-چونکە پرۆتین گرنگە بۆ گەشەی لاشە و تەندروستی ماسولکەکان وێڕای هەستکردن بەتێری بو ماوەیەکی درێژتر، نموونەکانی باسکران لەبڕگەی پێشووتردا. □-ڤیتامین و کانزاکان ڕیشاڵەکانیش گرنگن بۆ فرمانە جیاوازەکانی ئەندامەکانی لاشە و مێشک، نموونەکانی باسکران لە سەوزە و میوەکان. جیهانی کەڕووەکانیش بەتایبەتی قارچک و دوومەڵان ئەم پێکهاتە سەرەکییانەمان بۆ دابین ئەکەن. تێبینی: □-لە هەموو بارێکدا بەرهەمە شیرەمەنی یەخۆماڵییەکانی لادێ باشترە لەهی کارگەکان کە ماددەی پارێزەری کیمیایی تێدەکەن و دەیخەنە قوتووەوە. □-نانی بۆر واتە نانی جۆ و نانی گەنمێک کە هەرسێ چینەکەی بەکارهاتبێت لە دروستکردنی نانەکەدا بەسوودە تا نانی ئاردی سفر. سێ چینەکەی دەنکە گەنم بریتین لە: ئ-کەپەک ب-چینی چەکەرە ج-کرۆک، کە ئاردی سفری لێدروست دەکرێت و پێزی نیە

سەرچاوەکان


: 1-www.Floridamilk.com
2-www.in-mind.org
3-www.betterhealth.com
4-www.rush.edu
5-special-dictionary.com
6-www.altibbi.com
7-www.mawdoo3.com

# Pirsî KURD

Govarêkî Roşnbîrî Giştî Serbexoy Werzîye
Jimare (6) Sal'î Yekem - Paîzî 2725 Ku- 2025 z

* Pirsî Kurd le Rojhelatî Kurditan

* Êran u Ísraíîl le mêjûda

* Mêjûî tîpe musîkyekanî Slêmanî

هەواڵنامەی کتێب

## KURDISH ISSUE MAGAZINE

No. (6) Autumn 2025

بەسوپاسەوە لەسەر ئەرکی بەڕێزان:
کاک ئاوات محەمەد قائیمقامی سلێمانی و کاک شەریف حاجی ڕەسوڵ سەفرەیی.. چاپکراوە.